ڕۆڵ و پێگەی

# حاجی بابەشێخی سەیادەت

(سەرۆک وەزیرانی کۆماری کوردستان)

لە ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستاندا

ڕۆڵ و پێگەی

# حاجی بابەشێخی سەیادەت

(سەرۆک وەزیرانی کۆماری کوردستان)

لە ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستاندا

سەیید عەبدولڕەحمان سەیادەت

١٣٩٨

ناوی کتێب: ڕۆڵ و پێگەی حاجی بابەشێخی سەیادەت لە ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستاندا
نووسەر: سەیید عەبدولڕەحمان سەیادەت
پێداچوونەوە: محەمەدئەمین شاسەنەم
ڕووبەرگ:
چاپ: یەکەم، ١٣٩٨ی هەتاوی
چاپەمەنی:
ئەژمار: ١٠٠٠ دانە
شابەک:

## نێوەرۆک

چەند قسەیەک دەگەڵ خوێنەر: سەیید محەمەد سەمەدی.......................................... ٧
حاجی بابەشێخ، کەسایەتیی بەرزی وڵاتی موکری: ناسر عەلی‌یار.......................... ١١
پێشەکیی نووسەر ..................................................................................... ١٦
فەسڵی یەکەم: کەسایەتیی حاجی سەیید عەبدولکەریمی زەنبیل (باوکی حاجی بابەشێخ)........... ٢٣
فەسڵی دووهەم: دەورەی خوێندنی...................................................................... ٣٧
فەسڵی سێهەم: ژیانی ئاسایی حاجی بابەشێخ و بنەماڵەکەی ........................................ ٤١
فەسڵی چوارەم: یەکەمین چالاکییە سیاسییەکانی...................................................... ٥٩
فەسڵی پێنجەم: شوێن و جێگەی حاجی بابەشێخ لە شەڕی یەکەمدا.................................. ٦٥
فەسڵی شەشەم: کەسایەتیی عیلمیی حاجی بابەشێخ.................................................. ٧٥
فەسڵی حەوتەم: دەسەڵاتی مەعنەویی حاجی بابەشێخ.................................................. ٨٣
فەسڵی هەشتەم: حاجی بابەشێخ و یەکگرتوویی ئیسلامی .......................................... ٨٧
فەسڵی نۆهەم: حاجی بابەشێخ و ئەدەبیات........................................................... ٩١
فەسڵی دەهەم: حاجی بابەشێخ و هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای میللی....................... ١١١
فەسڵی یازدەهەم: بارودۆخی کوردستان لە دەورانی ڕەزاشا و جێگە و پێگەی حاجی بابەشێخ لەو سەردەمەدا ................................................................................................ ١٢٥
فەسڵی دوازدەهەم: هەوڵە ئاشتی‌خوازییەکانی حاجی بابەشێخ......................................... ١٣١
فەسڵی سێزدەهەم: پەیوەندی لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفید........................................... ١٦١
فەسڵی چاردەهەم: پەیوەندی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی ............................................ ١٦٥
فەسڵی پازدەهەم: حاجی بابەشێخ و حکوومەتی میللیی کودستان .................................... ١٧١
فەسڵی شازدەهەم: سەردەمی زیندان..................................................................... ٢٠١
فەسڵی حەڤدەهەم: ساڵەکانی کۆتایی ژیانی............................................................. ٢٠٧
فەسڵی هەژدەهەم: ئەولادانی حاجی بابەشێخ ........................................................... ٢١٣
بەڵگە و وێنەکان ......................................................................................... ٢٢٥

## چەند قسەیەک دەگەڵ خوێنەر

سەیید محەمەد سەمەدی

ساڵەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی، بەتایبەتی لە ساڵی 1320 تا 1325ی هەتاوی، ڕۆژگارێکی زۆر گرینگ و هەستیار و چارەنووس‌ساز بووە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئازەربایجان و کوردستانی ئێراندا. دەو زەمانیدا داوێنەی شەپۆلی نەتەوەخوازی (ناسیۆنالیزم)، کە لە ئورووپاوە هاتبوو، گەیشتە ئەو ناوچانە و شوێنی خۆی دانا. لە ئازەربایجان و کوردستانی ئێراندا، بە دوای هۆگەلێکی ناوخۆیی و دەرەکی و جیهانیدا، هەل‌ومەرجێک ڕەخسا و زنجیرە ڕووداوێک هاتنە پێش کە تا ئەوڕۆش شوێنەواریان هەر ماوە. لە بابەت ئەو ڕۆژگارەوە و چۆنیەتی ڕووداوەکانی، کتێب و وتارگەلێکی زۆر نووسراون. لەو نووسراوانەی ناوخۆی وڵاتدا، کەم وا بووە کە نووسەر بە دوای ڕوون‌کردنەوەی ڕاستەقینەکاندا بووبێ و هۆی گرفتاری و لێقەوماوی خەڵکی هێنابێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. زۆرتر وەدوای ڕازی‌کردنی ساحێب قودرەت و پاساوهێنانەوە بۆ کارەکانی هەیئەتی حاکمە کەوتوون. ئەڵبەت لەو چەشنە نووسراوانەش کەڵک وەردەگیرێ، چون تارماییەکیان لە ڕاستی هەر تێدا بەدی دەکرێ، بەڵام بۆ سازکردنی داهاتوویەکی باش و بۆ ئەوەی کە خەتاکانی عەمدی و غەیرە عەمد دووپات نەکرێنەوە، نیاز بە زنجیرە کتێب و وتارگەلێکی تەحققی و زانستی و دوور لە دەمارگیری هەیە. پێویستە کە هەل‌ومەرجی ئەوزەمانی، ژوور و دەرەوەی وڵات، گرفتاری و نەهامەتەکانی خەڵکی، خەتا و سەهوەکان، نوختە قووەت و

خاڵە زەعفەکان، هەم ئی جەماوەر و هەم ئی حکوومەت و بەرپرسان، لە ڕووی بەڵگەی باوەڕپێکراو، بە ئەوپەڕی سەداقەتەوە بێنە سەر دەفتەر و بنووسرێن. ئەو چەشنە نووسراوانەن کە شیاوی نێوی بەرزەی «مێژوو»ن و دەکرێ پێیان بکوترێ تاریخ و دەتوانن بنە چرا بۆ ڕێگە تاریکەکانی ژیانی کۆمەڵگا و قازانج بە هەموو لایەک بگەیێنن.

دە جەرەیانی ڕووداوەکانی بەینی 1320 تا 1325ی هەتاوی شاری مەهاباد بەتایبەت و ناوچەی موکریان بە گشتی، حاجی بابەشێخ، لە ساداتی زەمبیل، کەسایەتییەک بووە کە شوێنی زۆر گرینگی داناوە. ماوەیەک بەرپرسی باڵای «هەیئەت ڕەئیسەی میللی» بووە، لە حکوومەتی یازدە مانگەی مەهابادا «صدر هیئت رئیسه» یا بە زمانی ئەوڕۆ «سەرۆکوەزیران»ی حکوومەت بووە. لە سەردەمی لاویڕا کە دەبێتە دەورانی شەڕی یەکەمی جیهانی، ئەو شەخسە لە جەرەیانە سیاسییەکانی ناوچەدا حوزووری پڕڕەنگی بووە، بەڵام وەک لەو کتێبەدا ئاماژەی پێ دراوە، دەڵێی ژیانی کەسایەتییەکی وا خراوەتە پەراوێز و زۆر کەم ئاوڕی وێدراوە. ئەمنیش لە عالەمی خۆمدا ئەو قسە دەسەلمێنم، بەڵام پێم وایە ڕەخنەی ئەسڵی و سەرەکی دێتە سەر بنەماڵە و ئەولادانی حاجی بابەشێخ، دوایە دێتە سەر ئەهلی قەڵەم. بۆ نووسین لە سەر مرۆیەکی ئەوتۆ، نیاز بە بەڵگە و نووسراوەی جێگای متمانە هەیە. زۆربەی ئەو جۆرە بەڵگانەش هەر لە لای بنەماڵە و ئەولادانی ئەو شەخسە دەس دەکەوێ. لازمە دەپێشدا بنەماڵەی وی شتێک بە نووسین وەدەر خەن تا ببێتە دەسمایە بۆ لێکۆڵەر و مێژوونووسان. کەوابوو، پێویستە هەنگاوی هەوەڵ لە لایەن بنەماڵەی کەسایەتییەکەوە هەڵبگیرێ و دوایە چاوەڕوانی لە نووسەر و توێژەری دیکە هەبێ. بەختەوەرانە ئەو هەنگاوە گرینگە لە لایەن کاک سەیید عەبدولڕەحمان سەیادەت، یەکێک لە نەوەکانی ئەو کەسایەتییە پایەبەرزەوە هەڵگیراوە. کارێکی زۆر جوانی کردووە و زۆر وێدەچێ کە ئەو کتێبە ببێتە مایەی پەیدابوونی زۆر نووسراوەی بەکەڵکی دیکە. بۆ ساغبوونەوەی مێژووی ئێمە، گەلێک نیاز بەو چەشنە نووسراوانە هەیە و ئەو کتێبە، کەلێنێکی گەورە پڕ دەکاتەوە. زۆر جێگای ئەو کتێبە بۆ وەی دەبێ کە خوێنەر لە سەری ڕاوەستێ و دوو جار و سێ جار پێیدا بێتەوە. بۆ نموونە ڕێگای چارەسەری کێشەی حاجی بابەشێخ دەگەڵ موزەففەر سوڵتان، کە بەڕاستی نیشاندەری ئەوپەڕی فەرهەنگ و

تێگەیشتوویی حاجی بابەشێخە. فێرمان دەکا کە دە هیچ شەڕایەتێکدا بۆ چارەسەرکردنی گرفتارییەکانمان ڕێگای چەوت و هەڵە هەڵنەبژێرین. ئەوەش دەرسێکی کەم و چکۆلە نییە. بە کاری هەموو دەور و زەمانێک دێ.

ئێمە وەختێک دەمانەوێ لە سەر کەسایەتییەک داوەری بکەین، پێویستە چەند شتمان لە بەرچاو بێ: هەوەڵ، داوەری و قەزاوەت کاری هەموو کەس نییە. تایبەتمەندیی خۆی دەوێ. دووهەم، ئەگەر ئەو تایبەتمەندییانەمان هەبوو، ئەوجار لازمە دەباری ئەو کەسەی کە دەکەوێتە بەر داوەری، بەڵگە و سەنەدی جێگای متمانەمان بە دەستەوە بێ. هیچ چەشنە دەمارگرژی و تەعەسسوبمان لە سەر شەخسەکە نەبێ. دەور و زەمانی ژیانی مرۆوەکە و هەل‌ومەرجی ڕۆژگاری ویمان لە بەرچاو بێ و ... هتد. بۆ ڕوون‌کردنەوەی زیاتر نموونەیەک باس دەکەم. یەکێک لە کەسایەتییەکانی زەمانی شۆڕشی سەربەخۆیی هیند، «سر سید احمد خان» بووە، کە ناسراو و بەنێوبانگە. جەواهێر لەعل نێهرۆ، هەوەڵین سەرۆک‌وەزیرانی هیندی ئازاد، لە کتێبی «زندگانی من»ی خۆیدا، باسی سر سەیید ئەحمەد خان دەکا. زۆر جێگای سەرنجە. نیهرۆ دەگەڵ سەید ئەحمەد خان، چەندین نوختەی جیاوازی لێک دووریان هەبووە: نیهرۆ دژی ئینگلیزییەکان خەباتی کردووە و زیندانی دیوە، سەید ئەحمەد خان لەقەبی «سێر»ی لە ئینگلیزەکان وەرگرتووە؛ سەید ئەحمەد خان موسوڵمان بووە، نیهرۆ لەگەڵ ئەوە کە ڕێزی بۆ هەموو دینێک داناوە، خۆی دڵبەستەی هیچ دینێک نەبووە. سەرەڕای ئەو جیاوازییانەی کە بوویانە، نیهرۆ ئاوا داوەری دەربارەی سەیید ئەحمەد خاندا دەکا: «ئەگەرچی ئەمن زۆرم قسە لە سەر کردار و هەڵس‌وکەوتەکانی هەیە، بەڵام چون لە دەورانێک لە ژیانیدا تەواوی ماڵ‌وحاڵی خۆی تەرخان کرد بۆ دامەزراندنی دانیشگای «عەلیگر»، و ئەو دانیشگایەش بوو بە جێگای شەڕ دژی جەهل و نەزانی و دەیان و سەدان پیاوی تێگەیشتووی پێ گەیاند، ئەمن دە نیهایەتدا سێر سەیید ئەحمەد خان بە ئینسانێکی گەورە و شۆڕشگێڕ و جێگای ڕێز لە مێژووی هیندا دەناسم.» داوەریی ئینسانانە بەوە دەکوترێ.

ئەمن بە بەشی خۆم، دەست‌خۆشی لە کاک سەیید عەبدولڕەحمان سەیادەت دەکەم بۆ ئەو کارە جوانەی، پێم خۆشە بە خوێنەرانی ڕابگەیێنم کە دوکتور محەمەدعەلی ئیسلامی

نودوشەن، لە کتێبی «چهار سخنگوی وجدان ایران: فردوسی، مولوی، سعدی و حافظ»دا دوو قسەی زۆر جوانی هێناوەتە گۆڕێ: یەک، هیچ کەسایەتییەک ئەوەندە گەورە و بەرز نییە کە ڕاستی لە پێناو ئەودا فیدا بکرێ. دوو، ئەوە خزمەت بە مرۆیەکی گەورە نییە کە ئێمە عەیبەکانی بۆ داپۆشین. ئەمن نەزەرم وایە کە لەو کتێبەدا ئەو خاڵانە لە بەرچاو گیراون. بە هیوای داهاتوویەکی ڕوون بۆ هەمووان. ئیتر بە خودتان دەسپێرم.

1397/12/17ی هەتاوی ـ مەهاباد

# حاجی بابەشێخ، کەسایەتیی وڵاتی موکری

ناسر عەلی‌یار

کەسەکان لە ڕشتە و ڕەهەندێکی تایبەتدا هەرچەندی وەسەر کەون ژیان و بەسەرهاتیان هێندە جووڵێنەر و هەستبزوێن نییە، بە قەدەر ئەوانەی لە چەند ڕشتە و ڕەهەنددا وزەی خۆیان تاو داوە. بۆ وێنە کەسێک هەر لە بواری زانستدا چ زانستی حوجرە و مەدرسە ئاینییەکان چ زانستی ئاکادێمی و زانکۆکانی سەردەم هەڵکشێ و باڵا بکا، قەد بەردێکی سارد و گەرمی وەبەر پێ نەیە، لە هەموو لاڕا قەدر و قوتبی لێ بنێن ژیان و بەسەرهاتی زۆر سەرنجڕاکێش نییە.

زۆر هەڵکەوتووە کەسێک هەر لە بارێکدا چووبێتە پێش، لەو بارەشدا هەمیشە نێوی لە سەر زاران بێ، بەڵام هەستی کەسی نەجووڵاندووە شتێکی لە سەر بنووسێ. دەبێ بۆ وەدەستهێنانی ساڵی لە دنیا دەرچوونی فەرهەنگ و «دائرة المعارف»ەکان بپشکنی.

جا ئەو ڕەهەندەی تێیدا سەرکەوتبێ خوا لە باری زانست بێ یا هونەر یا سیاسەت، تەنانەت داهێنان و کەشف لە سنعاتدا یا لە هەر بوارێکی دیکە بیگری، مادام کەسەکە پسپۆڕی هەر لە بارێکدا بێ هەر لە ڕەهەندێکەوە ڕۆیشتبێ چەندان باس و بەسەرهاتی دڵگیر نابێ. بەڵام کەسێک ژیانێکی پڕ کۆسپ و تەگەرەی بووبێ، بەرز و نزمی ڕۆژگاری بەتاقی کردبێتەوە، تاڵی و سوێری چەشتبێ، تەنگانە و فەرعانەی بە سەردا هاتبێ، باس و بەسەرهاتی سەرنجڕاکێشە، هەست دەبزوێنێ، هیممەتەکان دەردەخا. هەروا کەسێک ژیان و کەسایەتی چەند توێ و چەند لایەنە شیاوی ئەوە هەیە شتی تازەی لێ وەدەرخەی بە

واتایەکی دیکە کەشفی تێدا بکەی.

حاجی بابەشێخ لە کەسایەتی دووهەم کەسەکانە کە لە چەند لاڕا جێگەی ڕامانە، کەسایەتییەکی چەند لایەنە و چەند توێی هەیە، با لە هەموو لایەنێکڕا نەچووبێتە لووتکە ئەمما وزەی خۆی لە زۆر لایەندا تاو داوە، کۆکەرەوەی گەلێ بابەتی بەکەڵکە کە لەو کتێبەی بەردەستتان بە فراوانی باسیان لێ کراوە، ئەوا منیش بەش بە حاڵی خۆم پێداچوونەوەیەکیان بە سەردا دەکەم.

یەکەم لایەن لە ژیانی حاجی بابەشێخ لایەنی زانستییە. ئەو لە سەرەتای لاوەتیڕا بەشی ئەوەندەی خوێندبوو وەک کوڕە شێخێک بەڕەی خۆی لە قوڕاو بێنێتە دەرێ، لە مەجلیساندا خۆی بنوێنێ و بتوانێ قسان بە زۆرانی بدا، مەلا و باسەوادان بێدەنگ کا. کەچی بەوەندە قنیات ناکا لە کاتێکدا ژن و منداڵی هەیە، کەڵکەڵەی خوێندنی زیاتر لە سەری دەدا، زەرفی ئارەزووی زانینی هەر «هل من مزید» دەچڕێ و ڕەنجی غەریبایەتی بە گیان دەکڕێ تاکوو دێتە ڕیزی  مەلا چاکەکانی وڵاتی موکری. جا ئەوجار کە شیرنیایی زانست دەچێژێ، فەساحەت و بەلاغەتی خودادادیشی لە پاڵدایە سەرێک دەکێشێتە عالەمی سیاسەت، لەگەڵ ئەو بزاف و بزووتنەوانەدا لە مەملەکەتی عوسمانی ئاشنا دەبێ کە بەرچاون، کاتێک عوسمانی لە وڵاتانی دەوروبەری پێشکەوتووتر بووە.

بە ئاخنینی هەگبەی زانست و چاوکراوەیی دیسان شوێنی باب و باپیرانی گوم ناکا لە پەروەردەی لایەنی ڕۆحی و سەرکوتی نەفسی سەرکێش و کرانەوەی چاو و دڵی مەعنەوی لە ژێر سێبەری باوکی بەڕێزی، سەیید عەبدولکەریم، و خاڵی خۆشەویستی، شێخ عەلی حوسامەددین کەمتەرخەم نییە. هەرچەند شێخایەتی بۆ ئەو تەنیا ماریفەتە، نەک مورید کۆکردنەوە.

لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی کە واتای خەڵکی سەردەم مانای خەزا و جیهادیان لێ هەڵدەکڕاند لە سەفی هەرە پێشەوەدا دەرکەوت قامکێک کە لەوە پێش هەر بە قەڵەم ئاشنا بوو بە پەلاپیتکەی تفەنگ فێر بوو مێشکی کە تەژی دین و عیرفان و شەرع و. قورعان بوو بیری شەو و ڕۆژی خوێن و کەلاک و سەنگەر و گرمەی تۆپ بوو نەهامەتییەکانی شەڕ بە هەموو گیانی دەچێژێ بە هیوای نەجاتی ئیپراتۆری عوسمانی کە تەنیا ئیمپراتۆری

موسوڵمانانە لە داڕووخان و تێکقرمان وەک هەزارانی دیکە گیان دەنێتە سەر دەست بەڵام بێسوودە. لە دوای شەڕی عوسمانی لەتلەت دەبێ، چەند وەچە دەوڵەتی لاوازی لێ دەکەوێتەوە، خۆشی ناوەکەی دەگۆڕێ، دەوڵەتی بچووکی تورکیای لێ بەوەلەد دەبێ.

حاجی بابەشێخ دوای ئەوە لەو شەڕە قورسە گیان بە سڵامەت دەباتە دەرێ، بە ناچاری لایەک لە ژیانی ئاسایی دەکاتەوە کاتێک خۆی و بنەماڵەی لە غەریبی دەگەڕێنەوە، دەکەون بە سەر ماڵی وێران و تاڵانکراودا. ئەم سەفەر لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوچەکە لەو تاڵان و بڕۆیەدا دەستیان هەبووە سەر دەسوێ و دەکەوێتە ناخۆشی و شکایەت، تۆڵەیان لێ دەکاتەوە و ملّکیان لێ دەستێنێتەوە و دەبێتە خاوەن ملّکێکی زێدەتر لە جاران. ئێستا حاجی بابەشێخ خاوەن ملّکە، سەرناسە، مەلای مودەڕڕیسە، شەکەتی و مەرارەتی خەزا و جیهادی لە سەر سووک بووە، خەفەتی لەدەسدانی خەلافەتی ئیسلامی لەگەڵ نەهامەتییەکانی شەڕ دەنێژێ.

هێندەی پێ ناچێ سەروسەکوتی پەهلەوی پەیدا دەبێ، هەوەڵ جار بە ناوی فەرماندەی ئەرتەشی ئێران، دواتر بە ناوی شای ئێران، دیسان سیاسەت بەربینگ بە حاجی بابەشێخ دەگرێ. ئەزموونی عوسمانی ڕووخانی لە بەر دەستە، هەویای بە ژیانەوەی ئیسلام لە هەیکەلی دەسەڵاتی سیاسی نەماوە، ئەویش لە وڵاتی عەجەم. حاجی بابەشێخ لەو سەردەمەدا بە بۆنەی دەسڕۆیشتوویی و مۆڵەتی حکوومی، پەچە و پەرژینێک دەتەنێ بە دەوری حوجرە و تەدریس و مزگەوتدا بە ئارەزووی لەمێژینەی لە سەودایەکدا گوندی زاناپەروەری تورجانی وەدەست دەکەوێ. مەلای نوێخواز و بەتەقوا مەلا عەبدولحەمید دەعوەت دەکا بۆ تورجان. لەوانە بوو درێژەی تەدریسی قزڵجییەکان لە تورجاندا بژێتەوە کەچی بە داخەوە مەلا عەبدولحەمید زوو کۆچی دوایی کرد.

ئەمجار سووڕی دەوران ڕەزاشاش هەڵدەدێرێ وەبەر ڕەهێڵەی شەڕی دووهەمی جیهانی دەکەوێ. دەوڵەتان دەخزێنە نێو ئێرانەوە، وڵات بێ ساحێب دەبێ. حاجی بابەشێخ ناتوانێ لە دەورەی تەڕاتێنی عەشایری و سەرهەڵدانی حەمەڕەشید خان و بەگزادەی بانە بێدەنگ دانیشێ، لە هەموو لاڕا ڕووی دەمی تێدەکەن. بە عادەتی لەمێژینەی بنەماڵەی زەنبیل لە ناونجیگەری و ئاشتەواییدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێ، بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتیش وێڕای

بشێوی عەشایری لە کاردایە، حاجی بابەشێخ دەکەوێتە بەرچاوی چاودێرانی ڕووسی بۆ سەفەری باکۆش بانگێشتی دەکەن. لەم تاریخە بەولاوە حاجی بابەشێخ مەیلی بەرەو ئەو بزووتنەوە کوردییە دەبزوێ. پێشتریش کەینە و بەینەیەکی لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی و شێخ مەحموودی سولەیمانی هەبووە.

ڕابردووی حاجی بابەشێخ ئەوی بۆ هاوکاری کۆماری دامەزراو لە ساڵی 1324ی هەتاوی ڕەخساندبوو. بە هەر جۆر بێ لەگەڵ سەرانی «ژێ.کاف» و دێموکرات پێکهات کە حاجی بابەشێخ بکرێتە سەرۆک‌وەزیری حوکوومەتی کۆمار، بەڵام لە ڕاستیدا جگە لە ڕیاسەتی مەجلیسی میللی، بە فەرمی کارێکی دیکەی بەدەست نەبووە. وێدەچێ لە دەزگای بەڕێوەبردنی کۆمار وەک ڕابەرێکی موسوڵمان ڕەخنەی زۆری لە کارەکان هەبووە بەڵام دوای تێکچوونی کۆمار خۆی لە بەرپرسیایەتی نەبوارد تا ڕادەیەک هەڵوێستی خۆی ڕاگرت باجی خۆڕاگرییەکەشی لە تەمەنی نزیک بە حەفتا ساڵیدا دا.

ئیتر دوای مەرەخەسی لە زیندان هەم دەس‌بەسەری حکوومەت و هەم پیری، بڕستیان لێ بڕی، بە کاری مڵکداری و تەدریسی مەلایەتی و کتێب‌دانان خەریک بوو، یازدە ساڵ دوای مەرەخەسی لە زیندان ژیا. کۆتایی ژیانیشی لە ژێر چاوەدێری ئەرتەشدا نەشتەرگەری کراوە بڕێک لە بنەماڵە باوەڕیان وایە حکوومەت بە دەستی دەست‌وپێوەندەکانی، مەرگی پێش وەعدەی بۆ هێناوەتە پێشێ، لە ساڵی 1338ی هەتاوی چاوی لە دنیای ئێمە لێک نا و بەرەو دنیای هەرمان چاوی هەڵێنا. رحمة الله علیه رحمة واسعة.

ئەمن وەک باوەڕپێکراوێکی کاکە ڕەحمان و ئاغا سەیید مستەفای باوکی، هەر لە ڕۆژانی هەوەڵی گرسانی بیرۆکەی کتێبێکی سەربەخۆ و تەمڕەوێن و کامڵ‌تر لەوەی تاکوو ئێستا نووسراون لە سەر حاجی بابەشێخی سەیادەت، هاوڕاز و هاوکاریان بووم. کاکەڕەحمان لە ژێر چاوەدێری باوکی بەڕێزیدا کە زۆر بە بیرەوەری و ڕاستگۆ و وردبین بوو، شانی وەبەر ئەو کارە دا، منیش قەولی هاوکاریم دا لە کەنارەوە چەند وتارێکم نووسی بەڵکە لەو کارەدا هاوفکریم کردبێ. زیاتر کاکە ڕەحمانم بۆ کارەکەی دڵ‌گەرم کردبێ، خەبەرداری کارەکەی بووم کە لە خزم و ناسیاوی سەردەرچوو هاوفکری لەگەڵ زۆر کەس کردووە ئەمما لە کۆتاییدا بۆخۆی بە حەوسەلە و تێڕامان بە پێی بیرەوەرییەکان و بەڵگەکان چۆتە پێشێ،

کارەکەی بە جوانی تێپەڕ کردووە. هەرچەند کاکە ڕەحمان تەنیابالّە و نەخۆشی درێژخایەنی دایک و بابی بە یەکەوە، زۆریان پەشێو و خەیاڵبڵاو کردبوو پەژارەی لەدەستدانی باوکی و مانەوەی بە نەخۆشی و بەدحاڵی دایکی، تەکانیان دا، سەرەڕای ئەو دوو نارِەحەتییە تاقەتپڕووکێنە دەرسی مەدرسە و گرفتاری کشتوکاڵیشی بە ئەستۆوە بوو بەڵام هەر سەرئەنجام پاش چەند ساڵ کارەکەی بە پوختی ڕاپەڕاند. پێموایە کەلێنێکی گەورەی لە مێژووی ناوچەی موکریان و سەربردەی پیاوانی گەورەی ئەو ناوچەیە پڕ کردۆتەوە. دڵنیام ئەو کتێبەی کاکە ڕەحمان وەک ژێدەر و مەرجەع توێژەران کەڵکی لێ وەردەگرن، خوا تەمەنی درێژ کا لە داهاتوودا ئەگەر ڕەخنەیەکی بەجێ لە سەر ئەو کتێبە بوو یان بەڵگەی تازە لە سەر حاجی بابەشێخ وەدەر کەوت، دووبارە کتێبەکە نۆژەن کاتەوە و کامڵتر و ڕێکوپێکتری کا. پیرۆزبایی پێ دەڵێم و مزگێنیشی دەدەمێ کتێبەکەی لە بواری خۆیدا لە سەر تەختی بێبەدیلی دادەنیشێ، بڕوا ناکەم لە عومری ئێمەدا جێنشینی بۆ پەیدا بێ.

زستانی 1397ی هەتاوی ـ بۆکان

## پێشەکیی نووسەر

مێژووی هەر گەلێک بەشێک لە پێناسەی خۆی لە فکر و ئەندێشەی کەسایەتییەکانی وەردەگرێ، خوێندنەوە و لێکدانەوەی مێژووی فکر و دەوری ئەو کەسایەتییانە چرای دۆزینەوەی ڕێبازی نوێیە.

چڕبوونەوە لە مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد لە دووسەد ساڵی ڕابردوودا نیشان دەدا کەم ڕاپەڕینێکمان هەبووە کە ئاڵاهەڵگر و پێشاهەنگەکەی، کەسایەتییەکی ئایینی نەبووبێ. هەر لە شێخ ڕەزا دەرسیمی و شێخ سەعیدی پیران و شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ مەحموودی حەفید و مەلا مستەفا بارزانییەوە تا دەگاتە قازی محەمەد، هەموو لەو پیاوە ئایینیانە بوون کە سەرۆکایەتی شۆڕش و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی میللەتی کوردیان لەو ماوەیەدا بە دەستەوە گرتووە، کە ئەوە لە باری کۆمەڵناسی بزاڤە ڕزگاریخوازەکانی کوردەوە نیشان لە نفووز و کار تێکردنی ئایین لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردەواریدایە.

یەکێک لەو کەسایەتییە ئایینیانەی کە لە زۆربەی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆیدا دەوری کاریگەر و بەرچاوی بووە، حاجی بابەشێخ بوو. ئەو کەسایەتییە تەواوی تەمەن و ژیانی خۆی لە پێناو خزمەت بە خەڵکی وڵاتەکەی تێپەڕ کرد و تا کۆتایی ژیانی لەو ڕێبازەدا بەردەوام ما و لای نەدا.

ئەم کتێبەی بەردەستتان، توێژینەوەیەکە بەو مەبەستە نووسراوە کە تیشک بخاتە سەر ژیانی ئاسایی و جێگە و پێگەی ئەو کەسایەتییە لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی

کوردستان.

ڕەنگبێ زۆربەی خوێنەران ناوی حاجی بابەشێخیان وەک سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی میللی کوردستان بیستبێ، بەڵام ئەوە تەنیا ساڵێک لە ژیان و چالاکییە سیاسییەکانی ناوبراو نیشان دەدا. حاجی بابەشێخ لە سەردەمی خوێندنی و لە هەڕەتی لاویدا داخڵی حیزبە نوێخواز و ڕۆشنبیرەکانی ئەوکاتی دونیای ئیسلام وەک «حیزبی ئیتتیحاد و تەرەقی» و «ئیتتیحادی ئیسلام» بووە کە لە ئیستانبوڵ و قاهیرەوە سەریان هەڵدابوو و دواتر سەرۆکی حیزبی ئیتتیحادی ئیسلام لە کوردستانی ئێران و عێراق هەڵبژێردراوە. بە دوای ئەوانەدا بە دەستپێکردنی شەڕی یەکەم کە کوردیش بە ناچار تێوە درا، بۆ ماوەی سێ هەتا چوار ساڵ بە لایەنگری لە بەرەی عوسمانی و دژ بە ڕووسیەی تێزاری لە شەڕەکەدا بە عینوانی «رئیس المجاهدین» بەشداری کردووە و لە لایەن بابیعالی (سوڵتانی عوسمانی) و ویلهێڵمی ئاڵمان (قەیسەر) فەرمان و خەڵات و میداڵی ڕێزلێنانی بۆ ناردراوە.

بە دوای تەواوبوونی شەڕی یەکەم و پێش هاتنە سەر کاری ڕەزا شا، حاجی بابەشێخێکی تەمەن 35 تا 42 ساڵە دەبینین کە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ڕێز و حورمەتێکی تایبەتی لێ گیراوە. ئەوە لە نامەی دوو سەرۆک هۆزی گەورەی موکریان، حاجی ئێلخانی (سەرۆکی هۆزی دێبوکری) و حاجی قەرەنی ئاغای مامەش (سەرۆکی هۆزی مامەش) بۆ سەرۆکی نێوداری تەریقەتی نەقشبەندی، شێخ عەلی حیسامەددین لە بابەت حاجی بابەشێخەوە ڕەنگی داوەتەوە و لە بەشێک لە دەقی نامەکەدا نووسراوە:

... لە بەر ئەوەی لە ناوچەی موکریدا جگە لە حاجی بابەشێخ (بەرەکەتی بەردەوام بێت) کەسێکی تر شک نابەین کە شارەزای سنوور و ماف و ئەرکی نوێنەرایەتی و پێداویستییەکانی و بارودخۆی ئێستا و داهاتووی وڵات بێت و دروستی بیر و کردەوە و هێزی دڵ و ڕەوانیی زمان و ڕەوانبێژی و لەسەرەخۆیی و گەورەیی و ویقاری هەبێت و پلەکانی پارێزگاری و دینداری تێپەڕاندبێ و لەبەرچاوگرتنی کاروباری دنیا و ئاخیرەتی هەبێت و لە هەموو لایەنێکەوە جێگەی بڕوا و متمانەی خەڵک بێت و هەروەها نەبێتە هۆی زیان و شەرمەزاری و پەشیمانی، بە دڵنیاییەوە کەسێکی تر بێجگە لە حەزرەتی حاجی بابەشێخ (بەرەکاتی بەردەوام بێت) بەڕاستی نییە جا بەم بۆنەیەوە ...

هەر ئەو جێگە و پێگە کۆمەڵایەتییەی حاجی بابەشێخ لە کوردستان بۆتە هۆی ئەوە کە لە لایەن حکوومەتی ڕەزاشا و خودی ڕەزاشای پەهلەوییەوە وەک کەسایەتییەکی نێوداری خاوەن دەسەڵاتی مەعنەوی لە کوردستان بناسرێ و حیسابی لە سەر بکرێ. هەربۆیەش بۆ زۆربەی کێشە و قەیرانە سیاسی و چەکدارییەکانی ئەو سەردەمە هەم لە لایەن سەرۆک هۆزەکانەوە کە دەسەڵاتداری ناوچەیی بوون و هەم لە لایەن بەرپرسانی حکوومەتی ڕەزاشاوە، دەستەو داوێنی بوون و بە دەیان شەڕ و کێشەی سەرۆک هۆزەکان خۆ بە خۆ یا لەگەڵ ئەرتەشی تازە پێک‌هاتووی ڕەزاشا بە عەقڵانییەت و ... چارەدۆزی حاجی بابەشێخ پێشی پێ گیراوە یا کۆتایی پێ هاتووە.

لە دانیشتنی ڕاستەوخۆیی لەگەڵ ڕازەشا پێشنیاری وەزیری مەعارف (فەرهەنگ) و هەروەها بەرپرسی سازمانی بازڕەسی ئێرانی پێ دەکرێ کە هیچیان پەسەند ناکات.

هەروەها حاجی بابەشێخ بە دوای ئەوەدا کە توانی کۆتایی بە ئاڵۆزی و گێرە و کێشەی نێوان پشدەرییەکانی عێراق و حکوومەتی ئێران بێنێ، کە بۆ ماوەی نزیک دە ساڵ ببوە کێشەیەکی سنووریش، لە لایەن سپەهبود شابەختییەوە داوای لێ دەکرێ کە بۆ وەرگرتنی قەباڵەی دوو گوندی لای میاندواو بێت بۆ ورمێ کە ئەو پێشنیارەش پەسەند ناکا و وەری‌ناگرێ.

دۆستایەتی پتەو و ڕاستەقینەی حاجی بابەشێخ لەگەڵ ڕێبەرانی گەورەی کورد وەک شێخ مەحموودی حەفید و مەلا مستەفای بارزانی زۆر پێش پێک‌هاتنی کۆماری کوردستان، ڕەنگبێ باشتر نیشانی بدا کە سۆزی نەتەوایەتی و هەستی نیشتمان‌پەروەریی ئەو لە زووەوە لە هزر و بیریدا گرێ‌بەست بووە. لە بەشێک لە نامەکەی شێخ مەحموود بۆ حاجی بابەشێخدا دەخوێنینەوە:

«.. گومان لە سەیادەت و نەجابەتی جەنابتان بە هیچ شێوەیەک ناکرێ. هەر بۆیەش هەرگیز لە ڕاستی و دروستی جەنابتان شکم نییە. هەرچی فەرمووتانە بە ڕاستیان دەزانم و لام وایە ئێوەش لەم لاوە ئەم موخلیسەی خۆتان وەک دۆستی ڕاستەقینە و خاوەن ئیرادەتی دڵ‌پاکانەی خۆتان دێننە حیساب ...»

حاجی بابەشێخ 4 ساڵ پێش پێکهاتنی کۆماری کوردستان ماوەی حەوتوویەک بە نهێنی

میوانداری لە مەلا مستەفای بارزانی لە تورجان دەکا کە لەم کتێبەدا بە وردی ئەم ڕووداوە مێژووییە باسی لێ کراوە.

ڕەنگبێ ئەم کتێبەی بەردەستتان توانیبێتی تا ڕادەیەک وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەکی و مێژووییەی دابێتەوە کە چۆن بووە پێشەوا قازی محەمەد لە نێو ئەو هەموو کەسایەتی و زانا ئایینی و ڕۆشنبیر و سەرۆکهۆزە دەسەڵاتدارەی کوردستان، بە پێداگرییەوە نە جارێک، بەڵکوو دوو جار ڕاسپاردە دەنێرێ بۆ لای حاجی بابەشێخ و داوای یارمەتی بۆ ئەو ئەرکە گرینگەی لێ دەکا.

حاجی بابەشێخ لەو کاتەوە کە بڕیاری هێنا سەر ئەوەی کە لە پێکهێنان و بەڕێوەبردنی ئەو حکوومەتە نوێیەی کورددا بەشداری بکا، بەوپەڕی شەرەف و ئازایەتییەوە تا کۆتایی و دوایین هەنگاوەکان نە قازی محەمەد و نە خەڵکی مەهابادی بەجێ نەهێشت. ئەوە لە حاڵێکدا بوو مەخابن هێندێک لە بەڕێوەبەرانی کۆمار لە کاتی هەرەسهێنانیدا بە نهێنی لەگەڵ حکوومەتی تاران وتوویژیان کردبوو و خۆیان ڕێک خستبوو و بەو جۆرە پشتی کۆماریان بەردا، یا بە زوویی خۆیان شاردەوە و بەرەو عێراق و هەندەران دەرباز بوون.

لەگەڵ هەموو ئەوانە، حاجی بابەشێخ زانایەکی ئایینی پایەبەرز بووە و لەو کاتەوە کە لە گوندی تورجان نیشتەجێ بووە، فێرگەی ئایینی تورجانی سەرپەرستی کردووە و لەو سەردەمەدا بە دەیان و سەدان کەس لەوێ دەرسیان خوێندووە. لە مامۆستایانی ئایینی داوا کردووە لەوێ فێرکاری ئایینی بەڕێوە بەرن و خۆشی هەر وەک مودەڕڕیس دەرسی وتۆتەوە.

زۆر جار بۆ کێشە شەرعی و کۆمەڵایەتییەکان فتوای دەرکردووە و کۆتایی بە ناکۆکییەکان هێناوە و هەر وەک پێشتریش ئاماژەی پێ کراوە بەشێکی زۆر لە ژیان و تەمەنی خۆی بۆ کۆتاییهێنان بە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان تەرخان داوە. زۆریش دژ بە گێرە و کێشەی مەزهەبی بووە و ئەوەی لە بەرژەوەندی کورد و ئەهلی سوننەتی ئێراندا نەدیوە. بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ ئایەتوڵلا مەردۆخی کوردستانی دانیشتنی کردووە و سەیید عەزیزی کوڕی ناردۆتە لای ئایەتوڵلا برووجێردی، گەورەمەرجەعی شیعە لە قوم.

حاجی بابەشێخ لە زانستی بیرکاری (ڕیازی) و ئەستێرەناسی لە سەردەمی خۆیدا کەموێنە بووە، لە بیرکاریدا شێوازی نوێی داهێناوە و لە ئەستێرەناسیی کۆندا کتێبی «تەنقیدی

هەیئەتی جەدید»ی نووسیوە.

هۆگریی زۆری بە عیرفان و تەریقەت بووە و کەسایەتیی گەورەی عیرفانی ئەو سەردەم شێخ عەلی حیسامەددین (کە خاڵۆی بووە) زۆری کاریگەری لە سەر بیر و بڕوای ئایینی و خواناسی حاجی بابەشێخ بووە، ئیجازەی خەلافەتیشی پێ درا بەڵام بەو حاڵەش وەک شێخێک لە خانەقا دانەنیشتووە و دەروێش و دەفەی لە دەور نەبووە، زیاتر وەک زانایەکی ئایینی هەڵس‌وکەوتی کردووە و ڕەنگبێ زانایانی بنەماڵەی قزڵجی کە پێش حاجی بابەشێخ خوێندنگای گەورەی تورجانیان بەڕێوە بردووە، لە بواری زانستی ئایینید ابۆ ئەو وەک کاریزمایەک بوویێتن و کەسایەتی زانستی حاجی بابەشێخیان ناڕاستەوخۆ شکڵ دابێ.

هەروەک تا ئێرە خوێنەر کورتەیەک لە کەسایەتیی حاجی بابەشێخی هاتە دەست و بۆی دەرکەوت کە ئەو مرۆڤە چەندی لایەنی جۆراوجۆر بووە، ڕەنگبێ ئەو پرسیارەی بۆ بێتە پێش کە بۆچی تا ئەورۆ ئەو کەسایەتییەی میللەتی کورد نەناسراوە و نەناسێندراوە. بە داخەوە ئەو پرسیارە سەرەکییە وڵامێکی ئەوتۆی نییە، لەوەدا دوو لایەن بە بڕوای من تاوانبارن، یەکەم: بنەماڵەی خودی حاجی بابەشێخ و دووهەم: توێژەران و نووسەران. هەرچەند پێش ئەم بەرهەمەی بەردەستتان خوالێخۆشبوو دوکتۆر سۆران سنەیی، مامۆستا عومەر فاڕووقی و کاک سەعید نەجاڕی (مامۆستا ئاسۆ) لە سەر حاجی بابەشێخ لێکۆڵینەوە یا نووسراوەیان هەیە، بەڵام بە داخەوە یا بە کەم بڵاو بوونەوە یا چاپ نەبوون، کە لێرەدا جێی خۆیەتی سپاس و پێزانینیان لێ بکرێ. منی نووسەری ئەم دێڕانە کە ئەو توێژینەوەیەم بە ئەنجام گەیاندووە، زیاتر لە پێنج ساڵی پێوە بووم و لەو ئەرکە گرینگەشدا تەنیا نەبووم و لە یارمەتی و ڕێنوێنی کەسانێکی زۆر کەڵکم وەرگرتووە، پێش لە هەمووان لە مامۆستا و ڕاهێنەری گەورەی ژیانم خوالێخۆشبوو باوکی خۆشەویستم سەیید مستەفا سەیادەت کوڕی حاجی بابەشێخ کە هاندەر و ڕێنوێنم بوو بۆ ئەو کارە کە بە داخەوە ئەجەل دەرفەتی نەدا ئەو بەرهەمە ببینێ؛ دواتریش کەسانێک وەک سەیید سەعید سەیادەت، کاک ناسری عەلیار، سەیید محەمەد سەمەدی، کاک عومەری عەبدوڵلابەگی، کاک کەریمی ئیسلامی و سەیید خالیدی سەیادەت، کاک محەمەدئەمینی شاسەنەم کە جێی خۆیەتی لە هەموو ئەو خۆشەویستانە کە بە پێداچوونەوە و خوێندنەوەی نووسراوەکان هەڵەیان بۆ لابردووم و

ڕێنوێنی باشیان کردووم سپاس و دەسخۆشییان لێ بکەم.
لە کۆتاییدا ئەم بەرهەمە پێشکەش دەکەم بە ڕۆحی بەرزی باوکی خۆشەویستم.

بە سپاسەوە: سەیید عەبدولڕەحمانی سەیادەت

## فەسڵی یەکەم:
## کەسایەتیی حاجی سەیید عەبدولکەریمی زەنبیل (باوکی حاجی بابەشێخ)[1]

حاجی سەیید عەبدولکەریم کوڕی شێخ عەبدوڵڕەحمانی کانیتوو؛ ئەویش کوڕی شێخ محەممەدی تەڕەتەوەن بووە کە تەڕەتەوەن گوندێکی سەر بە ناوچەی پێنجوێنە و مەرقەدی شێخ محەممەد لە تەڕەتەوەن وەک زیارەتگایەکە. کانیتووش ناوی گوندێکە سەر بە ناوچەی هەڵەبجە.

حاجی سەیید عەبدولکەریم لە باری بنچینەی بنەماڵەییەوە بە دوازدە پشت دەگەڕێتەوە سەر زانا و خواناسی پایەبەرز و ناودار، سەیید ئەبووبەکری موسەننیفی چۆڕی، کە ئەو کەسایەتییە لە گوندی چۆڕی مەریوان ژیاوە.

حاجی سەیید عەبدولکەریم لە یەکێک لە گوندەکانی بێژاوا، کانی توو، یا بێلەنگەی

١. بە داخەوە بە هۆی ئەوەی لە سەردەمی ژیانی حاجی سەیید عەبدولکەریمدا بەسەرهات و ژیاننامەی ئەو کەسایەتییە عیرفانییە نەنووسراوە، زانیاریی ورد و دەقیق و زۆرمان لە سەر ژیانی ئەو نییە؛ بەڵام من بە کەڵکوەرگرتن لە کتێبی «مێژووی مەشاهیری ئیسلام»، نووسراوەی قازی محەممەدی خزری شنۆیی، کە چەند لاپەڕەیەکی لە سەر ژیانی حاجی سەیید عەبدولکەریم و هەروەها حاجی بابەشێخ نووسیوە و وێدەچێ کاتی خۆی ئەم زانیارییانەی لە حاجی بابەشێخ وەرگرتبێ، هێندێک زانیاریی بەکەڵکم وەدەست کەوتووە. سەرەڕای ئەوەش لە ڕووی هێندێک بەڵگە و نووسراوەی ئەو سەردەمە کە بەجێ ماون و ئەو بیرەوەرییانەی کە لەو بنەماڵەیەم وەرگرتووە، هیوادارم توانیبێتم ژیانی ئەو کەسایەتییە بەو شێوەیەی کە بووە، بیهێنمە ڕوو و لە فەوتان و لەبیرچوونەوە بیپارێزم. زۆریش تێکۆشاوم زانیارییەکانم لە ڕاستی نزیک و لە هەڵەوپەڵە بەدوور بن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بۆی هەیە لە زۆر جێدا بە هەڵە چووبێتم و لە بەراورد و وەدەستهێنانی ڕێکەوتی ڕووداوەکاندا مێژووی دروستم بۆ نەدۆزرابێتەوە. هیوادارم خوێنەران بە دڵفرەوانی و گەورەیی خۆیان لە هەڵەکان چاوپۆشی بکەن و ئەم مافەش بۆ من بەدی بکەن کە زیاتر لە سەد و حەفتا ساڵ لە سەردەمی ژیانی ئەو کەسایەتییە تێدەپەڕێ و لەم کاتەدا هیچ کەس نەماوە کە لە نزیکەوە ئەوی دیبێ تا لە بیرەوەرییەکانی کەڵک وەرگرم.

سەر بە ناوچەی هەڵەبجە لە دایک بووە و ساڵی لەدایکبوونەکەی بە پێی هێندێک بەراورد و لێکدانەوە لە یەکێک لە ساڵەکانی ١٨٣٧ یا ١٨٣٨ی زایینی (کە دەبێتە ١٢١٧ یا ١٢١٨ی هەتاوی) بووە.[١] سەیید عەبدولڕەحمانی باوکی حاجی سەیید عەبدولکەریم، تەکیە و خانەقای بووە و یەکێک لە خەلیفەکانی شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی بووە و باوکی سەیید عەبدولڕەحمانی کانیتووش بە ناوی شێخ محەمەدی تەڕەتەوەن، خەلیفەی مەلا مەحموودی زەنگەنە بووە، کە مەلا مەحموود گەورەی مەشایەخی تاڵەبانی و ڕێبەری تەریقەی قادری لە سەردەمی خۆیدا بووە.

«سەیید عەبدولکەریمی مێرمنداڵ هەروەک زۆربەی هاوتەمەنەکانی خۆی، دەنێردرێتە لای مامۆستایانی ئایینی و خوێندنی عەرەبی و قورئان دەست پێدەکا، بەڵام کاتێک تەمەنی پازدە شازدە ساڵانە دەبێ، زانا و خواناسی گەورەی تەریقەتی نەقشبەندی، شێخ عوسمانی سیراجەددین، چەند کەسێک دەنێرێتە داواکاری کچی شێخ عەبدولڕەحمانی باوکی حاجی سەیید عەبدولکەریم، بۆ کوڕی گەورەی خۆی، واتە شێخ محەممەد بەهائەددینی نەقشبەندی (کە یەکێک لەو چەند کەسە ناردراوە، سەیید عەبدولڕەحیمی مەولەوی، شاعیری ناوداری کورد بووە)؛ بەڵام شێخ عەبدولڕەحمان ڕای لە سەر ئەوە نابێ کچیان بداتێ و بە ڕاسپاردەکانی شێخ عوسمان ڕادەگەیێنێ ئێمە تەریقەی قادری و ئەوان تەریقەی نەقشبەندی، کوا ئەم خزمایەتیە سەر ئەگرێ؟

بەڵام بۆ جاری دووهەمیش، شێخ عوسمانی سیراجەددین داواکار دەنێرێتەوە، ئیتر ئەم جارە شێخ عەبدولڕەحمان بە پێشنیاری کوڕی چکۆلەی خۆی، واتە سەیید عەبدولکەریم دەکا و سەیزادە تەیبەی کچی خۆی دەدا بە شێخ محەممەد بەهائەددینی کوڕی شێخی سیراجەددین کە بە بڕوای من ئەم خزمایەتییە لە ساڵی ١٨٦٠ یا ١٨٦١ی زایینی (١٢٣٩ یا ١٢٤٠ی هەتاوی) سەری گرتووە، چونکە تەنیا بەرهەمی ئەو ژیانە هاوبەشیە کوڕێک بوو کە دواتر و دوای ساڵها بوو بە یەکێک لە ناودارانی تەریقەی نەقشبەندی لە کوردستانی ئێران و عێراق، بە ناوی شێخ عەلی حیسامەددین و ساڵی لەدایکبوونی ئەو، ١٨٦٢ی زایینی (١٢٤١ی هەتاوی) بووە.

---

١. ئەم ڕێکەوتەم لە ڕووی ڕێکەوتی وەفاتی و ماوەی تەمەنی و ڕاوێژ لەگەڵ نەوەکانی ئەو کەسایەتییە بە دەست هێناوە.

بە دوای ئەوەدا کە ئەو خزمایەتییە سەر دەگرێ، سەیید عەبدولکەریم بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە تەوێڵە کە ماڵی خوشکی لەوێ بووە. لە حوجرە یا مەدرەسەی ئەوێ، لە لای مەلا نەزیر مودەڕیسی ئەو قوتابخانەیە بەشێکی زۆر لە خوێندنی دەورەی سەرەتایی و قورئان تەواو دەکا. بە هۆی مانەوەی لە تەوێڵە، وردە وردە کەسایەتیی عیرفانیی شێخی سیراجەددین، کاریگەریی لە سەر دادەنێ و دەبێتە یەکێک لە دەیان خولیا و شیفتەی ئەو گەورە پیاوەی تەریقەتی نەقشبەندی و هەر بۆیەش بە پێچەوانەی باب و باپیرانی کە تەریقەی قادری بوون، ڕێبازی نەقشبەندیش بۆ مەسیری خواناسیی خۆی هەڵدەبژێرێ و لای شێخی سیراجەددین ئادابی تەریقەتەکە فێر دەبێ و قۆناغەکانی ئەو تەریقەیە بە چەند ساڵ مانەوە و زەحمەت کێشان دەپێوێ.

بەڵام دواتر بە دەستووری شێخی سیراجەددین لە تەوێڵەوە دەنێردرێ بۆ ناوچەی موکریانی کوردستانی ئێران تا بەڵکوو لەوێ لە خوێندنگای گەورەی تورجان لە خزمەت عەللامەی مەزن و زانای پایەبەرزی ئەو سەردەمە، مەلا عەلی قزڵجی، وەرگیرێ و بتوانێ درێژە بە خوێندنی بدات. بە خۆشییەوە لە لایەن مامۆستا مەلا عەلی قزڵجییەوە بە هۆی ڕێز و حورمەتی زۆری کە بۆ شێخی سیراجەددینی داناوە، وەردەگیرێ و دەبێتە یەکێک لە دەیان خوێندکار و تەلەبەی ئەو زانا پایەبەرزەش.»[١]

هاتنی حاجی سەیید عەبدولکەریم بۆ تورجان، دەبێ لە یەکێک لە ساڵەکانی ١٨٦٢ یا ١٨٦٣ی زایینی (١٢٤١ یا ١٢٤٢ی هەتاوی)دا بووبێ.

لێرەدا جێی خۆیەتی هێندێک بە کورتی لە سەر فێرگە و خوێندنگای تورجان لەو سەردەمەدا بدوێم.

ئەو ساڵانە کە حاجی سەیید عەبدولکەریم چووە بۆ تورجان، مالکی ئەوێ موحەممەدئەمین بەگی موکری بابامیری بووە کە ئەویش کوڕی ئاغا قۆچ بەگ و نوورنیسا خانم بووە کە ئەو دوو پایەبەرزە و هەڵبەت زیاتر نوورنیسا خانم، بناغەدانەری ئەو فێرگە گەورەیە بوون؛ هەموو خوێندکار و مامۆستای ئەوێیان نان داوە و خزمەتیان کردوون و لە

---

١. چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ سەید مستەفا سەیادەت(نەوەی حاجی سەید عەبدولکەریم)، بۆکان، ڕێککەوتی ٢٠١٣/١١/٢٥ و حاجی سەیید جەمیل هاشمی، مەهاباد، ڕێککەوتی ٢٠١٢/١/١٧.

ڕاستیدا نوورنیسا خانم یەکێک لەو خاتوونە مەزنانە بووە کە وێنەی ئەو لە کوردستاندا زۆر کەم بووە و بەشێکی زۆر لە ماڵ و مڵک و تەمەنی خۆی بۆ خزمەت بە دین و زانست و زانایانی ئایینی تەرخان کردووە و هەر بۆیە تورجان لە کوردستانی ئەو سەردەمدا بۆتە یەکێک لە گەورەترین شوێنەکانی خوێندن و فێرکاریی ئایینی و دەیان و سەدان زانای پایەبەرز لەوێ پێگەیشتون و بە کوردستاندا بڵاو بوونەوە و پەرەیان بە زانست و ئایین داوە.

هەڵبەت هۆکاری گرینگیی تورجان، بوونی زانای پایەبەرز و گەورە، مامۆستا مەلا عەلی قزڵجی بووە کە بۆ ماوەی نزیک بە ٤٥ ساڵ لەوێ دەرسی وتۆتەوە و لە شوێنی دوور و نزیکەوە وەک داغستانی شۆڕەوی و عێراق و سابڵاغ و مەریوانەوە هاتوون لەوێ خوێندوویانە. گەورە مامۆستایانی وەک مەلا عەبدوڵڵا داغستانی (جەوانشیر) و مەلاعەبدوڵڵای پیرەباب و مەلا عەبدوڵڵای وەلژی، مەلا حەسەنی ئیبنو قزڵجی، سەیید حەسەنی چۆڕ و موفتی پێنجوێن کە خۆیان هەریەک مەکتەبێکی زانستی بوون، لە تورجان پێ‌گەیشتوون.

کاتێک حاجی سەیید عەبدولکەریم دێ بۆ تورجان، نزیک حەوت یا هەشت ساڵ لە کۆچی دوایی نوورنیسا خانم و ئاغا قۆج بەگ تێپەڕ بووە و هەروەک کوترا ئاغا حەمەدەمین بەگی کوڕی ئەوان، مالک و خاوەنی گوندەکە بووە و هەر لەو کاتەشدا خوێندنگەی تورجان بە هۆی بوونی مامۆستای قزڵجییەوە زۆر لە گەشەدا بووە و دەیان خوێندکار، هەر یەک لە قۆناغێکدا، سەرقاڵی خوێندن بوون و هەر بۆیە وەدەس‌خستنی شوێنی نیشتەجێ‌بوون و مانەوە زۆر چەتوون بووە؛ بۆ وێنە هێندێک لە دەوری گوندەکە لە ژێر خێوەتدا بوون.

حاجی سەیید عەبدولکەریم بۆ مانەوەی خۆی شوێنێک هەڵدەبژێرێ لە بناری کێوی وەستا مستەفا، لە سەر کانییەک و نزیک دار گوێزێک؛ لەوی چواردیوارییەک دروست دەکا، شەوانە لەوێ دەمێنێتەوە و حەوتووی دوو یا سێ جار کە دەرسی وەبەر کەوتووە، لەوێوە هاتووە و دەرسەکەی خوێندووە و گەڕاوەتەوە بۆ شوێنی خۆی، کە نزیک کیلۆمیترێک لە تورجان دوور بووە.

بە دروستی ڕوون نییە چەند ساڵێک لەوێ ماوەتەوە؟ بەڵام لە ڕووی بەراوەردی ڕووداوەکانەوە دەردەکەوەێ نزیک دوو ساڵ لە تورجان خوێندبێتی و ئیجازەنامەی هەر

لەوێ لە لای عەللامەی قزڵجی وەرگرتوە و گەڕاوەتەوە بۆ تەوێڵە و چۆتەوە خزمەت شێخی سیڕاجەددین کە وێدەچێ ساڵی ١٨٦٤ یا ١٨٦٥ی زایینی (١٢٤٣ یا ١٢٤٤ی هەتاوی) بووبێ و لەوێ شێخی سیڕاجەددین بۆ وەبیرهێنانەوە و تەکمیل‌کردنی قۆناغەکانی عیرفانیی حاجی سەیید عەبدولکەریم، هێندێکی کەی ئادابی تەریقەی نەقشبەندی پێ تێپەڕ دەکا تا لە هەر دوو بواری زانستی و خواناسیدا بە پلەی بەرز و جێی متمانەی ئەو بگا.

هەر لەو سەردەمەدا شێخی سیڕاجەددین یەکێک لە کچەکانی خۆی بە ناوی شێخزادە ئامینەی دەداتێ، بەم جۆرە حاجی سەیید عەبدولکەریم لەگەڵ شێخزادە ئامینە پەیوەندی ژیانی هاوبەشیان لە نێواندا دەبەسترێ، بەڵام بە داخەوە ماوەیەکی زۆر لەو پەیوەندە تێپەڕ نابێ کە شێخزادە ئامینە لە کاتی منداڵبووندا گیانی خۆی لە دەست دەدا و بەو جۆرە یەکەمین ڕووداوی ناخۆش لە ژیانی حاجی سەیید عەبدولکەریمدا ڕوو دەدا. بەڵام لەو ڕووداوەدا منداڵەکە کە کوڕ دەبێ، نامرێ و خودی شێخ عوسمانی سیڕاجەددینی باپیری، ناوی دەنێ عەبدولحەکیم و تەرمی شێخزادە ئامینەی یەکەمین هاوسەری حاجی سەیید عەبدولکەریم هەر لە تەوێڵە بە خاک دەسپێردرێ. ئەو ڕووداوە وێدەچێ ساڵی ١٨٦٦ی زایینی (١٢٤٥ی هەتاوی) بووبێ.

دوای ماوەیەکی کورت، شێخی سیڕاجەددین بۆ پەرەپێدانی تەریقەی نەقشبەندی، ئەمری پێ دەکا بگەڕێتەوە بۆ ناوچەی موکریان و لەوێ ڕێنوێنی و ڕێبەرایەتیی موسوڵمانان بۆ ئەو تەریقەیە بکا، ئەویش لە سەر ئەمری شێخی سیڕاجەددین، دێتەوە ئەم ناوچەیە واتە تورجان و هەر لەوێ ئاغا حەمەدەمین بەگی موکری بابامیری، خاوەنی تورجان، گوندی «جەمیان» و مەزرایەکی گوندی شیلان‌ئاوی بە ناوی «زەنبیل»ی پێشکەش دەکا کە لەو دوو شوێنە خانەقا و ماڵی لێ دروست بکا. ئەویش بە هاوکاری خەڵک و بەتایبەت مالک و خاوەن گوندەکان کە دەستڕۆییو و بەدەستەڵات بوون، لە هەر دوو شوێن خانەقا و ماڵ دروست دەکا. تەنانەت بیستراوە سەرۆک عەشیرە و گەورەپیاوان بە دەستی خۆیان لە دروست‌کردنی خانەقاکاندا هاوکارییان کردووە.

لەو سەردەمەدا ڕێبەر و سەرۆکی گەورەی تەریقەی نەقشبەندی، شێخ عوسمانی سیڕاجەددین، کۆچی دوایی دەکا (١٨٦٧ی زایینی/ ١٢٤٦ی هەتاوی). بەجێی ئەو، شێخ

محەممەد بەهائەددینی کوڕی گەورەی ئەو، ڕێنوێنی ڕێڕەوانی ئەو تەریقەتەی پێ دەسپێردرێ. یەک دووساڵێک دوای وەفاتی شێخی سیراجەددین، کچێکی کەی ئەو کەسایەتییە گەورەیە بە ناوی شێخزادە حەبیبە دەبێتە هاوسەری حاجی سەیید عەبدولکەریم. بەرهەمی ئەو ژیانە هاوبەشیە کەنیشکێک دەبێ بە ناوی سەیزادە مەهتاب و بە داخەوە شێخزادە حەبیبەش کاتی لەدایکبوونی کچەکەی، گیانی لە دەست دەدا و ئەویش هەر لە تەوێڵە بە خاک دەسپێردرێ. سەیزادە مەهتاب دواتر دەبێتە هاوسەری مەلا حەسەنی ئیبنولقزڵجی و لەو کاتەوە تا کۆتایی ژیانی، ناوبانگی سەیزادەی بۆکانی دەرکردووە.

ماوەیەک دوای لەدەستچوونی ئەو هاوسەرەشی، بنەماڵەی مەشایخی هەورامان کچی سێهەمی بە ناوی شێخزادە حەلیمەی کچی شێخی بەهائەددینی دەدەنێ کە دەبێتە دایکی عەبدولڕەحمان (حاجی بابەشێخ) و حاجی سەیید حوسەین؛ دواتر حاجی سەیید عەبدولکەریم کچی شێخولئیسلامی سەردەشت دەخوازێ و دوو کوڕ و دوو کچ بەرهەمی ئەو ژیانە هاوبەشە نوێیەی دەبێ کە بریتی بوون لە سەیید عەبدولسەلام، سەیید حەمەدەمین؛ سەیزادە ئافتاب و سەیزادە خاسان.

حاجی سەیید عەبدولکەریم لە زەنبیل و هەروەها لە جەمیانیش نیشتەجێ بووە و خەڵکێکی زۆر ڕوو دەکەنە ئەو دوو خانەقایە و بەتایبەت خانەقای زەنبیل و حاجی سەیید عەبدولکەریم لە لای شێخ محەممەد بەهائەددینیش ئیجازەی ڕێنوێنی و ڕێبەریی تەریقەی نەقشبەندی لەو ناوچەیە پێ دەدرێ.

حاجی سەیید عەبدولکەریم سەرەڕای پلە و پایەی بەرزی خواناسی و زانستی و لەخواترسی کە بوویەتی، هێندێک تایبەتمەندی کەی بووە کە نیشان دەدا بیر و بڕوای زۆری بە کار و کاسپی و هەوڵ و تێکۆشانی هەموو جەماوەری کۆمەڵگا بووە و زۆر دژ بە دەستبەردانەوە و مفتەخۆری بووە و ڕای لە سەر ئەوە نەبووە کە خەڵک هەر لە گۆشەی خانەقا و مزگەوت دانیشن و سەرگەرمی نوێژ و زیکر و دوعا بن؛ بەڵکوو کۆمەڵگای موسوڵمانان، بە ڕای ئەو، پێویستی بە تێکۆشان و بەهرە وەرگرتن لە زەویوزار و کۆکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵ و بەڕێوەچوونە. هەر بۆیەش بۆخۆی لەو شوێنانەی کە بووە، داری چەقاندووە و باغی بونیاد ناوە و وەسیەتی بۆ داهاتووەکانی دوای خۆی ئەوە بووە

کە دار بچەقێنن و ئەم وتەیەی ئەو ماوەتەوە کە «بەرەی دوای من لە داهاتووشدا لە هەر کوێ، تەنانەت چیلکەیەکیان لە دەست بکەوێتە خوارێ، شین دەبێ».

حاجی سەیید عەبدولکەریم کەسایەتییەکی خاوەن نفووزی مەعنەوی لە موکریان و بە شێوەی گشتتر لە هەموو کوردستان بووە، بەتایبەت لە ناوچەکانی سەقز و بۆکان و بانە و سەردەشت و مەهاباد؛ لە دەوروبەری بانە، خاوەن گوندەکان شەش‌دانگی دێهاتیان پێشکەش کردووە، دێهاتی وەک سوتو، بەردەڕەش، میرئاوای سەرێ، دۆڵ هەرزن کە لەو بابەتەوە بەڵگەیەک هەیە نیشان دەدا خاتوونێک بە ناوی ئامینە خانم، هاوسەری حاجی مستەفا بەگی نایب لە ڕێکەوتی ساڵی ١٨٨٧ی زایینی (١٢٦٦ی کۆچی هەتاوی) تەواوی شەش‌دانگی میراوێی سەرێی پێشکەش بە حاجی سەیید عەبدولکەریم کردووە. لە ناوچەی موکریانیش گوندەکانی زەنبیل و جەمیان و گەردیگلانیان پێشکەش کردووە.

حاجی سەیید عەبدولکەریم سەردەمی ساڵانێک کە قات و قڕی و برسیەتی، بەربینگی بە خەڵکی وڵات گرتووە، ئەوەی دەغڵ و دان و داهاتی بووە بە خەڵکی لێقەوماوی داوە، بەڵام پێی ڕاگەیاندوون ئەوە بە قەرزە و دوای بەسەرچوونی قات و قڕی بۆم بێننەوە. بەڵام بە نزیکانی خۆی ڕاگەیاندووە کە ئەو دەغڵ و دانەم لە ڕێی خودادا داونێ و لێیان وەرمەگرنەوە، بۆیەشم کوتووە وەری‌دەگرمەوە با لە کاسپی بێ‌خەم نەبن و دەست لە سەر دەست دانەنێن.

لە ماوەی تەمەنی خۆیدا لە چەند شوێن مزگەوت و خانەقای دروست کردووە، وەک مزگەوتی سەیید لە شاری بانە کە ئێستاش هەر ماوە و خانەقای زەنبیل و مزگەوتی جەمیان کە ئەوانیش هەر بەردەوامن.

حاجی سەیید عەبدولکەریم سێ جار توانیویەتی حەج بەجێ بێنێ؛ لە حەجی یەکەمدا یەکێک بووە لە هاوڕێیانی شێخ محەممەد بەهائەددینی کوڕی شێخی سیراجەددین، کە بێجگە لە حاجی سەیید عەبدولکەریم، حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی، زانای گەورەش لەگەڵ بووە کە ساڵی ١٨٧٣ی زایینی (١٢٥٢ی کۆچی هەتاوی) بووە. حەجی دووهەمی ڕوون نییە لە چ ساڵێکدا بووە، بەڵام وەک کوتراوە لە دوایین حەجیدا جەماوەرێکی زۆری لەگەڵ بووە کە دواتر لەو بابەتەوە زیاتر دەدوێین.

حاجی سەیید عەبدولکەریم بە هاتنی خۆی بۆ وڵاتی موکریان کاریگەریی زۆری لە سەر

پەرەپێدان بە تەریقەی نەقشبەندی و عیرفان و لە ڕاستیدا پەرەپێدان بە دین و ڕێنوێنیی خەڵک بۆ دینداری و خواناسی لەم بەشە لە وڵاتی کوردستاندا بووە و لە تەواوی ژیانیدا هەر لەو پێناوەدا هەنگاوی هەڵێناوەتەوە.

داهات و ماڵی دونیایی خۆی بۆ خزمەت بەو جەماوەرەی کە بە ناوی مورید و وابەستەی ئەو تەریقەیە پەنایان بۆ هێناوە، تەرخان کردووە و مزگەوتی لێ دروست کردووە و دەستگیرۆیی خەڵکی دەستکورت و نەداری کردووە و بە هۆی ئەوانە لە نێو خەڵکدا ڕێز و حورمەتی مەعنەویی تایبەتی لێ گیراوە و گەورەپیاوانی موکریان زۆر جار بۆ چارەسەری کێشەکانیان پەنایان پێ بردووە. ئەویش یا خۆی، یا کوڕەکانی واتە (شاحەکیم و حاجی بابەشێخ) چوون و کێشەکانیان داکوژاندووە و پێشگیرییان لە دەیان شەڕ و تێکهەڵچوونی نێوان عەشیرەتەکان کردووە. بۆ وێنە کێشەی نێوان ئیعزامولـمولکی قارەوا (گەورەی خانەدانی بوداقی) لەگەڵ سەردار حەمەحوسێن خانی موکری (سێهەمین سەرداری بوکان) لە سەر زەوییەک لە گوندی حەسار کە کێشەکە وا گەورە بۆتەوە، هەر دوو لا چەکدار و هێزێکی زۆر کۆ دەکەنەوە تا هێرش بەرنە سەر لایەنەکەی دی.

ئیعزامولـمولک خاوەنی ئەم گوندانە بووە کە بریتین لە: قارەوای گەورە، بۆگەبەسی، قازڵیان، سەیداوا، کەرێزە، باغلووجە، کانیپانکە، مەندیلبەسەر، تبت، قۆچاق، قلیچ، هەبەکی. لە هەموویانەوە هێزێکی گەورە بە هاوکاری هێندێک لە دۆستان و سەرۆک هۆزەکانی لایەنگری خۆی کۆ دەکاتەوە کە ئامادەی بەربەرەکانی لەگەڵ سەردار بێت. سەرداریش کە دەستڕۆییو و دەستەڵاتداری وڵات بووە، هێزێکی زۆر بە هاوبەشی هۆزەکانی دێبوکری و مەنگوڕ و محاڵ کۆ دەکاتەوە کە هێرش بەرێتە سەر ئیعزامولـمولک لە قارەوا. شەوێک پێش ئەو ڕۆژەی کە بڕیار بووە تێکهەڵچوونێکی خوێناوی لە نێوانیاندا ڕوو بدا، کەسێک بە ناوی حاجی فەتحوڵڵا، دانیشتووی قازڵیان، هەر شەوێ خۆی دەگەیەنێتە جەمیان و بە حاجی سەیید عەبدولکەریم ڕادەگەیەنێ قوربان ئەگەر خۆت نەگەیەنی و پێشی ئەو شەڕە نەگری، لەوانەیە دەیان کەس لە هەر دوو لایەن بکوژرێن. جا هەر بۆیەش حاجی سەیید عەبدولکەریم زۆر زوو کوڕی گەورەی خۆی واتە شاحەکیم کە لە زەنبیل بووە، بانگ دەکا و لەگەڵ ئەو و چەند کەسێک ساز دەبن خۆ دەگەیەننە قارەوا و هەر لەوێ

شاحەکیمی کوڕی دەنێرێ بۆ بۆکان بۆ لای سەردار، کە پێی ڕابگەیەنێ حاجی سەیید عەبدولکەریم لە قارەوا دانیشتووە و دەڵێ داوا دەکەم لە سەردار کە خۆ لە شەڕ و پێکدادان ببوێرێ، با کێشەکە بە وتوویژ و لێدوان چارەسەر بکرێ. سەرداریش کە ڕێز و حورمەتێکی تایبەتی بۆ حاجی سەیید عەبدولکەریم بووە و پێشتر چەند جار وەک مورید ڕووی لە جەمیان و زەنبیل کردووە، بە هۆی ئەوە کە حاجی سەیید عەبدولکەریم لە قارەوا بووە، دەستی لە هێرش کردن بو سەر ئیعزامولـمولک هەڵگرتووە، بەڵام کوتوویەتی بۆ شوێنی دانیشتن و چارەسەر کردنی کێشەکە دەبێ ئیعزامولـمولک بێت بۆ بۆکان. کە ئەم ڕاسپاردەیە دێتەوە بۆ قارەوا، حاجی سەیید عەبدولکەریم نامە بۆ شاحەکیمی کوڕی خۆی کە لەو کاتەدا لە بۆکان لای سەردار بووە، دەنێرێ کە "ڕۆڵە، سەیید عەبدولحەکیم، عەرزی سەردار بکە چونکە من لێرەم ئێوە وەرن بۆ قارەوا". دیسان سەردار لە بەر ڕێزی حاجی سەیید عەبدولکەریم کۆتا دێ و لەگەڵ کۆمەڵێکی سی چل کەسی کە زۆربەیان پیاوماقووڵ و سەرۆک عەشیرەت بوون، دێن بۆ قارەوا و لەوێ سێ ڕۆژ دەمێننەوە و بە حورمەت و ڕێنموونی حاجی سەیید عەبدولکەریم کێشەکە چارەسەر دەکرێ و بەو جۆرە پێش بە شەڕ و تێکهەڵچوونێکی خوێناویی گەورە دەگیرێ. هەڵبەت ئەوانەی لە وڵاتی موکریاندا دەژین، ڕەنگ بێ ئەو زانیارییەیان ببێ کە ئیعزامولـمولک بۆ میوانداری لەم وڵاتەدا لە هەموو کەس ناوبەدەرەوەتر بووە، هەر بۆیەش گۆیا ئەو سێ ڕۆژە ئەوپەڕی میوانداری لە سەردار و هاوڕێیانی دەکا و دوای سێ ڕۆژە لە کاتێکدا کە سەردار دەیەوێ بڕواتەوە گۆیا حاجی گەنجاڵی بەگی قاتانقوڕ کە یەکێک بوو لە هاوڕێیانی سەردار، بە سەردار دەڵێ بە خوا سەردار باش بوو شەڕەکەمان نەکرد. سەردار دەپرسێ بۆ چی؟ دەڵێ وەک چۆن لە میوانداریيەکەدا وەک ئەو نەدەهاتینەوە، بە خوا لە شەڕەکەشدا دەرەقەتی نەدەهاتین!!

یەکێکی دی لەو کێشانەی کە بە حوزوری حاجی سەیید عەبدولکەریم کۆتایی پێ هاتووە، شەڕی نێوان بنەماڵەی حاجی ئێلخانی لە هۆزی دێبوکری و بەگزادەکانی بەشی فەیزوڵڵابەگیی بۆکان بووە، کە بە هۆی ڕێزێکی هەر دوو لایەن لە حاجی سەیید عەبدولکەریمیان گرتووە دەستیان لە شەڕەکە کێشاوەتەوە. بە پێی نووسینی «خاطرات

عبدالله خان ناهید[١]» ئەو شەڕە لە ساڵی ١٣٢٧ی کۆچیدا ڕووی داوە.

ئەوانە دوو نموونە بوون لەو کێشە و گیر و گرفتانەی بە هۆی کەسایەتیی جێی ڕێزی حاجی سەیید عەبدولکەریم لە نێو سەرۆک عەشیرەت و گەورەپیاوانی وڵاتدا پێشیان پێ گیراوە.

حاجی سەیید عەبدولکەریم لە لایەن بنەماڵەی مەشایخی هەورامانەوە ڕێز و حورمەتێکی تایبەتی لێ گیراوە، بەوەیدا کە ئەو بنەماڵەیە بە دەیان و سەدان زانای ئایینی و شاعیر و پسپۆڕ وابەستە و خەلیفەیان بوون و لە نێو هەمواندا لە لایەن سێ بەرەباب واتە شێخی سیراجەددین و شێخی بەهائەددین و شێخی حیسامەددینەوە ئیجازەنامەی تەریقەتی بۆ تازە کراوەتەوە کە دوایین جاریان لە لایەن شێخی حیسامەددینەوە بووە کە خوشکەزای بووە؛ بە خۆشییەوە ئیجازەنامەکە ماوەتەوە. هەروەها سێ جار لە لایەن ئەو بنەماڵەیەوە کچی دراوەتێ، واتە سێ لە هاوسەرانی حاجی سەیید عەبدولکەریم لەو بنەماڵەیە بوون کە خۆی نیشاندەری ڕێزی حاجی سەیید عەبدولکەریم، لە لایەن ئەو بنەماڵەیەوەیە.

حاجی سەیید عەبدولکەریم لە ساڵەکانی دوایی تەمەنیدا بە داخەوە لە هەر دوو چاو نابینا بووە. بە دروستی ڕوون نییە کە چەند ساڵ لە تەمەنی نابینا بووە. بۆچوونێک ئەوەیە گۆیا لە دوای وەفاتی شێخی بەهائەددین کە مورشید و ڕێبەری تەریقەتی حاجی سەیید عەبدولکەریم بووە، هێندەی بۆ بە داخەوە بووە و گریاوە، وردە وردە ڕووناکاییی چاوی بەرەو کزی چووە، بەڵام کۆچی دوایی شێخی بەهائەددین نزیک سی ساڵ پێش وەفاتی حاجی سەیید عەبدولکەریم بووە و وێناچێ ئەو ماوە زۆرە نابینا بووبێ.

### بەسەر هاتی حەجی سێیەمی حاجی سەیید عەبدولکەریم

حاجی سەیید عەبدولکەریم لە سێیەمین حەجی خۆیدا کۆمەڵێکی حەفتا و پێنج کەسی لە سەرۆک هۆزان و گەورەپیاوانی وڵاتی لەگەڵ بووە کە ناوی چەند کەسێکیان بریتین لە:

١. حاجی بایز ئاغای موهتەدی

---

١. عبدالله ناهید، خاطرات من، چاپ اول ، چاپەمەنی شەبنەم، ١٣٦٢، ل ٣٧.

٢. حاجی شێخولئیسلامی ئاجی‌کەند
٣. حاجی مارف ئاغای کۆسەکەرێز
٤. حاجی عەبدوڵڵا ئاغای شێخاڵی
٥. حاجی باپیر ئاغای کۆکە
٦. حاجی مەلا ئەبووبەکری شیلاناوی
٧. حاجی مەلا محەممەدی سۆفی
٨. هەروەها حاجی بابەشێخ و حاجی سەیید حوسێن و حاجی سەیید سەلام و حاجی سەیید حەمەدەمینی کوڕانی خۆی.[١]

حاجی سەیید عەبدولکەریم لە کاتی ڕێوڕەسمی ئەو حەجەیدا، درگای بارەگای پیرۆزی حەزرەتی ڕەسووڵی بۆ دەکەنەوە و ئەو بەختەوەری و شانازییەی بە نسیب دەبێ کە شەوێک تا بەیانی لە خزمەت مەرقەدی موبارەکی حەزرەتی ڕەسووڵدا قۆناغەکانی خواناسی و مەعنەوی تێپەڕ کا، دوای ئەو شەوە کاتێک کە هاوڕێیانی پرسیاری لێ دەکەن، هێندێک لە بەسەرهاتی ئەو شەوەیان بۆ باس بکا، دوای گێڕانەوەی چۆنایەتی بەسەرهاتەکە لە کۆتاییدا پێیان ڕادەگەیێنێ «تەواوی ئەو شەوە کە لە خزمەت ڕۆحانیەت و بارەگای حەزرەتی ڕەسووڵدا بووم وەڵڵاهی حیسامەددینیش حوزووری بوو و لە هەموو ئەو بەسەرهات و حوزورە مەعنەوییەدا ئەویش ئاگادار بوو».

مەبەستی حاجی سەیید عەبدولکەریم، شێخی حیسامەددینی خوشکەزای بووە کە ئەو کات لە تەوێڵە بووە و مورشیدی تەریقەتی حاجی سەیید عەبدولکەریم بووە.

کاتێک کە سەفەری حەج کۆتایی دێ و کاروانەکە دەگەنەوە سولەیمانی، شێخی حیسامەددین نامەیەک بە دەسنووسی خۆی (نە نووسەر) دەنێرێ بۆ خاڵۆی و زۆر بە ڕوونی و ڕاشکاوی ئاماژە بەو ڕووداوە دەکا، کە بە خۆشییەوە نامەکە ماوە و لەم کتێبەدا وێنەکەی داندراوە؛ نامەکە بە زمانی فارسی نووسراوە و من هەم دەقە فارسییەکەی و هەم وەرگێڕدراوە کوردییەکەییم بۆ خوێنەران لێرەدا هێناوە.

ئەوەش دەقی فارسیی نامەکە کە بەم شێعرەی فیردەوسی دەست پێدەکا:

---

١. چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ حاجی سەیید جەمیل هاشمی، سەرچاوەی پێشوو.

بدین مژده گر جان فشانم رواست
که این مژده آسایش جان ماست

خالوی خود را فدایم فردا بعد از شرف زیارت، فقیر در آنجا عرض می کنم

رواق منظر چشم من آشیانه تست
کرم نما و فرود آ که خانه خانه تست

خلاصه امشب را بی پایان می‌دانم خدا رحم فرماید. جان من بابه‌شیخ روح من از آن تست.

بعد از وصول به شرف زیارت روضه حضرت رسول مدنی (صلی اله و علیه و سلم) فقیر نیز آمدم تفضلاتی که از مهمانی و مقام فضل و رحمیت مبذول شد، همه را شکر خدا مشهود نمودم و باقی را مگر زمان حضور عرض دارم.

الداعی علی

واتە:

جێی خۆیەتی بۆ ئەو هەواڵە خۆشە گەر گیانی خۆمی بۆ فیدا کەم
چونکو ئەو شادمانییە بۆتە هۆی ئاسایشی گیان و ڕۆحی من

بە فیدای خاڵۆی خۆم [واتە حاجی سەیید عەبدولکەریم] بم، بەیانی دوای ئەوە زیارەتی جەنابتانم بە نسیب بێ، فەقیر لەوێ بە عەرزتان ئەگەیێنم؛

چاوی من وەک مەنزڵگایەکە بۆ مانەوەی تۆ؛
کەرەم فەرموو دابەزە کە تۆ لە چاوی مندا جێت هەیە.

بە کورتی [عەرز کەم] ئەمشەو بێ‌کۆتایی دەبینم، خوا لەگەڵمان بەبەزەیی بێ. گیانی من بابەشێخ ڕۆحی من هەر لە لاتە؛

بە دوای گەیشتن بە شەرەفی زیارەتی بارەگای حەزرەتی ڕەسووڵی مەدەنی (درووود و ڕەحمەتی خوای لە سەر بێ) (منی دەست‌کورت لە هەموو مەعنەوییەتێک) هاتم و ئەو سەربەرزییەی کە لە میوانداری و پلەی بەخشش و بەزەیی و دلۆڤانی خوای گەورە پێ‌گەیشتی، شوکور بۆ خوا هەموویم ئاگا لێ بوو، درێژەی بەسەرهاتەکە لە نزیکەوە کاتی یەک‌کەوتنمان بە عەرزی جەنابتانی دەگەیینم .

الداعی عەلی

حاجی سەیید عەبدولکەریم ساڵی ١٩١٢ زایینی (١٢٩٠ی هەتاوی) لە گوندی جەمیان لە تەمەنی دەوروبەری ٧٥ ساڵیدا بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە دونیا دەکا و تەرمی پیرۆزی ئەو کەسایەتییە ئایینی و عیرفانییە دەبەنەوە زەنبیل و هەر لەو شوێنەی کە خۆی ئاوەدانی کردبۆوە، لە پەنای خانەقاکەی خۆی بە خاک ئەسپێردراوە.

## ئەولادانی حاجی سەیید عەبدولکەریم

١. شاحەکیم کوڕی گەورە و جێدار و جێنشینی تەریقەتی حاجی سەیید عەبدولکەریم و موجازی شێخی حیسامەددین بووە و هەر لە زەنبیل ژیاوە و کەسایەتییە کی عیرفانی و ئایینی بووە و بە دەیان و سەدان کەس لە وڵاتی دوور و نزیکەوە مورید و مەنسووبی تەریقەتی بوون و زۆر جێی ڕێزی سەرۆک عەشیرە و گەورەپیاوانی وڵات بووە.

٢. حاجی بابەشێخ کە کەسایەتییەکی هەمەلایەنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی و خواناسی بووە و لەم کتێبەدا بە وردی بە خوێنەر دەناسێندرێ.

٣. حاجی سەیید سەلام کە کەسایەتییەکی عیرفانی و ئایینی بووە.

٤. حاجی سەیید حوسێن کە کەسایەتییەکی عیرفانی و ئایینی بووە.

٥. حاجی سەیید حەمەدەمین کە زاوای شێخی حیسامەددین بووە و بە گەنجی دونیای بەجێ هێشتووە.

٦. سەیزادە مەهتاب هاوسەری مەلا حەمەحەسەنی کوڕی مەلا عەلی قزڵجی.

٧. سەیزادە ئافتاب هاوسەری شێخی حیسامەددین.[1]

٨. سەیزادە خاسان کە هاوسەری برایەکی شێخی حیسامەددین بووە بە ناوی کاکەشێخ.

---

١. سەیزادە ئافتاب لە یەکێک لە هاوسەرانی حاجی سەید عەبدولکەریم بووە کە کچی شێخولئیسلامی سەردەشت بووە بە ناوی ئامینەخاتوون. ئەو ڕوونکردنەوەیەم بە پێویست زانی چونکە یەکێک لە هاوسەرانی حاجی سەید عەبدولکەریم بە ناوی شێخزادە حەلیمە خوشکی شێخی حیسامەدین بووە.

## فەسڵی دووهەم:
## دەورەی خوێندنی

حاجی بابەشێخ کوڕی حاجی سەیید عەبدولکەریمی زەنبیلە و لە ڕووی ناسنامەیەکی کە کۆپییەکەی ماوە، لە ساڵی ١٨٨٣ی زایینی (١٢٦٢ی هەتاوی) لە گوندی جەمیان لە دایک بووە، کە ئەو گوندە سەر بە گەورەدێی تورجانە و لە نێوان شارەکانی بۆکان و سەقز و نزیک بە گوندەکانی گەردیگلان و زەنبیل هەڵکەوتووە.

«ناوی سەرەکیی خۆی، سەیید عەبدولڕەحمان بووە کە وا دیارە حاجی سەیید عەبدولکەریم ئەوی بە ناوی شێخ عەبدولڕەحمانی باوکی خۆیەوە کردووە. بەڵام زانا و خواناسی ناوداری تەریقەی نەقشبەندی، واتە شێخ عەلی حیسامەددین کە خاڵی سەیید عەبدولڕەحمان بووە، هەر بە مناڵی بابەشێخی پێ وتووە و هەر بۆیە لە بەر ڕێزی شێخی حیسامەددین لەو دەمەوە بەو ناوە ناسراوە و تەنانەت ناسنامەکەشی هەر بەو ناوە نووسراوە.»[١]

حاجی بابەشێخ دەورەی منداڵی لە گوندی جەمیان تێپەر کردووە. بەڵام بۆ خوێندنی سەرەتایی، واتە قورئان و سەرف و نەحوی عەرەبی و زمانی فارسی، چۆتە گوندی زەنبیل و لەوێ لە خانەقا و حوجرەی ئەو گوندەکە حاجی سەیید عەبدولکەریمی باوکی بناغەدانەری بووە، خوێندوویە و یەکەمین مامۆستاشی، حاجی مەلا ئەبووبەکری شیلانئاوی بووە و تا ماوەیەک لە لای ئەو درێژەی بە خوێندنی سەرەتایی داوە و دوایە بۆ درێژەدان بە خوێندن

١. چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ سەیید مستەفا سەیادەت، سەرچاوەی پێشوو.

چۆتە گوندی تورجان و لەوێ لە خوێندنگای تورجان لە لای مەلا حەمەحەسەنی ناسراو و بە ئیبنولقزڵجی بەشێک لە زانستە دینییەکان و ئەدەبیاتی عەرەبی دەخوێنێ. بە دوای ئەوەی کە مامۆستاکەی بە داخوازی سەردار حەمەحوسەین خانی موکری دەچێ بۆ بۆکان و دەبێتە ئیمام جومعە و مودەڕیسی مەدرەسەی سەردار لە بۆکان، وا دیارە ئەودەم حاجی بابەشێخ بۆ درێژەدان بە خوێندن چۆتە گوندی سەردارئاباد کە لە ناوچەی نێوان بۆکان و سابڵاغ هەڵکەوتووە و لەوێ لە لای مەلا ساڵحی سەردارئابادی دەرسی مەنتیق و ئاداب و بەلاغە دەخوێنێ، بەڵام بۆ خوێندنی ڕیازی و ئەستێرەناسی و فیقهـ و ئوسوول دێتەوە بۆ زەنبیل و لەوێ لە لای مەلا عەبدوڵڵای وەڵزی درێژە بە خوێندن دەدات. بەڵام دوای ماوەیەک خوێندن لەوێ، بە هۆی قەرەباڵغی و نەبوونی شوێنی ئارام دێتە سەر ئەوەی کە زەنبیل بەجێ بێڵێ. جا هەر بۆیە هەر شەوێ و بێ پێخۆشبوون و ئاگاداری باوکی واتە حاجی سەیید عەبدولکەریم، بەرەو تەوێڵە لە کوردستانی عێراق ڕێ دەکەوێ. هەڵبەت لەو بابەتەوە تەوس و ڕەخنەی مامۆستا مەلا ئەحمەدی لاسوور کاریگەری لە سەر ئەم کۆچەی حاجی بابەشێخ داناوە کە لە مەجلیسی خانەقای زەنبیل وتوویە زۆر سەیرە ئەو کوڕانەی شێخ بێ ئەوەی زانست و خوێندنێکی ئەوتۆیان بێ، وەلای سەرەوەی مامۆستاکان دەکەون. ئەمە بۆتە هۆی ئەوە کە حاجی بابەشێخی لاو بڕیار بدا تا نەبێتە مامۆستایەکی زاڵ بە سەر هەموو زانستەکاندا، نەگەڕێتەوە و تەنانەت وتووشیەتی ئەگەر مەرگی ئەحمەدی کوڕیشم بێتە پێش، ئاگادارم مەکەن؛ چونکو تا خوێندن تەواو نەکەم ناگەڕێمەوە. بە داخەوە چەرخی چەپگەرد وای کرد لەو ماوەیەدا ئەحمەد نەخۆش کەوت و گیانی لە دەست دا. حاجی بابەشێخ کاتێک دەگەڕێتەوە، بەم کارەساتە دەزانێ.

حاجی بابەشیخ بە گەیشتنی بۆ تەوێڵە لە لایەن شێخی حیسامەددین کە خاڵۆی بووە، بە باشی وەردەگیرێ و ئەویش دەینێرێتە لای ئەسعەد ئەفەندی مودەڕیسی فێرگەی خانەقای ئەوێ. ماوەیەکی کەم وا دیارە لە لای ئەسعەد ئەفەندی دەخوێنێ، چونکو ئەو کاتەی کە لە تەوێڵە دەبێ هەست بە گەورەیی و زانستی زۆری مامۆستای پایەبەرزی بیارە واتە مەلا عەبدولقادری کانیکەوەیی دەکا، هەر بۆیە بڕیار دێنێتە سەر ئەوەی بچێتە خزمەت مامۆستای بیارە و بۆ ئەو بڕیارەی، پرس بە خاڵۆی دەکا؛ ئەویش پەسەندی دەکا و خۆشی

لەگەڵی دەچێ و بەرەو بیارە ڕێ دەکەون. کە لە بیارە لە لایەن شێخ نەجمەددینی کوڕی شێخ عومەری زیائەددین پێشوازییەکی گەرمیان لێ دەکرێ و بۆ وێنە شێخ نەجمەددین لەگەڵ جەماوەرێکی زۆر مورید و دەروێش تا دەرەوەی بیارە بە پێشوازیانەوە دێت.

حاجی بابەشێخ بۆ ماوەی نزیک دوو ساڵ لەوێ دەرسی فیقهـ و حیکمەت و کەلام و تەفسیر دەخوێنێ، تا لە ئاکامدا ئەم قۆناغە لە خوێندن تێپەڕ دەکا و هەر لەوێ لە خزمەت مامۆستا مەلا عەبدولقادری کانیکەوەیی ئیجازەنامەی ئیفتا و تەدریس وەردەگرێ و دەگەڕێتەوە بۆ تەوێڵە و لەوێش لە خزمەت شێخی حیسامەددیندا بە ئەمر و بەرنامەی ئەو، ئادابی تەریقەی نەقشبەندی کە بریتی بوون لە زیکری قەلبی و سلووک و ڕیازەت و تەنانەت چلەکێشانیش، تێپەڕ دەکا و بەو جۆرە ئیجازەنامەی ئیرشاد و ڕێنمایی تەریقەی نەقشبەندیشی لە لایەن شێخی حیسامەددینەوە پێ دەدرێ، کە ئەو ئیجازەنامەیە بە پەسەندی شێخ نەجمەددینی بیارەش دەگا.

حاجی بابەشێخ لە ماوەی خوێندنیدا و دوای ئەوەش کە هەر دوو ئیجازەنامەی ئایینی و عیرفانی وەدەست دێنێ، چالاکی سیاسی دەست پێدەکا و لەگەڵ حیزبی «جەمعییەتی ئیتتیحادی ئیسلام» ئاشنا دەبێ و شاخەی کوردستانی ئەو حیزبە پێک دێنێ و خۆی بەرپرسایەتیی وەئەستۆ دەگرێ کە لە بەشەکانی کەی ئەم کتێبەدا بە وردی باسی دەکەین.

هەر لەو سەرودەمەدا داخڵی حیزبی «ئیتتیحاد و تەرەققی»ی عوسمانییەکانیش بووە و بەو جۆرە هەڵسووڕانی سیاسی لە ژیانی حاجی بابەشێخدا جێی خۆی دەکاتەوە و زۆر زوو گۆڕانکارییە تازەکانی دونیای دەوروبەری خۆی دەبینێ و بەو جۆرە لایەنێکی دیکەی ئەو کەسایەتییە دادەڕێژرێ کە لەو بارەوە زیاتر دەدوێین.

## فەسڵی سێهەم:
## ژیانی ئاسایی حاجی بابەشێخ و بنەماڵەکەی

هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، حاجی بابەشێخ سەردەمی منداڵیی لە گوندی جەمیان تێپەڕ کردووە. وێدەچێ شێخزادە حەلیمەی دایکی (کچی شێخی بەهائەددین و نەوەی شێخی سیراجەددین)، لە کاتێکدا حاجی بابەشێخ تەمەنی چوار پێنج ساڵانە بووە، بۆ هەمیشە دنیای بەجێ هێشتووە. هەڵبەت شێخزادە حەلیمە جگە لە حاجی بابەشێخ، حاجی سەیید حوسێنیشی بووە کە لە حاجی بابەشێخ چکۆلەتر بووە. دوای دایکیان، ئەو دوو کوڕە لە ژێر چاوەدێریی ئامینە خاتوونی زڕدایکیان (دایکی حاجی سەیید سەلام)دا بوون.

حاجی بابەشێخ تا نزیک دە دوازدە ساڵی، لە جەمیان و زەنبیل بووە و دەرسی خوێندووە. تا ئەوەی بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێت بۆ تورجان و لەوێ دەکەوێتە ژێر چاوەدێری و ڕاهێنانی دڵسۆزانەی خوشکی گەورەی خۆی، سەیزادە مەهتاب کە هاوسەری مەلا حەمەحەسەنی ئیبنولقزڵجی بووە.

دوای چەند ساڵێکی دی، کە حاجی بابەشێخ دەکەوێتە سەردەمی لاوی، حاجی سەیید عەبدولکەریم بۆ درێژەدان بە خوێندن دەینێرێ بۆ گوندی سەردارئاباد[١] بۆ لای مەلا ساڵحی سەردارئابادی.

لەو سەردەمەدا کە لەوە دەچێ تەمەنی حەڤدە هەژدە ساڵانە بووبێ، حاجی سەیید عەبدولکەریم داوای کچی حاجی شێخولئیسلامی ئاجیکەندی بۆ دەکات و هەر ئەوکات

١. بە زاراوەی ناوچە بەو گوندە دەڵێن «سەدرابات».

بۆشی مارە دەکا. ئەو دوو ڕووداوە لە نامەیەکی حاجی سەیید عەبدولکەریمدا کە بۆ کەسێکی نووسیوە، ڕەنگی داوەتەوە؛ نامەکە بە فارسی نووسراوە. ئەوە بە شێک لە دەقی فارسیی نامەکە:

"به صلاح دین و دنیا چنانم مشهود افتاد فرزندانم باباشیخ و سلام را به تحصیل علم خدمت جناب مخدومی ملا صالح بدانجا [سردارآباد] حواله نمودیم و همسایگان اطراف را آگاهی دادیم که فرزندان در آنجا هستند هر کس جا داشته باشد البته وظیفه خود خواهد دانست به دلیل «اَلْجِنْسُ مَعَ الْجِنْسِ وَ إِلَی الْجِنْسِ یَمیلُ» دختر بزرگ شیخ الاسلام را به عقد فرزندی باباشیخ درآوردیم مصالح ها در آن دیده‌ام خدا توفیق دهد".

ئەوەش وەرگێڕاوی ئەو بەشە لە نامەکە بە زمانی کوردی:

«بە سودی دین و دنیای دەبینم کە منداڵانم واتە بابەشێخ و سەلام بۆ خوێندنی زانست بنێرمە خزمەت جەنابی گەورە و ڕێزدارم مەلا ساڵح، هەروەها دراوسێکانی ئەوێشم [سەردارئاباد] ئاگادار کرد کە ئەو منداڵانەم لەوێن. هەر کەس بۆ ڕاگرتنیان جێی هەبێ هەڵبەت بە وەزیفەی خۆی دەزانێ. بە هۆی ئەوەش کە «اَلْجِنْسُ مَعَ الْجِنْسِ وَ إِلَی الْجِنْسِ یَمیلُ»، کچی گەورەی شێخولئیسلامم بۆ هاوسەریی کوڕم بابەشێخ دەستنیشان و مارە کرد کە قازانجی زۆری تێدا دەبینم ئەگەر خوا یاریدەر بێ».

بەو جۆرە ڕوقیە خاتوونی کچی شێخولئیسلامی هیدایەتی، دەبێتە یەکەمین هاوسەری حاجی بابەشێخ. بەڵام ئاکامی ئەو ژیانە هاوبەشە چەند منداڵ بووە کە یەک بە دوای یەکدا بە نەخۆشی جۆراوجۆر گیانی خۆیان لە دەس داوە و بە داخەوە منداڵیان بۆ نەماوەتەوە. هەڵبەت لێرەدا ڕەنگبێ نەخۆشیی ڕوقیە خاتوون کە گۆیا «سیللی ئێسک» بووە، کاریگەری بووبێ. هەڵبەت ئەوە نەبۆتە هۆکاری جیابوونەوەیان و تا ئاخر کاتی ژیانی ڕوقیە خاتوون هەر پێکەوە ژیاون. بە پێی هێندێک بەراوەرد، ژیانی هاوبەشی حاجی بابەشێخ و ڕوقیە خاتوون دەوروبەری ساڵی ١٢٨٠ی هەتاوی (١٩٠١ی زایینی) دەستی پێکردووە و تا ساڵی ١٩٣٠ی زایینی (١٣٠٨ی هەتاوی) کە ڕوقیە خاتوون کۆچی دوایی کردووە هەر بەردەوام بووە. بەڵام کاتێک کە نزیک حەڤدە ساڵ لە ژیانی هاوبەشیان تێپەڕ بووە و پێنج یا شەش منداڵیان مردووە، بە دەستووری شێخ حیسامەددین، حاجی بابەشێخ هاوسەری دووهەمی بە

ناوی حومەیرا خانمی قازی کچی حاجی شێخ جەلالی قازی[1] بۆ دەستنیشان کراوە.

ئەو هاوسەرگیریەی دووهەمی حاجی بابەشێخ هاوکات بووە لەگەڵ ئەو سەردەمەی کە هەر دوو بنەماڵەی حاجی بابەشێخ و حومەیرا خانم لە بەر شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ تا ١٩١٨ی زایینی) پەنایان بردبووە هەورامان و لەوێ لە ماڵ و خانەقای شێخ حیسامەددینی خالۆیان بوون.

حاجی بابەشێخ و حومەیرا خانم لەوە دەچێ لە ساڵی ١٢٩٨ی هەتاوی (١٩١٩ی زایینی) ژیانی هاوبەشیان دەستی پێکردبێ و شەش منداڵیشیان بۆ ماوەتەوە کە بریتی بوون لە:

١. سەیید عەبدولعەزیزی سەیادەت، لەدایکبووی ١٣٠١ی هەتاوی
٢. سۆیبەخانمی سەیادەت، لەدایکبووی ١٣٠٣ی هەتاوی
٣. مەعسوومە خانمی سەیادەت، لەدایکبووی ١٣٠٥ی هەتاوی
٤. سەیید عەبدولقادری سەیادەت، لەدایکبووی ١٣٠٨ی هەتاوی
٥. سەیید مستەفا سەیادەت، لەدایکبووی ١٣١٤ی هەتاوی
٦. سانیە خانمی سەیادەت، لەدایکبووی ١٣١٥ی هەتاوی

کە لە کاتی نووسینی ئەم کتێبە کە ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی (٢٠١٥ی زایینی)یە، سێ کەس لەو ئەولادانەی حاجی بابەشێخ لە ژیاندا ماون:

١. سۆیبە خانمی سەیادەت لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدایە
٢. سەیید مستەفا سەیادەت لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدایە
٣. سانیە خانمی سەیادەت لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدایە.

حاجی بابەشێخ چوار برا و سێ خوشکی بووە کە بە تەرتیب بریتی بوون لە:

١. سەیید عەبدولحەکیم (شاحەکیم)
٢. سەیزادە مەهتاب (سەیزادەی بۆکان)
٣. سەیزادە ئافتاب

---

١. حاجی شێخ جەلالی قازی یەکێک بووە لە خەلیفەکانی شێخی سیراجەددین و هاوسەری شێخزادە خورشید کچی شێخی بەهائەددین. هەروەها مامی قازی عەلی، باوکی پێشەوا قازی محەممەدیش بووە؛ هەڵبەت حومەیرا خانمی قازی لەگەڵ حاجی بابەشێخ دایکیان خوشک بووە، واتە پوورزا بوون.

٤. سەیزادە خاسان

٥. حاجی سەیید حوسێن

٦. حاجی سەیید سەلام

٧. حاجی سەیید محەممەدئەمین.

حاجی بابەشێخ تە نیا لە شاحەکیم و سەیزادەی بۆکان چکۆلەتر بووە؛ لە نێو خوشک و براکانیدا تەنیا لەگەڵ حاجی سەیید حوسێن دایکیان یەک بووە.

لە براکانی حاجی بابەشێخ، شاحەکیم کەسایەتییەکی ئایینی و عیرفانیی بەرزی بووە. دوای حاجی سەیید عەبدولکەریمی باوکیان، بۆ ماوەی نزیک بیست ساڵ جێنشینی تەریقەتی حاجی سەیید عەبدولکەریم و مورشیدی تەریقەی نەقشبەندی لە زەنبیل بووە و هەر لە زەنبیلیش نیشتەجێ بووە. لە لایەن شێخی حیسامەددینەوە ئیجازەی ئیرشادی ئەو تەریقەیەی پێ دراوە. بۆ پلە و پایەی خواناسیی ئەو، ئەوەندە بەس کە خودی شێخی حیسامەددین، شێخ موعتەسەمی کوڕی خۆی بۆ ڕاهێنان و تێپەڕکردنی ئادابی تەریقەت ناردۆتە لای شاحەکیم.

شاحەکیم کەسایەتییەکی مەند و ئارام و لەسەرەخۆ بووە. حاجی بابەشێخ بۆ زۆربەی کاروباری گرینگی خۆی پرس و ڕاوێژی پێ کردووە. شاحەکیم وێڕای ئەوەی کە زانای ئایینی و خواناس بووە، ئەدیب و ئەدەبپەروەریش بووە. جاروبار شێعریشی کوتووە. ئەم شێعرە کە هەر ئەو بەندەی ماوەتەوە و پێنجخشتەکییە لە سەر بەیتێکی سائیبی تەورێزی[١]:

حرف مهر از لب دلدار نیاید بیرون
برق فکر از دل هوشیار نیاید بیرون
جان پاک از تن ابرار نیـاید بیـرون
«از صدف گوهر شهوار نیاید بیرون
به صفایی که تو از خانه برون می‌آیی»

دوو کوڕی شاحەکیم بریتی بوون لە: ١. حاجی سەیید محەممەدی نوورانی ٢. سەیید کامیلی ئیمامی (مامۆستا ئاوات). جێدار و جێنشینی شاحەکیم لە بواری عیرفانییەوە حاجی

---

١. چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ سەیید مستەفا سەیادەت، سەرچاوەی پێشوو.

سەیید محەممەدی نوورانی بووە کە ئەویش زانا و خواناس و ئەدیب بووە، بە ڕێژەی زۆر مورید و مەنسووبی هەبووە کە ڕوویان کردۆتە زەنبیل.

سەیید کامیل ئیمامی یا مامۆستا ئاواتیش، لە شاعیرە گەورەکانی موکریان و کوردستان بووە کە لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا ڕێز و خۆشەویستیی تایبەتی هەبووە. هەستی کوردایەتی و ناسیۆنالیستی لە شێعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، لە کۆماری کوردستاندا چالاکی سیاسی بووە و دوای کۆمار بۆ ماوەیەک دەسگیر کراوە. لە لای حاجی بابەشێخی مامی، زۆر خۆشەویست بووە؛ هەر دوو کوڕانی شاحەکیم لای حاجی بابەشێخ دەرسیان خوێندووە.

«لە ساڵی ١٣١٣ی هەتاوی (١٩٣٤ی زایینی) کاتێک شاحەکیم کۆچی دوایی کرد، جەماوەرێکی زۆر لە زانایانی ئایینی و گەورەپیاوانی وڵات ڕوویان لە حاجی بابەشێخ نا بۆ ئەوەی ببێتە جێنشین و مورشیدی تەریقەتی و لە زەنبیل نیشتەجێ بێ. بەڵام هەرچەند زۆریشیان پێداگری کرد، حاجی بابەشێخ ئەو ئەرکەی وەئەستۆ نەگرت. بەڵکوو حاجی سەیید محەممەدی نوورانیی بۆ ئەو ئەرکە گرینگە دەستنیشان کرد»[١] و تا حاجی بابەشێخ لە ژیاندا ما، پشتگیری و پشتیوانیی خۆی هەر لێ هەڵنەگرت. پێوەندی ئەو مام و برازایە کە پێوەندی مامۆستا و قوتابیش بوو. لەوپەڕی ڕێز و حورمەتدا بووە، بۆ وێنە هەموو جێژنێک حاجی سەیید لە زەنبیلەوە چۆتە خزمەت حاجی بابەشێخ لە جەمیان یا لە تورجان، ئەویش وەک دابێکی هەمیشەیی بە پێشوازییەوە چووە. دواتریش حاجی سەیید محەممەد داهاتۆتەوە داوێنی عەباکەی حاجی بابەشێخی ماچ کردووە کە نیشاندەری ڕێز و حورمەت و خۆشەویستی لەو بنەماڵە گەورەیەدا بووە.

براکانی دیکەی حاجی بابەشێخ، پیاوانی ئایینی و خواناسی بوون کە لە گوندی گەردیگلان نیشتەجێ بوون و خاوەنی زەوی‌وزار و ملک بوون.

خوشکی گەورەی حاجی بابەشێخ بە ناوی سەیزادە مەهتاب تەمەنێکی درێژی نزیک نەوەد ساڵەی بووە. بەڵام دوو خوشکەکەی دی، هەردوو هەر لە هەڕەتی گەنجیدا کۆچی دواییان کردووە. سەیزادە مەهتاب کە بە سەیزادەی بۆکان ناوی دەرکردبوو، کەسایەتییەکی گەورە و جێی ڕێزی هەمەلایەنەی خەڵکی بۆکان و بەتایبەت لای بنەماڵەی سەردارەکانی

---

١. چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ سەیید مستەفا سەیادەت، سەرچاوەی پێشوو.

بۆکان و دواتریش بنەماڵەی حاجی ئێلخانی بووە. سەرەڕای ئەوەی کچی کەسایەتی وەک حاجی سەیید عەبدولکەریم بووە، بووکی زانای ئایینی کورد مەلا عەلی قزڵجیش بووە. سەرەڕای ئەوانە، خۆشی شارەزایی بە سەر قورئان و حەدیس و زمانی فارسیدا بووە و زۆر جار لەگەڵ حاجی بابەشێخی برای لە سەر شێعر و ئەدەبیاتی فارسی و کوردی وتوویژیان بووە. شێعری شاعیرانی فارسی وەک سەعدی و حافز و شاعیری کورد مەولەوی تاوەگۆزی زۆر لە بەر بووە.[١] سەیزادە مەهتاب، هاوسەری مەلا حەمەحەسەنی کوڕی مەلا عەلی قزڵجی بووە کە مەلا حەمەحەسەن بە مەلای گەورە ناوی دەرکردبوو[٢] و بە داواکاری سەردار حەمەحوسێن خان لە تورجانەوە هاتووە بۆ بۆکان و تا کۆتایی ژیانی، ئیمام جومعەی ئەو شارە بووە و هەروەها دەیان خوێندکار و مامۆستاش لای ئەو زانستی ئایینیان خوێندووە و لە ساڵی ١٣٢٧ بە تەمەنی کورتی ٥٣ ساڵی وەفاتی کردووە.

سەیزادە مەهتاب هەروەها دایکی دوو گەورە پیاوی بنەماڵەی قزڵجی بە ناوەکانی مەلا محەممەدسادقی قزڵجی ناسراو بە قازی کاکەحەمە و مەلا عەلی قزڵجی بووە کە لەوان مەلا عەلی دوای، باوکی ئیمام جومعەی شاری بۆکان بووە.[٣] سەیزادە مەهتاب لە سەر دارشتنی چوارچێوەی تەربیەتی حاجی بابەشێخ زۆری کاریگەری بووە چونکو سەردەمی منداڵی حاجی بابەشێخ لە ژێر دەست و ڕاهێنانی ئەودا بووە. لە ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی (١٩٥٦ی زایینی) لە بۆکان کۆچی دوایی کردووە. تەرمەکەی بردراوەتەوە زەنبیل و لەوێ لە لای باوکی (حاجی سەیید عەبدولکەریم) بە خاک ئەسپێردراوە.

خوشکی دووهەمی حاجی بابەشێخ، کە لە دایکی خۆی نەبووە، هاوسەری شێخ حیسامەددین بووە و ناوی سەیزادە ئافتاب بووە کە لە تەمەنی گەنجیدا و پێش ئەوەی منداڵی ببێ، کۆچی دوایی کردووە.

خوشکی سێهەمی حاجی بابەشێخ، سەیزادە خاسان هاوسەری یەکێک لە شێخەکانی

---

١. چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ سەیید مستەفا سەیادەت، سەرچاوەی پێشوو.

٢. مەلا حەسەنی جەوهەری دەفەرمێ:

کە یەک دوو دەرس و بەحـــس و مەســـئەلەت خوێنـــدن
لە لات وا بـــــوو مەلای بۆکـــــان و تورجـــــانی

٣. قازی کاکە حەمە لایەنگری کۆماری کرد و لە سەری قاچاغ بوو، پاشان هاتەوە؛ تا وەفاتی کرد ئیمامجومعەی بۆکان بوو.

برای شێخ حیسامەددین بووە بە ناوی کاکەشێخ کە جوانەمەرگ بووە و سەیزادەی خێزانی هە تا ئاخری تەمەنی شوو ناکاتەوە و هەر لە تەوێڵە دەمێنێتەوە و پاشەواری لە پاش بەجێ نامێنێ و هەر لەوێش دەنێژرێ.

حاجی بابەشێخ لە ساڵی ١٣١٧ی هەتاوی (١٩٣٨ی زایینی)، گوندی تورجانی لە حاجی بایزاغای موهتەدی (ئێلخانیزادە) کڕی و بە یەکجاری لە جەمیانەوە کۆچی کردووە بۆ تورجان.

چوونی حاجی بابەشێخ بۆ تورجان، بوو بە هۆی ئەوە کە ئەو فێرگە گەورە زانستییە بۆ جارێکی دیکەش پەرە بگرێتەوە، هەڵبەت زەمانی حاجی بایزئاغاش هەر ڕەونەقی بووە و مەلا عەبدوڵڵای وەڵزی لەوێ مەلایەتی کردووە. چونکو حاجی بابەشێخ سەرەڕای ئەوە کە خاوەنی گوندەکە و دەسەڵاتداری ناوچەکە بوو، زانای ئایینیش بوو. هەر بۆیەش گرینگییەکی تایبەتی بە پەرەپێدانەوەی دووبارەی ئەو خوێندنگایە دا. یەکەم کاری حاجی بابەشێخ ئەوە بووە کە لە زانایانی شارەزا و پسپۆڕ لە زانستە ئایینیەکان بۆ دەرس کوتنەوە و پێش‌نوێژی لەو خوێندنگایەدا کەڵکی وەرگرتووە، زانایانێک وەک مەلا عەبدولحەمیدی عەبقەری و مەلا سەیید عەزیزی کوڕی شێخ حەمەساڵحی ئامۆزای خۆی. مەلا عەبدوڵڵا محەممەدی[1]، مەلا حەسەنی ئەدیب و مەلا سەدیقی عەلایی لەو زانایانە بوون کە لە سەردەمی ژیانی حاجی بابەشێخدا مودەڕڕیس[2] و ئیمام جومعەی خوێندنگا و مزگەوتی تورجان بوون و هەریەک بە میزانی زۆر یا کەم خوێندکار و زانای ئایینییان پەروەردە کردووە.

سەرەڕای ئەو زانایانە، حاجی بابەشێخ خۆشی دەرسی کوتۆتەوە و دواتریش کوڕی گەورەی حاجی بابەشێخ، بە ناوی سەیید عەبدولعەزیزی سەیادەت، مودەڕڕیس و زانایەکی ئایینی بووە و تا لە ژیاندا بوو، لەو قوتابخانە گەورەیەدا دەرسی کوتۆتەوە.

سەرپەرەستی و پشتیوانیی ماڵی و مەعنەویی حاجی بابەشێخ، بوو بە هۆی پەرەگرتنی دووبارەی ئەو خوێندنگایە؛ بۆ وێنە حاجی بابەشێخ لە کۆکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی ئەو گوندانەی کە مەوقووفەی مزگەوتی تورجان بوون، زۆر پێداگر بووە. سەرەڕای ئەوەش لە

---

١. ئیمام جومعەی پێشووی سەقز.

٢. ئیمام جومعەی پێشووی سەقز.

بەرهەمی ساڵیانەی خۆشی، بۆ دابین‌کردنی پێداویستییەکانی ئەو جەماوەرە زۆرە لە فەقێ و مەلا، بۆی تەرخان کردوون.

لە سەر ئەرکی حاجی بابەشێخ بە ژومارەی زۆر، کورسیی قورئان بە دەستی حاجی وەستا حەمەموراد، دارتاشی تورجانی، دروست کراوە. هۆکارەکەشی ئەوە بووە بە ڕا و بۆچوونی حاجی بابەشێخ فێرکاریی ئادابی دین و زانستە ئایینییەکان لە تەمەنی کەمدا زۆر باشتر جێگیر دەبێ و کاریگەریی زیاترە؛ هەروەها پێداگری لە سەر فێرکاری بۆ ژنانیش بووە و ئەوەش لە دارولعیلمی تورجان بەڕێوە چووە. هەر لە ڕووی ئەو بیر و بڕوایەوە حاجی بابەشێخ ئادابی دینی ئیسلام و ئەرکانی ئیمانی بە زمانی کوردی بە شێعر بۆ منداڵان هۆندۆتەوە و منداڵان وەک دەرس خوێندوویانە. بۆ نموونە ئەو چەند بەیتە لەو عەقیدە کوردییەیە کە حاجی بابەشێخ هۆندوویەتەوە بۆ منداڵان:

ڕوکنی ئیسلامی پێنجن بێ‌گومان
یەکەمیان وتنی شەهادە و ئیمان
نوێژ و ڕۆژووە و زەکات، سەرفیترە
پێنجەمین حەجە، ئەو لەگەڵ عەمرە
بە کورتی وتم لە بەر منداڵان
منداڵەکانی مەدرەسەی تورجان
تۆفیقتان بدا خودای لامەکان
دۆعای خێر بکەن بۆ عەبدولڕەحمان

ئەو هەڵوێستە بە بڕوای من نیشاندەری وردبینی و دڵسۆزی و ڕۆشنبیریی حاجی بابەشێخی خاوەن بیر و بڕوای پتەو بووە کە بۆ فێرکاری و خوێندنی ژنان و منداڵان، چەندی بایەخ داناوە و پێداگری کردووە. ڕەنگبێ ئەو بۆچوونە لەو کاتەدا لە کەم کەسدا بیندرابێ.

حاجی بابەشێخ لە باری ماڵییەوە هیچ کات زۆر ساماندار و دەس‌ڕۆیو نەبووە و بۆ دابین‌کردنی ئەو هەموو خەرج و موخاریجەی کە لە سەر شانی بووە، تەنیا بە داهات و بەرەجووتی ساڵیانەی زەوی‌وزاری گوندەکانی جەمیان و تورجان و هەروەها جارجار توجارەت و مامەڵەی تووتن پشت‌ئەستوور بووە.

یەکێک لەو هۆکارانەی کە حاجی بابەشێخ لە باریماڵییەوە زۆر دەوڵەمەند نەبووە، ئەوە بووە مڵکەکانی ـ کە یەکیان گوندی جەمیان بوو ـ خاوەن زەوییەکی بەپیت و ڕێژەو نەبوو، تورجانیش چوار دانگی هی حاجی بابەشێخ بوو کە بە پێی دابی ئەو سەردەم بەشێکی بە دەست خەڵکەوە بوو کە لە سەتا بیستی بۆ ئەو دەهاتەوە.

هۆکاری دووهەم ئەوە بوو کە نرخی داهات و بەرهەمی کشتوکاڵ لە خوارێ بوو، لە بنەڕەتدا کشتوکاڵ برەوی چاکی نەبوو. تەنیا بەرهەمێک کە لە لایەن دەوڵەتەوە نرخی بۆ دیاری کرابوو، تووتن بوو؛ هەر بۆیەش ساڵی ١٣٢٩ی هەتاوی (١٩٥٠ی زایینی) کە تووتنی تورجان بە نرخێکی کەمتر لە ناوچەکانی تر دەکڕن، حاجی بابەشێخ ناڕازی دەبێ و ناڕەزایەتییەکەی بە ناردنی تێلێگراف بۆ محەممەدڕەزا شای پەهلەوی دەردەبڕێ. وەڵامی نامەکەی لە ڕێکەوتی ١٣٢٩/٢/١٢ی هەتاوی (١٩٥٠/٥/٢ی زایینی) لە لایەن وەزارەتی داراییەوە بۆ هاتۆتەوە و لێرەدا چاپ کراوە.

حاجی بابەشێخ بێجگە لە تووتنی بەرهەمی تورجان، ناردوویە لە ناوچەی میرەدێی سەقز و شوێنی تر تووتنی کڕیوەتەوە و پاشان لە لای میاندواو فرۆشتوویەتەوە. بەو جۆرە سەرەڕای کشتوکاڵ، مامەڵە و توجارەتیشی کردووە.

سێهەم هۆکار ئەوە بووە کە بەشێک لە داهاتی بۆ دابین‌کردنی پێداویستییەکانی فەقێ و مەلای خوێندنگای تورجان تەرخان کردووە، هەروەها بەردەوام لە وڵاتی دوور و نزیکەوە و لە هەموو چین و توێژێک ڕوویان کردۆتە حاجی بابەشێخ و هاتوونەتە جەمیان و دواتریش تورجان، کە ئەو هەموو میوانداریيەش هەزینە و خەرجی تایبەتی ویستووە کە بەشێکی داهات بۆ ئەوە تەرخان کراوە. لە خەڵکی لێقەوماوی دەرکراوی گوندی نزیک و دوورەوە بۆ شکایەت لە ئاغاکەی، هەر هاتوون، تا پیاوماقووڵ و سەرۆک هۆز و زانایانی ئایینی؛ سەرەڕای ئەوانەش لە دەستەڵاتدارانی حکوومەتیش کە بۆ چارەسەریی کێشە و گیروگرفتەکان سەردانی ناوچەکەیان کردووە، میوانی حاجی بابەشێخ بوون.

هۆکاری چوارەم بۆ ئەوەی کە حاجی بابەشێخ زۆر دەس‌ڕۆیو نەبوو، ئەوەیە کە هیچ شتێکی نە لە کەس وەرگرتووە و نە لە کەس داوا کردووە و لەوەشدا زۆر پێداگر بووە؛ لە پیاوی سادەی دەست‌کورتی لادێیی کە بۆ سەرقەڵەمانەی دۆعاییێک مەڕێکی هێنابێ، تا

ڕەزاشای پەهلەوی کە قەباڵەی گوندی تەقی‌ئابادی مياندواوی بۆ ناردووە، لە هیچ کامیانی وەرنەگرتووە؛ لە ڕاستیدا نموونەی سەرکەوتووی ئەو مرۆڤانە بوو کە ماڵی دنیا و ماڵپەرەستی نەیانتوانیوە پێگە و جێگەی کەسایەتیی ئەو لە کۆمەڵگادا بهێننە خوارێ. هەر ئەوەش سەنگ و وەزنی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەوی لە لای جەماوەری خەڵک و دەوڵەت، ئەوەندەی دیش بردبووە سەرێ.

هۆکاری پێنجەم ئەوەیە کە حاجی بابەشێخ بە پێچەوانەی شێوازی ناڕەوا و جێ‌کەوتووی ئەو سەردەم کە خاوەن گوندەکان بێگارییان بە خەڵک دەکرد، هیچ کات بەبێ کرێ، کاری بە کەس نەکردووە و ئەوەش لە بیرەوەرییەکانی ئەو کەسانەیە کە ئێستا ماون و ئەو سەردەمەیان لە بیرە.

سەرەڕای ئەو هۆکارانە، با ئەوەشی لێ زیاد کەین کە حاجی بابەشێخ زۆربەی کات و ساتی، بە هەڵسووڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ... تێپەڕ بووە و بۆ سەپەرشتیی کاروباری ئاسایی خۆی بەڕاستی کاتێکی ئەوتۆی بۆ نەماوەتەوە.

## کێشەی موزەفەرولسولْتانی قەرەگوێز

یەکێک لەو کێشانەی کە لە ژیانی ئاسایی حاجی بابەشێخ و بنەماڵەی زەنبیل کاریگەریی بووە و شوێنی داناوە، کێشە لەگەڵ عیزەتوڵلاخانی ئەمیر تووماn ناسراو بە موزەفەرولسولْتان بووە.

موزەفەرولسولْتان خاوەنی گوندی قەرەگوێز بووە کە قەرەگوێز لە گوندەکانی گەردیگلان و زەنبیل و جەمیان کە گوندی بنەماڵەی حاجی سەیید عەبدولکەریمی زەنبیل بوون، نزیکە.

لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا وڵاتی ئێمەش بە داخەوە پێشێلی هێزە داگیرکەرەکانی ڕووس و عوسمانی بوو. هەربۆیە بنەماڵەی کوڕانی حاجی سەیید عەبدولکەریمی زەنبیلیش کە ماوەیەکی کەم لە کۆچی دوایی باوکیان تێپەڕ ببوو، وەک دەیان بنەماڵەی دیکەی وڵات ناچار بە بەجێهێشتنی ماڵوحاڵ و وڵاتی خۆیان بوون.

هەر لەو کاتەدا موزەفەرولسولْتانی قەرەگوێز بە کەڵکوەرگرتن لەو دەرفەتە، بە پشتیوانی هێزەکانی ڕووس هەڵیکوتابووە سەر گوندەکانی ئەو بنەماڵەیە و بۆ ماوەی نزیک سێ ساڵ، سەرەڕای ئەوەی کە هەموو بەرهەم و دەغڵودانی چەند ساڵەی ئەو گوندانەی لە چاڵ و ئەنبار هێنابووە دەرێ و ڕایگوێستبوو، تەواوی مەڕ و ماڵات و کەلوپەلی ماڵ و بەرهەمی سێ ساڵ کشتوکاڵی کە لە زەویوزاری ئەو گوندانەی وەدەست هێنابوو دەستی بە سەردا گرت و داگیری کرد.

ئەوە کورتەیەک بوو لە ڕووداوەکە. بەڵام بۆ ئەوەی بە وردی هەموو بابەتی ڕووداوەکە تاووتوێ کرێ، پێویستی بە زانیاریی زیاتر و لەویش گرینگتر بەڵگە هەیە.

هەڵبەت لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە پێناسەیەکی کورت لە موزەرفەرولسولْتان بدەمە دەست.

عیزەتوڵلاخانی ئەمیرتوومان ناسراو بە موزەفەرولسولْتان، کوڕی موزەفەرولدەولە بووە و موزەفەرولدەولەش کوڕی فەڕوخ خانی برای عەزیز خانی سەرداری کول بووە. عەزیزخان سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئێران لە دەورەی ناسرەددین شای قاجاردا بووە؛ کورد بووە و لەدایکبووی گوندی نستانی لای سەردەشت. دواتر لە ناوچەی موکریان مڵکی

بۆکانی کڕیوە. عیزەتوڵلاخانی موزەفەرولسوڵتان لەگەڵ ئەوەی کە باوکی، برازای عەزیز خان بووە و هاوسەرەکەی بە ناوی سەکینە سوڵتان خانم کچی عەزیز خان بووە. وێدەچێ دەستڕۆیشتوو و خاوەن ملْک بووە و قەرەگوێز بەشێکی ملْکی ئەو خاتوونە بووە.

بە پێی ئەوەی کە لە بەڵگەکاندا دەردەکەوێ ئەو دەسدرێژییەی موزەفەرولسوڵتان بۆ سەر ماڵ و ملْکی حاجی بابەشێخ و براکانی، لە کۆتایی ساڵی ١٣٣٣ی مانگی (١٩١٥ی زایینی) یا دەستپێکی ساڵی ١٣٣٤ی مانگی (١٩١٥ی زایینی)دا بووە. چونکو ڕێکەوتی بەڵگەکان ساڵەکانی ١٣٣٦ و ٣٧ و ٣٨ نیشان دەدەن[١] و شەڕی یەکەم لەم وڵاتەشدا دەزانین لە ساڵەکانی ١٣٣٣ (١٩١٥) و ١٣٣٤ (١٩١٥ و ١٩١٦)دا بووە؛ جا هەر بۆیە ئەو کاتەی ڕووسەکان لە زستانی ١٣٣٣ی مانگیدا هێزەکانی عوسمانییان لەم وڵاتە پاشگەز پێ دا و حاجی بابەشێخ کە سەرکردەی بەشێک لە هێزەکانی عوسمانی و موجاهدینی نێوخۆ بوو، بە ناچار بنەماڵەی خۆی و براکانی لەم وڵاتە ڕاگوێست و بەرەو عێراق ڕاییەڕاندن. وێدەچێ ئەو کۆچە کوتوپڕ و لەناکاو بووبێ و تەنیا توانیبێتیان ماڵ و منداڵیان ڕاگوێزن.

دوو ساڵ دوای ئەو ڕووداوانە، بە هۆی شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ی زایینی (١٣٣٦ی مانگی) لە ڕووسیە، تێزارەکان لە دەسەڵات وەلانران و بۆلشیویکەکان بە ڕێبەریی لێنین هاتنە سەر کار و شۆڕەوییان پێکهێنا. لە هەموو بەرەکانی شەڕ، دەستووری پاشەکشەی سوپای ڕووس درا و بەو هۆیە سوپای ڕووس ئەم وڵاتەشیان بەجێ هێشت و ئەو خەڵکانەی کە لە خانەولانەی خۆیان پەڕەوازە و دەربەدەر ببوون، وردە وردە گەڕانەوە، بنەماڵەی حاجی بابەشێخیش یەک لەوان بوون.

کاتی گەڕانەوەیان هەواڵیان پێ دەگا کە هیچ شتێکیان بۆ نەماوەتەوە و هەمووی بە تاڵان ڕۆیوە. گۆیا لەو کاتەدا سەیید عەبدولحەکیم (شاحەکیم) برا گەورەی حاجی بابەشێخ کە ئەوە دەبیستێ دەنێرێ بۆ لای موزەفەرولسوڵتان لە قەرەگوێز کە پیاوەتی بکا لەو گایانەی خۆم کە بردوویە جووتێکم گا بۆ بنێرێتەوە تا جووت و گایەکەی پێ وەڕێ خەمەوە. ئەویش هەر بە پیاوەکانی شاحەکیمدا دوو چەرمی گای بۆ دەنێرێ و دەڵێ عەرزی جەنابی سەیید بکەن گایەکان خوراون و ئەوەش چەرمەکەیان!!

---

١. لە ڕاستیدا بەڵگەکان دوای تەواو بوونی شەڕی یەکەم نووسراون.

شاحەکیمیش بە براکانی ڕادەگەیەنێ: بە گەیشتنەوەم بۆ زەنبیل دەچمە سەر مەرقەدی باوکم و لە خودای گەورە دەپاڕێمەوە تۆڵەی ئێمە لە موزەفەرولسولتان بکاتەوە.

بەڵام حاجی بابەشێخ هەر لەوێ لە خزمەت شاحەکیم و براکانی دیکەیدا سوێند دەخوا کە تا هەمووی ئەو زیان و زەرەرانەی کە موزەفەرولسولتان لێی داوین پێی قەرەبوو نەکەمەوە، ناچمە سەر مەرقەدی باوکم لە زەنبیل، (حاجی بابەشێخ لە جەمیان نیشتەجێ دەبوو).[١]

موزەفەرولسولتان بە هۆی ئەوە کە لەگەڵ لایەنی ڕووس بوو لە شەڕی یەکەمدا و لەو سەردەمەشدا دروستە کە ڕووسەکان لە وڵاتدا نەمابوون، بەڵام خۆ عوسمانییەکانیش نەگەڕابوونەوە وڵات تا لێیان بترسێ و حکوومەتی تارانیش لەوپەڕی بێدەسەڵاتیدا بوو و خۆشی ئامۆزای سەردارەکانی بۆکان بوو، کە دەسەڵاتداری ناوچەکە بوون؛ لە لایەکی دیکەشەوە بنەماڵەی شێخانی زەنبیل، بنەماڵەی عەشیرەت و خاوەن تایفەی زۆر لە ناوچەکەدا نەبوون؛ کە وا بوو، ترسێکی ئەوتۆی لێیان نەبوو و هەربۆیەش بە غەڕڕەیی و کەمبایەخی لەگەڵیان جووڵاوەتەوە (ئەوەی کە لە بەڵگەکاندا دەردەکەوێ)؛ تەنیا بەرگی بەرەندەی بنەماڵەی شێخانی زەنبیل، حاجی بابەشێخ بوو.

حاجی بابەشێخی تەمەن سی و شەش ساڵە کە پلە و ئەزموونی سیاسی و چەکداری زۆری پشت سەر نابوو و زۆریەک لە موجاهیدانی ژێر دەستی خۆی وەک حەسەن عەسکەر و سەیید حەمەساڵەی سابڵاغ و عەزیز عەسکەر و ... وێڕای ئەو گەڕابوونەوە وڵات و چەکیان بە دەست بوو، ئاوا بە ئاسانی لە بەرابەر ئەو هەموو تاڵان و دەستدرێژییەی موزەفەرولسولتان بۆ سەر مڵک و ماڵ و زێد و خاک و ئاویدا بێدەنگ دادەنیشێ؟

جا هەربۆیە حاجی بابەشێخ دەست بە کار دەبێ. بەڵام هیچ کارێکی بێیاسایی و بێشەرعی و بێحورمەتی لەگەڵ موزەفەرولسولتان ناکا.

یەکەم کاری حاجی بابەشێخ ئەوە بووە کە داد و سکاڵای خۆی بۆ دادگای فەرمی حکوومەتی کە لە سابڵاغ بوو، دەبا؛ هەر بۆیەش بۆ ئەوەی میزانی زیان و خەسارێکی کە کەوتووە، ڕوون کاتەوە و بە دادگای بسەلمێنێ، چەندین بڕوانامە و ئیستشهادنامەی بە مۆر و

---

١. بیرەوەرییەکانی سەیید مستەفا سەیادەت بە نەقڵ لە حاجی بابەشێخی باوکیەوە.

ئیمزای خەڵکی وڵات و ناوچەکە دەگەیێنێ کە وێدەچێ ئەوە ویستی دادگا بووبێ و بە عینوانی بەڵگەیەک بۆ داواکارییەکەی حاجی بابەشێخ.

**بەڵگەی یەکەم:**

«ما داعیان و آقایان که اهل ولایت هستیم و این ورقه را مهر کرده‌ایم علم و اطلاع کامل داریم بر اینکه جناب مظفر السلطان حاصل سه ساله‌ی قُرای زنبیل و جمیان و گردگلان را از جو و گندم و تماکو تماماً که در آن دهات در انبار و چاه بوده، جمع و خورده است. لازم بود محض حقانیت اطلاع خود، آن را بنویسیم. تحریر شد»
فی شهر محرم‌الحرام سنه ١٣٣٦

وەرگێڕاوی بەڵگەکە:

«ئێمە داعیان و ئاغایان کە خەڵکی ناوچەکەین و ئەم وەرەقەیەمان مۆر کردووە، زانیاری و شارەزایی تەواومان هەیە کە جەنابی موزەفەرولسوڵتان بەرهەمی سێ ساڵەی گوندەکانی زەنبیل و جەمیان و گەردیگلان لە جۆ و گەنم و تووتن کە بە تەواوی لە هەنبار و چاڵی ئەو گوندانە خرابوون کۆ کردۆتەوە و بردوویە. بە پێویستمان زانی بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستیی ڕووداوەکە ئەم دەس‌نووسە بێنینە سەر کاغەز.»

ڕێکەوتی مانگی موحەڕەمولحەرامی ساڵی ١٣٣٦ی کۆچی مانگی

ئەو کەسانەی بەڵگەکەیان مۆر کردووە زۆرن بەڵام لە نێویاندا ناوی چەند کەسێکیان کە زیاتر ناسراون بریتین لە: مەلا عەبدولڕەحیم حەفید قزڵجی، مەلا عەلی حەفید قزڵجی نەوەی مەلا عەلی گەورە، ئەحمەد خانی کوڕی گەنجاڵی بەگ، مەلا محەممەدموحسین حوسەینی مودەڕڕیسی علوومی دینی لە بۆکان، محەممەدئەمین بەگی کوڕی شێرخان بەگی موکری بابامیری تورجانی.

**بەڵگەی دووهەم:**

لە بەڵگەی ژمارە دوودا نووسراوە: بە دوای ئەوەدا کە لە خزمەت دادوەران و زانایان و شاهیدان و حکوومەتی سابڵاغدا ڕوون بۆوە کە لە سەردەمی دەسەڵاتی سوپای ڕووسدا عیزەتوڵلاخانی ئەمیرتوومان مەزندەی شەست و چوار هەزار تمەن لە دەغڵ و دانی ماڵی

حاجی بابەشێخ لە گوندەکانی جەمیان و گەردیگلان دەست بە سەردا گرتووە و ئێستاکەش لە حوکم و ئەمری قازی و حکوومەت سەرپێچی دەکا، هەربۆیە بە حوکمی حەزرەتی ڕێزدار ئاغای سەردار و بە مەئمووریيەتی عەبدوڵڵا بەگ و حاجی بابەشێخ بە مەبەستی وەرگرتنەوەی ماڵە لەدەسچووەکەی هاتە گوندی قەرەگوێز و ...

دریژەی نووسراوەی ئەم بەڵگەیەش هەروەک بەڵگەی ژمارە چوار بوو، بۆیە لە نووسینەکەی خۆم پاراست؛ بەڵام ئەوانەی مۆریان کردووە چەند کەسێکیان ناو دەبەین:

١. عەبدولعەزیزی حوسەینی کوڕی حاجی سەیید بایزی ساباڵاغ

٢. سەیید مەحموودی حوسەینی کوڕی خەلیفە سەیید عەبدولڕەحمان

٣. ئەحمەد کوڕی خەلیفە مەلا مەحموودی نۆباری

٤. حاجی سەیید ساڵحی حوسەینی کوڕی سەیید حوسەینی سەیید جامی.

**بەڵگەی سێهەم:**

ئەم بەڵگەیە لە ڕاستیدا تێلێگرافی میسباحودەولەیە لە ساباڵاغەوە کە یا قازی یا بەرپرسیاری پەروەندەکەیە بۆ سەرۆکی خۆی لە تەورێز.

موقامی گەورەی ئەیالەتی مەزن شکۆداریت بەردەوام بێت.

لە بابەت شکایەتی موزەفەرولسوڵتان لە جەنابی حاجی بابەشێخ، کە پێشتر لە مەجلیسی پایەبەرزی حکوومیدا بەڵگەکانیان تاووتوێ کرا و لێک دراویەوە و حەقانییەت بە جەنابی حاجی بابەشێخ درا و هەر وەک ئاگاداریشی حاجی بابەشێخ دەسنووسی بەڵگەکانیشی بۆ خزمەتی موبارەکتان ناردووە، هەمیسان بە پێی ئەمری تێلێگرافی ژمارە ١٢٧١١ی جەنابت مەئموور نێردرا و قەرەگوێز دەستی بە سەردا گیرا و خودی جەنابی حاجی بابەشێخمان هێنا بۆ شار و چەند ڕۆژە بە هەموو شێوەیەک لەگەڵی سەرگەرمی وتوویژم. ناوبراو هەرچەندێک کە پێویستە لە بەرێوەبردنی دەستووری جەنابت ئامادەیە بە لەبەرچاوگرتنی حورمەتی موزەفەرولسوڵتان لەگەڵی ڕابێ، بەڵام نازانم موزەفەرولسوڵتان بۆچی پێ‌مل نابێ بە هیچ شێوەیەک چاکسازی بکا.

بە هۆی ئەوە کە لەو کاتەدا کچێکی منداڵی حاجی بابەشێخ کۆچی دوایی کردووە، دوێکە بە ناچار گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی. هەرکات موزەفەرولسوڵتان بیهەوێ ئەزیەت بکا، نابێ بایەخێکی بۆ داندرێ. ئێستاش ئەمر بفەرموو بە هەمان شێوە کە وتوویژی لەگەڵ کراوە و بڕیاری لە سەر دراوە چاکسازی بکا، یا بە یاسای شەرع هەمیسان کێشەکە بداتەوە بەردەستی شەرع و دوای ئەوەی کە حوکم دەرکرا پێ‌مل بێ و ملکەچی نەکا. میسباحودەولە

## بەڵگەی چوارەم:

ئەم بەڵگەیە کە دەستنووسی بەرپرسی دادگای تەورێز و مەئمووری چارەسەری ئەو کێشەیە واتە حاجی فەخرول‌ئیاله و مۆر و ئیمزای ئەو و حاجی بابەشێخ و موزەفەرولسوڵتانی پێوەیە دەگەیەنێ کە کێشەکە بە ڕەزامەندیی هەر دوو لا کۆتایی پێ هاتووە و بەتایبەت حاجی بابەشێخ زۆری چاوپۆشی کردووە.

ئەمەش دەقی بەڵگەکە:

ئەم بەندەیەکە بە پێی‌حوکمی ژومارە ٧١ی ئەیالەتی مەزنی ئازەربایجان ـ شکۆداری بەردەوام بێت ـ مەئمووری چارەسەریی کێشەی نێوان جەنابی موستەتابی ئاغای حاجی بابەشێخ و جەنابی ئاغای موزەفەرولسوڵتان لە بابەتی داخوازی زەرەر و زیان و کێشە مڵکییەکانیانم لەم ڕێکەوتەدا تەواوی داخوازییەکانی هەر دوو لا لە یەکتر تەواو بووە و ڕەزامەندییان دەربڕیوە و حەزرەتی حاجی بابەشێخ ئەوپەڕی فەرمانبەریان [لە حوکمی دادگا] فەرمووە و لە هەر بابەتێکدا ئاخرین ئاستی چاکسازی و چاوپۆشیی لە کارەکاندا لە خۆی نیشان داوە.

مۆر: فەخرول‌ئیاله/ موزەفەرولسوڵتان/ حاجی بابەشێخ

ئەوەی کە لە دەقی بەڵگەکان و توێژینەوەی خەستی ئەوان دەردەکەوێ ئەوەیە کە حاجی بابەشێخ لە بری زیان و زەرەرەکانی کە لە لایەن موزەفەرولسوڵتانەوە پێی گەیشتووە، بە حوکمی دادگا دوو دانگی گوندی قەرەگوێزی دەدرێتێ و دواتر خۆشی دوو دانگی دیکەی قەرەگوێز لە موزەفەرولسوڵتان و سەکینە سوڵتان خانمی خێزانی دەکڕێتەوە. بەو جۆرە موزەفەرولسوڵتان تەنیا دوو دانگی لە قەرەگوێز بۆ دەمێنێتەوە کە ئەویش وەک لە لابەلای بەڵگەکان دەردەکەوێ، جەنابی شاحەکیم، برا گەورەی حاجی بابەشێخ و براکانی تر شکایەتیان لە موزەفەرولسوڵتان کردووە کە چونکو بەڵگەی ئەو بابەتە لە بەردەستدا نەبوو، بۆ چارەنووسی پاشماوەی قەرەگوێز زانیارییەکی ئەوتۆ نەهاتە دەست.

ئەوەی کە لە خوێندنەوەی بەڵگەکاندا بەرچاو دەکەوێ ئەوەیە کە ئەو دوو پیاوە لە حەینی ئەوەیدا کە کێشەیان بووە، لە نووسراوەکانیاندا لەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە ناوی یەکیان بردووە؛ هەرچەند بەتەما بووم لە تاووتوێی پاشماوەی بەڵگەکان بە هۆی زۆری چاوپۆشی بکەم بەڵام یەک دوو بەڵگەی دیکەش پێم‌وایە کە وەرگێڕان و تاووتوێ کردنیان پێویستە.

**بەڵگەی پێنجەم:**

١. ڕێکەوتی ئەم بەڵگەیە چوار پێنج ساڵ دوای تەواوبوونی کێشەکەیە. بابەتی بەڵگەکە ئەوە دەگەیەنێ کە حاجی بابەشێخ هەرچەند کە لە باری یاساییەوە لە کێشەکەدا سەرکەوتوو بووە؛ بەڵام چون خۆی زانای ئایینی و کەسایەتیی دینی بووە، ویستوویەتی لە بابەتی شەرعیشەوە هیچ شێوە شک و گومانێکی لێ نەکرێ و کێشەکە بە ڕەزامەندیی هەر دوو لایەن تەواو بێ؛ جا هەر بۆیە لە بەڵگەکەدا موزەفەرولسولتان لە لایەن خۆی و سەکینە سولتان خانمی هاوسەریەوە ئەو شتانەی کە بە حاجی بابەشێخ گەیوە نەزر و بەیعی شەرعی کردووە. هەروەها لە دواییدا جەنابی سەردار عەلی خانی موکری ئاخرین سەردار لە سەردارەکانی بۆکان نووسیویە ئەگەر لەو شتانەی کە بە حاجی بابەشێخ گەیوە و پێشتر شتێک بە من نەزر کرابێ لە لایەن موزەفەرولسولتان یا سەکینە خانمی هاوسەری منیش، هەر نەزری جەنابی حاجی بابەشێخی دەکەم.

لە کۆتایی بەڵگەکەدا نووسراوە (لە زمان موزەفەرولسولتانەوە) ئەگەر لەمەولا هەر کەس بە هەر شێوەیەک داخوازییەک لە جەنابی حاجی بابەشێخ لە بابەتی ئەو کێشەوە بکا بایەخی نییە و ...

ئەم بەڵگەیە بە ئیمزای سەردار عەلیخانی موکری و موزەفەرولسولتان و سەکینە سولتان خانم و ئیفتخارولسولتان و مەحموود ئاغای حەمامیان و قازی شێخ موحسین و مەلا عەلی قزڵجی (دووهەم) و مامۆستا سەیید حوسەینی حوسەینی و چەند کەسێکی دیکەش گەیوە.

**بەڵگەی شەشەم:**

٢. ئەم بەڵگەیە هەرچەند پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە موزەفەرولسولتانەوە نییە بەڵام چونکو پێوەندی بەو سەردەمە و بە کەسێکی خەڵکی قەرەگوێزەوەیە و گومان دەکرێ پیاوی موزەفەرولسولتان بووبێ، بۆیە لەم بەشە لە ژیاننامەی حاجی بابەشێخدا هێناومەتە بەر باس؛ هەڵبەت ئەم بەڵگەیە سەرەڕای ئەوە، بەڵگەیەکیشە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە

حاجی بابەشێخ بە هیچ شێوەیەک خۆشەویستیی ماڵی دونیا ئەو کاریگەرییەی لە سەری نەبووە کە لایەنی مرۆڤدۆستی و دڵڕەحمی و دینداریی ئەو کەسایەتییە داپۆشێ. ئەمەش دەقی بەڵگەکە:

بابەتی نووسینی ئەم بەڵگەیە ئەمەیە کە بە شاهیدی ئێمە کە ئەم نووسراوەیەمان مۆر کردووە حەزرەتی موستەتابی حاجی بابەشێخ ـ سایەی لە سەرمان کەم نەبێ ـ لە بابەت ئەو میزانە گەنمەی کە ئەحمەدی حەمەسوور لە ماڵی خالیسی حاجی بابەشێخی بە تاڵان بردبوو، جەنابی حاجی بابەشێخ هەرچەند لە بری ئەو گەنمە بە میزانی نرخی نزیک سەد و پێنج تمەن لە مەڕ و ماڵات و چواردە لیرەی لە ئەحمەدی حەمەسوور وەرگرتبوو و سەرەڕای ئەوە کە میراتگرانی ئەحمەدی حەمەسوور لەو بابەتەوە هیچ ماف و داخوازییەکیان نەبوو؛ بەڵام لە ڕووی بەزەیی و خێرخوازی جەنابی حاجی بابەشێخەوە تەواوی ئەو میزانە پارەیەی بەبێ کەم و کەسرییەک هەر بە ناوی میراتگرەکان دایەوە و بە هەمووی میراتگرانی ئەحمەدی حەمەسووردا دابەشی کرد. بەشی میراتگرە گەورەکانی ڕاستەوخۆ پێ دانەوە و بەشی میراتگرە بچووکەکان کە بە هەتیو لە قەڵەم دەدرێن لە لای خۆی ڕاگرت و ڕەسیدی دانێ تا هەر کات گەورە بوون بێن و لێی وەرگرن.

## فەسڵی چوارەم:
## یەکەمین چالاکییە سیاسییەکانی

بە پێی هێندێک بەڵگە و لێکۆڵینەوە، وا دەردەکەوێ کە حاجی بابەشێخ هەر لە هەرەتی لاوەتییەوە ـ واتە ئەو کاتەی بۆ درێژەدان بە خوێندن پەڕیوەی وڵاتی عێراق بووە (ساڵەکانی ١٣٢٢ هەتا ١٣٢٤ی کۆچی مانگی/ ١٩٠٤ تا ١٩٠٦ی زایینی) ـ بیرۆکەی ڕۆشنبیریی دینی و هەڵسووڕانی سیاسی لە مێشکیدا سەر هەڵدەدا؛ هۆکارەکەشی ئەوە بووە کە ئەودەم وڵاتی عێراق لە ژێر دەستەڵاتی عوسمانییەکاندا بوو، بۆ وێنە والیی بەغدا لە ئیستانبووڵەوە دیاری دەکرا و هەر لە ئیستانبووڵەوە دوو ڕێکخراوە یا کۆمەڵە سەری هەڵدابوو بە ناوەکانی «جەمعییەتی ئیتتیحادی ئیسلام (واتە کۆمەڵەی یەکێتیی ئیسلام) و ئەوی دی بە ناوی «جەمعییەتی ئیتتیحاد و تەرەققی»[١]. ئەو دوو حیزبە، هەڵسووڕانی سیاسیی خۆیان لە

---

١. کومیتەی ئیتتیحاد و تەرەقی هەرچەند بە ڕێکخراوێکی تورکی دەناسرێ، بەڵام چونکو ڕێکخراوەیەکی پێشکەوتووخواز و ڕۆشنبیری بووە و مەبەستی سەرەکی، کەمکردنەوەی دەستەڵاتی سوڵتانی عوسمانی و لایەنگری شێوازی مەشرووتەخوازی بۆ ئیمپراتۆری عوسمانی بووە، هەر بۆیە کوردە ڕۆشنبیرەکان و بنەماڵە گەورەکانی کورد لە کوردستانی باکوور پشتیوانییان لێ کردووە. لێرەدا کورتەیەک لە ڕۆڵ و دەوری کوردەکان لە پێکهێنان و بەڕێوەبردنی ئەو حیزبە پێشکەش بە خوێنەران دەکرێ.
لە یەکەمین دژایەتی (بەرەنگاربوونەوەی) ڕێکخراوەیی کە لە ساڵی ١٨٨٩ی زایینیدا دژی سوڵتانی عوسمانی سەری هەڵدا، کوردەکان هاوکاریی بەرچاویان بووە.
چوار خوێندکاری پزیشکی ئەرتەش کە دوانیان کورد بوون هەستەی ناوەندی یەکیەتییەکی نهێنی دوازدە کەسییان پێک هێنا کە دواتر بە کومیتەی ئیتتیحاد و تەرەقی ناوی دەرکرد. ئەو دوو کوردەی باس کران، عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق سکووتی بوون. ئەو دووە ئاڵقەیەکیان لە پەیوەندی نێوان ڕێبازی پێشکەوتن‌خوازی ڕۆشنبیرانی کورد و تێپەڕ بوون لە فکر و ئەندێشەی چاکسازی ئیمپراتۆری عوسمانییەوە بۆ بیرۆکەی ڕزگاری‌خوازی گەلی کورد پێک هێنا.
بە دوای ئەوان، شێخ عەبدولقادری نەهری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا پەیوەندی لەگەڵ ئیتتیحاد و تەرەقی بەستبوو کە ئەوەش

وڵاتانی ژێر دەستەڵاتی عوسمانیش وەک عێراق پەرە پێ دابوو. حاجی بابەشێخ داخڵی حیزبی ئیتتیحاد و تەرەققی بووە و بەڵگەی نووسراوە، کۆپیی کارتێکە کە ئەندامەتیی حاجی بابەشێخ لەو حیزبەدا مسۆگەر دەکا؛ سەرەڕای ئەوەش کتێبی «تاریخ مشاهیر اسلام» نووسراوەی قازی خزری شنۆیی، ئاماژە بە ئەندامەتیی حاجی بابەشێخ لەو حیزبەدا دەکا؛ بە هۆی ئەوە کە قازی شنۆیی ئەو زانیارییانەی ڕاستەوخۆ لە حاجی بابەشێخ وەرگرتووە، نووسراوەکانی جێی متمانەیە؛ هەڵبەت جگە لەوانە، تەنیا کوڕی حاجی بابەشێخ کە لە ژیاندایە، ئەو زانیارییانە پشتڕاست دەکاتەوە.

حیزبی ئیتتیحاد و تەرەققی، خوازیاری کەمکردنەوەی دەستەڵاتی سوڵتانی عوسمانی بوون و هەر بۆیەش دواتر، واتەساڵی ١٩٠٩ی زایینی، دوای سێ ساڵ هەڵسووڕانی سیاسی، توانیویانە سوڵتان عەبدولحەمید لە دەسەڵات وەلانێن و بە جێی ئەو، سوڵتانی مەشرووتەخواز بە ناوی محەممەد ڕەشادخان بکەنە دەسەڵاتدار. لە سەردەمی خۆیدا ئەو کۆمەڵەیە پێشکەوتوو بووە و هەروەک کوترا، هەندێ کەس لە ڕۆشنبیران و هەڵسووڕاوانی کوردستانی باشوور و باکووریش چووبوونە ڕیزەکانی ئەو حیزبەوە.

سەرەڕای ئەوە، حاجی بابەشێخ هەر لە سەردەمی لاویدا واتە لە تەمەنی نێوان ٢٠ تا ٢٥ ساڵیدا، داخڵی کۆمەڵەی یەکێتی ئیسلامیش دەبێ. ئەو کۆمەڵەیە کە دواتر دەبێتە حیزب،

---

کاتێک دەرکەوت کە لە ساڵی ١٨٩٦دا پیلانی سەرنگوونی سوڵتان عەبدولحەمید لە لایەن حکوومەتەوە پووچەڵ کرایەوە و شێخ عەبدولقادریش بەو بۆنەیەوە لەگەڵ هێندێک لە ئەندامانی ئیتتیحاد و تەرەقی دەسگیر کران کە دوای ماوەیەک ئازاد کران.

لە بنەماڵەی گەورەی بەدرخانییەکانیش کەسانێک وەک مەدحەت بەدرخان، عەبدولڕەحمان بەدرخان پەیوەندییان لەگەڵ ئیتتیحاد و تەرەقی بووە. مەدحەت بەدرخان لە ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە بە چاپکردنی گۆڤاری کوردستان هەم پشتیوانیی خۆی بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە کومیتەی ئیتتیحاد و تەرەقی دەردەبڕێ و هەم لە سەر مافی گەلی کورد لە گۆڤارەکەیدا وتاری بڵاو دەبۆوە.

عەبدولڕەحمان بەدرخان، برای مەدحەت بەدرخان و ئەمین عالی بەدرخان کە لایەنگری توندی ئیتتیحاد و تەرەقی بوو، سەرنووسەری هەمان گۆڤاری دواتر لە لەندەن لە ئەستۆدا بوو. ساڵی ١٩٢٠ وێڕای کوڕێکی نێوداری دی بە ناوی حیکمەت بابان لە کۆنگرەی ئیتتیحاد و تەرەقی ئەمجارە بە ناوی «ترکان جوان آزادیخواە» لە پاریس بەشدارییان کرد کە لەو کۆنگرەیەدا دابڕینێکی قووڵ لە نێوان نەتەوەخوازەکانی تورک لەگەڵ میانەڕەوەکاندا ڕووی دا، کە لەوەدا میانەڕەوەکان کە کوردەکانیش لەگەڵ ئەوان بوو، لایەنگری سەلماندنی مافی ئینسانی بۆ کۆمەڵگای ئەرمەنیی نێو ئیمپراتۆری عوسمانی بوون. (سەرچاوە: تاریخ معاصر کرد، دیوید مک داول، ترجمۀ ابراهیم یونسی)

لە ساڵی ١٨٩٠ی زایینی لە ئیستانبووڵ بە مەبەستی یەکگرتوویی و یەکدەنگی لە دونیای ئیسلامدا و بەرگری لە لێکدابڕانی فیرقە مەزهەبییەکانی ئایینی ئیسلام پێک دێ. ئەو کەسانەی بۆ یەکەم جار ئەو کۆمەڵەیان پێک هێنا، بریتی بوون لە سەیید جەماڵەددین ئەسەدئابادی ناسراو بە ئەفغانی، عەبدولڕەحمان کەواکەبی، ڕەشید ڕەزا، عومەر فەوزی، شێخ محەممەد عەبدە و چەند کەسێکی دی.

هەرچەند لە ئێران بە شێوەی فەرمی، نە حکوومەتی قاجار و نە حەوزەی عیلمییەی قوم پشتیوانییان لێ نەکرد، بەڵام هێندێک کەسایەتیی ناوداری ئەو سەردەم وەک سەیید حەسەنی مودەڕیس، میرزا کووچک خانی جەنگەڵی، سەیید محەممەدڕەزا موساواتی بورازجانی و میرزا تاهیری تونکابونی بوونە ئەندامی و تەنانەت میرزا کووچک خان بزووتنەوەکەی خۆی بە پشتیوانیی هەمەلایەنەی ئیتتیحادی ئیسلام بردە پێشێ.

سەرجەمی ئەم ڕاستییانە نیشاندەری ئەوەن کە بیرۆکەی ڕۆشنبیریی حاجی بابەشێخ، زۆر زوو ئەوی لە هاوچەرخان و هاودەرسانی خۆی جیا کردەوە کە دنیایان تەنیا لە دەلاقەی بچووکی حوجرەکان و خانەقاکانەوە دەدی. حاجی بابەشێخ هەر لە تەمەنی ژێر بیست و پێنج ساڵیدا بەرژەوەندیی گشتیی دونیای ئیسلامی دیبوو، هەر لەو تەمەنەدا شاخەی کوردستانی جەمعییەتی ئیتتیحادی ئیسلامی پێک هێنا و خۆی بەرپرسیاریەتییەکەی وەئەستۆ گرت. حاجی بابەشێخ، بە پێویستبوونی بە ئیتتیحاد و تەڕەققییەوە، لە ڕاستیدا بەر لە هەموو کەس لەم وڵاتە، هەنگاوی ڕزگاریخوازانەی دژ بە ئیستیبداد هەڵێناوەتەوە، چونکە هەروەک دەزانین ئیتتیحاد و تەرەققی، دژ بە ئیستیبدادی سوڵتانی عوسمانی بوو؛ هەر بۆیەش لە کارتی ئەندامەتی حاجی بابەشێخ لەو کۆمەڵەیەدا سێ وشە دەخوێندرێتەوە کە لە ڕاستیدا دروشمی ئەو کۆمەڵەیە (واتە ئیتتیحاد و تەرەققی) بووە کە بریتین لە «برایەتی»، «ئازادی»، «بەرابەری»، کە نیشاندەری هەڵوێستی ئازادیخوازانە و پێشکەوتنخوازانەی ئەوکاتی ئەو کۆمەڵەیە بووە.

هەر وەک پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، لەو بابەتەوە چەند بەڵگەیەکی بەنرخ بەجێ ماوە کە لە چەند لایەنەوە گرینگن؛ یەکەم ئەوەی کە یەک دوو بەڵگەیان بە خۆشییەوە ڕێکەوتی پێوەیە. دووهەم ئەوەی کە لە یەک دوو بەڵگەشدا حاجی بابەشێخ بە ناوی ڕەئیسی

کۆمەڵەی یەکیەتی ئیسلام واتە جەمعییەتی ئیتتیحادی ئیسلام ناسێندراوە و نووسراوە.

### بەڵگەی یەکەم

بەڵگەی یەکەم بە زمانی تورکی ئیستانبووڵی نووسراوە. ئەوە دەقی وەرگێڕدراوی بەڵگەکە:

«سەبارەت بە باربووکردنی سێ کاروان بار بە ڕادەی ٢٥٣ ئێستر لە لایەن بابەشێخەوە بۆ یارانی دین، [دەبێ بگوترێت] کە بارەکان بە شێوەی فەرمی درانە دەست سەیید عومەر.

٢٢ کانونی یەکەمی ١٣٢٢ کوچی مانگی (١٩٠٤/١٢/٢) زایینی.

ئەم بەڵگەیە لە ڕاستیدا ڕەسیدێکە کە ئەو کاتە حاجی بابەشێخ لە بری کاروان بارەکەی بە سەیید عومەر، کاربەدەستی عوسمانی ئەسپاردبوو، لێی وەرگرتووە. گرینگیی ئەم بەڵگەیە لەوەدایە کە دەریدەخا حاجی بابەشێخ هەڵسووڕان و تێکوشانێکی باشی بۆ ئەو کۆمەڵەیە بووە؛ ناوبراو چونکە بەرپرسی ئەو کۆمەڵەیە لە کوردستاندا بووە، دیارە هێندێک کەسی لە بەردەستدا بووە و بە هاوکاریی ئەوان ئەو هەڵسووڕانەی بووە. هەڵبەت ئەمەش پشتڕاست کەینەوە کە ئەو چالاکییانە لە کوردستانی عیراقدا بووە نەک ئێران؛ چونکو ڕێکەوتی نامەکە نیشاندەری ئەم ڕاستیەیە کە نزیکەی ١٢ ساڵ پێش دەستپێکردنی شەڕی یەکەم و هاتنی عوسمانییەکان بۆ ئێران ئەم کارانە کراون.

### بەڵگەی دووهەم

گرینگیی ئەم بەڵگەیە لەوەدایە کە لە کۆتایی نامەکەدا بە زمانی تورکی ئیستانبووڵی نووسراوە «الداعی جمعیت اسلام ڕەئیس حاجی بابەشێخ» و لە ڕاستیدا ئیمزای حاجی بابەشێخی پێوەیە و سەرۆکایەتی حاجی بابەشێخ لەو کۆمەڵەیەدا مسۆگەر دەکا.

وا دیارە بابەتی ئەم بەڵگەیە هەواڵێکە سەبارەت بە کێشەی وەسیەت و دابەش‌کردنی بەشەماڵی محەممەد عەلی خان کە ڕوون نییە کێ بووە. بەڵام لە بەڵگەکەدا ئاماژە بە چەند شایەدێک دەکرێ کە یەک لەوانە «سەیید عەبدولسەلام»ە کە وێدەچێ حاجی سەیید سەلامی برای حاجی بابەشێخ بێت و ئەوی دی، حاجی وەهاب خانە؛ کە ئەویش ڕەنگە

حاجی وەهاب خانی ئەردەڵان بێت.

دەقی بەڵگەی دووهەم:

سەبارەت بەو وەسیەتەی کە خوالێخۆشبوو محەممەد عەلی خان لە کاتی بریندار بوونیدا کردبێتی، حاجی سەیید سەلام گەورەی دوعاگۆیان [مەلاکان] و دۆعاگۆکانی دیکە واتە حاجی وەهاب خان، کەریم خان و ئەبولقاسم خان شاهیدییان لە سەر داوە پشتڕاست نەکراوە.

الداعی کۆمەڵەی یەکێتی ئیسلام ڕەئیس حاجی بابەشێخی

## بەڵگەی ٣

یەکێکی دیکە لەو بەڵگانەی کە نیشاندەری بەرپرس‌بوونی حاجی بابەشێخ لە کۆمەڵەی یەکێتیی ئیسلام لە کوردستاندایە، بەڵگەیەکە بە زمانی تورکی ئیستانبووڵی نووسراوە کە وا دیارە لە لایەن یەکێک لە سەرکردەکانی تورکەوە بۆ حاجی بابەشێخ نووسراوە. گرینگیی ئەم بەڵگەیە لە دوو بواردایە؛ یەکەم ئەوەی کە بەڵگەکە بە خۆشییەوە ڕێکەوتی پێوەیە (کە ڕێکەوتەکەی ١٣٢٤ی کۆچی مانگی، ١٩٠٦ی زایینییە)؛ گرینگییەکی تری بەڵگەکە ئەوەیە کە بە باشی وەدیاری دەخا کە حاجی بابەشێخ ڕەئیسی جەمعییەتی ئیتتیحادی ئیسلام لە شارەکانی ساوجبڵاغ، سەردەشت و سەقزدا بووە، چونکە ڕووی نامەکە لە حاجی بابەشێخە ئاوا نووسراوە بە تورکی: «ساوجبڵاغە، سەقیز، سەردەشت ئیتحاد ئیسلام جەمعییەتی ڕەئیس حاج بابەشێخ حضرتندە حضور علیە». بەڵام ناوەڕۆکی نامەکم بۆ ڕوون نەبۆتەوە کە چییە.

***

ئەم چەند بەڵگەیە بە دروستی ئەم ڕاستییە مسۆگەر دەکەن کە حاجی بابەشێخ لە کوردستانی ئێران لەو سەردەمەدا لە تەمەنی دەوروبەری بیست و دوو سێ ساڵیدا ئاڵاهەڵگری هەڵسووڕان و تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی بووە و تەنانەت بە وتەی نووسەر و مێژوونووس کاک ئەنوەری سۆڵتانی، «کۆمەڵەی یەکێتیی ئیسلام»ی

حاجی بابەشێخ، یەکەم حیزبی سیاسییە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ٢٠ ساڵ و زیاتریش پێش دامەزرانی کومەڵەی «ژێ‌کاف» (١٩٤٢ تا ١٩٤٥) دامەزراوە. تا ئێستا ژێ‌کاف بە یەکەمین ڕێکخراوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانرا.

## فەسڵی پێنجەم:
## شوێن و جێگەی حاجی بابەشێخ لە شەڕی یەکەمدا

شەڕی یەکەمی جیهانی لە مانگی ئووتی ساڵی ١٩١٤ی زایینی واتە ١٢٩٣ی هەتاوی لە ئوروپادا هەڵاییسا. لەو کات و ساتەدا لە ئێران مەشروتەخوازان کە سەرکەوتنیان وەدەست هێنابوو، سەرگەرمی پێکهێنانی ڕێکخراوەی سیاسی بوون و شای بێدەسەڵاتی قاجاریش واتە ئەحمەدشا بێلایەنیی ئێرانی ڕاگەیاندبوو. بەڵام چونکو هێزەکانی ڕووس لە چوار ساڵ پێش دەستپێکردنی شەڕ هاتبوونە نێو خاکی ئێرانەوە، بێلایەنیی ئێران هیچ مانایەکی نەبوو. هەربۆیە ئینگلیسییەکان لە باشورەوە هێزەکانی خۆیان لە ئێران خزاند و بەشێک لە خاکی ئێرانیان داگیر کرد.

هەروەها عوسمانییەکانیش کە بە هێزەکانی ئاڵمانەوە پشتگەرم بوون، سنووری ڕۆژئاوای ئێرانیان بەزاند و هێزەکانی خۆیان لە پیرانشار و بانەوە هێنایە ئێرانەوە. ڕووسەکانیش لەو کاتەدا لە میاندواوی نزیک سابڵاغ هێزێکی زۆریان کۆ کردبۆوە. ئاکامی ئەو لەشکرکێشییانە بوو بەوەی کە مەڵبەندی شەڕ و تێکهەڵچوونەکەی ئەو دوو زلهێزە واتە ڕووس و عوسمانی، ببێتە ناوچەی کوردستان و بەتایبەت ئەو بەشەی کە بە موکریان دەناسرێ؛ ئەوەش بوو بەوەی کە ئەم وڵاتە لە دەرەنجامی ئەو شەڕە قورس و داسەپێندراوەدا پێشێل بێ و ماڵوێرانی و دەربەدەری و قات و قڕی و کوشتاری بەکۆمەڵ ئاکامی شوومی شەڕی یەکەم بوو بۆ جەماوەری خەڵکی کوردی بێکەس و بێدەرەتان.

(دەوڵەتی عوسمانی لە ١٧ی ئۆکتۆبری ١٩١٤ی زایینیدا بڕیاری دا بچێتە پاڵ ئاڵمانەوە و بەو جۆرە عوسمانییەکانیش چوار مانگ پاش هەڵایسانی شەڕ خۆیان لەو شەڕە وەردا.

عوسمانییەکان بۆ ڕۆژی مەبادا لە ساڵی ١٨٩٠ی زایینیدا سوارەی حەمیدییان ساز کردبوو کە بەشی زۆریان لە چەکداران و جەنگاوەرانی کورد بوون. هەروەها هەست و خوستی کوردیشیان دەناسی کە بۆ ئیسلام و خەلافەتی ئیسلامی سۆزیان هەیە. هەربۆیە بە کەڵکوەرگرتن لەوە، لە شەڕی دژ بە ڕووس و ئینگلیس کوردیشیان تێوە گلاند؛ بۆ وێنە کوردەکانی باکووریان لە ژێر ناوی سوارەی حەمیدییە بە گژ ئەرمەنییەکاندا کرد و کوردەکانی باشووریان بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموودی حەفید ڕەوانەی باشووری عێراق کرد تا لە بەسرە پێش بە ئینگلیزییەکان بگرن. کوردەکانی ڕۆژهەڵات و بەشێکیش لە کوردەکانی باشووریان وێڕای عەسکەری تورکی خۆیان بۆ شەڕ لە گەڵ ڕووسەکان هان دا. بەو جۆرە ئاوری شەڕ کوردستانی ئێران و بەتایبەت موکریانی گرتەوە.

بە دەستپێکردنی شەڕ، عوسمانییەکان لە هەموو چین و لایەنەکانی کۆمەڵگای کوردەواریی ئەو سەردەم (سەرۆک هۆزەکان و شێخەکان) داوایان کرد کە بۆ بەربەرەکانی لە بەرامبەر سوپای «کافر»[١] و داگیرکەری ڕووس بەشدار بن و شەڕەکەشیان بە «جیهاد لە ڕێی ڕێی خوا»دا لە قەڵەم دا. لەو بارودۆخەدا عوسمانییەکان بەشێک بە زەخت و فشار و بەشێکیش بە کەڵکوەرگرتن لە هەستی ئایینیی کۆمەڵگای کوردەواری، کوردی بێکەسی بێدەرەتانی بێلایەنیان لە شەڕێکەوە وەردا کە هیچ پێوەندێکی بە چارەنووس و بەرژەوەندی کوردەوە نەبوو.

خۆ ئەوەش دەزانین کرانەوەی ئەم بەرەیەی شەڕ لە وڵاتی کوردستانی موکری لە بەرژەوەندی ئاڵمانییەکاندا بوو، بۆ ئەوەی لە گوشاری زۆری هێزەکانی ڕووس و ئینگلیس لە بەرەکانی تری شەڕ کەم کەنەوە.

لە زۆر کەسم بیستووە جار جار بەشداریکردنی کوردەکان لەو شەڕەدا سەرکۆنە دەکەن و بە هەڵەی دەزانن و تەنانەت لەوانەیە تۆمەتی خەیانەتیشیان وەپاڵ دەن. من لام وایە پێش هەموو شت ئەم ڕاستییە بدرکێنین کە بەشداریکردنی کوردەکان لە ڕووی ناچارییەوە بووە. بە قەولی کورد: شەڕ بەری دەرکی پێگرتووی؛ بۆ مەگەر بێلایەنیی دەوڵەتی ئێرانیان قەبووڵ کرد تا لە ئێمەی کوردیشی قەبووڵ کەن؟ زۆربەی شار و گوندەکانی کوردستان لە

١. بە بۆچوونی عوسمانییەکان.

ژێر سم و چەکمەی ئەسپ و سەربازی هەر دوو لایەن لە وێرانبووندا بوو.

ئەو کەسانەی ڕەخنە دەگرن لەوەی کە بۆچی فڵان عەشیرە یان فڵان کەسایەتی لەگەڵ ڕووس یا عوسمانی کەوتوون، ئایا ئەو بارودۆخە نالەبارەی کە ئەودەم کورد تێی کەوتبوو هەست پێ ناکەن؟ لایەنگرانی ڕووس لە وڵاتدا زیاتر حاکمانی ناوچەکان بوون کە لە لایەن شای کەمدەسەڵاتی قاجارەوە داندرابوون. چونکو ڕووس لەگەڵ لایەنی شاە یەک بوون، ئەمانیش نەیاندەتوانی بێنە بەرەی دژ بە ڕووس، هەر بۆیەش تاقمێکیان وەک سەیفەددین خانی ئەردەڵان (سەقز) و سەردار حەمەحوسێن خانی موکری، هەرچەند بە نەهێنی لەگەڵ عوسمانییەکانیش وتوویژیان کردبوو، بەڵام لە لایەن ئەرکانی عوسمانییەوە بە تۆمەتی هاوکاریی ڕووسان لە دار دران. هەڵبەت جگە لەوان حەمەخانی کوڕی یۆنس خانی بانە و شێخ بابای بەرزەنجی غەوس‌ئابادیش لەو کەسایەتییانە بوون کە ئەو چارەنووسە ئەوانیشی گرتەوە. بەڵام زۆربەی کۆمەڵگای کوردەواریی ئەو سەردەم کە لە دوو دەستەی عەشیرەتەکان و شێخەکان پێک هاتبوون، لایەنگرییان لە عوسمانی کرد. کاتێک تۆ لە نێوان دوو بێگانەدای کە یەکیان هاودینتە و ئەوی دی هاودینت نییە، ئاساییە کە تۆ لە هاودینەکەت پشتیوانی دەکەی. لە پاش ئەوەش، ئەگەر بێینە سەر بەرحەق‌بوون و ئینسانی و غەیرە ئینسانی و پێشکەوتن‌خوازی و ئیستبدادی‌بوون، دەبینین دەوڵەتی عوسمانی دەوڵەتێکی مەشرووتە و خەڵکی و نیوە دیموکراتیک بوو، چونکە ئەو سەردەم دەسەڵات لە دەست لایەنگرانی ئیتتیحاد و تەرەققیدا بوو؛ خودی سوڵتان موحەممەد ڕەشاد خان لە لایەن ئەوانەوە داندرابوو؛ بەڵام دەوڵەتی ڕووسی تیزاری، دەوڵەتێکی ئیستبدادی بوو؛ هەروەها ڕووس لە ئێرانیش هەمیشە لە بەرەی زۆرەمل و ملهوڕ پشتیوانی کردووە؛ بەڵام سەرەڕای ئەوەش هاوکاریی کوردەکان لەگەڵ عوسمانی دەبوایە هۆشیارانەتر و وردبینانەتر بوایە و بۆ هاوکارییەکەیان مەرجیان دانایە و پاشەڕۆژیان لە بیر بایە.)[١]

هەڵبەت لە ڕوانگەی دینییەوە ئەو «شەڕەی دژ بە ڕووس»، جیهاد لە ڕێی خوادا بووە؛ جگە لەوە، بەرگری‌کردن بووە لە ئاو و خاکی نیشتمانیش؛ هەر بۆیە لەوەدا کوردەکان بە

١. ناسر عەلی‌یار، «کارگێڕی تورکی عوسمانی لە کوردستانی موکری»، گۆڤاری ڕامان، خولی سێیەم، ساڵی هەژدە، ژمارە ٢٠٠، کانوونی دووەمی ٢٠١٤، ، ل ١١٣-١٢٠.

هەڵە نەچوون(لە ڕوانگەی خۆیانەوە)، بەڵکوو چارەیان نەبووە.

عوسمانییەکان هەر وەک زۆربەی ڕەئیس عەشیرە و مەشایەخەکان، لە حاجی بابەشێخیش بۆ بەشداریکردن لەو شەڕەدا داوایان کرد، بەڵام لەو سەردەمەدا حاجی بابەشێخ لەگەڵ هەموو کەسایەتییە کوردەکان جیاوازی هەبوو. عوسمانییەکان زانیاریی تەواویان لە سەری بوو؛ ئەو لە چەند ساڵ بەر لە دەس‌پێکردنی شەڕەوە سەرۆکی حیزبی ئیتتیحادی ئیسلام لە کوردستان بوو، ئەندامی ئیتتیحاد و تەرەققی بوو و لە بارودۆخی گشتیی شەڕ و لایەنەکانی شەڕ، شارەزایی تەواوی بووە؛ بە کورتی، ئەزموونی سیاسی لە هەموان زیاتر بوو؛ هەروەها لەگەڵ هەمووی ئەوانەش، حاجی بابەشێخ کەسایەتییەکی ڕۆشنبیری دینی خاوەن بیر و بڕوا بوو.

حاجی بابەشێخ بە پێچەوانەی هەموو ئەو شێخانەی کە لەو شەڕەدا بەشدار بوون، خاوەنی دەروێش و سۆفی و مرید نەبووە کە لە گەڵ خۆی بۆ شەڕەکە بیانبا؛ جگە لەوەی عوسمانییەکان لەم وڵاتەدا ئەویان لە هەموو کەس زیاتر دەناسی، هەروەها لە نێو خەڵکی وڵاتیشدا خاوەنی ڕێز و حورمەتی زۆری بنەماڵەیی و مەعنەوی و کۆمەڵایەتی بوو. هەمووی ئەوانە، بوونە هۆی ئەوەی کە لە هەردوو لایەنی هەم عوسمانی و هەم خەڵکی وڵاتەوە بە ڕەئیسولموجاهیدین هەڵبژێردرێ و هەروەک لە کتێبی «ژیان‌نامەی شێخی حیسامەددین»[1]دا هاتووە، لە شەڕی میاندواودا سەرکردایەتیی هێزەکانی بەرەی کورد و بەشێک لە عوسمانییەکان بەو بووە لەو کەسانەی کە لەو شەڕەدا بەشدار بوون، دوو کەسایەتیی ناودار: یەکیان «گوڵاوی ئاغای دێبوکری» و ئەوی دی «حاجی شێخ گوڵی بەرزەنجی» شەهید بوون و بە دەستووری حاجی بابەشێخ تەرمی حاجی شێخ گوڵ لە گوندی ناچیت نێوان میاندواو و بۆکان (٤ کیلۆمیتریی بۆکان) دەنێژرێ. لەو شەڕەدا حاجی سەیید ساڵحی حوسێنی سابڵاغ و حەسەن عەسکەر و عەزیز عەسکەر وەک یار و یاوەری نزیکی حاجی بابەشێخ هاوکارییان کردووە.

یەک دوو وێنە لە ئازایەتیی حاجی بابەشێخ لە شەڕی یەکەمدا کە لە نووسراوەی هێندێک لە نووسەران و مێژونووساندا ئاماژەی پێ کراوە، بۆ خوێنەرانی ئەم بەشەی

---

١. سامی دهقانی، *سراج السالکین*، جلد اول، چاپ اول، سنندج، انتشارات علمی کالج، ٢٠١٤، ص ٨٧.

دەنووسمەوە:

١. لە کتێبی «ئاوێنە شکاو»ی مامۆستا هێدی (کاک خالیدی حیسامی) لە لاپەڕەی ٧٤دا نووسراوە:

«بۆ ئازایەتی و غیرەتی حاجی بابەشێخ زۆر چیرۆک و داستان هەیە کە من یەکیان بۆ نموونە دێنمەوە: لە شەڕی ڕووساندا لە کوردستان ئەو پیاوانەی لەگەڵ حاجی بابەشێخ بوون، یەکیان بریندار دەبێ. حاجی بابەشێخ ناتوانێ لە کۆڵی کا و لەو جێیە بیگوێزێتەوە؛ پەستەکەکەی خۆی لە شانی دەردێنێ و برینداره‌کە دەخاتە سەری و لەوێوە هەتا دەیباتە سەر شاخێکی تر، لە دوای خوێ ڕایدەکێشێ و لەوێ لایدەبا و ناهێڵێ بکەوێتە بەر دەستی ڕووسان. ئەو داستانە دوور و درێژە و من کورتم کردۆتەوە.»

٢. شانۆیەکی کە لە حاجی بابەشێخ لە شەڕی یەکەمدا لە کتێبی «ساوجبلاغ مکری» نووسراوەی کاک فەرەیدوون حەکیمزادە، لاپەڕەی ٦٥٠دا نووسراوە وەرگێڕاوەکەی بە کوردی بەم چەشنەیە:

لە ڕۆژێکی تاو و ساوی زستانی ساڵی ١٣٣٣ی کۆچی مانگی کە زیاتر لە نیو میتر بەفر باریبوو، حاجی بابەشێخ لە تەپۆڵکی پشتی پردی سووری سابڵاغ (ئەو جێگەی ئێستا سەددەکەی لێیە) ناسراو بە تەپۆڵکی گەڕاوان، نوێژی ئێوارێی دەکرد. لە نێو نوێژەکەدا چەند گوللە تۆپی ڕووسەکان لەو دەوروبەرە دەکەوێ کە دەبێتە هۆی ئەوەی قوڕ و بەفر و باڕووتێکی زۆر بە سەر سەر و شانی حاجی بابەشێخدا بڵاو بێتەوە، بەڵام حاجی بابەشێخ نوێژەکەی نابڕێ! چەند کەس لە خەباتگێڕان و پیاوانی هاوڕێی حاجی بابەشێخ خۆ دەگەیێننە حاجی بابەشێخ و پێی دەڵێن تۆ دەتەوێ ئێمەش و خۆشت بە کوشت بدەی؟ ئاخر نابینی سەربازانی ڕووس گەیشتوونەتە ئەوبەری چۆمی و ئەوەندەی پێ ناچێ دەگەنە نێو شار؟ حاجی بابە شیخ دوای تەواوکردنی نوێژەکەی دەستووری پاشەکشەی هێزەکانی دەدات. لەو کاتەدا دەبینن دوو عەسکەری تورک کە هەر لەو هێزەی ژێردەستی حاجی بابەشێخدا بوون لە لای تۆپێکی لە کار کەوتوون و هەرچی پێیان دەڵێن تۆپەکە بەجێ ناهێڵین و دەڵێن ئێمە بشکوژرێین ئەو تۆپە بەجێ ناهێڵین، جا هەر بۆیە حاجی بابەشێخ بە ناچار دەستووری چەککردن و دەستگیرکردنیان دەدا تا تێدا نەچن و لەگەڵ هێزەکانی تر پاشەکشەیان پێ دەکا. ماوەیەک دوای شەڕ لێی دەپرسن کە لە درێژایی ئەو شەڕانەدا کێت لە خۆت ئازاتر دیت؟ لە وڵامدا وتی: ئەو دوو عەسکەری تورکە لە هەموومان ئازاتر بوون.

هەڵبەت ئەمە ڕوون کەمەوە بۆ خوێنەران کە تەمەنی حاجی بابەشێخ لە سەردەمی شەڕی یەکەمدا ٣٢ یا ٣٣ ساڵ بووە. لەم بابەتەوە چەندین نموونە و وێنە لە چالاکییەکانی

حاجی بابەشێخ هەیە کە لە بەر درێژ نەبوونەوەی وتارەکە لە نووسینیان خۆ دەپارێزم. تەنیا ئاماژە بە نووسراوی لاپەڕەی ٦٨٩ی کتێبی ساوجبڵاغی موکری دەکەم.

نووسەر دەنووسێ:

ئەو ڕۆژەی کە حەزرەتی شێخ نەجمەددینی بیارە لەگەڵ چەکدارانی خۆی بە مەبەستی بەشداربوون لە جیهاد بە دژی سپای ڕووس خۆ دەگەیێنێتە سابڵاغ، حاجی بابەشێخ دەبینێ کە لە ڕیزی پێشەوەی شەڕ لە کێوی داشامەجیددا ڕێبەرایەتیی هێزەکانی دەکا و چەند شەو و ڕۆژ لە زستانی سارد و سەختی ئەو ساڵەدا لەو مەڵبەندە دەمێنێتەوە، لە ئەنجامدا سوپای ڕووس لەو شوێنە تێک دەشکێنن و ناچار بە پاشەکشەیان دەکەن.

***

بە خۆشییەوە هێندێک لەو نامە گۆڕینەوانەی ئەودەمی حاجی بابەشێخ لەگەڵ عوسمانییەکان ماونەتەوە کە وەک بەڵگە لێرەدا کەڵکیان لێ وەردەگرین و وەرگێڕاوەکان بە کوردی دەنێمە بەردەستی خوێنەر.

**بەڵگەی یەکەم:**

نامەکە بە زمانی فارسی نووسراوە:

بۆ حوزووری حەزرەتی والی پاشا ـ خودا سڵامەتی کا ـ یەکەم، سڵاو پێشکەش دەکەم، بیستم کە لە خزمەت پایەبەرز خەلیل پاشادا ـ سێبەری بەردەوام بێت ـ بۆ سەفەری خێر دەچن، ئەم بچووکە دڵنیگەرانیی زۆری بۆ درووست بووە. دۆخی ئەم بچووکە چی لێ دێت؟ بەبێ وجودی حەزرەتی جەنابتان لە مووسڵ چی بکەم؟ ئەگەریش بەبێ ئاکامی خوازراو بگەڕێمەوە زێدەکەم، چی بڵێم؟ فەرمان لە لایەن ئێوەوەیە.

غەریبی خەباتگێڕ بابەشێخ

لەو بەڵگەی چاومان پێی کەوت، هەر چەند زۆر کورتە و بە زمانی فارسیش نووسراوە، ئەم زانیارییەی لێ دەست دەکەوێ کە حاجی بابەشێخ وەک هەڵسووڕاوێکی چەکداری و نیزامی، نامەی بۆ سەرکردەیەکی سەرووی خۆی نووسیوە و داوای دیاریکردنی بارودۆخی ئەو کاتەی خۆی کردووە؛ دووهەم ئەوەی کە دوای پاشەکشەی هێزەکانی عوسمانی لەم وڵاتە و گەڕانەوەیان بۆ کوردستانی عێراق، حاجی بابەشێخیش وێڕای زۆربەی خەڵکی ئەم

وڵاتە پەڕیوەی ئەوێ بووە و تەنانەت گەیشتۆتە مووسڵیش و خۆی لەوێ بە غەریب زانیوە. بۆچوونێکیش ئەوەیە کە دوای ئەوەی هێزەکانی ڕووس، خاکی کوردستان و ئێرانیان بەجێ هێشت، لە ساڵی ١٣٣٦ی کۆچی مانگیدا حاجی بابەشێخ ویستوویە بگەڕێتەوە بۆ وڵات و ئەم نامەیەی نووسیوە. خەلیل پاشا والیی عێراق لە لایەن عوسمانییەوە بووە.

## بەڵگەی دووهەم

ئەم نامەیە هەر لە ژێر نامەکەی حاجی بابەشێخدا، هەمان والیی تورک لە وڵامی حاجی بابەشێخدا و هەر بە زمانی فارسیش ئاراستەی ئەوی کردووە.  ئەم نامەیەش ڕێکەوتی بە سەرەوە نییە.

> بە خواستی خودای دلۆڤان بەم زووانە ئاکام دەکەوێتە بەر دەست. هیچ هەوڵ و بیرکردنەوتان نەبێت تا وەڵام لە لای چاوەدێرییەوە دێت. لە مووسڵ بمێننەوە و دوورکەوتنەوەی من لە مووسڵ کاتییە. لە بنەڕەتیشدا ئێمە لە هەر قەزایەکدا تەڵگرافمان هەیە و هەموو کاتێک دەرەتانی هەواڵوەرگرتن هەیە.

## بەڵگەی سێهەم

ئەم نامەیە وێدەچێ لە لایەن ئەدهەم ئەفەندی، فەرماندەری تورکەوە بۆ حاجی بابەشێخ نووسرابێ کە لە گوندی قالوێی سەر بە ناوچەی گەورکی نێوان بۆکان و سابڵاغ نێشتەجێ بوو. نامەکە لە وڵامی نامەیەکی حاجی بابەشێخدا نووسراوە کە وا دیارە حاجی بابەشێخ پەنای مستەفا ناوێکی داوە و داوای لێبوردنی بۆ کردووە. وێدەچێ ئەو کەسە «مستەفا بەگی شاریکەند ناسراو بە سەرتیپ» بێت. نامەکە هێندێک بە توندوتیژی و هەڕەشەوەیە؛ وا دیارە فەرماندەری تورک زۆر لە مستەفا دڕدۆنگ بووە.

ئەمەش دەقی نامەکە:

بە فیدات بم، نووسراوەکەت گەیشت و لێی تێگەیشتم. هەرچۆنێک هەیە دەبێ مستەفا بنێریە ئێرە. من کە بەرپرسی دەسەڵاتم، چۆن دەبێ داوای کەسێک بکەم بۆ کێشەی شەرعی و دادوەری، بەڵام ئێوە بەرگر بن و بیانوو بهێننەوە؟ بۆ من مەرجی دادپەروەری بەجێ ناهێنم و هەڵبڕین و کۆتایی کێشە شەرعییەکان بە کەیف و مەیلی خۆم دەکەم؟ بەڕێوەبردنی شەرع و عەداڵەت و هەلومەرجی یاسایی و ئازادی، شێواز و ڕێبازی ئێمەیە.

هیچ قەبووڵم نییە وەدوای بخەن و بیانووی بۆ بێننەوە. دیارە دەبێ هەر ئەوەندەی ئەم کورتە نووسراوەتان پێ گەیی، دەستبەجێ مستەفا بنێرنە ئێرە و ئەگەر ملپێچی بکەن و بیانوو بهێننەوە،

دڵنیا بن بەوپەڕی بێڕێزیەوە عەسکەران دەنێرم بیگرن و بە زۆری بیهێننە ئێرە. ئاگات لێ بێ، کار بە خۆشی بەڕێوە بچێت.

فەرماندەری سەر سنوور مەفرەزەی قالوێ: ئەدهەم ئەفەندی

## بەڵگەی چوارەم

وەرگێڕاوەی ئەم بەڵگەیەم وەگیر نەکەوت، بەڵام دێڕی یەکەمی بەڵگەکە چەند وشەیەکی دەخوێندرێتەوە؛ ئەمەش دێڕی یەکەم:

ساوجبڵاغە لوانسە تابع زەنبیل قریەسندە ڕەشادتلوو حاجی بابەشێخ حەزرەتلەری ٢٢٢ سنە سندە غروب قوماندار قائم مقام عەبباس و...

## بەڵگەی پێنجەم

تێلگرافێکە بە زمانی تورکی کە لە سەرەوە ئەم دێڕەی لێ نووسراوە:

ساوجبڵاغ موجاهدین ڕەئیس شێخزادە حاجی سەیید بابەشێخە...

لە تێلگرافەکەدا ڕێکەوتێکم بۆ نەبیندراوە.

## بەڵگەی شەشەم: فەرمانی ڕێز لێنان لە حاجی بابەشێخ لە لایەن سوڵتانی عوسمانییەوە

بەڵگەی شەشەم لە ڕاستیدا دەستنووسێکی گەورەی بەنرخە کە لە بابی عالیەوە (کۆشکی نیشتەجێبوونی سوڵتانەکانی عوسمانی لە ئیستانبووڵ) لە لایەن سوڵتان محەممەد ڕەشاد خان، سوڵتانی عوسمانی، بۆ ڕێز لێگرتن و پێزانینی لە کەسایەتیی حاجی بابەشێخ بۆیان ناردووە کە ئێستاش هەر ماوە. فەرمانەکە لە لایەن کەسایەتیی عیلمی و دینیی ئەوکاتی تورک بە ناوی مووسا کازم و بە نوێنەرایەتیی سوڵتان نووسراوە. ئەوەی بەرچاوە، زیاتر لە کەسایەتیی زانستی و ئایینیی حاجی بابەشێخ ڕێز گیراوە تا لایەنی نیزامی و چەکداری و لەقەبی شێخولئیسلامی پێ دراوە. ئەمەش دەقی فەرمانەکە بە زمانی کوردی:

لە لایەن سوڵتانی عوسمانی خاوەن شکۆ غازی محەممەد ڕەشاد خان کوڕی سوڵتان عەبدولحەمید خان سەرکەوتنەکانی بەردەوام بێت.

لە لایەن گەورەی زانا و لێکۆڵەران، سەرتۆپی مرۆڤانی تێگەیشتوو، کانگای عەقڵ و تێگەیین، نموونەی بیر و بڕوا، پەرەپێدەری حوکمەکانی شەرع و دین، جێگری پیاوچاکان و پێغەمبەران، ڕازاوە بە چاولێکراوی خوای بەرز و دڵۆڤان؛ بۆ هەرێمی سولەیمانی جەنابی حاجی بابەشێخ برای بەڕێز سەیید عەبدولحەکیم شێخی زەنبیل نووسراوەی پیرۆزی هومایوونی سوڵتانی عوسمانی بەم شرۆڤەی خوارەوە پێمان گەیشت کە دەقەکەی بەم جۆرەیە: جەنابتان کە لە تێگەیشتوویی و زانایی لەم هەرێمەدا لە سەرەوەی هەمووانن و زانست و گەورەیی ئێوە لە هەموو شوێنێ دەنگی داوەتەوە، وەبەر گەورەیی و بەزەیی شاهانەی سوڵتان کەوتوون و هەر بۆیەش لە ڕێکەوتی هەشتی شەعبانی ١٣٣٤ی کۆچی مانگی بە پلەی «ئیزمیر پایەسی» و بە عینوانی بەرزی «شێخولئیسلام و موفتی گەورە» دەگەن. ئەو پلە گەورەیە لەگەڵ میداڵی جەواهیرنیشانی بەنرخ ناردراوە.

ئەو فەرمانە بە دەستی زاناترینی زانایان و گەورەترینی پسپۆڕان کە سەرچاوەی زانیاری و پسپۆڕییە، جەنابی سەروەر و مەولانا مووسا کازم ـ کە خودا درێژە بە زانیاری و گەورەیی بدات ـ لە لایەن مەقامی بەرزی خەلافەت و بە نوێنەری و جێنشینی لە سوڵتانی عوسمانییەوە لەوپەڕی شانازی و شەرەفەوە بە ئێوە دەدرێ کە هیواداریـن لەو ڕێکەوتە بەولاوە ئێوە لە فەرمانی شکۆدار کە لە لایەن سوڵتانی تاجدارەوە ناردراوە و بە مۆری سوڵتان ڕازاوەتەوە، کەڵک وەرگرن و لە هەر حاڵدا بۆ درێژەی تەمەنی سوڵتان و گەورەیی و سەربەرزی شایانی ئەو دۆعاگۆ بن و قەدری پلەی بەرز و بەنرخی خۆتان بزانن.

لە ڕێکەوتی بیست و پێنجومی شەواڵولـموکەڕڕەمی ١٣٣٤ی کۆچی مانگی.

لە لایەن مەقامی دارولخەلافەوە.

## فەسڵی شەشەم:
## کەسایەتیی عیلمیی حاجی بابەشێخ

حاجی بابەشێخ نەک هەر لە بواری ئایینی و سیاسیدا کەسایەتییەکی ناسراو و نێوبەدەرەوە بووە و لە زۆربەی گیر و گرفت و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکەدا ڕوویان لێ ناوە و هاوکارییان لێ ویستووە، بەڵکوو لە بواری زانستی و ئایینیدا لە ڕیزی زانایانی ئایینی خاوەن فتوا هەژمێردراوە. بۆ وێنە زۆر جار لە بابەتە شەرعییەکانی وەک زەکات و تەڵاق و ... لە شوێنی دوور و نزیکەوە پەنایان بۆ هێناوە و تەنانەت زانا ئایینییەکان پرسیان پێ کردووە و فتوایان لێ ویستووە. سەرەڕای ئەوانەش، پێویستە ئاماژە بەو خاڵەش بکەم کە دایرەی زانستەکانی حاجی بابەشێخ تەنیا لە بواری دینی و شەرعیدا سنووردار نەبووە، بەڵکوو لە چەندین لقی زانستیی سەردەمی خۆی وەک ڕیازیات و ئەستێرەناسیی قەدیمیدا خاوەنی ڕیسالە و نووسراوە و کتێب بووە.

پێش هەموو شت بە پێویستی دەزانم ناوی ئەو مامۆستایانەی کە حاجی بابەشێخ لە لای ئەوانی خوێندووە، ئاماژە پێ بکەم کە بریتی بوون لە:

١. مامۆستا مەلا ئەبووبەکری شیلاناوێ کە یەکەم مامۆستای حاجی بابەشێخ بووە،

٢. مەلا حەمەحەسەنی قزڵجی (ابن القزلجی) کە بە مەلای گەورە ناوی دەرکردبوو،

٣. مەلا ساڵحی سەردارئابادی

٤. حاجی مەلا عەبدوڵڵای وەڵزی

٥. مەلا قادری کانیکەوەیی ناسراو بە مەلای بیارە کە حاجی بابەشێخ لە لای ئەو لە گوندی بیارە ئیجازەنامەی وەرگرتووە

٦. مەلا ئەمینی جەففار کە حاجی بابەشێخ عیلمی جەفری لە لای خوێندووە لە سلێمانی.

هەرچەند حاجی بابەشێخ بە هۆی سەرقاڵبوون بە گیر و گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕەنگبێ کەمتر دەرفەتی دەرسوتنەوەی وەک مامۆستایەکی ئایینی بووبێ، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش، لە زانستە ئایینی و غەیری ئایینییەکانی وەک ئوسوولی فیقهـ و تەفسیر و شەرع و حەدیس و ڕیازیات و تەنانەت عیلمی حرووفدا دەرسی کوتۆتەوە و زانایانێک وەک:

١. مەلا عەلی ڕەببانی (مەلا عەلی بوغدەکەندی)

٢. حاجی مەلا عەبدوڵڵا محەممەدی (ئیمام جومعەی پێشووی سەقز)

٣. مەلا محەممەدسادق حەفیدی قزڵجی (قازی کاکەحەمە)

٤. حاجی سەیید محەممەد نوورانی (سەییدی زەنبیل)

٥. سەیید کامیل ئیمامی (مامۆستا ئاوات)

٦. مەلا ئەسعەدوڵڵا تالشی

٧. مەلا حەکیم تالشی[1]

٨. مەلا ئەحمەدی وەڵزی

٩. سەیید عەبدولعەزیزی سەیادەت (کوڕی گەورەی حاجی بابەشێخ)

١٠. مەلا عەبدوڕڕەحمان تاهیری (حاجی مەلا ڕەحمانی مەڕخوز)

١١. مەلا سەیید مەجید سەیید ڕەحمانی و مامۆستایانێکی دیش کە ناوی هەموویانم بۆ پەیدا نەبووە، لە لای حاجی بابەشێخ دەرسیان خوێندووە.

حاجی بابەشێخ چەندین ڕیسالە و کتێبی نووسیوە کە بریتین لە:

١. کتێبی تەنقیدی هەیئەتی جەدید لە ئەستێرەناسیدا بە زمانی فارسی کە ئەو کتێبە ماوە بەڵام چاپ نەکراوە؛

٢. ڕیسالەیەک لە سەر داهێنانی قاعیدەی تەعدیلولئەعداد بۆ حەلی مەسئەلەی جەوهەرە لە ڕیازیاتدا

---

١. هەر دوو برا بوون و لە گیلانەوە هاتبوون.

٣. شێوازێک بۆ حەلی کسووری موتەداخیلەی موتەساعیدە لە ڕیازیاتدا
٤. شێوازێک بۆ دەرهێنانی جەزری ئەسەم لە ڕیازیاتدا
٥. ڕیسالەیەک لە عیلمی حرووف و ئەوفاق و مورەببەعی کەبیر
٦. پەراوێز لە سەر کتێبی توحفەی شێخی ئیبنو حەجەر
٧. ڕیسالەی مفتاحولسەعادە لە ئادابی دین و ئیمان بۆ تازەلاوان
٨. عەقیدەی کوردی کە حاجی بابەشێخ بە شێوازی شێعر ئەرکانی ئیمان و چۆنایەتیی ڕۆژی ئاخیرەت و ژمارەی پێغەمبەران و ژیانی پێغەمبەری ئیسلامی بۆ منداڵان هۆندووەتەوە.

لەو نووسراوانەی حاجی بابەشێخ تەنیا کتێبی تەنقیدی هەیئەتی جەدید و ڕیسالەی میفتاحولسەعادە و عەقیدە کوردییەکە ماون و ئەوانی تر بە داخەوە نەماون؛ بەڵام بەڵگە بۆ پشتڕاست کردنەوەی ئەوانی تر چەندین نووسراوەیە؛ یەکەم، نووسراوەیەکی خودی حاجی بابەشێخ کە لەودا ئاماژەی بە چۆنایەتیی نووسینی ئەو چەند ڕیسالەیەی لە ڕیازیاتدا تێدایە کە دەسنووسی خۆیەتی و ئێستاکە ماوە؛ دووهەم، نامەی بەرپرسی زانکۆی ئازەربایجان لە شاری تەورێز بۆ حاجی بابەشێخ کە لە ڕۆژنامەی ژمارە ٧٦ی کوردستانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا چاپ بووە و ئاماژەی بە ڕیسالەی ڕیازی حاجی بابەشێخ کردووە کە دواتر بە وردی باسی دەکەین؛ بەڵگە یا سەرچاوەی سێهەم بۆ ئەو نووسراوانەی حاجی بابەشێخ، کتێبی «مێژووی مەشاهیری ئیسلام» نووسراوەی قازی محەممەدی خزری شنۆییە کە ژیاننامەی حاجی بابەشێخی بە کورتی نووسیوە و خۆی ئەوانەی لە زمانی حاجی بابەشێخ بیستووە و نووسیویە.

حاجی بابەشێخ کتێبی تەنقیدی هەیئەتی جەدیدی لە وەڵامی ئەستێرەناسانی تازە وەک کیپلرووفە لاماریوندا نووسیوە و ڕەخنەی زانستیی لە بۆچوونەکانی ئەوان گرتووە و زیاتری بابەتەکانی چۆنیەتی پێکهاتنی وەرزەکانی ساڵ و کورت و درێژیی ڕۆژ و شەو و شێوەی هەڵسووڕانی زەوی بە دەوری ڕۆژدا دواوە.

حاجی بابەشێخ ئەو کتێبەی لە ساڵی ١٣٢٩ی هەتاوی (١٩٥٠زایینی)دا نووسیوە و بۆ چاپی کتێبەکەش نامەی بۆ عەلی مەنسوور، سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێران نووسیوە و داوای هاوکاری بۆ چاپی کتێبەکە لێ کردووە. بەڵام لە نامەیەکدا کە ڕێکەوتی

١٣٢٩/١١/٣ی هەتاوی (١٩٥١/١/٢٣زایینی)ی پێوەیە، لە لایەن وەزارەتی فەرهەنگەوە وڵامی بۆ هاتۆتەوە کە بە هۆی نەمانی ئیعتبار بۆ چاپی کتێبی غەیری دەرسی لە چاپی ئەو کتێبەی ئێوە مەعزوورین.

نوسخەی دەسنووسی ئەو کتێبە ئێستاکە لە کتێبخانەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی ئێراندا هەڵگیراوە؛ بەڵام بە خۆشییەوە هەر ئەوکات حاجی بابەشێخ ڕوونووسێکی لەو کتێبە لە لای خۆی ڕاگرتووە کە ئێستا لە ڕووی ئەو ڕوونووسەوە هێندێک لە پێشەکی ئەو کتێبەم وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و گواستوومەتەوە بۆ ئێرە. ئەمەش وەرگێڕدراوی بەشێک لە پێشەکیی کتێبی تەنقیدی هەیئەتی جەدید.

"ئێستا کە گەنجانی دونیای پێشکەوتوو لە گەڵاڵەدانان بۆ ئەوەدان کە بە کەڵک وەرگرتن لە سەفینەگەلی فەزایی بۆ کورەی مرێخ پەل باوێن و لە خەیاڵی خواردنی نەهار لە میوانخانەکانی کورەی مانگدان هەر لەوکاتەدا زانایانی ئیسلام لە سەدەی سێزدە و چاردەدا (کۆچی مانگی) لە ئاسیا و ئەفریقا بە هۆی سەرقاڵی و ڕامان لە زانستەکان فەلسەفەیان فڕێ داوە و بە زانستی ڕیازی و هەندەسە نەیانتوانیوە وەڵامی پرسیارەکانی ئەو بابەتە لە عیلم بدەنەوە و بە سەر زانستی ئەستێرەناسیشدا شارەزایی ئەوتۆیان نەبووە، بە ناچاری لە بەرامبەر بانگەوازی پەڕتەوی زانستی ئوروپاییەکان ئەسپەرەیان فڕێ داوە و لە شەرح و ڕاڤەی «کەلامولڵا»ی گەورە تێ‌ماون و دەستیان کردووەتە حاشا کردن و لادانی مانای ئایاتە ڕۆشن و دەقە ئاشکراکانی قورئانی مەجید. بە کورتی" نەگەیشتن بە حەقیقەت و ڕێی ئەفسانەیان گرتە بەر".

جا هەر بۆیە منێ کە کەمترینی سادات و زانایانم و سەیید عەبدولڕەحمانی بابەشێخم و چل ساڵ لە تەمەنی خۆم لە لێکۆڵینەوەی ئەو زانستانەدا تێپەڕاندووە، ئەم کتێبەم بە ناوی «تەنقیدی هەیئەتی جەدید» لە دوو ڕیسالەدا نووسیوە. ڕیسالەی یەکەم لە ڕەد کردنەوەی شێوازی هەیئەتی فەلاماریۆنی و ڕیسالەی دووهەم شی کردنەوە و لێدوان لە سەر بۆچوونی دروستی بارودۆخی چۆنایەتیی هەڵسووڕانی کورەکانی دونیای جیسمانی.

ئەو کتێبەی حاجی بابەشێخ لە بابەتی چۆنایەتی لێکۆڵینەوە و مێژووی ئەو زانستە لە دونیای ئیسلام و هەروەها مێژووی زانست و بۆچونی زانایان لە وڵاتی کوردەواری گرینگ و پڕ بایەخە.

جگە لەوەش لەو بابەتەوە کە حاجی بابەشێخ لەو بوارەشدا لێکۆڵینەوە و نووسراوەی هەیە، جێی سرنج و تێڕامانە لە بابەتی مەقالەی داهێنانی «فۆرموولی جەزری ئەسەم» کە یەکێک لە کارەکانی حاجی بابەشێخ لە ڕیازیاتدایە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژومارە ٧٦ بە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٥/٥ی هەتاوی (٢٧ ژولای ١٩٤٦ی زایینی) کە لە مەهاباد چاپ دەبوو،

نامەیەکی بە واژۆ (ئیمزا)ی دوکتور موهەندیس پاپاسیان کە بەرپرسی زانکۆی ئازەربایجان لە تەورێز بووە بۆ حاجی بابەشێخ تێدایە ئەمەش دەقی وەرگێڕدراوی نامەکە:

ئاغای حاجی سەیید بابەشێخ مەقالەی چاپکراوی ڕۆژنامەی کوردستانی ژومارە ٦٣ کە پێوەندی بە داهێنانی فۆرموولی «جەزری ئەسەم» بوو خوێندمەوە و لە داهێنانەکەی ئێوە زۆر شادمان بووم. داخوازیم ئەوەیە کە بە نامە لەگەڵ ئێمە لە زانکۆی تەورێز لە پەیوەندیدا بە تا ئێمە لەو داهێنانە تازەی ئێوە زانیاریی زیاتر وەدەس خەین و بزانین تا چ ڕادەیەک بایەخی هەیە. یا ئەگەر بۆتان دەگونجێ بێنە تەورێز تا لە نزیکەوە لە خزمەتتاندا ئیرادەت و هۆگریی زیاتریش پەیدا بکەین.

واژۆ: دوکتور موهەندیس پاپاسیان

بەرپرسی زانکۆی ئازەربایجان ـ تەورێز ١٣٢٥/٥/٥

بە داخەوە ژومارەی ٦٣ی ڕۆژنامەی کوردستان لەو ژومارانەن کە نەماون.

جگە لەوە، بە خۆشییەوە حاجی بابەشێخ بە قەڵەمی خۆی لە بابەتی نووسینی چەند ڕیسالەیەک لە زانستی ڕیازیاتدا نووسراوەیەکی هەیە کە بە زمانی فارسییە و زۆر گرینگ و پڕ بایەخە. ئەوەش وەرگێڕدراوی نووسراوەکەی حاجی بابەشێخ:

«لە ڕێکەوتی یەکێک لە ڕۆژەکانی سەرەتای زستانی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی (١٩٤٧ی زایینی) کاتێک کە لە ژووری مەدرەسەی دارولعیلمی تورجان سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبە دینییەکان بووم جەنابی فازلی زانا ئاغای مەلا محەممەدهادی ئەفخەمزادە لە بابەت پرسیارێکی کە لەمەڕ چۆنایەتیی دانی زەکات ئاراستەیان کردبوو هاتن و فەرموویان ئەگەر کەسێک سەد مسقاڵ زێڕی سی ساڵ ڕاگرتبێ و زەکاتی شەرعی بە موستەحەقین نەدابێ و ئێستا بیهەوێ زەکاتی ئەو ساڵانەی ڕابردووی لێ بدا، چەندی لەو زێڕە بۆ دەمێنێتەوە؟ هەروەک ڕوون و بەرچاوە چونکو هەر ساڵی دەبێ چل یەکێکی لە پاشماوەی زێڕەکەی بە زەکات بدا، حیساب کردن و لێکدانەوەی ئەو مەسئەلەیە نیازی بە وردبینی و لێکدانەوەی تایبەتی خۆی هەیە. بەندە بە مەبەستی خزمەت بە هاووڵاتیان و موسوڵمانان بە زمانی فارسی ڕیسالەیەکم نووسی کە چەندین بابەتی گرتووەتەوە.

یەکەم بە هۆی ئەوە کە فەرموودەی جەنابی زانای ناوبراو لە بابەتی دەرهێنانی میزانی زەکاتەکانی سەریەک کەوتوبوو، هەروەها چونکو لە داهاتووشدا بۆ وەدەستهێنانی ئەو جۆرە مەسئەلانە شێوازێکی زانستی بۆ خوازیاران و خوێندکاران لە بەردەستدا بێ، شێوازی «کسووری موتەداخیلەی موتەساعیدە»م دەرهێنا و بە دوای ئەوانەدا ڕێوشوێنی زانستی تەعدیلولئەعداد کە چەند ساڵ لەمەوبەر بۆ حەلی نارێکییەکانی مەسئەلەی جەوهەرە نووسیبووم هەر لە دوای ئەو دوو بابەتەدا هێناومە و چونکو ئەو بابەتانەی باس کرا پێوەندی بە زانستی عەدەدەوە هەیە و عەدەدیش بە «کەمی مونفەسیل» دەزانم، ویستم مەسئەلەی جەزری ئەسەم لە «کەمی موتتەسیل»دا کە چەندین سەدەیە بیر و فیکری فەیلەسووفانی بە خۆیەوە گرتووە و شێوازی گشتی بۆ وەدەرخستنی دانەندراوە بنووسم و سەرچاوە و هۆکاری حەلی نارێکییەکانی ئەو مەسئەلەیە شی کەمەوە، ڕەنگە زانایان و گەورەپیاوان بە خوێندنەوەی ئەو بابەتانە یادێکی خێریش لە ئێمە بکەن.»

ئەوە دەقی نووسراوەکەی حاجی بابەشێخ بوو لە بابەتی نووسین و دەرهێنانی چەندین

شێوازی ڕیازی کە بە داخەوە خودی ئەو ڕیسالانە ئێستاکە نەماون تا پسپۆڕان لەو بابەتەوە ڕا و بۆچوونی خۆیان دەربڕن.

ئەوەی کە لە نووسراوەکەی حاجی بابەشێخ و هەروەها کتێبی تەنقیدی هەیئەتی جەدید و نامەی بەرپرسی زانکۆی ئازەربایجان دەردەکەوێ، ئەوەیە کە ئەو زانایە لە زانستەکانی وەک ڕیازیات و ئەستێرەناسیدا کە لقێکە لە زانستی فیزیک، شارەزایی و پسپۆڕییەکی کەم‌وێنەی بووە. ڕەنگبێ خوێنەران ئەوە بزانن کە ئەو زانستانە لە دایرەی زانست بە مانای گشتی بە حیساب دێن و لەگەڵ زانستە ئایینی و دینییەکان کە زۆربەی زانایانی ئایینی خوێندوویانە و دەیخوێنین، جیاوازیی بنەڕەتییان هەیە. ئەوانە زانستێک نین کە هەر زانایەکی ئایینی بیزانێ، هەر وەک ئێستاش هیچ مامۆستایەکی ئایینی لە سەر ڕیازیات و فیزیکدا شارەزایی نییە.

گرنگیی کاری حاجی بابەشێخ لەوەدایە کە لەو زانستانەدا کتێب و ڕیساڵە و داهێنانی قاعیدە و شێوازی تازەی بووە کە لە ڕۆژنامەی ئەو سەردەمدا چاپ کراوە و بەر چاوی پسپۆڕان و ئەندازیارانی زانکۆ کەوتووە.

لە پێوەندی لەگەڵ لایەنی زانستیی حاجی بابەشێخ، قازی خزری شنۆیی لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی «مێژووی مەشاهیری دونیای ئیسلام» لە لاپەڕەی ٧٤٧دا نووسیویە:

> «حاجی بابەشێخ سەرەڕای زانست و لێزانی زۆری کە لە زۆربەی زانستە ئایینییەکاندا بوویەتی، لە ئەستێرەناسی و ڕیازیاتیشدا بەتایبەت جەبر و موقابەلە و حیکمەتدا زۆر پسپۆڕ و شارەزا بووە.»

هەروەها لە لاپەڕەی ٣٥٧ی هەمان کتێبدا نووسیویە:

> «شارەزایی حاجی بابەشێخ لە ڕیازیاتدا بە ڕادەیەک بوو کە بە هەموو زانایان و پسپۆڕانی زانستی ڕیازیی سەردەمی خۆی لە ئێران ڕاگەیاندبو کە دەتوانێ لە حوزووری ئەوان "جەزری ئەسەم" بە باشی تاووتوێ کا و وەدەری خا.»

مامۆستا هێمن لە پێشەکیی "تاریک‌وڕوون"دا نووسیویە:

> «حاجی بابەشێخ لە ڕیازیاتی کۆندا زۆر شارەزا بووە.»

مامۆستا هێدی لە کتێبی "ئاوێنە شکاو"ی خۆیدا لە لاپەڕەی ٧٤دا لەگەڵ لێدوانێک لە

سەر حاجی بابەشێخ نووسیویە:

نازانم ئەو حاجی بابەشێخە بۆ خوێنەرەوەی ئەم دێڕانە چۆن و چەند ناسراوە و چ لە ڕابوردووی شەخسییەتی عیلمی و کۆمەڵایەتی و جەوهەری زاتیی وی دەزانێ؟ کە بەڕاستی بێجگە لەوەی کە بە سەر هەموو لایەنەکانی عیلم و زانستدا زاڵ بوو، لە بوارەکانی تری شەخسییەتیشدا هەڵکەوتوو بوو، لە بەر ئەو زانست و ئازایەتییە لە لایەن "ویلهێڵم"ی قەیسەری ئاڵمان و ڕەزاشاوە خەڵات کرابوو و قەیسەر دووربین و ڕەزاشا عەسای جەواهێر نیشانیان بۆ ناردبوو، کاتێک دوای تێکچوونی کۆمار لە خزمەت مەحموود ئاغای ئێلخانیزادە و حاجی حەمەد ئاغادا لە تورجان (گوندی جێی دانیشتنی) چووینە خزمەتی، ئەمری کرد ئەو خەڵاتانە بێنن کاک خالید بیانبینێ و، من هەردووکیانم دیت کە بەڕاستی عەسا جەواهێر نیشانەکە زۆر سەیر ڕازابۆوە، لە بەر ئەو هەموو ئەڵماس و جەواهێراتە کە تێی گیرابوو هەر بریقەی دەهات و پیاو لە تماشا کردنی تێر نەدەبوو».

لە کۆتایی ئەم بەشە لە کتێبی ژیاننامەی حاجی بابەشێخ، بیرەوەریی یەکێک لە فەقێکانی دێرینی خوێندنگای تورجان کە ئێستا خۆی مامۆستایەکی تەمەن سەرووی ٨٠ ساڵە، لە بابەت حاجی بابەشێخەوە دەنووسین.

مامۆستا مەلا محەممەدی هیدایەت گێڕایەوە:

«لە تورجان لە خزمەت مامۆستا مەلا حەسەنی ئەدیب دەمخوێند. ڕۆژێک چەند کەسێک لە ناوچەی مەنگوڕایەتییەوە بۆ پرسی تەڵاقی کەسێک هاتن بۆ تورجان کە چەند کاغەز و نووسراوەشیان دیار بوو لەو بابەتەوە پێ بوو. کە بۆمان ڕوون بۆوە ئەوە فتوای کەوتنی تەڵاقێک بوو کە گەورەمامۆستایانی مهاباد و بۆکان ئیمزایان کردبوو کە ئەو تەڵاقە کەوتووە. ئەو کەسانەش بۆ ئەوەی بە یەکجاری خاترجەم بن هێنابوویان بزانن ڕا و بۆچوونی دارولعیلمی تورجان لەو بابەتەوە چۆنە؟ کە فتوانامەکەیان هێنا، من لە خزمەت مامۆستای ئەدیب بووم و ئەویش زۆر بە وردی تێی ڕوانی و خوێندیەوە و بێ ئەوەی هیچ ڕا و بۆچوونێک دەربڕێ، بە منی فەرموو: فەقێ محەممەد، هەستە ئەو کاغەزە بەرە خزمەت شێخ، بزانە ڕای ئەو چییە لە بابەت ئەو تەڵاقە وە؟ شێخ لەو کاتەدا لە ژووری خۆی بوو، منیش لە دەروازەم دا و لێم هەڵگیرا و چووم و کاغەزەکەم بردە خزمەت حاجی بابەشێخ؛ فەرمووی: دانیشە کوڕی من. دوای ئەوەی ئەویش بە وردی خوێندیەوە، فەرمووی بچۆ عەرزی مامۆستا بکە کتێبی "فەتاوای کوبڕا" هەر لە حوجرە لە خزمت خۆیدا هەیە، تماشای کا؛ ئەو تەڵاقە پێوەندی بەو فتوایەوە نییە کە ئەو مامۆستایانە لە ڕووی ئەوەوە تەڵاقەکەیان خستووە، بەڵکوو یەک دوو فتوا خوارتر پێوەندی بەوەوە هەیە و ئەو تەڵاقە ناکەوێ و دوای ئەوەی فتواکەی دییەوە وەڵامەکەیان بۆ بنووسێتەوە. منیش چوومەوە حوجرە و مامۆستای ئەدیب کتێبەکەی هێنا، کە جوان تاووتوێی کرد و لێی ڕوانی، فتواکەی دییەوە و دیار بوو تەڵاقەکە نەدەکەوت و بەو جۆرە وڵامەکەی بۆ نووسین، ئیتر ناوێکیشی لە حاجی بابەشێخ نەبرد!!

## فەسڵی حەوتەم:
## دەسەڵاتی مەعنەویی حاجی بابەشێخ

نووسەر: کاک ناسر عەلیار

بە پێچەوانەی هەندێک وڵاتی ئیسلامی، لە کوردستاندا لە نێو ڕابەرانی مەزهەبیدا لە دووسەت ساڵ لەمەوبەرەوە شێخەکانی تەریقەت باڵادەست بوون نەک مەلاکان. جا هەر بۆیە لە وڵاتدا بە دەگمەن مەلای وا هەبووە خاوەنی دەسەڵاتێکی مەعنەوی بووبێ. ئەو تاک و تەرا مەلایەش زۆرتر بە هۆی پێوەندی بە بنەماڵەیەکی عەشیرەتییەوە یا بە هۆی مڵکدارییەوە بووە یان پۆیەکیان لە شێخایەتی پێوە بووە. لەوانە لە موکریاندا: مەلا خەلیل گۆڕۆمەر، شێخ محەممەدی خانەقا، حاجی بابەشێخ، حاجی بایزاغا، شێخ ئەمینی بێژوێ، تا ڕادەیەکیش مەلا حوسێنی مەجدی. هەرکام لەو کەسایەتیانە وەک کۆڵەکەیەک وا بوون کە مەسەلە شەرعییەکان و ڕووداوەکانی سەر بە دین و مەزهەب و بگرە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانیش بە دەوری ئەواندا دەخولاوە و دەهاتە بەردەمی ئەوان.

لەوانە کە باس کران، حاجی بابەشێخ چالاکتر و زیاتر لە کاردا بووە و دەوڵەت و میللەت زۆر جار دەستەودامێنی دەبوون بۆ ناوبژیی بەینی دەوڵەت و عەشیرەتەکان یا بەینی عەشیرەتەکان خۆبەخۆی، وێنەی زۆر لە بەڵگە و نووسراوە و بیرەوەری لەو بارەوە هەن کە ئەم کتێبەی بەردەستتان هەندێک لەوانەی خستۆتە ڕوو. دیارە ئەو نەوعە کەسایەتیانەی باس کران چەند تایبەتمەندییان تێدا بووە تا سەرەڕای باوی کۆمەڵی کوردەواری کە شێخەکانی دەخستە لای ژوورەوە، ئەوانیش وێڕای شێخەکان دەگەیشتنە پلەی دەسەڵاتی

مەعنەوی (واتە «اقتدار» کە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە لە تەک «قدرت»دا فەرقی هەیە). مەبەست لە دەسەڵاتی مەعنەوی دەسەڵاتێکە بەبێ مڵک و ماڵی زۆر و تایەفەی زۆر و چەکدار و دستوپێوەند و خەڵات و بەخششی دەوڵەت؛ یانی هەموو ئەو شتانەی کە بە عادەت حاکمانی سەر بە دەوڵەت و میر و قوڵەمیر و ئاغاکان هەیانبووە. تایبەتمەندییەکانی مەلایانی دەسڕۆیشتوو و خاوەنی دەسەڵاتی مەعنەوی ئەوانەن:

١. شارەزایی لە سەر دین و مەزهەب.

٢. سیاسەتوانی و شارەزایی مامەڵە لەگەڵ چین و توێژەکانی خەڵک.

٣. بوێری و نەترسان.

٤. یەکڕوویی و بێغەرەزی.

ئەو خەسڵەتانە هەمووی، کەم و زۆر لە حاجی بابەشێخدا بەرچاو بوون. زۆر جار لە ناوچەدا وەک حاکمی شەرعێک هەڵسوکەوتی کردووە. دەسەڵاتی مەعنەویی ئەو جۆرە مەلایانە وەک لە وڵاتانی دیکەشدا دەرکەوتووە، دوو لایەنی لێ کەوتۆتەوە: لایەنێکی وەک ئەستووندەکی تاوڵ، سەرفی پاراستنی هەبوون و هەویەی مەزهەبی و قەومایەتیی گەل دەبێ، زۆر جار بۆتە پاڵپشت؛ بەتایبەت بۆ گەلی کورد کە کێشەی قەومی و مەزهەبی هەیە، بوونی ئەو جۆرە کەسانە لە گۆڕەپانی فەرهەنگ و سیاسەتدا کێشەکان بە قازانجی گەلدا دەشکێنێتەوە؛ بەڵام کاتی واش هەبووە هێزی مەعنەویی ئەو جۆرە کەسانە پێشی بە تازەگەریی پێویستی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و مەزهەبی و سیاسی گرتووە و لە دواکەوتوویی کۆمەڵگادا دەوری گێڕاوە. هەر کام لەو مەلایانەی باس کران، هەر دوو دەورەکەیان بینیوە، حاجی بابەشێخیش سەر بەو بابەتەی باسی لێ کرا، هەمان خووخدەی ئەو پۆلە مەلایەی هەیە؛ بە گشتی بە هەمان تەبیعەتی تایبەت بە خۆیان؛ بەڵام پێموایە بە بۆنەی سیاسەت کردنەوە، حاجی بابەشێخ لە بواری سیاسەتدا زۆرتر چووە بەرەو پیری تازەگەری و لە بەرانبەری شەپۆلی ئاڵوگۆڕی دونیای نوێدا خۆی بە دەستەوە داوە؛ هەرچەند دەوروبەرەکەی لایان وا بووە لە هەستی ماقووڵی خۆشەویستی و سەروەریخوازییەوە تازەگەری سەلماندووە، بەڵام بە لای منەوە لە تێگەیشتنی سیاسی، زیاتر سەرچاوەی گرتووە.

لە بواری مەزهەبیشدا من پێموایە حاجی بابەشێخ هەر سەر بە تاقمی نەریتخواز و

بیرۆکەی شێخ و مەلای سەدان ساڵەی کوردەواری بووە؛ بەڵام جۆرێک لە قەبووڵ و دان پێدانان بە تاقمی نوێخوازی ڕەخنەگری مەزهەبیش لە هەڵسوکەوتەکانیدا بەدی دەکرێ.

لەمەڕ قسەڕەوایی (نفوذ امر)ی حاجی بابەشێخ نەقڵێک مامۆستا هەژار لە "چێشتی مجێور"دا دەیگێڕێتەوە کە بە جوانی بەیانی بابەتەکەی ئێمە دەکا:

> حەمەدی مەولوودە چرچی چەتە گێڕایەوە: خۆم و سێ کەس هاتینە قاوەخانەی گردەبەردان، هەژ نۆ بارگین و ئێستر بە بارەوە بەسترابوونەوە. گوتیان جیازی بووکی حاجی بابەشێخە. دەمم هەڵبەست و بارمان برد و ڕۆیشتین. گەڕامەوە گوتم: بە حاجی بابەشێخ بڵێن حەمەی مەولوود ماڵەکەی برد، چونکە ئەو بۆ هەژدە کەس نۆ نانی ناردبوو! ماڵمان لە عێراق فرۆشت. نامەی حاجی بابەشێخ بۆ شێخ عەلائەددین هات. گرتیانم، ئاخر پووشەکەیان لێ ستاندمەوە. نەمدەزانی شێخ لە سەر یەکتری دەکەنەوە!

## فەسڵی هەشتەم:
## حاجی بابەشێخ و یەکگرتوویی ئیسلامی

بیر و بۆچوونی حاجی بابەشێخ هەر لە سەردەمی لاوەتیەوە لە بابەت ئۆمەتی ئیسلامی و کۆمەڵگای موسوڵمانان وەک ڕۆشنبیرانی گەورەی ئەو سەردەمی دنیای ئیسلام بووە و دیارە فکر و ئەندێشەی کەسانێک وەک شێخ محەمەد عەبدە کەواکەبی و ڕەشید ڕەزا و سەید جەماڵەدین ئەسەدئابادی کاریگەری زۆریان لە سەر حاجی بابەشێخی لاوی تەمەن ژێر ٢٥ ساڵ بووە کە هەر لەو سەردەمەدا بە کۆمەڵەی یەکیەتی ئیسلام پەیوەست بووە و زۆر زوو بۆتە بەرپرسی ئەو کۆمەڵەیە لە کوردستان.

دیارە ئەو ڕۆشنبیرانەی دنیای ئیسلام لەو ڕوانگەیەوە کە وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئورووپایی لە ناکۆکی دنیای ئیسلام بۆ بەرژەوەندی خۆیان کەڵک وەردەگرن دەستیان داوەتە ئەو چالاکیانە و کۆمەڵگای موسوڵمانانیان ئاگادار کردۆتەوە. جا حاجی بابەشێخیش وەک کەسایەتییەکی ئایینی لە وڵاتی کوردستان ئەو بیر و بۆچوونەی بووە و پێی وابووە شەڕی فیرقەیی و مەزهەبی سەرچاوە لە دواکەوتوویی و بێخەبەری دەگرێ کە لە بەرژەوەندی گشتی دونیای ئیسلامدا نییە و ناتەوانی لە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی پیلانەکانی وڵاتە ئیستیعمارییەکانە بۆ وڵاتانی دواکەوتوو. سەرەڕای هەموو ئەوانە، شەڕی فیرقەیی بە قازانجی گەلی کوردی سوننی لە ئێراندا کە کەمینەن نەزانیوە.

ڕەنگبێ هاوڕا نەبوون لەگەڵ مەلا خەلیلی گۆڕۆمەر کە لە سەردەمی ڕەزاشادا لە بەرابەر یاسای یەکدەسبوونی لیباس فتوای دەرکرد و شەڕی خوێناوی لێ کەوتەوە، هەر لەو بیر و بۆچوونەوە سەرچاوەی گرتبێ. هەربۆیە حاجی بابەشێخ بە پێچەوانەی مەلا خەلیل فتوای

دەرکرد کە هیچ کەس بە لەبەرکردنی شەڵوار و کڵاوی عەجەمی کافر نابێ. هەرچەند ئەگەری ئەوە هەیە کە هێندێک کەس پێیان وابێ ئەو فتوایەی مەلا خەلیل سەرچاوە لە هەستی نیشتمانپەروەریی ئەوەوە دەگرێ و لە بەر پاراستنی پۆشەنی کوردی، ئەو فتوایەی دابێ؛ لە کاتێکدا هەڵوێستی مەلا خەلیل لە سەردەمی کۆماری کوردستانیش کە هەموو بەڕێوەبەرانی ئەو حکوومەتە کوردییەی بە کافر دانابوو، ئەوە پشت ڕاست ناکاتەوە.

یەکێکی دی لەو نیشانانەی کە ئەو هەڵوێست و بیر و بۆچوونەی حاجی بابەشێخ وەدەر دەخەن، دانیشتن لەگەڵ ئایەتوڵڵا مەردووخی کوردستانی لە بابەت دەسکێشانەوەی ئایەتوڵڵا لە نووسینی کتێب لە دژایەتی بە مەزهەبی شیعە کە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی کێشەی نێوان شیعە و سوننی، گفتوگۆی کردووە؛ حاجی بابەشێخ چەندین جار لەو بابەتەدا لەگەڵ ئایەتوڵڵا لە شاری سنە لە ماڵی ئاغای موجتەهیدی کە دۆستی حاجی بابەشێخ بووە چاوپێکەوتنی بووە.

لە لایەکی دیکەوە و لە هەمان کاتیشدا سەیید عەبدولعەزیزی کوڕە گەورەی خۆی کە زانای ئایینی بوو، ناردۆتە لای گەورە مەرجەعی شیعە، ئایەتوڵڵا برووجێردی، کە لە شاری قوم دادەنیشت، ئەویش هەر بۆ وتوویژ لە سەر پێشگیری لە بێڕێزی و بێحورمەتی بە مەزهەبی سوننی لە لایەن هێندێک لە زانایانی شیعەوە؛ هەروەها داوای لە ئایەتوڵڵا برووجێردی کردبوو کە ئەو کتێبانەی وەک کتێبی "مەجلیسی" و کولەینی" کە زۆریان بێحورمەتی و بابەتی دوور لە ڕاستی لە بابەت جێنشینانی پێغەمبەری ئیسلام تێدایە کۆ کرێتەوە و چاپ نەکرێن.

ئەو هەڵسووڕانانەی حاجی بابەشێخ دەگەڕێتەوە بۆ چەند ساڵ پێش کۆچی دوایی خۆی و هەر بۆیەش بە بۆنەی کۆچی دوایی حاجی بابەشێخ، ئایەتوڵڵا برووجێردی نامەی پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی سەیید عەزیزی کوڕی حاجی بابەشێخ دەکا و لێرەدا نامەکە چاپ کراوە. ئەوەش دەقی فارسیی نامەکەی ئایەتوڵڵا برووجێردی، (ناوی چکۆلەی ئایەتوڵڵا برووجێردی، حوسەین تەباتەبایی بووە):

## نامەی ئایەتوڵلا برووجێردی بۆ سەیید عەبدولعەزیزی سەیادەت بە بۆنەی کۆچی دوایی حاجی بابەشێخەوە

بسم الله الرحمن الرحیم

حضور جناب مستطاب آقای عبدالعزیر سیادت اَدامه الله تعالی تأییده و توفیقه

مرقومۀ جنابعالی را آقایان اخوانتان سید عبدالقادر و سید مصطفی سیادت رسانیدند. از اینکه مرقوم داشته بودید والدتان متوفی شده متأثر شدم. امید است ایشان مشمول رحمت واسعۀ خداوند عزّ شأنه شوند و جنابعالی و سایر مصیبت‌زدگان را صبر جمیل و اجر جزیل عطا فرماید. امید است در این مواقع دعاء و توجه حقیر را فراموش نکنید. از قرار مسموع حوزۀ علمیۀ آنجا را اداره می‌کنید. مقتضی است برای تدریس محصّلین اشخاص صالح و بالیاقت انتخاب فرمایید.

والسلام علیکم و رحمة الله و برکاته

٢٢ رجب ١٣٧٩ [هجری قمری]

حسین الطباطبایی

واتە:

بە ناوی خوای گەورە و دلۆڤان

[بۆ] پێشگای بەڕێزی موستەتاب، ئاغای عەبدولعەزیز سەیادەت خواوەندی مەزن سەرکەوتنی درێژە پێ بدا.

نووسراوەی بەڕێزتان، ئاغایانی براتان، سەیید عەبدولقادر و سەیید مستەفا سەیادت هێنایان. ئەوەی کە نووسیبووتان باوکی بەڕێزتان کۆچی دوایی کردووە، پەشێو و نارەحەت بووم، هیوادارم زاتی پاکیان بکەوێتە بەر ڕەحمەتی بێ‌سنووری خواوەندی گەورە و بێ‌هاوتا و بەڕێزتان و هەموو ئەو کەسانەی کە لەو خەسارەدا هاوبەش بوون، لە خوای گەورە داوا دەکەم تاقەتی ئەو ڕەنج و تاڵییەتان زیاد کا و خۆڕاگریتان چەند بەرابەر کا.

هیوادارم لەو کاتانەشدا دوعا و هاوغەمی ئەم بچووکەشتان لە بیر نەکەن.

بیستوومە کە خوێندنگای دینیی ئەوێ بەڕێوە دەبەی، داوات لێ دەکەم بۆ خوێندن لە کەسانی پاک و ڕاست و لێهاتوو کەڵک وەرگری.

سڵاو و درووود و ڕەحمەتی خودتان لێ بێ.

٢٢ ڕەجەبی ١٣٧٩ ـ حوسێن تەباتەبایی

## فەسڵی نۆهەم:
## حاجی بابەشێخ و ئەدەبیات

حاجی بابەشێخ وێڕای ئەوەی کە لە زانستە ئایینییەکان و ئەو زانستانەی وەک ڕیازیات و ئەستێرەناسیشدا شارەزایی بووە و تەنانەت خاوەنی ڕا و بۆچونی تایبەت و نووسراوە و کتێب لەو زانستانەدا بووە، زۆریش هۆگری شێعر و ئەدەبیات بووە. سەرەڕای ئەوەی کە زۆر جار شاعیرانی بە وەرگێڕان یا مانای شێعرێک تاقی کردۆتەوە، خۆشی شێعری بە زمانی فارسی و کوردی هەیە، بەڵام ئەو شێعرانە زۆر نین؛ یا هەر ئەوەندە بوون، یا هەر ئەوەندەیان ماون.

شێعرەکانی حاجی بابەشێخ، بەتایبەت ئەو چەند شێعرە فارسییە، هەر وەک لێرەدا خوێنەران دەیبینن زۆر لە ئاستێکی بەرزی شێعری و ئەدەبیدان؛ بەڵام سەرەڕای ئەوە، حاجی بابەشێخ وەک شاعیرێک ناوی دەرنەکردووە.

لەم بەشەدا بیرەوری چەند شاعیر و مامۆستا لە حاجی بابەشێخ کە پێوەندی بە شێعرەوە هەیە و لە کتێب و نووسراوەکانیاندا هاتووە، پێش شێعرەکانی حاجی بابەشێخ دەخوێنینەوە.

١. مامۆستا حەقیقی لە پێشەکیی کتێبی "دیوانی حەقیقی" لە لاپەڕەی ١٢دا نووسیویە:

> «جێژنێک لەگەڵ سەیید کامیل (مامۆستا ئاوات) چووینە خزمەت زانای بەناوبانگ حاجی بابەشێخ لە گوندی جەمیان؛ مەلا و فەقێی ئەو مەڵبەندە زۆریان لەوێ بوون. ڕووی کردە من فەرمووی بەم دوو شێعرە عەرەبییە کە حەزرەتی عایشە لە وەسفی حەزرەتی محەممەددا فەرموویە ئیمتیحانی شاعیریی تۆ دەکەم. بۆی نووسیمەوە و منیش هەر لەو کۆڕە و لە خزمەت خۆیدا وەرمگێڕاوە سەر شێعری فارسی کە لە ڕادە بەدەری پێ خۆش بوو و پەسەندی کرد و تەحسینی کردم. ئەو ڕووداوە شوێنێکی تایبەتی لە لاپەڕەی بیری مندا جێ هێشتووە. شێعرە عەرەبییەکە و وەرگێڕاوەکەی من ئەمەیە:

وَ لَو سَمِعوا فِي مِصرَ اَوصافَ خَدِّهِ
لَمَا بَذَلوا فی سومِ يُوسفَ مِن نقدِ
لَوّامی زلیخا لَو رَأيْنَ جَبينَهُ
لَأثَرنَ بِقطعِ القلوبِ على الأيدِ

ئەمەش وەرگێڕاوەکەی:

اگر اوصاف خدّش مصریان آن‌دم شنیدندی
خریداران یوسف را به پولی کی خریدندی؟
رخش را طعنه‌گویان زلیخا ار بدیدندی
به جای دست‌های خویش، دل‌ها را بریدندی

ماموستا حەقیقی ساڵها دواتر لە نامەیەکدا کە بۆ ماموستا سەیید عەبدولقادری سەیادەت کوڕی حاجی بابەشێخ نووسیبوو، بە شێعر ئاماژەی بەو ڕووداوە کردووە، ئەمەش چەند بەیتێک لەو شێعرە:

سەیادەت سەییدی پاکیزە گەوهەر!
دوڕی دوڕدانەیی زارا و حەیدەر
گوڵی بێ‌خاری سووری باخ و چیمەن
دوڕی سەرسەوزی بن دەریای ئەحمەر
هەمیسان نامە و شێعرت گەیشتن
کە پێی ڕوون بووە چاوم، نامە سەر سەر
دەزانم شاعیرێکی چاکی ئەمما
بڕستی لێ بڕیوی کاری دەفتەر
لە حاڵی موخلیسی خۆت گەر دەپرسی
لە نەردی پیریا کەوتوومە شەشدەر
جەنابی حاجی باباشێخی بابت
لە گەردوونی فەزیلەتدا بوو ئەختەر
چەلێکی ئیمتحانی شێعری کردم
بە ڕووسووری لە عۆدەی هاتمە دەر

ئەتۆ چۆنی لەگەڵ دنیایە قوربان
هەتن یارانی دیندار و بەجەوهەر
«حەقیقی» موخلیسی خۆتانە
«سەیید»
دۆعاگۆیە هەتاکوو ڕۆژی مەحشەر

خوالێخۆشبوو مامۆستا سەیید عەبدولقادری سەیادەت (سەیید) وەڵامی هەر بە شێعر داوەتەوە، ئەوەش چەند بەیتێک لە شێعرەکەی ئەو:

حەقیقی شێعری دوایی تۆ گەیشتن
وەکوو چەپکێک وەنەوشەی تازە و تەڕ
لە حاجی بابەشێخت کردبوو یاد
مەشامی گیان و دڵ پێی بوو موعەتتەر
لە دنیادا ئەتۆش نەتبوو دڵی خۆش
دڵت خۆش کا خودا ئەمجار لەمەوبەر
بە لوتفی تۆوە هەمدەم زۆرە ئەمما
ئەگەر دینداری جەوهەردار بێ کەمتەر
کەسێ دینی هەبێ خۆی جەوهەرێکە
دروستە پێی بڵێی پیاوی بەجەوهەر
بەیانێکی حەقیقەت بوو کە فەرمووت
بڕستی لێ بڕیوم کاری دەفتەر
قسەی تۆم هێندە پێ خۆشە کە نایدەم
پیاڵێکی بە جۆگێک ئاوی کەوسەر
بەڵام من ئیمتیحانت ناکەم ئوستاد
موجەڕڕەب تەجروبەی ناکرێ موکەڕڕەر

٢. مەلا جەلالی شافیعی سەقز کە نووسەری کتێبی "جوغرافیای تاریخیی کوردستان"ە،

بیرەوەرییەک لە حاجی بابەشێخ دەگێڕێتەوە هەر لە بابەتی شێعرەوە لە لاپەڕەی ٥٢٤ی کتێبەکەیدا، نووسیویە:

حاجی بابەشێخ عەلاقە و پەیوەندی زۆری بە باس و وتوویژی عیلمی لەگەڵ فەقێ و مەلاکاندا بووە. لە ساڵی ١٣٢٩ی هەتاوی (١٩٥٠ی زایینیی) لە دێی تورجان لە خزمەت ئاغا سەیید عەبدولعەزیزی کوڕی حاجی بابەشێخ دەرسی "کافیە"م دەخوێند. حاجی بابەشێخ جارجار دەهاتە ناو فەقێکان، جاری وا بوو ئێمە پرسیارمان لێ دەکرد، جاری وایش بوو ئەو پرسیاری لە فەقێکان دەکرد. لە بیرمە ڕۆژێ هاتە حوجرە بە ڕێکەوت مامۆستا مەلا عەبدوڵلا محەممەدیش لەوێ بوو، ئەم شێعرەی سەعدی (د.خ) لە موستەعیدەکان پرسییەوە:

سَلِ الْمَصانِعَ رَكْباً تَهيمُ فِي الْفَلَواتِ
تو قدر آب چه دانی که در کنار فراتی!

دیارە مەبەستی نیوە عەرەبییەکە بوو. بەڵام فەقێکان نەیانزانی، ئێمە کە سووختە بووین، دانیشتبووین و تماشای دەممان دەکردن، ئیجازەمان نەبوو قسە لەو شتانە بکەین، بەڵام من کە ئەم شێعرەم لە "کلّیات سعدی"دا خوێندبۆوە، دەستم هەڵێنا، موستەعیدەکان لێم تووڕە بوون و وتیان ئێمە نەیزانین تۆ ئەیزانی؟ منیش وتم ئەگەر نەمزانی وەک ئێوە دێمەوە، ئەگەریش زانیم ئەوە دیارە بە حەق دەستم هەڵێناوە. حاجی بابەشێخ فەرمووی: ئافەرین کوڕی مامۆستا، بیڵێ. منیش شێعرەکەم مانا و تەرکیب کرد. حاجی بابەشێخ فەرمووی ئەی هەزار ئافەرین کوڕی مامۆستا، بەڕاستی زانیت، جوانیشت زانی.

٣. مامۆستا سەیید کامیل ئیمامی (ئاوات) گێڕاویەتەوە:

ساڵێک لە تورجان لە خزمەت حاجی بابەشێخی مامما بووم کە جەماوەرێکی زانا و ئەدیبیشی لێ بوو، مامم (حاجی بابەشێخ) فەرمووی: سەیید کامیل بزانم ئەو بەیتە شێعرەی باباتاهیری هەمەدانیم بۆ دەکەیە کوردی! فەرمووی:

شب ار گیرم خیالت را در
آغوش
سحر از بسترم بوی گل آیو

مامۆستا ئاوات فەرمووی منیش خێرا کوتم: جا قوربان هەر وشەکان بکەیە کوردی، دەبێتەوە شێعر؛ ئەمەش کوردییەکەی:

ئەگەر شەو فیکرەکەت بگرم لە باوەش
لە جێگەم دا سبەینێ بۆنی گوڵ دێ

فەرمووی زۆری تەحسین کردم.

٤. سەیید مستەفای سەیادەت کوڕی حاجی بابەشێخ گێڕایەوە:

لە گۆڤارێکی فارسیی ئەو سەردەمەدا شێعرێکی ئەبولحەسەنی وەرزی شاعیری لاوی ئەو سەردەمە کە لە ئێراندا ناوی دەرکردبوو بۆ حاجی بابەشێخی بابم خوێندەوە کە بەیتی یەکەمی غەزەلەکەم خوێندەوە.

آن شب که تو را با دگری دیدم و رفتم
چون مرغ شب از داغ تو نالیدم و رفتم

حاجی بابەشێخ فەرمووی ئەوە هەر قسە نییە شاعیر کوتویە. جا چۆن ئینسان هێندە خۆیڕی دەبێ، کاتێ یارەکەی دەگەڵ یەکی دی ببینێ، لە تاوان وەک قەل دەقرێنێ و هەڵدێ؟

حاجی بابەشێخ فەرمووی درێژەی بدە بزانم دوایە چ دەڵێ؟!

کە بەیتی دووهەمم خوێندەوە:

چون پرتو مهتاب که افتاده و محو
است
بر گوشەی دیوار تو تابیدم و رفتم

ئەم بەیتەی کە وێنە و تەشبیهی شاعیرانەی جوانی تێدایە وای کاریگەری لە سەر حاجی بابەشێخ دانا کە فەرمووی: ئەی هەزار ئافەرین شاعیر! وەڵڵاهی ئەو بەیتەی دیکەشی چاک کردەوە.

«ئەوە نیشاندەری پلەی شێعرناسی و زەوقی حاجی بابەشێخ دەگەیەنێ، کە شێعری لاوازی چۆن لە شێعری ڕێکوپێک و پڕ مەعنا خێرا بۆ لێک بۆوە.»[1]

حاجی بابەشێخ خۆشی جار جار شێعری داناوە، بەڵام تەنیا سێ غەزەل بە زمانی فارسی

---

١. محەمەدسەعید نەجاڕی (ئاسۆ)، *تەمەنی خزمەت، زەمەنی ئەزیەت*، لە سەر حاجی بابەشێخ (چاپ نەبووە)

بەجێ ماوە؛ هەڵبەت بێجگە لەو شێعرانەی کە بە زمانی کوردی، ئادابی دینی بۆ منداڵان نوسیووە، بە ناوی "عەقیدەی کوردی".

لێرەدا بۆ باسی ئەو شێعرانەی حاجی بابەشێخ لە نووسراوەکەی مامۆستا ئاسۆ کە لەو بابەتەوە هەیە کەڵک وەردەگرم.

مامۆستا ئاسۆ: من بۆخۆم شاعیرم و هیچ پێویستیش ناکا بڵێین خۆی تاریف دەکا یان شکستەنەفسی دەکا. لە شێعردا گەیشتوومەتە ئەو پلەیەی کە ئەگەر لە فارسی و کوردی و کەمتاکورتێ لە عەرەبی و تورکیشدا شێعرێ ببینم، بزانم چاکە یان خراپە؟ نەزمە یا شێعرە؟ شاعیرەکەی ئاگادار و زانایە، یا هەر زەوقی باشی شێعری هەیە؟

ئەو پێشداوەرییە بۆ ئەوە بوو کە چاو لەو شێعرەی حاجی بابەشێخ کەن کە ئەگەر تۆزێک شێعرناس بن، دەزانن پلەی زانیاری و زاڵبوونی ئەو بە سەر ئەدەبی فارسیدا تا چ ڕادەیەک لە سەرێ بووە؛ ئەوەش غەزەلەکەی حاجی بابەشێخ:

از تنم افسردگی یک مشت خاکستر گذاشت
استخوانم را زغال خالی از اخگر گذاشت
برنگردد در خزان ما بهار زندگی
این تمنا داغها بر جان اسکندر گذاشت
اشک و آه، آمد شدی خوش داشتند در شهر عشق
تیره‌بختی رخت ما در کوچۀ دیگر گذاشت
محنت بی‌صفوتان چندان گرانی می‌کند
بر من بیچاره نتوان بار سنگین‌تر گذاشت
عهد پایانی ندارد جز زبان هیچ کس
چون تهی‌دستی که در دکّان گرو خنجر گذاشت
هست سالاری که در میدان عرفان نامجوست
آفرین بر وی که پا از سایرین برتر گذاشت
«مخلصا» در هر دو عالم کار مردان مردمی است
نقد واعظ این بود از هر چه در منبر گذاشت

مامۆستا ئاسۆ لە درێژەی وتارەکەیدا نووسیویە:

ئەم غەزەلە کە ڕاست بە شێوازی هیندی دانراوە و بۆنی شێعری «سائیب» و «کەلیم»ی لێ دێ، نیشاندەری شاعیریی باشی دانەرەکەیەتی. ئەگەر ئەو بەیتەی کە ئاماژە بە سالار سەعید دەکا، تێیدا نەبایە پیاو بەڕاستی وەشک دەکەوت ئایا شێعری حاجی بابەشێخ هی خۆیەتی یا هی شاعیرێکی دیکەیە و ئەو نووسیویەتەوە بۆ سالار سەعید (عەلی بەگ حەیدەری)؟

لە وەڵامی ئەو شێعرەی حاجی بابەشێخدا عەلی بەگ حەیدەری (سالار سەعید) کە شاعیر و ئەدیب و زانا بووە، دەچێتە جەنگی شێعریەوە و لە وڵامدا قەتعەیەکی هەشت بەیتی هەر بەو وەزن و قافیە و ڕەدیفە دەنێرێتەوە کە جێی خۆیەتی ئەویش لێرەدا بنووسین تا خوێنەرانی ئازیز لەم بابەتە نایابانە کە وەک گەوهەر لە چەند سەدەفی بێخاوەن لە نێو دەریای ئەدەبی ئێمەدا ون بوون بێبەش نەبن:

چامه نغزت بخواند هر کسی گوید ابد
حضرت سیّد ز درج معرفت گوهر گذاشت
برتری از هر که گویم، زآنکه آل حیدری
برتری را بهر اولادش ز پیغمبر گذاشت
روسفید بارگاه آل پیغمبر بود
هر که کفش پات را دستش به روی سر گذاشت
هر کسی بر ضدّ رأی صائبت کاری کند
دست حق بر حنجر و حلقوم او خنجر گذاشت
آن کَسَت در مجلس شوریٰ ببیند گوید او
اهل مُکری بر سر شوریٰ یکی افسر گذاشت
ای علی عاصی مشو از امر سیّد رو متاب
قهر حق از بهر عاصی نار و هم اخگر گذاشت

مامۆستا ئاسۆ لە درێژەدا نووسیویە:

هەمیسان لە دوای ئەم شێعرە جوانەی عەلی بەگ حەیدەری شاعیرێکی کەش بە نازناوی "فایز" لە وەڵامی شێعرەکەی حاجی بابەشێخدا غەزەلێکی نووسیوە. ئەوەش ئەو غەزەلە:

بر صحیفه خامه مشکین تو عنبر گذاشت
از معانی در معانی کانی از گوهر گذاشت
«حظ» همچون خط روی دلبرانش حفظ جان
خال نقطه خال مشکی اقطع و ابتر گذاشت
مشکلات حکمتی از یک نظر تحقیق شد
همچو یک برق تجلی قطب را انور گذاشت
خود نه تن را دیده را در روشنی کحل البصر
بلکه دل زان در بصیرت صد قدم برتر گذاشت
مجلس شوریٰ ز شور مقدمت بشری زمان
در مقام ملک ایران شورش محشر گذاشت
زین تغابن در رقابت بر عدو هموار شد
بر دل خود او ز حسرت ناجح از شر گذاشت
هر که لاف همسری با آل پیغمبر زند
نار او را تن به خاک و خاک را اخگر گذاشت
بر بقای مجد و علمت آنکه واقف‌تر شود
حب و اخلاص نبی را ملک بی رهبر گذاشت
فایزا در دو جهانش راحت و رحمت بود
هر که خود را بهر قهرش از ادب مغفر گذاشت

مامۆستا ئاسۆ لە دوای ئەم شێعرەش ئەمەی نووسیوە:

وەک دەردەکەوێ ئەم غەزەلە لەوی دیکە کە قەتعەش بوو بەقەوەت‌تر و بەهێزترە. هەر دوو ئەو شێعرانە زەمانی کاندیدا بوونی حاجی بابەشێخ دەگەیێنێ.

ئەم سێ بەیتە فارسیەش هەر هی حاجی بابەشێخە:

ای دل چرا به گوشۀ عزلت نشسته‌ای؟
چون صید تیر خورده و در دام بسته‌ای
ساقی اگر پیاله ندادت عجیب نیست
زیرا به خلف وعده تو مینا شکسته‌ای
چون ژاله تلخ طعمی و چون سرو بی ثمر
هر جا به باغ و راغ لب جوی رُسته‌ای

دیارە دەبێ غەزەلێکی تەواو بێ یان هەمووی نەماوە یان خۆی تەواوی نەکردووە.

***

«حاجی بابەشێخ هەستی خۆی بە ماوەیەکی کەم پێش کۆچی دوایی خۆی لە پارچە غەزەلێکدا دەربڕیوە. غەزەلێکی مەردانە کە لە ڕاستیدا دەتوانێ نیشاندەری ژیان و ئاواتەکانیشی بێ. هێزێکی ئیمانی و عیرفانیی بەهێز کە دیارە لە ژێر هەڵسوکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەو کەسایەتییەدا بوونی هەر بووە و لە سەرەمەرگدا سەری هەڵداوە، لێرەدا ئەو غەزەلە دەهێنین کە زۆر شت دەردەخات».[١]

ئەوەش ئەو غەزەلەی حاجی بابەشێخ:

جز درد و الم همدم بیمار کسی نیست
زین دام بلا غیر خدا دادرسی نیست
از قافله‌ی مرگ کسی باز نگردد
کاین راه روان را اثری نه، جرسی نیست
ای پیک اجل تند همی آیی و دانم
در بین من و ساعت موعود بسی نیست
مرغ دلم افتاده ز پرواز و تماشا
هرچند که دامی نه به ظاهر قفسی نیست
من طایر قدسم که به وحدت شده‌ام رام

١. ناسر عەلی‌یار، "ورەبەرزی لە تێشکاندا، ڕووداوێکی مێژوویی"، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٦٤، ٢٠١١/١/٥.

الفت به من اندر سر هر بوالهوسی نیست
هر کس که به بازار صداقت گذر آرد
بی‌غایله آید که در اینجا عسسی نیست

ئەم غەزەلە لە لایەن حاجی سەیید جەمیل هاشمی، نەوەی حاجی باباشێخەوە پێشوازی لێ کراوە؛ ئەمەش تێهەڵکێشەکەی حاجی سەیید جەمیل:

تێهەڵکێشەکەی:

این کالبد فانیِ تن، جز قفسی نیست
بی شعله جان تیره و در آن قبسی نیست
صد حیف دوا و دم عیسی نفسی نیست
جز درد و الم همدم بیمار کسی نیست
زین دام بلا غیر خدا دادرسی نیست

بی مرگ حیات دگر آغاز نگردد
رمزی است که هرگز به کس ابراز نگردد
جز ملهم حق محرم این راز نگردد
از قافله‌ی مرگ کسی باز نگردد
کاین راه روان را اثری نه، جرسی نیست

چون تیر برون جسته‌ای از قوس کمانم

سوی هدف آخرتم رفته روانم
آمادۀ بخشیدن سرمایۀ جانم
ای پیک اجل تند همی آیی و دانم
در بین من و ساعت موعود بسی نیست

مرغ ارم جنت توحیدم و الهام
مستغنی‌ام از دانه و اوهام و می و جام
در قید منیّت نیم و رسته‌ام از دام
من طایر قدسم که به وحدت شده‌ام رام
الفت به من اندر سر هر بوالهوسی نیست

آن عاشق صادق که صفای دلی دارد
جان بر کف خود در ره معشوق گذارد
از محشر و میزان و جزا باک ندارد
آن‌کس که به بازار صداقت قدم آرد
بی غایله آید که در آنجا عسسی نیست

ئەوەش وەرگێڕاوی ئەو غەزەلەی حاجی بابەشێخ بۆ سەر زمانی کوردی کە مامۆستا ئاسۆ (کاک سەعید نەجاری) بە جوانی ئەو کارەی کردووە:

هاوڕێ بە نەخۆش غەیری غەم و دەرد کەسێ نین
لەم داوی بەڵا بێجگە خودا دادڕەسێ نین
لەم بارگە کە وا مردنە، هیچ کەس نەگەڕاوە
لەم ڕێگە کە دەڕوا ئەسەرێ نە جەرەسێ نین

ئەی پەیکی ئەجەل بۆچی بە لەز دێی کە دەزانم
نێوانی من و کاتی سەفەر چەن نەفەسێ نین
نەیماوە مەلی دڵ نە فڕین و نە تەماشا
ڕوانیم بە ڕواڵەت کەچی تەپکە و قەفەسێ نین
باڵندەیی قودسم بەڵێ "وەحدەت" "کەوی" کردم
دۆستایەتی من خۆ لە کن هەر بولهەوەسێ نین
هەر کەس کە لە بازاڕی سەداقەت گوزەرێ کات
قەت تووشی زەرەر نابێ، لەوێدا عەسەسێ نین

***

ڕا و بۆچوونی حاجی بابەشێخ بۆ فێرکردنی ئادابی دین و جێگیر بوونی زانیارییە سەرەکییەکانی ئایینی لە بیر و باوەڕی مرۆڤدا ئەوە بووە کە ئەو ئادابە ئەگەر لە سەردەمی منداڵی و بە زمانی دایکی و بە شێوازی شێعر بخوێندرێ، کاریگەریی زیاتر دەبێ و لە بیر ناچێتەوە؛ جا هەر بۆیە حاجی بابەشێخ خۆی دەستی داوەتە قەڵەم و بە شێوازی شێعری کوردی، ئادابی دینی بۆ منداڵان هۆندۆتەوە و ناوی "عەقیدەی کوردی" لێ ناوە و چونکو بۆ منداڵانی نوسیووە زۆر تێکۆشاوە سادە و ساکار و ڕەوان بێت. ئەوەش ئەو شێعرانە:

حەمد و سەنایەک زۆرتر لە تەقریر
بۆ خودای بێچوون، قەییووم و قەدیر
سەڵوات و سەلام بێحەد و حیساب
لە سەر موستەفا هەم ئال و ئەسحاب
لازمە لە سەر هەموو موسوڵمان
بزانێ ڕوکنی ئیسلام و ئیمان
تۆ موسوڵمانی، باشی بزانە
زانینی شەش شت ڕوکنی ئیمانە
باوەڕ بە خودا و مەلائیکانی
هەم کتێبان و پێغەمبەرانی
ڕۆژی قیامەت، هەم قەزا و قەدەر
فەڕزە بزانی بەبێ دەردی سەر
بزانە ئەووەڵ خودا بەسیرە
سەمیع و مورید، ساحەب تەقدیرە
باقییە و عالم، ساحەب کەلامە
قەدیم و تەنیا، خالیقی عامە
بەبێ باب و دایک، بێ ژن و فەرزەند
هەر بووە و دەبێ، بێ میسل و مانەند
دووهەم ئیمانت بێ بە مەلەک
موتیعی خودان لە ئەرز و فەلەک

نەوعە عالەمێ کە نایانبینین    بێ خەو و خۆراک، هەموو ڕۆحانین
جیسمیان لەتیفە، باڵ و پەڕدارن    نە نێرن نە مێ، ئیتاعەتدارن

سێیەم: ئیمان بە کتێبان

سێیەم ئیمان و تەسدیق بە کتێبان    زەبوور و ئینجیل، تەوڕات و قورئان
یەک سەدیش سوحوف کەلامی خودان    نازڵ بوونە خوار بۆ پێغەمبەران
دە بۆ ئادەم و پەنجایان بۆ شیس    دە بۆ ئیبراهیم، سێیان بۆ ئیدریس
زەبوور بۆ داود، ئینجیل بۆ عیسا    قورئان بۆ ئەحمەد، تەوڕات بۆ مووسا
هەموویان یەقین کەلامی خودان    بەڵام هەموویان نەسخن بە قورئان

چوارەم: ئیمان بە پێغەمبەران

سەد و بیست و چوار هەزار پێغەمبەر    لە بەنی ئادەم بەڵکوو زیاتر
سێ سەد و سێزدە لەوان ئەفزەلن    زیاتر لە هەموان، چونکە مورسەلن
بیست و پێنج لەوان نەسی قورئانن    فەڕزە موسوڵمان دەبێ بیزانن
ئادەم و نووح و ئیدریس و ئەیووب    لووت و ئیبراهیم، ئیسحاق و یەعقووب
زولکیفل و یوونس، یەحیا، زەکەریا    ئیلیاس و هاڕوون، مووسا و عیسا
یۆسف، ئیسماعیل، سولەیمان، داوود    شوعەیب و ساڵح، ئەلیەسەع و هوود
ئەحمەدی سەروەر، خاتەمی هەمووان    ئەو بوو بە باعیس دینی موسوڵمان
لەمانە پێنجیان کە ئولولعەزمن    مەئموور بە غەزا و کوشتار و ڕەزمن
نووح و ئیبراهیم، مووسا و عیسا    ئەحمەد موجتەبا، خەتمولئەنبیا
گەورەی پاک ئەحمەد، شافیعی ئوممەت    باقییە دینی هەتا قیامەت
ئەحمەدی موختار ئیبنی عەبدوڵڵا    ئەشرەفی عالەم حەبیبی خودا
عەبدولموتەلیب باپیری وی بوو    باپیرە گەورەی هاشمی نێو بوو
پەس عەبدولمەناف باوکی هاشمە    لەمەش زیاتر غەیری لازمە
دایکی ئامینە کچی وەهەبە    ئیبنی زەهرییە گەورەی عەڕەبە
حەوت ئەولادیان بوون، کوڕ بوون سیانیان    عەبدوڵڵا و قاسم ئیبراهیم ناویان
ئوممەکولسووم و ڕوقییە و زەینەب    فاتیمەی زەهرا زۆر ساحەب ئەدەب
ئیبراهیم نەبێ لە مارییەیە    ئەوانی دیکە لە خەدیجەیە

عومری پێغەمبەر شەست و سێ ساڵ بوو
حەڤدە مووی سپی لە ڕدێندا بوو

بالای موعتەدیل ڕەنگی سپی و سوور
جیسمی نوورانی بێ سێبەر وەک نوور

بۆن خۆش، ددان شاش، گوشاد پێشانی
ڕەش و زەریف بوون هەر دوو چاوانی

لە چل ساڵیدا بوو بە پێغەمبەر
قوڕەیشی نەسەب ڕەسووڵی سەروەر

لە مەککەی شەریف تەوەلودی بوو
پەنجا و دوو ساڵ و دوو مانگی پێ چوو

بە ئەمری خودا وەحی ئەمینە
هیجرەتی فەرموو چوو بۆ مەدینە

دە ساڵ و دە مانگ لە مەدینە بوو
بە ئەمری خودا وەفاتی فەرموو

قەبری شەریفی وا لە مەدینە
ڕۆح و جان فیدای ئەو سەرزەمینە

صَلِّ و سَلَّم رَبّي عَلَیهِ
وَ ارْحَمْ أُمَّتَه بِقاعِدِهِ

یازدە ژنی بوو ڕەسووڵی موختار
خەدیجە و حەفسە، عایشەی نازدار

هێند و مەیموونە، سوودە و سەفیە
ڕەمڵە و دوو زێنب، هەم جوویریە

باقیش جارییە، باشی بزانە
جارییەی خۆشبۆ: ماریە و ڕەیحانە

## پێنجەم: ئیمان بە ڕۆژی قیامەت

پێنجەم باوەڕ کە دونیا ڕادەبڕێ
غەیری خوداوەند هەموو کەس دەمرێ

بەهەشت و جەنەم، سیرات و میزان
حەقن، دەبینین بە چاوی خۆمان

لە دوای مردنیش زیندوو دەبنەوە
لە سەحرای مەحشەر پاک کۆ دەبنەوە

کردەوەی چاکە و خراپەی دونیامان
پاک بە حیسابی دێتەوە ڕێمان

هەر کەس لە دونیا کاری چا بکا
خودا بەهەشتی پێ عەتا دەکا

موسوڵمان ئەگەر خراپەی کردبێ
بە قەدەر گونا عەزابی دەبێ

بەڵام کافری موتڵەقی بەدکار
دەچنە جەهەنەم قەت نابن ڕزگار

## شەشەم: ئیمان بە قەزا و قەدەرە

شەشەم ئیمانە بە قەزا و قەدەر
بە دەست خودایە هەموو خێر و شەڕ

هەرچی ئیرادەی خودای لە سەر بێ
مەعلووم بزانە هەر دەبێ ببێ

جوزئێ ئیختیار داویە بە خۆمان
کاری خێر چاکە و خراپ زەرەرمان

ڕوکنی ئیسلام چەندن؟

ڕوکنــی ئیســلامی پێــنجن بــێ گومــان ئەوەڵیــان گــوتنی شــەهادە و ئــیمان
نــوێژە و ڕۆژووە و زەکــات، ســەرفیترە پێنجەمــین حەجە، ئەو لەگەڵ عەمــرە
بە کــورتی وتــم لە بەر منــداڵان منــداڵەکانی مەدرەســەی تورجــان
تۆفیقتــان بــدا خــودای لامەکــان دوعــای خێــر بــکەن بــۆ عەبــدولڕەحمان

حاجی بابەشێخ ١٣٢٠ (کۆچی هەتاوی) (١٩٤١ زایینی)

***

بە بۆنەی پێشکەش کردنی عەسای جەواهیرنیشان لە لایەن ڕەزاشای پەهلەوییەوە بۆ حاجی بابەشێخ، مەلا حەسەنی جەوهەری، شاعیر و زانای ئایینی، دوو دەستە شێعری زۆر جوان و بەرزی بە زمانی کوردی و فارسی هۆندۆتەوە کە ئەمە بەشێک لە شێعرە کوردییەکەیە:

ڕۆژی جێژن و شادییە یاران وەرن با کۆوە بین
زاهید و سۆفی وەدەرنێن، گوێ نەدەینە واعیزین
موتریب و ساقی بڵێ بێن دەست بە تار و جامی مەی
بۆ تەماشا بێن بە لەنجە، دڵبەرانی نازەنین
سونبول و ڕێحانە و گوڵنار و شەببۆ و سوورەگوڵ
خاڵ و پەرچەمیان وەدەرخەن، غونچە بێنە پێکەنین
سەرو و شمشاد و چنار و نەخل و نار و ناروەن
ڕابوەستن، بینە خزمەتکار لالە و یاسەمین
هەوری ڕەحمەت با ببارێنێ بە سەر گوڵزار و باغ
بای سەبا با بێنێ بێنێ ڕەوزەیی خولدی بەرین
سەف بە سەف غیلمان بڵا بێن دەست بە تار و جامی
مەی
دەستە دەستە بۆ نەوا و خونیاگەری بێن حووری عین
تاق و جووتی تاق بە تاقم بچنە پێشوازی خەڵات

وا ئەمیر هێنای لە لای شاهەنشەهی ئێران زەمین
وا عەساییێکی مورەسسەع پڕ جەواهیر ناردی بۆ
حاجی بابەشێخی جەمیان، نەسڵی خەیرولمورسەلین
ساحیبی سەیف و قەڵەم، حاجی و غازی و پێشەوا
ساحیبی شەرع و تەریقی موقتەدایی موتتەقین
ئەو عەسایە بۆ شکستی حاسیدانی ئەو بەڵێ
وەک عەسای مووسایە یەعنی «تلك ثُعبانٌ مُبین»
بۆ نیساری ئەو خەڵاتە من کە دەستم خاڵییە
ڕۆحی خۆم هێناوە فەرموو ئەی ڕەئیسولعاریفین
بۆ عوموومی ئەوڕۆکە جەمیان مەلجەء و دارولئومید
خاسسە بۆ تۆ «جەوهەری» (حَمْداً لِرَبِّ الْعالَمین)

***

کاتێک کە مەلا عەبدوڵڵای زیوەر، شاعیری بەناوبانگی خەڵکی سولەیمانی، لەگەڵ بنەماڵەی شێخ مەحموود پەڕیوەی وڵاتی موکریان دەبن، قەسیدەیەکی دوور و درێژی کوتووە کە وتووێژی خۆی و خەرقەکەیەتی و باسی زۆر کەسی تێدا کردووە، بەشێکشی بە حاجی بابەشێخ و شاحەکیم، برا گەورەی حاجی بابەشێخ، تەرخان داوە کە لێرەدا دەیبینین:

کوتی سا حاجی بابەشێخ چاکە
سەییدە، عالمە و کەریمولسیەر
کوتم ئەو مەردە فەردە لەم چەرخە
من لە ڕاست ئەو خەجاڵەتم یەکسەر
دەفعەیەک بۆ زیارەتی کە نەچووم
چۆن بنووسم بکەومە بەحس و خەبەر

ئەوسا دێتە سەر باسی شاحەکیم:

گوتی زاتێ هەیە خوجەستە سیفات
ئاسمانپایە و بڵیندئەختەر

کامی هەر کەس ڕەوا دەبێ لای ئەو
نووری زەنبیلە و سەییدە و سەروەر
سوبحی گوڵشەن سیفاتی ئەهلی بەهار
یا هەناسەی نەسیمی وەختی سەحەر
هەر وەکوو خوڵقی ئەو فەرەحبەخشە
هەر وەکوو فیکری ئەو عەبیرئاوەر
مەرکەزی دایرەی فەزایل و جوود
لە سەمای عیلم و حیلمەوە میحوەر
دەرکی ئەو مەرجەعی خەواس و عەوام
بۆ فەقیران و بێنەوایە پدەر
خزری ڕاهی موراد و گومگەشتە
سەددی ڕێی زوڵم ئەکا وەک ئەسکەندەر
نەسلی پاکی بەتوول و شێری خودا
زوهدی بووبەکریە بە وەرعی عومەر
کە ئەمانەم لە خەرقە بیست فەورەن
کوتم ئەی ئافەرین ڕەفیقی سەفەر
هیممەتی سەییدە کە هاتیە زمان
لە کەڕاماتی ئەو بووی بە دانیشوەر

***

ئەوەش شێعرێکە لە شاعیری ناوداری موکریان مەلا ساڵحی حەریق بۆ حاجی بابەشێخ. ئەو شێعرە بەرزە لەگەڵ نامەیەک بووە:

لە ئادەم تا بە خاتەم جوملە عالەم پڕ سەدا و سەیتە
بە عیشقی حەزرەتی لەولاک ئەوی زیندوو نەبێ مەیتە
تەتیممەی هەر سەلات و خاتیمەی حەمد و تەحییەی حەق

سەنا بۆ ئال و بەیتە، باقی هەر ئەفسانە و بەیتە
لەپاش سیغەی تەرازی و ئایەتی تەتهیری سەحب و ئال
بە قورئان، مەدحییان نایێ بە جوملەی زەیتە و کەیتە
کە تۆش لەو نەسلەیی، جەددت ڕەزا بێ شێر بە گوێ دەگری
وەکوو ڕێوی زەلیلی گورگی نەفسم، سا، لەبۆ کەیتە؟
لە خۆت و جەددی خۆت و نەسلی پاکت چاوەڕێی لوتفم
لە ڕێی حەقدا موعینم بن لە غەوغای ڕۆژی یالەیتە
بە شاهید بن سەگی قافڵەی تەریقی ئال و ئەسحابم
هەمیشە گوێقوڵاغی بانگی هەیهەیم و سەدای هەیتە
بە ئیستیمداد و لوتفی «بابە شێخ» و هیممەتی کاکی
گوڕوگاڵێ دەکەم تا بڵێن لەچاو کوێر و شەلان پەیتە
ئەگەر نا من لە فەڕشی خاک و ئال جێی فەوقی عەڕشی پاک
مەسابەی عەڕشی و فەڕشی وەکوو زەهراب و ڕۆن زەیتە
کەسێ «ساڵح» بێ بۆ زیکر و دوعاگۆییت بەبێ چاوی
هەزار چاوساغی وا دێنێ بە چاو زیندوو بە دڵ مەیتە
لەبۆ تەشریفی ڕێی میعراجی جەددت بوو، نیدای هاتیف:
تَعالَ یا حَبیبَ اللّهِ تَمَّنَ ما تَـمَـنَّیْتَ

ئەوەش دەقی فارسیی نامەکە تا ئەو جێگایەی دەخوێندرێتەوە:

تصدّق حضور مبارکت شوم

پس از استدعای برداشتن دست دعا به درگاه ... خدای تعالی حق جل و علا، برای صحت و عافیت و طول بقای مستطاب عالی، و آقازادەهای ذوی المتعالی، که منتهای هر گونه مطالب دنیا و آخرت است به عرض می‌رساند دیرگاهیست به اقتضای هر گونه درد و الم خاصه ز هر دو دیده پر آب بدم نه در این خاکسار دست و قدرتی قلمی نگارش ...

قدری سفارش و نه در طرف قرین شریف حضرت ایشان ظاهر به مرحمت و نوازش به ظهور پیوست و باز خدای ناخواسته که مبادا این شیوه در ظاهر و باطن باشد. چند بیتی را بهانه ساخته در میان ایشان بعرض رسانده نسبت به بزرگی حضرات هر چه گفته شود ناقص است، شاید که اسباب هزاران شادی و دل‌آبادی این عمر بر باد شود. المخلص الغریق ملا صالح حریق

***

## فەسڵی دەهەم:
## حاجی بابەشێخ و هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای میللی

ئەگەر هێندێک بە وردبینییەوە سەیری بۆچوون و هەڵسوکەوتەکانی ژیانی سیاسیی حاجی بابەشێخ بکەین، بە باشی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بیر و بڕوا و هەڵوێستی ئەو کەسایەتییە، بە گشتی لە باری سیاسییەوە بە شێوەیەک بووە کە لەگەڵ حیزب و دەوڵەتە نوێخوازەکانی هەر دوو وڵاتی عوسمانی و ئێراندا هەڵسوکەوتی بووە و هاوکاری کردووە. بۆ نموونە، وەرگرتنی ئەندامەتیی کۆمەڵەی «ئیتتیحاد و تەرەققی»ی عوسمانییەکان و ڕازیبوون بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای میللیی ئێران وەک کاندیدای نوێنەرایەتیی خەڵک لەو مەجلیسە، ئەوە نیشان دەدا کە حاجی بابەشێخ لەگەڵ بزووتنەوەکانی مەشرووتەخوازی دوو وڵاتی عوسمانی و ئێران کە بزاڤێک بوون بۆ کەمکردنەوەی دەستەڵاتی سوڵتانەکانی عوسمانی و پادشاکانی قاجار، لە کردەوەدا هاوکار و هاوئاهەنگ بووە. کۆمەڵەی ئیتتیحاد و تەرەققی هەر وەک پێشتریش ئاماژەی پێ کرا، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەمی عوسمانی لە سەر کار لابرد و سوڵتانی مەشرووتەخواز واتە سوڵتان موحەممەد ڕەشاد خانی لە جێی ئەو دانا.

هەروەها لە ئێرانیش مەشرووتەخوازەکان بە کەڵکوەرگرتن لە دەستەڵاتی مەجلیسی شووڕای میللی کە بەردەوام بە پەسەندکردنی یاسای نوێ، لە دەستەڵاتی حاکمانی قاجاری ئێرانی کەم دەکردەوە و لە ئاکامدا تەنانەت ئەحمەدشا دوایین شای قاجاریان لە سەر کار لابرد.

هەموو ئەوانە لە بیر و بۆچوونی ڕۆشنبیرانە و دیمۆکراسیخوازانەی دژ بە دیکتاتۆری و لە

دووربینی و عەقڵانییەتی سیاسی و هەڵوێستی تایبەتیی کەسایەتییەکی مەزن و هەڵسووڕاوێکی بەئەزموونی میللەتی کورد هەڵدەقوڵێ کە دوای ساڵها لە قۆناغەکانی دیکەی ژیانی سیاسیی خۆیدا هەر ئەو بیر و بۆچوونەیە کە پلەی بەرزی سەرۆک وەزیرانی تەنیا کۆماری کوردستانی پێ دەبەخشێ.

لێرەدا بەشداریی حاجی بابەشێخ لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای میللی بە وردی تاووتوێ دەکەین تا بەڵکوو قۆناغێکی دیکەی وەدەرنەکەوتووی ژیانی سیاسیی ئەو کەسایەتییە وەدەرخەین.

سەیید مستەفا سەیادەت[١]، کوڕی حاجی بابەشێخ کە ئێستا لە تەمەنی نزیک ٨٠ ساڵیدایە، لە وەڵامی پرسیارێکی من کە چ زانیارییەکت لە بەشداری‌کردنی حاجی بابەشێخ لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای میللیدا هەیە، ڕایگەیاند کە حاجی بابەشێخ لە هەڵبژاردنەکاندا بە عینوانی کاندیدای خەڵکی سابڵاغ و دەوروبەر بەشداری کرد و بە زۆرینەی دەنگ لە وڵاتی موکریاندا دەست‌نیشان کرا، بەڵام حکوومەت زۆربەی دەنگەکانی کە بە حاجی بابەشێخ درابوو لە بەین برد، بۆ وێنە لە سندووقێکدا نزیک ١٢٠٠ دەنگی لە ناو بردرابوو.

سەیید مستەفا لە درێژەی وتەکانیدا ئاماژە بەوە دەکا کە ئەم زانیارییانەم چەندین جار لە باوکم و کاکم بیستووە کە بە جێی حاجی بابەشێخ، کەسێک بە ناوی سەییدی موساوات بە عینوانی نوێنەری خەڵکی سابڵاغ دادەندرێ کە هەر ئەوکات نوێنەری سەقز مەرحوومی سەدرولعولەما موفتی لەوپەڕی ئازایەتی و نەترسی و بە دەنگی بەرز لە مەجلیس پێی دەڵێ: ئەمە کورسیی حاجی بابەشێخە، تۆ بە ناحەق لە سەری دانیشتووی.

ئەمە بیرەوەرییەکانی کوڕی حاجی بابەشێخ لەو بابەتەوە؛ بەڵام هێندێک بەڵگە و لێکوڵینەوە چۆنیەتیی هەڵبژاردنەکان و چ دەورەیەک لە دەورەکانی مەجلیسی شووڕای میللی و لە چ ڕێکەوتێکدا ڕووی داوە، باشتر ڕوون دەکەنەوە:

بەڵگەیەک (نامەیەک) لەو بابەتەوە ماوە و ڕێکەوتی ١٣٤٢/١٢/٢٩ی کۆچی مانگی پێوەیە کە دەکاتە ١٣٠٢/٨/١٩ی هەتاوی و ١٩٢٣/١١/١٠ی زایینی. ئەم نامەیە لە لایەن

---

١. ئاغا سەید مستەفا سەیادەت دوو ساڵ دوای ئەو پرسیارە لە ساڵی ١٣٩٤ی هەتاویدا کۆچی دوایی کرد.

دوو سەرۆک هۆزی گەورەی موکریان واتە حاجی محەمەدئاغای ئێلخانی ناسراو بە حاجی ئیلخانی (سەرۆکی هۆزی دێبوکری) و حاجی قەرەنی ئاغای مامەش (سەرۆکی هۆزی مامەش) بۆ گەورەپیاوی تەریقەت و عیرفان واتە شێخ عەلی حیسامەددین نووسراوە؛ کە داوای لێ دەکەن حاجی بابەشێخ وادار بە بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای میللی بکات؛ بەڵام پێش نووسینی دەقی وەرگێڕدراوی نامەکە، ڕەنگبێ شی کردنەوەیەک نابەجێ نەبێت، کە لە چەند خاڵی جیاوازدا ئاماژەی پێ دەکەم.

یەکەم: هۆی ئەوە کە داواکارییەکە لە شێخی حیسامەددین کراوە، ئەوە بووە کە شێخی حیسامەددین لەگەڵ ئەوەی کە خاڵی حاجی بابەشێخ بووە، دەتوانین بڵێین لە باری عەقیدەتی و عیرفانییەوە ناودارترین ڕێبەر و مورشیدی تەریقەتی سەردەمی خۆی لە کوردستانی ئێران و عێراق بووە و لە سەر حاجی بابەشێخ دەستەڵاتی مەعنەویی تەواوی بووە و حاجی بابەشێخ لە هەموو کەس زیاتر، لەوی فەرمان بردووە.

دووهەم: وێدەچێ پێشتریش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەمان داواکاری لە حاجی بابەشێخ کرابێ و ئەو بە هەر هۆیەک دایبێتە دواوە، بۆ وێنە ڕەنگبێ حاجی بابەشێخ بە هۆی زانیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە لە بارودۆخی ئەوکاتی ئێرانی بووە، زانیویە کە لەو ساڵانی پێش هاتنە سەرکاری ڕەزاشا، هەلومەرجی ئێران زۆر ناسکە و هەر کات ئەگەری ئەوە هەیە کە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرەو شێواوی بڕوا و هەروەها دوور نییە ڕەزاخان هیچ دەستەڵاتێک بە مەجلیسی شووڕای میللیەوە نەهێڵێ؛ ڕەنگە ئەمانە لەو هۆکارانە بن کە حاجی بابەشێخیان لە بەشداری کردنی هەڵبژاردنەکە دڵسارد کردبێ.

سێهەم: دەقی نامەکە زۆر جێی سرنجە و نیشان لە ڕێز و پلە و پایەی بەرزی کۆمەڵایەتیی حاجی بابەشێخ لە تەمەنی ٤٢ ساڵیدا دەدا. ئەو دوو گەورەپیاوە و دەستەڵاتدارەی موکریان وا دیارە بەڕاستی کەسی دیکەیان لەو ئاستەدا نەدیوە کە تا ئەو ڕادەیە پێداگیرییان لە سەر بەشداریی حاجی بابەشێخ بۆ نوێنەرایەتی کردووە. ئەمەش دەقی وەرگێڕدراوی نامەی حاجی ئێلخانی و حاجی قەرەنی ئاغای مامەش بۆ شێخی حیسامەددین:

٢٩ ڕەبیعول ئەووەڵی ١٣٤٢

بە فیدای تۆزی پیرۆزی بەر پێی موبارەکتان بین

هاوڕێ لەگەڵ پێشکەش کردنی ئەرکی بەندەیی و غوڵامی و تکای بەخشینی مەرحەمەت و ڕوو تێکردنی بەرزی تایبەت زاتی پیرۆزی تەوەری عیرفانی عالی ـ ڕۆحمان بە فیدای بێت ـ بە بوێرییەوە پێتان ڕادەگەیەنین لەم کاتەدا کە دەستەڵاتدارانی دەوڵەتی بەرزی ئێران کێشەی هەڵبژاردنی نوێنەران و سەرکردنەوەی مەجلیسی «دار الشوری»یان بە هۆی گرینگییەوە بە جیددی شوێن گرتووە و ئەمری جیددییان بە غوڵامانی ئەم ناوچەی حکوومەتی ویلایەتی موکری فەرمووە، لە بەر ئەوەی لە ناوچەی موکریدا جگە لە حەزرەتی حاجی بابەشێخ (بەرەکەتی بەردەوام بێت) شک نابەین کە شارەزای سنوور و ماف و ئەرکی نوێنەرایەتی و پێداویستییەکانی و بارودۆخی ئێستا و داهاتووی وڵات بێت و دروستی بیر و کردەوە و هێزی دڵ و ڕەوانیی زمان و ڕەوانبێژی و لەسەرخۆیی و گەورەیی و ویقاری هەبێت و پلەکانی پارێزگاری و دینداری و لەبەرچاوگرتنی کاروباری دنیا و ئاخیرەتی هەبێت و لە هەموو لایەنێکەوە جێگەی بڕوا و متمانەی دڵی خەڵک بێت و هەروەها نەبێتە هۆی زیان و شەرمەزاری و پەشیمانی، بە دڵنیایی کەسێکی ترمان بێجگە لە حەزرەتی حاجی بابەشێخ (بەرەکاتی بەردەوام بێت) بەڕاستی نییە؛ جا بەم بۆنەیەوە بەوپەڕی پاڕانەوە و خۆ بەکەمزانینەوە تکاتان لێ دەکەین بۆ ئەوەی بەزەیی و گەورەییتان دەرحەق بە هەموو خەڵکی موکری کردبێت ئیجازەی حەزرەتی پایەبەرزیان بۆ نوێنەرایەتی و چوونە مەرکەز بفەرموون و عالەمێک بکەنە قەرزداری سپاسی هەمیشەیی.

بەوپەڕی هیواوە چاوەڕوانی وەڵامی نامەکەین، با بزانین مەرحەمەتی تەواوی جەنابتان چۆن دەبێت؟

پیرەغوڵامی ڕاستەقینە «مۆری حاجی ئێلخانی»

غوڵام: قەرەنی مامەش «مۆر: وەیسی قەرەنی»

***

به دوای ناردنی نامەی ئەم دوو سەرۆک هۆزە مەزنە، شێخی حیسامەددین نامەیەک بۆ حاجی بابەشێخ لەگەڵ نامەی ئاغایانی سەرۆک هۆز دەخا و هەر دوو نامەی بۆ دەنێرێ و بۆ بەشداری کردنی لە هەڵبژاردنەکاندا ئەمری پێ دەکات. ئەمەش دەقی نامەکەی شێخی حیسامەددین بۆ حاجی بابەشێخ:

بە ناوی خودا

هێزی دڵی هەر دوو دنیام

جەنابی پاکی مەولانای زاناتر و فازیلتر، سەری جەنابی حاجی سەیید بابەشێخ بە هۆی پێشکەش کردنی دۆعا و سڵاوی بێ قسە ئازار دەدەم و خێری وەبیر دێنمەوە.

ئەگەر خودا بیەوێت ڕۆژانی بە خوشبەختی کۆتایی پێهاتوو، بە گەورەیی و بەختەوەری زیاتر و برەو پێدانی شەریعەتی درەوشاوە بە گوێرەی خواستی دۆستانی ڕاستەقینە تێپەڕ بکەن.

هەر چۆنێک بێت، خۆشەویستانی سەرۆکان، جەنابی حاجی ئێلخانی و جەنابی قەرەنی ئاغا ـ بەختەوەرییان زیاتر بێت ـ جەنابی پاکی بەرزتانیان بە گوێرەی دەنگ و ڕاوێژی میللەت، بۆ

نوێنەرایەتیی مەجلیسی شوورا کە هۆکاری خێروبێری بەندەکانی خودا و ئاسوودەیی موسوڵمانانە هەڵبژاردووە و دەستنێشان کردووە و وا نامەیەکیان بۆ ئەم فەقیرە ناردووە کە وێڕای ئەم نامەیە ناردمە خزمەتی بەختەوەرتان. دیارە بە چاوی وردبین سەیری دەفەرموون و لە بەر ئەوەی خێروبێری بەندەکانی خودا و ئاسوودەیی موسوڵمانان بەم پێیە دەستەبەر دەبێ، هەڵبەت بە پێی وتەی «باشترین خەڵک ئەوانەن وا سوودی زیاتریان هەبێت» ئەمڕۆ بۆچوونی ئەوان قەبووڵ و جێبەجێ دەفەرموون و پاش قەبووڵ کردن و بۆ ماوەیەک خزمەت کردنی میللەت، ئەگەر پێتان خۆش بوو، کەسێکی دیکە لە شوێنی خۆتان دادەنێن.

رۆژتان پیرۆز بێت. دوعا و سڵاو، یا عەلی

مۆری یا عەلی

***

دوای هێندێک لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە ئەو دەورەیە دەورەی پێنجەمی مەجلیسی شووڕای میللی بووە کە لە ڕێکەوتی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٠٢ی هەتاوی بەرابەر بە ٥ی ڕەجەبی ١٣٤٢ی کۆچی دەست بە کار بووە، یانی ٢ مانگ دوای ئەو ڕێکەوتە کە بە نامەکەوەیە. «لە کۆتایی دەورەی چوارەمی مەجلیسدا ڕەزاخان کە ئەودەم وەزیری جەنگ بوو و دەستەڵاتی زۆری بوو، لەگەڵ تاقمێک لە نوێنەرانی «خۆپارێز» (محافزەکار)ی ئەو دەورەیە گیر و گرفت و ناکۆکی لێ پەیدا دەبێ. کە وا بوو بۆ ئەوەی دەورەی پێنجەمی مەجلیس لە بەرابەر خواست و ئیرادەی ئەودا بەرهەڵست نەبن، بە کەڵک وەرگرتن لە ئەرتەش کە لە ژێر فەرمانی خۆیدا بوون ڕاستەوخۆ واردی کار بووە، بەتایبەت لە ناوچە عەشیرەییەکان و نزیک ناوچە سنوورییەکان نوێنەرانی حیزبی تەجەدود کە لایەنگری خۆی بوون لە سندوق دێنێتە دەرێ و بەو شێوەیە زۆرینەی مەجلیسی پێنجەم لە لایەنگرانی ڕەزاخان پێک هاتن کە لە ئاکامدا هەر ئەو دەورەیەش بوو کە ڕەزاخان دەنگی متمانەی لە مەجلیس بۆ کورسیی سەرۆک وەزیری وەرگرت و بە دوای ماوەیەکی دی، ئەحمەدشای بێدەستەڵاتی بە تەواوی لە تەختی پادشاهی هێنا خوارەوە».

«ئەوەش دەزانین کە نوێنەری دەورەی پێنجەمی ساباڵغ، سەیید محەممەدڕەزا بورازجانی بووە کە خەڵکی بورازجانی لای شیراز بووە. سەیید محەممەدڕەزا لە لیباسی ڕۆحانیدا بووە و ماوەیەک مودیری ڕۆژنامەی «مُساوات» بووە هەر بۆیەش بە «سەییدی موساوات» ناوی دەرکردووە.»

سەرجەمی ئەو زانیاریانە وەدەری دەخەن کە حاجی بابەشێخ بە دوای داواکارییەکەی

سەرکردەکانی موکری لە شێخی حیسامەددین و هەروەها خواست و ئەمری شێخی حیسامەدینی خاڵۆی، لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری دەکا و وا دیارە ڕەقیبەکەشی جەنابی سەیید موحەممەدڕەزای بورازجانی بووە.

زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە بە دەستووری حکوومەت، نوێنەری ڕاستەقینەی میللەت وەلا دەنێن؛ دەنا هەموو عەقڵێکی سەلیم ئەوە دەزانێ حاجی بابەشێخی ناسراوی خاوەن پلە و پایەی بەرزی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناوچەی موکریان و کوردستان بە گشتی، لە بەرابەر کەسێکی نەناسراوی کە هاومەزهەبی خەڵکی وڵات نەبووە، دەنگ ناهێنێتەوە؟

ئەوکات کە حاجی بابەشێخ وا دیارە بەشداری کردنی خۆی لە هەڵبژاردنەکاندا ڕایگەیاندووە، لە نێو کەسایەتییەکانی وڵاتدا هەر یەک بە جۆرێک هەڵس‌وکەوتی لەگەڵ کراوە؛ هێندێک لایەنگر و هێندێکیش دژ بەو بەشداری کردنەی حاجی بابەشێخ بوون. لەو بابەتەوە دوو دەستە شێعری زۆر جوان و ڕێک‌وپێک بە زمانی فارسی هەن کە وەک بەڵگەیەکی بەنرخ بۆ ئەو تەوەرە جێی سرنجن؛ یەکەمیان جەنابی عەلی بەگی حەیدەری کە کەسایەتییەکی سیاسی و زانا و شاعیرێکی باش بووە و چەند دەورەی دواتریش نوێنەری خەڵکی سابڵاغ بووە لە مەجلیسدا. لە وەلامی شێعرێکی جوانی حاجی بابەشێخ کە بەو بەیتە دەست پێدەکا:

از تنم افسردگی یک مُشت خاکستر گذاشت
استخوانم را زغال خالی از اخگر گذاشت

شێعرێکی ڕێک‌وپێکی هەر بەو وەزن و قافیە داناوە کە لێرە چەند بەیتێکی دەنووسم بەلام بە هۆی ئەوە کە لە فەسڵی "حاجی بابەشێخ و ئەدەبیات" بە باشی تاووتوێ کراوە، لێرەدا تەنیا بە چەند بەیتێک بەسەندە دەکەم:

چامه نغزت بخواند هر کسی گوید ابد
حضرت سیّد ز درج معرفت گوهر گذاشت
برتری از هر که گویم، زآنکه آل حیدری
برتری را بهر اولادش ز پیغمبر گذاشت
روسفید بارگاه آل پیغمبر بود

هر که کفش پات را دستش به روی سر
گذاشت
آن کَسَت در مجلس شوریٰ ببیند گوید او
اهل مُکری بر سر شوریٰ یکی افسر گذاشت

لە یەکێک لە بەیتەکانی ئەم شێعرەدا عەلی بەگ دەڵێ:

هەر کەس تۆ لە مەجلیسی شوورا ببینێ، دەزانێ کە خەڵکی ناوچەی موکریان لە سەر ئەو شووڕایە وەک تاجێکیان دانابێ وایە.

بە دوای عەلی بەگدا شاعیرێکی دیکەش بە نازناوی «فایز» لە وەڵامی شێعرەکەی حاجی بابەشێخدا بە دەستە شێعرێکی بەرزی فارسی هەر لە سەر ئەو کێش و قافیەیە شێعری داناوە و ئەمەش چەند بەیت لەو:

بر صحیفه خامه مشکین تو عنبر گذاشت
از معانی در معانی کانی از گوهر گذاشت
مجلس شوریٰ ز شور مقدمت بشری زمان
در مقام ملک ایران شورش محشر گذاشت
هر که لاف همسری با آل پیغمبر زند
نار او را تن به خاک و خاک را اخگر گذاشت
فایزا در دو جهانش راحت و رحمت بود
هر که خود را بهر قهرش از ادب مغفر گذاشت

ئەم شاعیرە پایەبەرزەش لە بەیتی دووهەمدا دەڵێ مەجلیسی شوورا لە شۆر و شەوقی مەقدەمی تۆ بۆ ئەو شووڕایە (بە چوونی تۆ بۆ ئەوێ) و بۆ مزگێنی چوونی تۆ بۆ ئەوێ، غەوغایەک بەرپا ئەکا کە لە ئێراندا وەک شۆڕشێک دەنگدانەوەی دەبێ.

شاعیرێک کە لەوە دەچێ مامۆستایەکی ئایینی بە ناوی مامۆستا سەیید عەبدوڵڵا تاهیری «خەڕڕات» بووبێ، لە ڕوانگەیەکی دیکەوە بۆی چووە و پێی وا بووە پلە و پایەی حاجی بابەشێخ زۆر لەوە باڵاترە کە خۆی بە نوێنەرایەتیی مەجلیسەوە سەرقاڵ کا؛ بە

شێعرێکی دوور و درێژ کە بە قەسیدەی "تو کجا و مجلس تهران کجا " ناوی دەرکردووە، نارەزایەتیی خۆی بۆ نوێنەرایەتیی حاجی بابەشێخ دەربڕیوە.

لە پێش دەسپێکردنی شێعرەکە چەند دێڕێکی لە بابەت چۆنیەتیی نووسینی شێعرەکە نووسیوە کە لێرەدا وەرگێڕاوەکەی بۆ خوێنەران دەنووسم:

«کاتێک کە جەنابی پایەبەرز و بلیمەت، گەورەی سادات و زانایان، جەنابی حاجی بابەشێخ بە نوێنەرایەتیی جەماوەری خەڵکی موکریان بڕیاری چوونی دارولخیلافەی تارانی بوو، ئەم پارچە شێعرەم پێشکەشی حوزووریان کرد:

ای ز نسل حضرت خیر الوری
وی ز پُشت آن علی مرتضی
ای ز بطن فاطمه سید النسا
وی ز عمرت عالمان را مقتدا
تو کجا و مجلس تهران کجا؟!

ای ز اولاد حسین شاه شهید
وی سعادتمند میران سعید
ای رشادت‌بخش مردان رشید
وی که عالم را به قرآن مجید
تو کجا و مجلس تهران کجا؟!

آمدی از درگه خیر الأمین
گشتی شارع بر همین شرع مبین
تا رسیدی بر سریر ملک دین
بنگر از خود، خود مقام خود ببین
تو کجا و مجلس تهران کجا؟!

گر مبرّا تو نباشی زین طریق ناجیه

یا نخواهی در قیامت وصل نار و حامیه
یا بمانی گر به امید حیات عاریه
نی دهی از دست هرگز تو مقام عالیه
تو کجا و مجلس تهران کجا؟!

جدّ تو بود این چنین صدر کبیر
او بلندتر بود از شاه و امیر
فخر کرده او به احوال فقیر
تن بداده خو به إفراش حصیر
تو کجا و مجلس تهران کجا؟!

ای ز شاهنشاه انجب‌تر تویی
وی ز ماه و روز انورتر تویی
از امام عصر اشهرتر تویی
از مقام علم اعلم‌تر تویی
تو کجا و مجلس تهران کجا؟!

تو ز نسل حضرتی ای نوجوان
تو ز بحر علم هستی کشتی‌بان
تو ز بام شرع هستی این چنان
گر نیفتی تو بدام این جهان
تو کجا و مجلس تهران کجا؟!

گر به دقت خود به خود را بنگری
قول این اهل زمان را ننگری
از دو جانب وارث پیغمبری

گر ز ارث جدّ خود تو نگذری
تو کجا و مجلس تهران کجا؟!

تو امام اهل عصر سیدی
تو نهال باغ نصر سیدی
زین زمانه اهل فخر سیدی
زین میانه هر تو صدر سیدی
تو کجا و مجلس تهران کجا؟!

چشم بر هم نه تو ای والا مکان
بُگسلی گر تو طماع این جهان
شاه هستی زین جهان و زان جهان
برتری تو از شهنشاه شهان
تو کجا و مجلس تهران کجا؟!

گر تراشی نقش سیم از لوح دل
یا بخوانی بحث اصحاب رُسل
همچو بلبل نی شوی عاشق به گل
«کلُّ شیءٍ هالِکٌ» گویی به دل
تو کجا و مجلس تهران کجا؟!

خود تو دانی گر دوام گل چه باد
عشق بلبل بر گُلان بیهوده باد
عطر او و عمر خود بر باد داد
کس به وصل کس نخواهد گشت شاد

تو کجا و مجلس تهران کجا؟!

آرزوی نفس را در دل تراش
شاهی تبریز و تهران گو مباش
همچو ابراهیم ادهم شاه باش
هم جلیس حور و هم غلمان باش
تو کجا و مجلس تهران کجا؟!

آخر دنیا بیامد ای عجیب
دین احمد سست گشت و شد غریب
خاک بگذاریم بر سر از نهیب
ور نه ای اولاد ممتاز حبیب
تو کجا و مجلس تهران کجا؟!

گر نبودی قرب دجّال لعین
یا نبودی سست این دین مبین
یا نخواهد رفت شرع یا و سین
چون شوی تو هم‌جلیس خائنین
تو کجا و مجلس تهران کجا؟!

گر شراب شرع نوشی از خضر
الحذر گویی تو زین راه و سفر
مر نخواهی کرد گم، راه پدر
یا ندادی تن به الماس خطر
تو کجا و مجلس تهران کجا؟!

تو سواد شرع داری نام را
پیشوای اهل فضل عام را
داری هم ارزاق صبح و شام را
گر بگیری خو به این آرام را
تو کجا و مجلس تهران کجا؟!

بس کن این دفتر تو ای مرد گدا
دم نزن زین گفتۀ بیهودەها
شه ندارد گوش برقول گدا
زین تمنا روی خود کن از خدا
تو کجا و مجلس تهران کجا؟!

گر برنجد شاه از این کمتر غلام
یا ببرد برد او زبانم کلام
چونکه زین درگاه دارم حبّ تام
تا قیامت می‌گویم این مقام
تو کجا و مجلس تهران کجا؟!

نووسراوەکە ڕێکەوتی پێوە نەبوو، وێدەچێ ئەو مامۆستایە بڕوای بە مەجلیسی شووڕا نەبووە، یا ئەوەی لە مەشرووتەخوازی و پێک‌هێنانی مەجلیسی شووڕای میللی کە هەنگاوێکی سەرەکی بۆ گەیشتن بە دێموکڕاسی گەلانی ئێران بووە، تێگەیشتن و زانیاریی باشی نەبووە، بەڵام حاجی بابەشێخی خاوەن ئەزموونی سیاسی و ڕۆشنبیریی ئایینی، باشتری بارودۆخی سیاسیی ئەو سەردەمی ئێران هەڵسەنگاندووە.

هەر لە بابەتی بەشداری کردنی حاجی بابەشێخ لە هەڵبژاردنەکاندا، چاوم بە

نووسراوەیەکی کاک ئەنوەری سوڵتانی (لێکۆڵەر و مێژوونووسی کورد) لە ژێر سەردێڕی «روحانیت، سنّت، مشروطیت» لە کوردستان کەوت کە لەو بابەتەوە لە سەر ڕۆڵی زانا ئایینییەکانی کورد لە مەشرووتەخوازی گەلانی ئێراندا دواوە و لە زانا گەورەکانی وەک ئایەتوڵڵا مەردووخی کوردستانی و حاجی بابەشێخی سەیادەت یادی کردووە. لە بابەت حاجی بابەشێخەوە بە فارسی چەند دێڕێکی نووسیوە کە وەرگێڕاوەکەی بە کوردی دەنێمە بەر چاو و دەستی خوێنەران:

"حاجی بابەشێخی سەیادەت" زانای ئایینی ناودار و کوڕی شێخ عەبدولکەریمی زەنبیل (لە مەشایخی خانەقای نەقشبەندی) کە دوای ساڵها لە لایەن پێشەوا قازی محەممەدەوە ئەرکی بەرپرسیایەتیی کابینەی کۆماری کوردستانی پێ ئەسپێردرا، لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا سەرۆکی کۆمەڵەی یەکێتیی ئیسلام و لایەنگری عوسمانی و دژ بە سوپای ڕووسیەی تێزاری لە کوردستان بووە. هەروەها لە لایەنگرانی مەشرووتەخوازی بووە و بە پێی ئەو سەرچاوانە کە هەیە، لە یەکێک لە دەورەکانی مەجلیسی شووڕای میللیی ئێراندا بۆ خۆپاڵاوتن لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری کردووە، کە یەک جاریش بە زۆرینەی دەنگی خەڵکی وڵات بە نوێنەرایەتیی ناوچەی موکریان (ساوجبڵاغی موکری و دەوروبەری واتە بۆکان و سەردەشت) هەڵبژێردراوە، بەڵام حکوومەت، سەیید موحەمەدڕەزا موساواتی لە سەندووقەکانی دەنگ هێناوەتە دەرێ کە خەڵکی بورازجانی فارس بووە. میرزا عەبدولعەزیزی موفتی (سەدرولعولەما) نوێنەری سەقز و بانە ناڕەزایەتیی خۆی بە حوزووری موساوات لە پارڵمان دەربڕی.

حاجی بابەشێخ بۆ چەند دەهە یەکێک لە ناودارترین هەڵسووڕاوان و کەسایەتیە سیاسییەکانی کورد لە کوردستان بووە.

## فەسڵی یازدەهەم:
## بارودۆخی کوردستان لە دەورانی ڕەزاشا و
## جێگە و پێگەی حاجی بابەشێخ لەو سەردەمەدا

ساڵەکانی کۆتایی حکوومەتی قاجار و سەرەتاکانی هاتنە سەر کاری ڕەزاشای پەهلەوی، دەستەڵاتی حکوومەتی ناوەندی بە سەر ناوچە دوورەدەست و سنوورییەکاندا کز و لاواز ببوو. هەر ئەوەش ببووە هۆکاری پەرەگرتنی شێوازی دەستەڵاتداریی ناوچەیی و بەهێزتر بوونی هەرچی زیاتری هۆز و خێڵەکان، کە لە ڕاستیدا چوارچێوەی کۆمەڵگای ئەودەمی ئێران و بەتایبەت کوردستانیان پێک هێنابوو. ئاکامی باش و پۆزێتیڤی ئەو بارودۆخە، بەهێزتر بوونی دەستەڵاتە ناوخۆییەکان و پێکهاتنی هێزێکی چەکداریی عەشایری لە کوردستان بوو، کە زۆر جار ئەو هێزە عەشایرییانە لە بەرابەر هێزەکانی ئەڕتەشی تازە پێکهاتوی ڕەزاشادا یەکیان دەگرت و بە هانای یەکترەوە دەچوون، بۆ وێنە سمایل ئاغای شکاک بە یەکخستنی زۆربەی خێڵەکانی شکاک و هەرکی و جەلالی لە دەوروبەری ورمێ و دواتریش بە ڕێککەوتن لەگەڵ هۆزە گەورەکانی ناوچەی موکریان وەک دێبوکری و مامەش و مەنگوڕ و زەرزا و ... توانی بەشێکی بەرچاو لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بخاتە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی خۆی.

بەڵام ئەو بارودۆخە واتە پەرەگرتنی دەسەڵاتی هۆزایەتی، دەرەنجامی دژوار و ناخۆشیشی لێ کەوتبووەوە، ئەویش ململانە و پێک هەڵپڕژانی بێ سەمەر و بێ ئاکامی هۆزەکان بوو کە یەکێک لە هۆکارەکانی، نەبوونی دەسەڵاتێکی گشتی و حکوومی لە وڵاتدا بوو.

لەو ڕکەبەرایەتی و تێکهەڵچوونانەی نێوان هۆزەکاندا زۆر جار سەرلەشکرەکانی

ئەڕتەشی ڕەزاشا کەڵکیان وەردەگرت و بۆ سەرکوت کردنی هۆزێک کە لە بەرابەر پەرەگرتنی دەسەڵاتی ئەڕتەشدا بەربەرەکانەی دەکرد، لە هۆزێکی تر هاوکارییان وەردەگرت و بەم جۆرە ببوونە هۆکاری پێکدادانی عەشیرەتەکان.

سەرەڕای ئەو ناکۆکییە نێوخۆییانە، ڕەزاشای پەهلەوی لەگەڵ هاتنە سەر کاری خۆی، هێندێک گۆڕانکاریی بنەڕەتیی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لە ئێران دەست پێکرد؛ بۆ وێنە یەکدەست کردنی جلوبەرگ و کەشفی حیجاب (لابردنی ڕووبەند و چارشێو) و پێکهێنانی ئەڕتەش و دروست کردنی زانستگا و ... لەو هەنگاوانە بوو کە ڕەزاشا بۆ ئەوەی کە ئێران لە کۆمەڵگایەکی سوننەتییەوە بەرەو کۆمەڵگایەکی نوێ ڕاگوێزێ، هەڵیهێنابووەوە، کە لەوانە یەکدەست کردنی لیباس لە ساڵی ١٣٠٧ی هەتاوی لە زۆر شوێنی ئێران لەگەڵ بەرگری و سەرپێچیی کۆمەڵگای ئەودەم ڕووبەڕوو بۆوە، کە یەک لەوان کوردستان بوو.

تار و پۆی کۆمەڵگای ئەودەمی کوردستان لە سەر دوو لایەن ساغ بۆوە؛ یەکەمیان دەسەڵاتدارە ناوچەییەکان کە سەرۆک هۆزەکان بوون و دووهەمیان دەسەڵاتدارە مەعنەوییەکان کە زانایانی ئایینی و کەسایەتییە عیرفانییەکان واتە شێخەکان بوون. لەو دوو لایەنە، سەرۆک هۆزەکان بە هۆی پەیوەندیی پیر و مریدی کە لەگەڵ کەسایەتییە ئایینییەکان بەتایبەت شێخەکان بوویانە، زۆر گوێڕایەڵ و فەرمانبەریان بوون و ئەوە خاڵێکی گرینگ و ئەرێنی بۆ کۆمەڵگا پێک هێنابوو؛ کە ئاکامەکەی ئەوە بوو بە دەیان کێشە و گیر و گرفت بەو پەیوەندییە مەعنەوی و ئایینییەی نێوان ئەو دوو لایەنەی کۆمەڵگا چارەسەر دەکرا. کۆمەڵگای کوردەواریی ئەو سەردەم، ناوچە ناوچە بوو و هەر ناوچەیەک هەرێمی دەسەڵاتداریی سەرۆک هۆزێکی گەورە بوو. زۆر جار ئەو جیاوازی و سنووربەندییە ببووە هۆکاری کێشە و گرفتی ناوچەی نێوان دوو سەرۆک هۆزی دراوسێ کە جاری وا بوو شەڕی گەورە و خوێناوی لێ پەیدا دەبوو. جگە لەو کێشە ناوخۆییانە، کێشەی نێوان ئەڕتەشی تازە پێکهاتووی ڕەزاشا کە لە هەوڵی پەرەپێدانی دەستەڵاتی خۆی بە سەر تەواوی ئێران بەتایبەت ناوچە سنوورییەکاندا بوو، لەگەڵ دەسەڵاتدارە ناوچەییەکانیش خۆی ئەوەندەی دی بارودۆخەکەی لەگەڵ دژواری و تەنگژە ڕووبەڕوو کردبۆوە. تەنیا

پاڵپشت بۆ هەر دوو لا، کەسایەتییە ئایینییەکان بوون، کە دەوری بەرچاویان لە داکوژاندنی شەڕ و کێشەکاندا بوو.

یەکێک لەو کەسایەتییە ئایینییانەی کە جێگە و شوێنی ئەو لە زۆربەی ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستان لە سەردەمی ڕەزاشادا دیار و بەرچاوە، حاجی بابەشێخ بوو، کە بە داخەوە مێژوو بە بێدەنگی لە پەنایەوە تێپەڕیوە. ئەو بەڵگانەی کە ئێستا کەمیشیان ماون و ئەو ڕاستییانەی کە وەک بەشێک لە مێژووی زارەکی، ئێستا نەهاتوونە سەر کاغەز، نیشاندەری ئەوەن کە ناوبراو وەک کەسایەتییەکی جێی باوەڕ و متمانەی گشتی و وەک دڵسۆزێکی ڕاستەقینەی خەڵک و کۆمەڵگا حیسابی لە سەر کراوە و لە لایەن هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، لە خەڵکی سادەوە تا دەستەڵاتدار و سەرۆک هۆزەکان، ڕێزی لێ گیراوە و هەر بۆیەش حکوومەتی ڕەزاشا بۆ کێشەکان پەنایان بۆ هێناوە و بە دەیان کێشەی بچووک و گەورە بە چارەدۆزی و ڕێز و حورمەتی ئەو، پێشی پێ گیراوە یا کۆتایی پێ هاتووە.

ئەوەی ئێستا دەردەکەوێ ئەوەیە کە حاجی بابەشێخ هەر هەڵوێستێکی گرتوویەتی و هەر هەنگاوێکی هەڵیهێناوەتەوە، هەمووی لە پێناو بەرژەوەندی خەڵکی سادە و ساکاری کۆمەڵگای کوردەواریدا بووە، کە زۆر جار بەرژەوەندیان لە بەرچاو نەگیراوە، نە لە لایەن حکوومەتەوە و نە لە لایەن سەرۆک هۆزەکانەوە.

حاجی بابەشێخ زۆر زوو لە لایەن حکوومەتی ڕەزاشاوە وەک کەسایەتییەکی کە لە کوردستان جێگە و پێگەی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی نێو خەڵکی هەیە ناسراوە، سەرەڕای ئەو هۆکارانەی ئاماژەی پێ کرا، گۆیا لە لایەن عوسمانییەکانیشەوە بە دەرباری ئێران ناسێندرابوو. جا هەر بۆیەش حکوومەتی ڕەزاشا خۆی لێ نزیک کردووەتەوە و بۆ زۆربەی گیر و گرفت و ئاڵۆزییەکان دەستەو داوێنی ئەو بوون و هاواریان بۆ بردووە و لە ڕێز و حورمەت و نفووزی مەعنەوی و کۆمەڵایەتیی حاجی بابەشێخ لە لای سەرۆک هۆز و دەستەڵاتدارەکانی وڵات بە باشترین شێوە کەڵکیان وەرگرتووە.

بەڵام بابەتێک کە زۆر گرینگە و جێی سەرنجە، ئەوەیە کە حاجی بابەشێخ لەو پلە و پایە بەرزە کۆمەڵایەتییەی بوویەتی، هیچ کات بۆ بەرژەوەند و قازانجی تاکەکەسیی خۆی

هەنگاوی هەڵنەهێناوەتەوە. لە بۆچوونە سیاسییەکانیدا کەمی هەڵە بووە. زۆر جار ئەو کارە گرینگانەی کە لە دەست ئەو بە تەنیا هاتووە، ئەگەر ئەوڕۆکە بیری لێ دەکەیەوە کاری لێژنەیەکی بەرزی سیاسی بووە. حاجی بابەشێخ وەک چاکسازێکی کۆمەڵگا، زۆرتر و باشتر لە زانایانی ئایینی و سەرۆک عەشیرەتەکان بەرژەوەندی گشتیی جەماوەری خەڵکی زانیوە و هەموو هەوڵەکانیشی هەر لەو جەغزەدا سووڕاوەتەوە.

حاجی بابەشێخ بە هۆی تایبەتمەندیی زاتی خۆی، نە تەنیا هیچ داخوازییەکی ماڵی و هیچ نیازێکی دنیایی بە حکوومەت نەبوو، بەڵکوو پێشنیاری پێشکەش کردنی ماڵ و مڵک و هەروەها وەزارەتی لە لایەن حکوومەتی ڕەزاشاوە داوەتە دواوە و قەبووڵی نەکردووە. ئەگەر بڵێین ئەوە حکوومەتی ڕەزاشا بوو کە نیازی بە بوونی حاجی بابەشێخ بوو، نەک پێچەوانەکەی، وتەیەکی دوور لە ڕاستی نییە؛ ئاماژە بە چەند نموونە لەو بوارەدا دەکەین:

١. نموونەی یەکەم لە سەفەرێکدا کە حاجی بابەشێخ لە لایەن حکوومەتەوە داوای لێ دەکرێ بچێ بۆ تاران، لەوێ پێشنیاری "وەزیری مەعاریف" (فەرهەنگ)ی پێ دەکرێ کە حاجی بابەشێخ بەو وڵامە کورتە پێشنیارەکە دەداتە دواوە؛ دەڵێ «ئەگەر من لە نێو خەڵکدا بم باشتر دەتوانم خزمەتیان پێ بکەم و لە وڵاتی ئێراندا کەسانی زۆر زانا و تێگەیشتوو بۆ ئەو پلەیە هەن».[١]

دواتر پێشنیاری "بەرپرسی سازمانی بازڕەسیی ئێران"ی پێ دەکرێ کە لە وڵامدا دەڵێ: «ئەو کارە بە پشکنین و توێژینەوە لە کاری کاربەدەستانی دەوڵەتی دەزانم و ئەوە کاری منی زانای ئایینی نییە»؛[٢] هەرچەند لێرەدا هێندێک لە مێژوونووسانی کورد بۆ وێنە کاک عومەری فاڕووقی ڕەخنەی لێ دەگرن کە دەبوو حاجی بابەشێخ پێشنیاری وەزارەتی فەرهەنگ قەبووڵ بکا، با ئێمەی کوردیش لە درێژایی مێژوویی ئێراندا وەزیرێکمان ببوایە.

٢. نموونەی دووهەم: ئەم جارە ڕەزاشا تێکۆشاوە کە لە ڕێگەی پێشنیاری ماڵی و مڵکی، حاجی بابەشێخ لە خۆی نزیک کاتەوە. هەر بۆیە دەستوور دەدا کە دوو گوندی لای میاندواو

---

١. وتووێژی مامۆستا سەیید محەمەد سەمەدی لەگەڵ سەیید عەبدولقادر سەیادەت لە کتێبی: ویلیام ئیگلتۆن، جمهوری کردستان ١٩٤٦، انتشارات سیدیان، مهاباد، ١٣٥٩، ٢٤٨.

٢. هەمان سەرچاوە.

بە ناوی "تەغیاوا" و "شیناوا"، کە ملّکی خالسی دەوڵەتی بوون، بە حاجی بابەشێخ پێشکەش کرێ. لەو بابەتەدا سپەهبود شابەختی، ئەمیرلەشکری باکووری ڕۆژاوای ئێران (شمال غرب)، تێلگراف بۆ حاجی بابەشێخ دەکا. لەگەڵ ئەوەی بۆ ئەو بابەتەی ئاگادار دەکا، بانگهێشتنی دەکا بچێ بۆ ورمێ و لەوێ لە ڕێوڕەسمێکی گەورەدا قەباڵەی ئەو دوو گوندە بە حاجی بابەشێخ پێشکەش بکا؛ بەڵام حاجی بابەشێخ لە وڵامی تێلگرافەکەی شابەختیدا زۆر بە کورتی بەو شێعرەی حافزی شیرازی بەسەندە دەکا و دەنووسێ:

ما آبروی فقر و قناعت نمی‌بریم

با پادشه بگوی که روزی مقرّر است[١]

گۆیا شابەختی کە ئەوە دەخوێنێتەوە، دەڵێ «لەگەڵ ئەو سەرسەختە هیچ ناکرێ»؛ بەڵام دوای ماوەیەک سەرلەشکر عەلەوی موقەددەم کە دۆستایەتی لەگەڵ حاجی بابەشێخ زیاتر بووە، لە شوێنێک کە لەگەڵ حاجی بابەشێخ یەک دەکەون، لە بابەت ئەو هەڵوێستەی حاجی بابەشێخدا پێی دەڵێ: «وی قضایت بیفتد به هرچی روحانیت تشیع و تسنن»؛ واتە «وەی دەرد و بەڵات لە هەرچی ڕۆحانی شیعە و سوننییە بکەوێ». ئەوانە نیشان دەدەن کە تێگەیشتوویی و وشیاریی سیاسیی حاجی بابەشێخ زۆر لەوە زیاتر بووە کە بە پێشنیارێکی ماڵیی ڕەزاشا جێگە و پێگەی مەعنەوی خۆی لە نێو کۆمەڵگادا لە بەرچاو نەگرێ و لە دەستی بدا، هەروەک کوڕی حاجی بابەشێخ، خوالێخۆشبوو حاجی سەیید مستەفا سەیادەت گێڕایەوە و کوتی: «حاجی بابەشێخ فەرمووی ئەگەر ئەو پێشنیارانەی ڕەزاشام قەبووڵ کردایە، دەبوو بۆ هەموو داخوازییەکی ڕەزاشا گوێڕایەڵ بم».

هەڵبەت حاجی بابەشێخ دوو جار لە لایەن ڕەزاشاوە عەسای جەواهێرنیشانی پێشکەش کراوە؛ شێوە و ڕەسمی ڕەزاشا ئەوە بووە لە سەرتاسەری ئێراندا کەسایەتییە ناودارەکان بەتایبە ت ئەگەر کەسایەتیی ئایینی بووبێتن، بە جورێک ڕێزیان لێ بگیرێ؛ حاجی سەیید مستەفا سەیادەت کوڕی حاجی بابەشێخ گێڕایەوە کە حاجی بابەشێخ کوتی دەمەویست جاری دووهەمیان وەرینەگرم، پێم کوت ئەعلا حەزرەت عەسام لە لایەن جەنابتەوە پێ گەیوە، پێویست ناکا؛ ڕەزاشا پەسندی نەکرد، ئەوەش لە بەرابەر ئەوەدا بوو کە حاجی

---

١. سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٤٩.

بابەشێخ کێشەی پشدەرییەکانی عێراقی چارەسەرکرد کە بۆ ماوەی دە دوازدە ساڵ لە ناوچەی سەردەشت ئاڵۆزییان پێک هێنابوو و ڕێککەوتننامەی لەگەڵ ئێران پێ واژۆ کردن.

ئەوەش دەقی فارسیی ئەو نووسراوەیە کە وەک بەڵگەیەک لەگەڵ عەساکە بووە:

نظر به مراتب لیاقت و شایستگی و کفایت و آراستگی که از جناب حاجی باباشیخ در پیشگاه همایونی ما معروض افتاده لهذا محض بروز مراحم کامله از خدمات مشارالیه در وظایف دولتخواهی مشارالیه را به اعطای یک دانه عصای مرصع قرین افتخار و مباهات می‌فرماییم که زائدا علی ما کان به توجهات شاهانه مستظهر و امیدوار باشد.

١٣٠٦/٦/٢٦ هجری شمسی

## فەسڵی دوازدەهەم:
## هەوڵە ئاشتیخوازییەکانی حاجی بابەشێخ

حاجی بابەشێخ ئەگەر نزیک چوار ساڵی تەمەنی، لە بەر بیر و بڕوای ڕاستەقینەی دینی، دژ بە داگیرکەرانی ڕووس لە شەڕی یەکەمدا تێپەڕاند، بەڵام تا لە ژیاندا ما، بۆ سەقامگیریی ئاشتی و ئاسایشی خەڵکی وڵات هەوڵی دا.

لە ڕاستیدا بەرچاوترین و ئینسانیترین لایەنی ژیانی حاجی بابەشێخ ئەو هەموو هەوڵەیە کە بۆ دابین کردنی ئاشتی و کۆتایی هێنان بە کێشەکان داویەتی.

لە هەموو ئەو بوارانەی کە هەنگای بۆ هەڵێناوەتەوە، مەبەستی سەرەکی، پاراستنی دۆخی پێکەوەژیان و سەقامگیری ئاشتەوایی گشتی بۆ کۆمەڵگا بووە. بە توندی دژ بەوە بووە کە کێشە و ناکۆکییەکان بە شەڕ و تێکهەڵچوونی خوێناوی کۆتایی پێ بێ. ڕای لە سەر ئەوە بووە کە دەکرێ لە وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەمەزهەب و فرەڕەگەز و فرەزمانی وەک ئێران، بە ڕێزگرتن لە خاڵە جیاوازەکان، ناکۆکییەکان کەم کرێتەوە، یان لانیکەم پێش بە گەورەبوونەوەیان بگیرێ.

حاجی بابەشێخ لە سەردەم و کۆمەڵگایەکدا ژیاوە کە شێوازی دەستەڵاتداری ناوچەیی واتە سیستمی ئەرباب و ڕەعیەتی، شێوازی باو لە کۆمەڵگا بووە، کە بەردەوام ناکۆکی و کێشە و ململانێی عەشیرەتی تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەو کۆمەڵگایە بووە.

لە وەها ڕۆژگارێکدا کەسایەتییە ئایینی و مەعنەوییەکان وەک ستوون و کۆڵەکەیەک بوون کە بۆ چارەسەری کێشەکان پەنایان بۆ بردوون و پاڵیان پێوە داون. چەندین تایبەتمەندی حاجی بابەشێخ ئەویان وا جیاواز کردبوو کە دەتوانین بڵێین لە زۆربەی

ناوچەکانی کوردستان کێشەکان دەهاتنەوە بەر دەستی ئەو؛

یەکەم: ئازایەتی و بەغیرەتی زاتی کە لە هیچ کەس ترسی نەبووە و هەر ئەوە بۆتە هۆی متمانە و پشت پێ بەستنی زیاتری گەورەپیاوانی عەشیرەتەکان کە زانیویانە حاجی بابەشێخ نە بە هەڕەشە و نە بە هەڵخەڵەتاندنی ماڵی، ئەو کەسە نییە کە حەق بە ناحەق بگۆڕێتەوە.

دووهەم: حاجی بابەشێخ بە هۆی زاڵ بوون بە سەر زانستە ئایینییەکاندا لە باری شەرعییەوە وەک دادوەرێک حوکمی داوە.

ئێستاش ئەوەندەی بەڵگە ببێ، ئەو هەوڵە ئاشتیخوازییانەی حاجی بابەشێخ دێنینە سەر کاغەز و بە داخەوە زۆریش بەڵگە لەو بابەتەدا نەماون.

## ١. پێش گرتن لە شەڕ و تێکهەڵچوونی نێوان چەکدارانی چەند تایفەیەکی بانەیی کە هێرشیان کردبووە سەر ناوچەی میرەدێی سەقز، لەگەڵ خەڵکی ناوچەی میرەدێ.

تەنیا بەڵگە بۆ ئەو ڕووداوە، ئاماژەیەکی کورتی نووسراوەی حاجی بابەشێخە کە نووسیویەتی:

«پاش کۆچی دوایی باوکم (حاجی سەیید عەبدولکەریم)[١]، چەکدارانی چەند هۆزێکی بانەیی لەشکریان هێنابووە سەر ناوچەی میرەدێی سەقز، کە دواتریش نزیک ببوونەوە لە شاری سەقز؛ لەو کاتەدا بە منیان ڕاگەیاند، بەندە چوومە ماڵی «مەحموود ئاغای تەمووتە»، دوای دەردی سەری و مەینەتییەکی زۆر لەشکری عەشایرم ڕازی بە گەڕانەوە کرد و بەو جۆرە پێشی کوشتار و تاڵانی خەڵکی ناوچەکەم گرت.»[٢]

## ٢. کۆتایی پێهێنانی شەڕی نێوان چەکدارانی هۆزی گەورک کە هێرشیان بردبووە سەر بەگزادەکانی تایفەی حاجی موئمین خانی ئیسکی بەغدا.

حاجی بابەشێخ بۆ ئەم ڕووداوە نووسیویەتی: «بە دوای داکوژانی شەڕی عەشایری بانە و سەقز، لە خزمەت خوالێخۆشبوو برای گەورەم سەیید عەبدولحەکیمدا چووین بۆ گوندی

١. کۆچی دوایی حاجی سەیید عەبدولکەریم ١٢٩١ی کۆچی هەتاوی/ ١٩١٢ی زایینی بووە.

٢. نووسراوەکانی حاجی بابەشێخ لە زیندان(دەستنووسە و هێشتا چاپ نەبووە).

ئیسکی بەغدا و کۆتاییمان بە شەڕ و تێکهەڵچوونەکە دا.»[١]

### ٣. ڕازی کردنی پشدەرییەکان بۆ بەجێهێشتنی ناوچەی سەردەشت بە شێوەی دادوەری شەرعی.

تا ئەو جێیەی بزانم هۆزی پشدەر نیشتەجێی ناوچەی قەڵادزێی عێراقن، بەڵام وا دیارە ئەوان بەشێک لە لەوەڕگە و گوندی ناوچەی سەردەشت و تا ڕادەیەک بانەیان بە هی خۆیان زانیوە یا هەر هی خۆیان بووە؛ هەر بەو هۆکارە بۆ ماوەی نزیک دە دوازدە ساڵ بەردەوام، جاروبار هێرشیان کردووەتە سەر ناوچەی سەردەشت؛ کە یەکەم جار لە ساڵی ١٢٩٨ی هەتاوی / ١٩٢٠ی زایینی بە سەرکردایەتی بابەکری سەلیم ئاغا، پشدەرییەکان دەستیان بە سەر داهاتی هێندێک گوندی ناوچەی سەردەشتدا گرتبوو و ساڵێک دواتر پشدەرییەکان لەگەڵ تاقمێک چەکداری مەنگوڕ بە بیانووی وەرگرتنەوەی قەرز هێرش دەکەنە سەر شاری سەردەشت و بەشێکی زۆر لە ماڵ و مڵکی خەڵکی سەردەشتیان سووتاند و چەند کەسێک لە چەکدارانی دەوڵەت لەو هێرشەدا کوژران و پشدەرییەکان سەردەشتیان بۆ ماوەی مانگێک لە کۆنترۆڵدا بوو.[٢]

ئەوە کورتەیەک بوو لە کێشەی پشدەرییەکان کە هێرشیان دەکردە سەر سەردەشت. بەڵام بزانین حاجی بابەشێخ لەو بابەتەوە چی نووسیوە؟

«دوای چەند ساڵێک کە پشدەرییەکان دەستیان بە سەر ناوچەی سەردەشت و دەوروبەریدا گرتبوو، بەندە لەگەڵ سەرتیپ مێهدی قولی خانی تاجبەخشی چووین بە شێوەی دادوەریی شەرعی کۆتایم بەو دەستدرێژییانە هێنا.»

بۆ وەدەستهێنانی ڕێکەوتی ئەو ڕووداوە دوای هێندێک لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە بە ئەگەری زۆر لە ساڵی ١٣٠٣ی هەتاوی واتە ١٩٢٥ی زایینیدا بووە.

### ٤. چارەسەریی کێشەی ڕاپەڕینی هۆزەکانی بانە و کێشەی هێرشی دووبارەی پشدەرییەکان بۆ سەردەشت و هاتنی سەرلەشکر ئەمیرعەبدوڵڵا خانی تەهماسبی بۆ جەمیان.

---

١. نووسراوەکانی حاجی بابەشێخ لە زیندان (دەستنووسە و هێشتا چاپ نەبووە).

٢. محمد رئوف توکلی، *جغرافیا و تاریخ بانه (کردستان)*، چاپ دوم، تهران، چاپخانهٔ سهیل، ١٩٩٦، ل ١٨٥.

حاجی بابەشێخ نووسیویە: «بە دوای ئەوەی کێشە و ئاژاوەی هۆزەکانی بانە سەری هەڵدا و هەمیسان پشدەرییەکان هێرشیان بۆ ناوچەی سەردەشت دەست پێکردەوە، خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا خانی تەهماسبی بۆ چارەسەریی کێشەی ناوچەکانی سەردەشت و بانە و مەریوان و هەورامان، ڕووی لە ماڵ و خانەقای من کرد؛ بە پشتیوانیی خوا بێ ئەوەی لەشکرکەشی پێویست بێ، سەرۆک عەشیرەکانی بانە و سەردەشتم لەگەڵ سەرلەشکر کۆ کردەوە و بە یەکەوە لەشکری عەشایر و ئەرتەش بۆ هەورامان چوون؛ هەڵبەت لەوەدا حەزرەتی پیری تەریقەت حیسامەددین یارمەتیی زاهیری و باتنی فەرمووە.»

هەروەک لێرەدا و لە نووسراوەکەی خودی حاجی بابەشێخدا کە زۆر بە کورتی ئاماژەی بە ڕووداوەکان کردووە دەبیندرێ، دەردەکەوێ کە ئەمیر عەبدوڵڵا خانی تەهماسبی بۆ چارەسەریی ئەو کێشانە پەنای بردووەتە لای حاجی بابەشێخ. پێش هەموو شتێک، پێویستە بزانین ئەمیر عەبدوڵڵا خان کێ بووە؟

«سەرلەشکر ئەمیر عەبدوڵڵا خان لە دەورەی ئەحمەدشای قاجاردا فەرماندەی گاردی پارێزەری ئەحمەدشا بووە و ئەوکات لە لەشکری ئێراندا مافەوقی ڕەزاخانی میرپەنج (ڕەزاشا) بوو؛ لە ئەنجامدا بە هاوکاریی ئەمیر عەبدوڵڵا خان و سپەهبود شابەختی و ڕەزاخان، حکوومەتی قاجار هەرەس دێنێ. دوای هاتنە سەر کاری ڕەزاشا، ئەمیر عەبدوڵڵا خان ماوەیەک وەزیری جەنگ بوو، بەڵام دواتر کە ڕەزاشا لێی دڕدۆنگ دەبێ، دەیکاتە فەرماندەی لەشکری باکووری ڕۆژاوا (شیمالی غەرب)ی ئێران و لە ئەنجامدا لەساڵی ١٣٠٧ی هەتاوی لە ڕێگەی سەردانی پارێزگەی لوڕستان بە شێوەیەکی گومانلێکراو تێدا دەچێ.»

سەرلەشکر ئەمیر عەبدوڵڵا خان هیچ ناسیاوییەکی پێشووی لەگەڵ حاجی بابەشێخ نەبووە. «ئەوکات کە سەرلەشکر دەیهەوێ لەگەڵ حاجی بابەشێخ کۆ ببێتەوە، پێی ڕادەگەیێنن کە حاجی بابەشێخ لە گوندی جەمیان نیشتەجێیە و لەو کاتەشدا چەند ڕۆژێک لە کۆچی دوایی کچێکی حاجی بابەشێخ تێدەپەڕێ. هەر بۆیە ئەمیر عەبدوڵڵا خانی تەهماسبی بڕیار دێنێتە سەر ئەوەی بچێ بۆ جەمیان. لەو سەفەرەی سەرلەشکر ئەمیر عەبدوڵڵا خاندا کە چەند کەس لە فەرماندەرانی دیکەی ئەرتەشی لەگەڵ دەبن، عەلیاغای

عەلیار (ئەمیرئەسعەد) و عەبدوڵلا ئاغای ئێلخانیزادە کە خاوەن و مالکی شاری بۆکان و لە عەشیرەتی دێبوکری بوون، لەو سەفەرەدا هاوڕێی ئەمیر عەبدوڵلا خان دەبن. عەبدوڵلا ئاغا بۆ ئەوەی حاجی بابەشێخ لە هاتنی ئەو میوانانەی، بەتایبەت سەرلەشکر ئەمیر عەبدوڵلا خان ئاگادار کاتەوە، نامەیەک بۆ حاجی بابەشێخ دەنووسێ و بە پیاوێکدا دەینێرێ بۆ حاجی بابەشێخ؛ بەڵام مەبەستی سەرەکیی عەبدوڵلا ئاغا ئەوە بووە کە حاجی بابەشێخ مەودایەک بۆ پێشوازیی سەرلەشکر بێ، بەڵام هەرچەند بەرەو جەمیان ڕۆیشتن (کە بە سواری ئەسپ دە چوون)، کەس نەهات بۆ پێشوازی تا نێو گوندی جەمیان. عەبدوڵلا ئاغا گێڕاویەتەوە کە لەوێش چەند پیاو و دەستوپێوەندی حاجی بابەشێخمان چاو پێ کەوت و ئێمەیان ڕێنوێنی کرد بۆ خانەقاکەی (کە هەمان مزگەوتەکە بوو). لەو پێشوازییە ساردەی حاجی بابەشێخ ئەمیر عەبدوڵلا خان لە ڕێگادا زۆری پێ ناخۆش دەبێ، تەنانەت بڕیار دێنێتە سەر ئەوەی بگەڕێتەوە. عەبدوڵلا ئاغا گێڕاویەتەوە: تا نەچووینە نێو مزگەوتەکە (خانەقاکەی حاجی سەیید عەبدولکەریم)، چاومان بە حاجی بابەشێخ نەکەوت؛ تەنانەت لەوێش حاجی بابەشێخ خۆی بە پەردەی پەنجێرەکانەوە سەرقاڵ کردبوو. کاتێک چووینە نێو مزگەوتەکە، کە ئەمیرعەبدوڵلا خان پێی وا نەبوو مزگەوتە، ویستی بە چەکمەکانیەوە بچێتە ژوورێ، کە لەو کاتەدا حاجی بابەشێخ پێش سڵاو بەو ئایەتەی قوڕئان هۆشداری بە ئەمیر عەبدوڵلا خان دا؛ ئایەتەکە دەفەرمێ: «فَاخْلَعْ نَعْلَیْکَ إِنَّکَ بِالْوادِ الْمُقَدَّسِ طُوًی» (پێڵاوەکانت دانێ، کە تۆ بە دروستی هاتوویە شوێنێکی پیرۆز)، کە ئەمیر عەبدوڵلا خان دەگەڕێتەوە و چەکمەکانی لە پێی دەردێنێ.»[١]

ئەم شێوە هەڵسوکەوتەی حاجی بابەشێخ کە دواتریش چەندین جار لەگەڵ سەرلەشکر و فەرماندەکانی دیکەی حکوومەتی ڕەزاشا بیندراوە، نیشان لە نەترسی و ویقار و باوەڕ بەخۆبوونی ئەو دەکا کە لەو سەردەمەدا لە کەم کەس بیندراوە؛ هەڵبەت ئەوەش بڵێین هەر ئەو حاجی بابەشێخە هەرکات فەقێیەک یا مامۆستایەکی ئایینی چووە بۆ لای، بردوویەتە

---

١. چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ عەباس ئێلخانیزادە کوڕی عەبدوڵلاغا، ٢٠١٥/٤/٢٧ و چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ سەیید مستەفا سەیادەت، سەرچاوەی پێشوو.

لای سەرەوەی خۆی.[١]

بەڵام هەروەک حاجی بابەشێخ نووسیویەتی، دوای دانیشتنی جەمیان، حاجی بابەشێخ لەگەڵ ئەمیر عەبدوڵلا خان و هاوڕێیانی دەکەوێ و دەچن بۆ ناوچەی بانە و لەوێ حاجی بابەشێخ کەسانێک ڕادەسپێرێتە لای سەرۆک هۆزەکانی سەردشت و بانە کە بەتەما بوون لە بەرامبەر هێزەکانی ئەڕتەش و هۆزەکانی مەنگوڕ و دێبوکری کە لەگەڵ ئەڕتەش بوون، شەڕێکی خوێناوی ئەنجام بدەن.

هێزەکانی بانەیی و سەردەشتی کە سەرکردەیان حەمەڕەشید خان بوو، ڕێزێکی تایبەت و باوەڕ و متمانەیەکی پتەویان بە حاجی بابەشێخ بوو، هەر بۆیە بە پیر داواکارییەکەی حاجی بابەشێخەوە دێن و لە گوندی چێچۆڕان لەگەڵ سەرلەشکر ئەمیر عەبدوڵلا خان دانیشتنیان دەبێ و حاجی بابەشێخ ڕێککەوتننامەیان لە نێواندا واژۆ دەکا و ئەو ڕێککەوتننامەیە لە ساڵی ١٣٠٦ی هەتاوی / ١٩٢٧ی زایینی دەبەسترێ و ناوەرۆکی ڕێککەوتننامەکە لە سەر ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بووە:

١. هێزی بەگزادەکانی بانە دەست لە پەلاماردانی شاری بانە هەڵگرن،
٢. دەوڵەت، بەڕێوەبردن و کۆکردنەوەی باجەکانی گوندەکانی خۆراوای بانە بۆ بەگزادەکانی بانە بگێڕێتەوە،
٣. هەر دوو لا هاوکاریی یەک بکەن لە شەڕدا.[٢]

١. لە بەراوەرد لەگەڵ ئەو هەڵس‌وکەوتەی حاجی بابەشێخ لەگەڵ تەهماسبیدا هەر ئەو کاتە کە ئەمیر عەبدوڵلا خان لەگەڵ لەگەڵ هۆزەکانی دێبوکری و مەنگوڕ هێرش دەبا بۆ سەر حەمەڕەشید خانی بانە و دوایە دەگەڕێتەوە بۆ سابڵاغ، زۆربەی گەورەپیاوان و زانایانی ئایینیی مەهاباد تا گوندی "دەرمان" بە پێشوازی سەرلەشکر ئەمیر عەبدوڵلا خانەوە دەچن.

٢ . کەیوان ئازاد ئەنور، حەمەڕەشید خان، چاپخانەی بەدرخان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠١، ژمارە پەڕە؟؟؟

**٥. کۆتایی پێهێنانی ئاژاوەی پشدەرییەکان و گرێبەست کردنی ڕێککەوتننامە لە نێوان پشدەرییەکان و سەرتیپ سەیفی ئەفشاردا.**

هەروەک پێشتریش ئاماژەی پێ کرا، هێرشی پەیتا پەیتای پشدەرییەکان لەودیوی سنوورەوە بۆ سەر شار و گوندەکانی سەردەشت، ئاسایش و هێمنایەتی لە خەڵکی ناوچەکە هەڵگرتبوو. لەوانەش بوو کێشەی سنووری لە نێوان ئێران و عێراقدا لی پەیدا بێ؛ هەربۆیە ڕەزاشا بۆ چارەسەریی ئەو قەیرانە بە ناردنی سەرتیپ سەیفی ئەفشار، دەستەو دوایێنی حاجی بابەشێخ بوو. بۆ ئەو مەبەستە لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٠٨ی هەتاوی (١٩٣٠ی زایینی) سەرتیپ سەیفی ئەفشار، ناردراوی ڕەزاشا، لە ماوەی دوازدە ڕۆژدا دوو نامە بۆ حاجی بابەشێخ دەنووسێ.

لە نامەیەکیاندا کە ڕێکەوتی ١٣٠٨/٣/٣ی هەتاوی (واتە ١٩٢٩/٥/٢٤ی زایینی)ی پێوەیە؛ وێدەچێ سەیفی ئەفشار لە سەقز بووبێ و حاجی بابەشێخیش لە گوندی جەمیان:

خزمەتی جەنابی موستەتاب پەرەپێدەری ئەحکامی دین ئاغای حاج بابەشێخ

بە ناوی خودا:

بە پێی ئەوپەڕی تامەزرۆیی کە بۆ دیداری پایەبەرزی جەنابتانم هەبوو، بەتایبەت لەم لایەوە هاتم کە چاوم بە جەنابت بکەوێ؛ بەڵام بە هۆی ئەوە کە هاتنی ماشێن بۆ خزمەت جەنابتان دەس نادا[1]، ناچار چوومە سەقز و لە سەقز چاوەڕوانی هاتنی قەدەمی پیرۆزتان دەکەم. بە هۆگرییەکی بێڕادە کە دووراودوور بە جەنابتانم بۆ پەیدا بووە، بەتایبەت بە هۆی پلەی هۆگری و ئەمانەتداریی بەڕێزتان سەبارەت بە ئەعلاحەزرەت شاهەنشا (ڕۆحمان بە فیدای بێت) بەڕێزیان دڵسۆزی و ڕێزی تایبەتی جەنابتانی ڕاسپاردووم و دەستووریان فەرمووە بە خزمەتتان موشەڕەف بم، هەربۆیە داوا دەکەم ئەگەر بۆتان دەگونجێ هەرچی زووتر تەشریفتان بێن بۆ سەقز.

سەرۆکی سەرجەم عەشایری ئازەربایجان

سەرتیپ سەیفی ئەفشار

لە نامەیەکی دیدا بە ڕێکەوتی ١٣٠٨/٣/١٥ هەتاوی (١٩٢٩/٦/٥ی زایینی) نووسیویەتی:

لە لایەن فەرماندەی هێزەکانی سەقزەوە بۆ خزمەت حەزرەتی پاکی فەرمان بەڕێوەچوو ئاغای حاجی بابەشێخ ـ خوای بەرز و بێهاوتا بیپارێزێ ـ

بە هۆی ئەوە کە ڕۆژی شەممە ١٣٠٨/٣/١٨ لە سەر سەفەری چوونی سەردەشتم، تکاتان لێدەکەم حەزرەتی پایەبەرزتان ڕۆژی شەممە تەشریف بێننە گوندی نمەشیر کە بەیانی ڕۆژی یەکشەممە بە یەکەوە بەرەو سەردەشت ڕێ

---

١. بە هۆی نەبوونی ڕێگا؛ حاجی بابەشێخ ئەوکات نیشتەجێی گوندی جەمیان بووە.

کەوین.
ناردراوی تایبەتی ئەعلاحەزرەتی پاک و بەرز شاهەنشا، ڕۆحمان بە فیدای بێت.
سەرتیپ سەیفی ئەفشار

حاجی بابەشێخ بە دوای ئەو هەموو داکۆکییەی سەرتیپ سەیفی ئەفشار، لەگەڵ حاجی سەیید سەلامی برای و یەک دوو پیاوێک لە جەمیانەوە بەرەو نمەشێر بە سواری ئەسپ ڕێ دەکەوێ و لەوێشەوە لەگەڵ سەرتیپ ئەفشار و هێزێکی زۆری دەوڵەتی و عەشایر دەگەنە سەردەشت و ماوەی نزیک دە ڕۆژ لەوێ دەمێنێتەوە و لەگەڵ سەرکردەکانی هۆزی پشدەری، وەک باپیر ئاغا و هەباس ئاغا و بابەکر ئاغا و ساڵح ئاغا، دوای دانیشتن و تاووتوێ کردنی بەڵگەکان لە ئاکامدا دەتوانێ ڕێککەوتننامەیەکی قایم و ڕێکوپێک لە نێوان دەوڵەتی ئێران و پشدەرییەکانی عێراق ببەستێ و بەو جۆرە یەکێک لە گەورەترین کێشە و قەیرانەکانی ناوچەکە کە بۆ ماوەی نزیک دە ساڵ ببووە هۆکاری ماڵوێرانی و کوشتاری خەڵکی بێتاوانیش، کۆتایی پێ بێنێ.

وەکوو لە نوسراوەکانی حاجی بابەشێخ دەردەکەوێ، ئاغایانی پشدەر بە وەرگرتنی پارەی نرخی ڕۆژ، مڵکی خۆیان بە دەوڵەتی ئێران فرۆشتووە و ڕێککەوتننامەیەکی چەند ماددەیی بەم شێوەیە مۆر کرا:

١. هەرکام لە ئاغایانی پشدەری بیانەوێت، دەتوانن بە شێوەی فەرمی ناسنامە وەرگرن و ببنە هاووڵاتیی ئێران.

٢. ئەوانەی هەر حەز دەکەن عێراقی بمێننەوە، بە نووسینی بەڵگە و قەباڵەی شەرعی، مڵکی خۆیان بە دەوڵەتی ئێران بفرۆشن و پارە وەرگرن.

٣. پشدەرییەکان بۆیان هەیە لە وەرزی بەهاردا هەموو ساڵ ئاژەڵ و مەڕ و ماڵاتی خۆیان بێنن بۆ هەوارەکانی دەوروبەر.

ئەم ڕێککەوتننامەیە بە مۆر و ئیمزای حاجی بابەشێخ و سەرتیپ سەیفی ئەفشار و نۆ کەس لە گەورەپیاوانی پشدەری گەییشت.[1]

---

١. عومەر فاڕووقی، حاجی بابەشێخ یەکەمین سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی میللی کوردستان، چاپخانەی کوردستان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٨، لاپەڕە؟؟؟.

## ٦. هەوڵ و تێکۆشان بۆ ئازاد کردنی هێندێک هاووڵاتی لە بەندیخانە

(سەفەری تاران)

ئەو کەسانەی کە حاجی بابەشێخ بۆ ڕزگار کردنیان هەوڵی داوە، بریتی بوون لە حەسەن خانی نمەشیر، عیزەت خانی نمەشیر، نەسروڵلا خانی ساوان، فەیزوڵلا خانی بۆبەکتان، سەلیم خانی کیوەرۆ، حاجی ئەمیر ئەسڵان خانی مەڕخوز، حاجی پاشا خانی ئەردەڵان لەو کەسانە بوون کە گیرابوون.

لە ڕووی تێلگرافێک کە حاجی بابەشێخ بۆ ئازاد کردنیان ئاراستەی وەزارەتی دەرباری ڕەزاشای کردووە، دەردەکەوێ ساڵی ١٣٠٨ی هەتاوی (١٩٣٠ی زایینی)، ئەوانە لە تاران لە بەندیخانەدا بوون و حەوت کەسیش بوون. ئەوەی کە لە تێلگرافەکەی حاجی بابەشێخ دەردەکەوێ ئەوەیە کە کەس‌وکاری دەسگیرکراوەکان دەستەو داوێنی حاجی بابەشێخ بوون؛ بەڵام حاجی بابەشێخ بە ناردنی تێلگراف بە ئەنجامێکی دیاریکراو نەگەیوە؛ وا دیارە دوای ماوەیەک هەمیسان پەنایان بۆ حاجی بابەشێخ بردۆتەوە، هەربۆیە حاجی بابەشێخ بڕیار دێنێتە سەر ئەوەی کە بۆ ڕزگار کردنیان بچێ بۆ تاران.

بۆ ئەو سەفەرە چەند کەس کە بریتی بوون لە حاجی سەیید سەلامی برای و حاجی سەیید عەلی حوسەینی (حاجی سەیید عەلی ساباڵاغ) دۆست و یاوەری ڕاستەقینەی حاجی بابەشێخ و حاجی میرزا عەزیز پیاوی وەفادار و هاوڕێی هەمیشەیی حاجی بابەشێخ، لەگەڵ خۆی دەبا. لە تاران کارەکە ماوەیەک دەخایەنێ و لە سەرەتای گەیشتنیان بە تاران، وەزارەتی دەربار داوا لە حاجی بابەشێخ دەکا کە خۆی و هاوڕێیانی میوانی دەربار بن یا لە سەر هەزینەی دەربار لە هۆتێل بمێننەوە، کە حاجی بابەشێخ ئەو پێشنیارانەی دەربار پەسەند ناکا. هەرچەند پێداگری دەکەن و تەنانەت هاوڕێیانی حاجی بابەشێخیش ڕایان لە سەر ئەوە دەبێ، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ڕازی نابێ و لەو ماوەدا کە لەوێ دەبن و کارەکە درێژە پەیدا دەکات، کەم‌کەم پارەیان دێتە کەمی و هاوڕێیانی حاجی بابەشێخ پێی ڕادەگەیەنن ئەو پارەیەی پێمانە، بەشی یەک دوو ڕۆژی کە دەکا.

حاجی بابەشێخ بە خێرایی حاجی میرزا عەزیز ساز دەکا و دەینێرێ بۆ ورمێ بۆ لای دۆستی دێرینی خۆی حاجی محەمەد ئاغای وسووق (حاجی محەمەد ئاغای قاسملوو، باوکی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو) و بە ناردنی نامە، دۆخەکەی خۆیانی پێ ڕادەگەیێنێ

و داوای پارەیەکی بە قەرزی لێ دەکا.

گۆیا هاوڕێیانی حاجی بابەشێخ لەو ماوەیەدا کە ئێستا حاجی میرزا عەزیز نەهاتۆتەوە، پێی دەڵێن: قوربان ئەگەر کەسێک بێ بۆ چاوپێکەوتنی جەنابت، چۆنی میوانداری لێ بکەین. حاجی بابەشێخ لە وڵامیاندا دەڵێ من بەڕۆژوو دەبم و هەر کەسیش هات لە بەر حورمەتی ڕۆژووەکەی من دیارە هیچ ناخوا؛ هەر واش دەبێ.

حاجی میرزا عەزیز نامەکە دەگەیەنێ بە حاجی مەمەد ئاغا و چونکە ئێوارێش دەگاتێ بەتەما دەبێ ئەو شەوە لەوێ (ورمێ یا گوندی قاسملوو) بمێنێتەوە. بەڵام حاجی مەمەد ئاغا کە لە بارودۆخی حاجی بابەشێخ و هاوڕێیانی تێگەیوە، بە زوویی بە میزانێکی لیرەی عوسمانی دەداتێ و حاجی میرزا عەزیز وادار بە گەڕانەوە هەر بەو شەوە دەکا کە ماشێن بۆ تاران هەیە و دەتوانی هەر ئەوشۆ بگەڕێیەوە. بەو جۆرە بە خێرایی دەینێرێتەوە.

کاتێک حاجی میرزا عەزیز دەگاتەوە تاران، بە خۆشییەوە حاجی بابەشێخ بە هەر زەحمەتێک بێ، بەڵێنی ڕزگاربوونی بەدیل گیراوەکان لە بەرپرسان و کاربەدەستان وەردەگرێ و بە گەیشتنەوەی حاجی میرزا عەزیز مەخاریج و حیسابی موسافیرخانەکە ساف دەکەن و بەرەو وڵات ڕێ دەکەون.

لە گەڕانەوەیاندا لە نزیک مەراغە بە هاوڕێیانی ڕادەگەیەنێ کە بەرەو سابڵاغ ناچین، بەڵکوو دبێ بچین بۆ ورمێ بۆ لای حاجی مەمەد ئاغا. هاوڕێیانی کە چاوەڕوانی ئەوەیان نەبوو، زۆریان بە دڵ نەبوو؛ بەڵام هەموو بەرەو ورمێ ڕێیان داگرت. لە ورمێ حاجی مەمەد ئاغا میواندارییەکی باشیان لێ دەکا و حاجی بابەشێخیش وێڕای ئەوەی زۆری سوپاس لێ دەکا، پاشماوەی لیرەکانی دەداتەوە و پێشی ڕادەگەیەنێ کە لیرەکانی دیکەش لە زووترین کاتدا دەنێرمەوە. بەڵام حاجی مەمەد ئاغای قاسملوو پێداگرییەکی زۆر دەکا کە ئەو لیرانەم بە قەرز بۆ نەناردووی و هەر خۆم پێم خۆشە لەو چالاکییە مرۆڤدۆستانەدا بەشداریم کردبێ. هەرچی پێداگری دەکا، حاجی بابەشێخ ڕازی نابێ و پێی دەڵێ حاجی مەمەد ئاغا، من پیاوەتی و میوانداری ڕەزاشام لە تاران پەسەند نەکرد، هی تۆ چۆن پەسەند دە کەم؟ (لەگەڵ ڕێز و حورمەتێکی زۆری کە بۆ تۆم هەیە).

لەو کاتەدا حاجی مەمەد ئاغا بە هەر جۆرێک بێ، چەند لیرەیەک بە حاجی میرزا عەزیز دەدات. کە دەگەنەوە سابڵاغ، حاجی میرزا عەزیز بە حاجی بابەشێخ ڕادەگەیەنێ کە دەمهەوێ بچمە بازاڕ هێندێک دیاری بۆ ماڵ و منداڵ بکڕم. حاجی بابەشێخ کە هیچ

پارەیەکی پێ نابێ، پێی ڕادەگەیەنێ کە هێندێکیش بۆ ماڵی من بکرە تا گەیشتینەوەی ماڵێ.

لە ڕێی هاتنەوەیان بۆ جەمیان حاجی بابەشێخ لە نێوان گەردیگلان و جەمیان بە هاوڕێیانی ڕادەگەیەنێ کە دەبێ لێرە سوجدەی شوکر بەجێ بێنین. دەپرسن لەبەر چی؟ دەفەرمێ لەبەر ئەوەی کە یەکەم؛ شوکر بۆ خوا سەفەرەکەمان بێ ئاکام نەبوو و توانیمان بەدیل‌گیراوەکان ڕزگار کەین؛ دووهەم: ئەوەی کە تەعاڕوف و میوانداریی ڕەزاشامان قەبووڵ نەکرد؛ سێهەم: ئەوەی کە هەموومان بە سلامەت گەڕاینەوە نێو ماڵ و منداڵی خۆمان.[١]

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ سەیید سەعیدی سەیادەت، سەرچاوەی پێشوو؛ عومەر فاڕووقی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە؟؟؟

## ٧. پەیوەندی حاجی بابەشێخ و سمایل ئاغای سمکۆ

ئەوەی لەم بابەتەدا دەتوانم ئاماژەی پێ بکەم، یەکەم نووسراوەکەی حاجی بابەشێخە کە لە زیندان داوایان لێ کردووە، کە لەو بابەتەدا ئاوای نووسیویە:

کاتێک ڕاپەڕینەکەی سمکۆ پەیدا بوو، سەرۆکی هۆزی شاهسەوەن نامەی بۆ نووسیم و هاواری بۆ هێنام (لە دەست زەخت و توندوتیژیی هێزەکانی سمکۆ دژ بە خەڵکی بێتاوانی ئەو هۆزە). حاجی بابەشێخ نووسیویە منیش لەگەڵ سەرکردەی هۆزەکانی موکری پەیوەندیم گرت و ئەوانم بەوە ڕازی کرد کە «لەو کارە دژ بە مرۆڤایەتییانەدا» هاوکاریی هێزەکانی سمکۆ مەکەن».

هەڵبەت ڕاپەڕینەکەی سمکۆ هەرچەند گەورەترین بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئەوکاتی کوردی ئێران بوو، بەڵام زۆر جار لەگەڵ توندوتیژی و کاری دژ بە مرۆڤایەتیش تێکەڵ ببوو؛ بۆ وێنە کوشتنی مارشیمۆنی ئاسۆری و ٧٠ کەس لە هاوڕێیانی،[١] یا کوشتنی سەربازە بەدیلگیراوەکان لە شاری مەهاباد، یا دەستووری کوشتنی قازی عەلی، باوکی قازی محەممەد کە بە هەڵە بەجێی قازی عەلی، قازی لەتیف دەکوژن و ....

لێرەدا هەڵوێستی حاجی بابەشێخ، هەروەک هەمیشە، بەرگری کردن لە تێداچوون و دەربەدەری و ماڵوێرانی خەڵکانی بێتاوان بوو؛ هەڵبەت بە هۆی ئەوە کە حاجی بابەشێخ ئەوانەی لە زینداندا نووسیوە، ئاماژەی بە پەیوەندی نهێنیی خۆی لەگەڵ سمکۆ نەکردووە؛ کە بۆ ئەم ڕاستییە من تەنیا دەتوانم بە وتەکانی تەنیا کوڕی حاجی بابەشێخ کە لە ژیاندا مابوو، ئاماژە بکەم.

خوالێخۆشبوو سەیید مستەفا سەیادەت دەیکوت: من چەندین جار ئەوەم لە باوکم و کاکم بیستووە کە حاجی بابەشێخ بە پیاوێکی جێی متمانەی خۆی بە ناوی حەمە شێخ عارف نامەی بۆ سمکۆ دەنارد، سمکۆش جوابی نامەکانی هەر بەودا بۆ دەناردەوە.[٢]

---

١. کە مام جەلال لە کتێبی خۆیدا بە لاپەڕەیەکی ڕەشی مێژووی بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکانی گەلی کوردی دەناسێنێ. کام کتێبە، کام پەڕەیە؟؟؟

٢. نووسراوەکانی حاجی بابەشێخ لە زیندان، سەرچاەی پێشوو؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ سەیید مستەفا سەیادەت، سەرچاوەی پێشوو.

**٨. هەڵوێستی حاجی بابەشێخ لەسەر دیاردەی یەکدەستکردنی لیباس لە لایەن ڕەزاشاوە**

ساڵی ١٣٠٧ی هەتاوی (١٩٢٦ی زایینی)، ڕەزاشای پەهلەوی نزیک بە حەوت ساڵ بوو کە دەسەڵاتی ئێرانی بە دەستەوە گرتبوو و سێ ساڵ بوو لە سەر تەختی شاهەنشاهیی ئێران دانیشتبوو، کە یاسایەکی بە پەسەندی مەجلیسی شووڕای میللی ئێران گەیاند بۆ یەکدەستکردنی لیباس لە هەموو وڵاتی ئێران. ئەو یاسایە لە سەرەتادا تەنیا فەرمانبەرانی دەوڵەتی دەگرتەوە، بەڵام دواتر یاساکە جگە لە زانایانی ئایینیی گەورەی شیعە و سوننی، بۆ هەموو میللەتی ئێران پەرە پێ درا.

ئەو یاسایە لە ڕاستیدا گۆڕانکارییەکی کلتووری و کۆمەڵایەتی بوو بۆ بردنی ئێران بەرەو کۆمەڵگایەکی نوێ و ئەوکات لە پەسەندی ئەو یاسایەدا ئەو هۆکارانەیان دێناوە کە ئەو شێوە لیباسەی خەڵک لە زۆربەی ئێران وەک شێوە لیباسی ڕۆحانیان بوو، هی دەورەی قاجارە و ئێستاش ئەوە بۆ کاروباری ئاسایی خەڵک دەستوپێگرە؛ ئەوکات هەر لە دەستووری مەجلیسدا گونجابوو کە کەسێک سەرپێچیی بکا، دەبێ بە وەرگرتنی پارە کەسەکە سزا بدرێ و ....

هەروەک چاوەڕوان دەکرا، ئەو گۆڕانکارییە لە هێندێک شوێنی ئێران لەگەڵ هەڵوێستی دەمارگیرانی مەزهەبی ڕووبەڕوو ببووەوە؛ بەڵام لە کوردستاندا بە هۆی فتوای مەلا خەلیلی گۆڕۆمەر کارەکە بە بەربەرەکانێ و ڕاپەڕینی چەکداری کێشرا. مەلا خەلیل کە لە میراوێی سەردەشت نیشتەجێ دەبوو، سەرکردەی ناوداری هۆزی مەنگوڕ، بایز ئاغای بۆ ئەو بەربەرەکانییە ڕازی کرد و ئەویش لە کۆبوونەوەیەکدا توانی سەرکردەکانی تری مەنگوڕ پێمل کا. مەلا خەلیل فتوای دابوو کە «هەرکەس لیباسی پەهلەوی لە بەر کا و کڵاوی شەبکە لە سەر بکا، کافر دەبێ.»

هەر ئەو فتوایەی مەلا خەلیل بوو بە هۆکاری تێکهەڵچوون و شەڕی خوێناوی کە لە لایەکەوە چەکدارانی مەنگوڕ بە فتوای مەلا خەلیل ڕاپەڕیبوون و لە لایەکی دیکەشەوە سوارەنیزامی هۆزەکانی مامەش و دێبوکری وێڕای سەربازانی ئەرتەش بەرەنگاری پەلاماری مەنگوڕ ببوونەوە. لە ئەنجامدا بە هۆی شەڕی توندی سوارەنیزامی دێبوکری و مامەش و پشتیوانیی تیربار و تۆپی ئەرتەش، هێزەکانی مەنگوڕ خۆیان نەگرت و دوای کوژرانی نزیک

پازدە بیست کەس لە هەردوو لا، بە ناچار لە پردی قەڵاتاسیان پەڕینەوە و دەربازی ئەودیوی سنوور بوون. سەرەڕای ئەوە، هێندێک گوندی مەنگوڕایەتی لە شەڕەکەدا سووتێندران؛ هەڵبەت لێرەدا هەڵوێستی ئینسانانەی سەرتیپ موقەددەم بە هاناوە هات و نەیهێشت هێزەکانی دەوڵەتی گوشار بێنن و پێشی هێرشەکەی گرت، دەنا زۆربەی ژن و منداڵی هۆزی مەنگوڕ لە سەر پردی قەڵاتاسیان تێدا دەچوون و زیان و کوشتار و خەسارەتەکە زۆر لەو زیاتر دەبوو. هەروەک هەمیشە لە سەرەتای ئەو قەیرانەدا دەستەو داوێنی حاجی بابەشێخ بوون.

حاجی بابەشێخ دژ بە فتواکەی مەلا خەلیل فتوا دەردەکا و هەروەک خۆی نووسیویە، «فتواکە لە مەهاباد لە دار و دیوار دەدەن و تا ڕادەیەکی زۆر خەڵک ئاگادار دەبنەوە کە بە لیباسی کۆت و شەڵوار کەس کافر نابێ، هەر بۆیەش ئەو کێشەیە لە مەهاباد و شارەکانی دی ئاژاوە و هەڵڵای لێ پەیدا نەبوو.»

بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی حاجی بابەشێخ و مەلا خەلیل و بۆ ڕوونکردنەوەی خوێنەران بە چەندین خاڵ ئاماژە دەکەم:

یەکەم ئەوەی کە حاجی بابەشێخ و هەموو زانایەکی ئایینی ئەوکاتیش و ئێستاش، باشیان ئەوە زانیوە کە بە لەبەرکردنی کۆت و شەڵوار کەس کافر نابێ،

حاجی بابەشێخ بە هۆی ئەزموونی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە بوویەتی، زۆر شارەزایانەتر لە مەلا خەلیل بارودۆخی ئەوکاتی کوردستان و ئێرانی هەڵسەنگاندووە، هەربۆیە ئەو کێشەیەی بە هیچ جۆر لە بەرژەوەندی میللەتی کورددا نەدیوە.

ئەو کێشەیە نە تەنیا شەڕی کورد و عەجەم و شیعە و سوننی لێ پەیدا دەبوو، بەڵکوو ببووە هۆکاری پێکدادانی هۆزە کوردەکانیش. لە هەمووی گرینگتر، ئەوەی زیاتر تێدا دەچوو و دەربەدەر دەبوو، ژن و منداڵ و پیری وڵاتەکە، بەتایبەت هۆزی مەنگوڕ بوو کە هیچ تاوان و گوناهێکیان نەبوو. جا هەر بۆیە هەرکات حاجی بابەشێخ هەستی بەوە کردووە کە بەرژەوەندی خەڵکی بێپەنا و بێتاوان پێشێل دەبێ، دەست بە کار بووە.

حاجی بابەشێخ هەر ئەوکات چەند کەس لە گەورەپیاوانی دێبوکری لە مەلا خەلیل ڕادەسپێرێ کە پێی بڵێن حاجی بابەشێخ دەڵێ ئەو فتوایەی لە ڕووی کام ئایەت و کتێبی

شەرع دەرهێناوە؟ ئاخر نازانێ بەو فتوایەی ئەو، هەرچی غەیری کوردە ـ واتە فارس و تورک ـ دەبێ بە کافر دانێین و خوێنیان بە حەڵاڵ بزانین؟ هەر لە میاندواو و ورمێ و نەغەدەوە شەڕی کورد و عەجەم هەڵدایسێ؛ مەگەر ئێمە ململانەمان لەگەڵ ئەرتەشی ڕەزاشا و شیعەی ئێران پێ دەکرێ؟[١]

## ٩. کۆتاییهێنان بە مەینەت و ئاوارەیی هۆزی گەڵباغی

هۆزی ستەمدیدە و لەبیرکراوی گەڵباغی، بە درێژایی مێژووی خۆیان هەرچی کوێرەوەری و دەربەدەری و کوشتار و دوورخستنەوە لە زێدی خۆیان بووە لە لایەن حکوومەتەکانی قاجار و پەهلەوی، هەموویان بە سەر هاتووە. بە داخەوە ئەم هەموو ستەم و زەختە لە لاپەڕەکانی مێژوودا کەمتر ڕەنگدانەوەی بووە.

ئەو هۆزە کە لە ناوچەیەکی بەربڵاو لە نێوان شارەکانی سەقز و دیواندەرە و مەریواندا نیشتەجێن، دوای ماوەیەکی هەشت نۆ ساڵە کە هێمنی و ئاسایشێکی کەم تا زۆریان بوو، لە ساڵی ١٣١٣ی هەتاوی (١٩٣٥ی زایینی) دەکەونەوە بەر شاڵاو و هێرشی هێزەکانی ئەرتەش.

بە دوای ئەوەدا ڕێککەوتننامە لە نێوان دوو لایەندا گرێبەست دەکرێ، تا ئەوەی کە لە زستانی دژوار و پڕ بەفری ساڵی ١٣١٥ی هەتاوی (١٩٣٧ی زایینی) هەمیسان دەکەونەوە بەر هێرشێکی بەربڵاو و پەلامارێکی گەورەی هێزەکانی حکوومەتی ڕەزاشا، بە فەرماندەریی سەرلەشکر حەسەنی مەیمەندی کە خۆی لە سنە نیشتەجێ بوو. بە بیانووی داڵدە دان و حەشاردانی سەیید عەتا و حەمەتاڵ کە لە دەوڵەت ڕاسابوون و چەند ساڵێک بوو لەگەڵ هاوالانیان وەک سەیید عومەر و بلەخەزان و نزیک شەست کەسی دیکە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەگەڕان و چەتەگەرییان دەکرد.

دەرەنجامی ئەو هێرشە دڕندانەیە بوو بە لەدەستچوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە پیاوانی گەورەی ئەو هۆزە و پاشەکشەکردنی بە ناچارییان بۆ کوێستانەکانی نزیک سنووری عێراق

---

١. ابراهیم افخمی، ملا خلیل و رد فرمان رضاخان، سقز، انتشارات محمدی، ١٩٨٩، لاپەڕە؟؟؟ ؛ نووسراوەکانی حاجی بابەشێخ لە زیندان، سەرچاوەی پێشوو؛ چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ، سەیید سەعید سەیادەت، سەرچاوەی پێشوو.

کە داپۆشراو لە بەفر بوون، تا ئەو کاتەی بە ئەسپەکانیان توانییان بڕۆن و ڕچە بشکێنن، ڕۆیشتن؛ بەڵام ئەو کات کە ئەسپەکان دەرنەچوون، خۆیان بە پێیان درێژەیان بە ڕێگەکە دا و لەو کوێستانە سارد و بەفراوییە سەر دەکەوتن؛ بەو حاڵەش دەکەوتنە بەر گوللەی سەربازانی ئەرتەش و چەکدارانی ئەو هۆزانەی کە لەگەڵ ئەرتەش یەک کەوتبوون بۆ سەرکوتی گەڵباغییەکان.

پیاوانی گەڵباغی کە ژمارەیان لە بەینی ٥٠٠ تا ٦٠٠ کەس بوون، هێندێکیان کوڕی مێرمداڵی ١٠ تا ١٢ ساڵەش لەگەڵ بوو. لە زۆر جێ کە سەرما بڕستی لێ بڕیبوون، بە ناچار زگی ئەسپەکانیان هەڵدڕیبوو تا بە تینی لەشی ئەسپەکان تۆزێک بووژێنەوە و ئەو مێرمداڵانە لە دەست نەچن؛ هەرچەند بەو حاڵەش تا یازدە کەسیان لە سەرمادا تێداچوون. لە ئەنجامدا ئەوانی تر کە دەتوانن ئەو کوێستانە بەفراوییە بە هەر مەینەتی و نەهامەتییەک ببڕن، خۆ دەگەیێننە عێراق، بەڵام ژن و منداڵ و هەموو دار و نەداریان لە وڵاتی خۆیان بەجێ هێشت.

لەو بارودۆخە نالەبارەدا سەرکردەکانی گەڵباغی کە گەیشتوونەتە عێراق، ڕادەسپێرنە لای حاجی بابەشێخ کە بە هەر شێوەیەک پێی باشە، لەگەڵ سەرکردەکانی ئەرتەش لێدوانمان بۆ بکا کە بتوانین بگەڕێینەوە سەر ماڵوحاڵی خۆمان.

ئەوان ڕاسپاردەکەیان ناردبووە لای مامۆستا مەلا محەممەدئەمین ئیمامزادە (کە لە دواییدا سەردەفتەر بوو لە شاری سەقز) کە بە هەر جۆر بێ، پەیامی ئێمە بگەیێنە خزمەت حاجی بابەشێخ.

مەلا حەمەدەمین گێڕایەوە دوای ئەوەی ڕاسپێرییەکەی ئەوانم بە حاجی بابەشێخ گەیاند و ئەوم لە بارودۆخی ناجۆری گەڵباغییەکان ئاگادار کرد، حاجی بابەشێخ خۆی هات بۆ سەقز و فەرمووی: مەلا حەمەدەمین، دەبێ بچی بۆ ناوچەی گەڵباغی کە پیاو بنێرن بۆ عێراق بۆ لای سەرکردەکانیان و پێیان بڵێن حاجی بابەشێخ دەڵێ بە هیچ جۆر نەگەڕێنەوە و خۆیان ڕادەستی دەوڵەت نەکەن، چونکو لە تەسلیمبووندا هیچ مافێکیان بۆ ناسەلمێنن، لەوانەیە لە ناویشیان بەرن. مەلا حەمەدەمین کوتی حاجی بابەشێخ نووسراوە یا نامەی نەدامێ (لە بەر ئەگەری ئەوە کە مەبادا دەست دەوڵەت کەوێ)، کوتی پێیان بڵێ حاجی

بابەشێخ دەڵێ دەبوو لە بەرابەر دەوڵەتدا بەربەرەکانی نەکەن؛ تازە کە وایە، دەوام بێنن و خۆڕاگر بن، تا من خۆ دەگەیێنمە سنە و بزانم لەگەڵ سەرلەشکر مەیمەندی چم بۆ دەکرێ؟ ئەگەر خوا ڕاست بێنێ، سوڵحیان بۆ دەکەم. تەسلیم نەبن بە هیچ شێوەیەک.

حاجی بابەشێخ بۆ ئەو کارە گرینگە دەچێ بۆ سنە؛ ماوەیەکی دە دوازدە ڕۆژی لەوێ دەمێنێتەوە (لە ماڵی ئاغای موجتەهیدی).[١] حاجی بابەشێخ ئەو ماوەیە کە لە سنە دەبێ، دەبینێ سەرلەشکر مەیمەندی هەڵوێستی زۆر توندوتیژە بەرانبەر بە گەڵباغییەکان. حاجی بابەشێخیش بە توندی هۆشداری دەداتێ کە ئەو کارانە دژایەتی لەگەڵ ئیسلام و ئینسانییەتدا هەیە (کە گۆیا هێزەکانی ئەرتەش لە گوندەکانی گەڵباغی دەستدرێژیی ناموسییان کردووە).

تا ئەو ڕادەیەی کە کار دەگاتە جێگەیەک کە مەیمەندی تێلگرافی توند دژ بە حاجی بابەشێخ دەنێرێتەوە بۆ تاران و هەرچەند حاجی بابەشێخیش ڕادەسپێرێ لە میاندواو ئەو کارە دڕندانەیەی مەیمەندی لەگەڵ هۆزی گەڵباغی بە تاران ڕادەگەیەنێ و داوای لابردنی سەرلەشکر مەیمەندی دەکا، بەڵام لە تاران بە جێی لابردنی مەیمەندی، تێلگرافی توندوتیژ بۆ حاجی بابەشێخ دەنێرن و داوای لێ دەکەن کاری بەو گیر و گرفتانەوە نەبێ. (کە هەر لەو ڕێکەوتەوە حاجی بابەشێخ لە سەر بەرگری لە هۆزی ستەملێکراوی گەڵباغی پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی ڕەزاشا دەپچڕێنێ). بەڵام بەردەوامی و پێداگریی حاجی بابەشێخ بە ئەنجام دەگا و بە هەر شێوەیەک بێ، بەرپرسانی حکوومەت ڕازی دەکا و بەڵێنیان لێ وەردەگرێ کە دەستبەرداری سەرکردەکانی گەڵباغی بن. لەو بابەتەدا بەڵگەیەک هەیە کە نامەیەکە لە لایەن سەرگورد ئەفشار کە لە وەڵامی نامەیەکی حاجی بابەشێخدا ناوبراوی نووسیوە؛ ئەوەش دەقی فارسیی نامەکە:

حضرت قطب العارفین آقای حاج بابا شیخ دامت برکاته

مرقومه شریفه متضمن علاقه‌ای که راجع به مرخصی پسر آقای سلیمان به عنوان تیمسار فرماندهی لشکر دامت عظمته بود زیارت و فوراً تلگراف مخابره و مخصوصاً امروز هم با تلفن نسبت به مفاد مرقومه آن‌حضرت با فرماندهی معظم مذاکره شد فرمودند بحضرتت نوشته شود در این موقع که آن پیر روشن‌ضمیر با حال مریضی متحمل زحمت و واسطه رعایای متواری شده‌اند، البته نسبت به هر فردی از افراد ایرانی اعم از گلباغی و متواریان سابق از قبیل سید عطا و غیره که

---

١. هەروەها لەو ماوەیەدا لەگەڵ ئایەتوڵڵا مەڕدووخیش دانیشتن و وتوووێژیان بووە.

مایل به تأمین و عودت به وطن عزیز خود باشند به عموم تأمین داده می‌شود و آنان را به مراحم دولت شاهنشاهی امیدوار نموده بدون هیچ واهمه‌ای با تأمین از طرف آن‌حضرت و ستوان یکم وکیلی به آنها داده می‌شود به أوطان خود مراجعت و مطیع مقررات این کشور بوده و با عائله خود مشغول زندگی باشند و مخصوصاً به سلیمان نیز متذکر شده و نصیحت‌های لازمه را بنمایند که شما شخصی هستید ایرانی و از نعمت ایران پرورش یافته و ضمنا به اندازه کافی در ایران علاقه داشتید بایستی از مراجعت نسبت به کشوردوستی و میهن‌پرستی امتحان خود را داده و عملاً جدیت‌های خود را در شرافت به دولت نشان داده و خود نیز با نهایت اطمینان به وطن خود مراجعت نمایید و تلگراف راجع به مرخصی پسرش هم قریباً خواهد رسید و متعاقباً فرستاده خواهد شد.

سلام خصوصی قلبی خدمت آقای سید عبدالسلام داریم و امیدوارم به زودی مراجعت فرموده و به زیارت پدر روحانی نائل شوم. سرگرد افشار

بە ئەگەری زۆر، حاجی بابەشێخ بۆ ئەو کارە نامەی بۆ سەرتیپ سەیفی ئەفشار، دۆستی ساڵیانی پێشووی خۆی نووسیوە کە لە کێشەی پشدەرییەکاندا حاجی بابەشێخ زۆری یارمەتیی ئەفشار دابوو.

بە دوای ئەوەدا هەر لە سنە «حاجی بابەشێخ ڕاسپێردە و پەیام دەنێرێ بۆ گەورەپیاوانی گەڵباغی، کە لە عێراق بوون، کە حکوومەتی ناوەندی ئێران بڕیاری لە سەریان داوە کە ئەگەر تا سەرەتای مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی (١٩٣٨ی زایینی) بگەڕێنەوە ئێران و لە شەڕ و ئاژاوەنانەوە دژ بە حکوومەت دەست هەڵبگرن هەموویان دەکەونە بەر لێخۆش‌بوون و بەندکراوەکانیشیان هەموو ئازاد دەکرێن و ژن و منداڵە کۆچدراوەکانیش ئیزنیان پێ دەدرێت بگەڕێنەوە سەر ماڵ و ژیانی ئاسایی خۆیان.

سەرکردەکانی گەڵباغی کە ئەم ڕاسپاردەیەی حاجی بابەشێخیان بۆ دەچێ، سەرەتای مانگی خاکەلێوەی ١٣١٦ی هەتاوی (١٩٣٨ی زایینی) بێ ئەوەی هیچ مەترسییەک لە سەر ڕێگای خۆیاندا ببینن، پۆل پۆل گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان»[1]

بەو جۆرە حاجی بابەشێخ ناهێڵێ تەسلیم بن و پێشی کوشت‌وبڕ و دەربەدەریی ئەو هۆزە ستەملێکراوە دەگرێت و ئەوەش یەکێکی دی لەو خزمەتانەی حاجی بابەشێخە بە خەڵکی

---

١. سەرچاوەکان:

١. کتێبی «گەڵباغییەکان» نووسراوەی خالید ئەحمەدی، لاپەڕەی ١٤٧.

2. بیرەوەرییەکانی سەیید سەعیدی سەیادەت

3. نامەی پێوەندیدار بەو سەردەمە کە لە ئارشیوی نووسەردا پارێزراوە. ئەم نامەیە هی کێیە؟؟؟

ستەملێکراوی وڵاتەکەی.

## ١٠. داکوژاندنی شەڕی نێوان چەکدارانی گەورک لەگەڵ خانانی هەرمێلە (مەجیدخان)

لە ڕێکەوتی ڕووداوەکە بە دروستی ئاگادار نیم، بەڵام دەتوانم بنووسم کە ئەم ڕووداوە کاتێک بووە کە ماڵی حاجی بابەشێخ لە تورجان بووە و حاجی بابەشێخ لە ساڵی ١٣١٧ی هەتاوی (١٩٣٩ی زایینی)یەوە ماڵی چۆتە تورجان.

شەڕ و تێکهەڵچوونەکە لە گوندی هەرمێلەی نزیک تورجان بووە؛ وەک دەکوترێ هۆکاری کێشەکە ناکۆکیی ملّکی یا سنووری لەوەڕگە و مەڕتەعی نێوان گوندەکانی دوو لایەن بووە. ئەوانەی ناویان هاتووە، لە لایەنی هۆزی گەورکەوە: حاجی خدر ئاغای گلۆڵان و حاجی حەسەن ئاغای قڕووچا کە بە تاقمێکی چەکدار و پیاوی شەڕکەرەوە هێزیان هێنابووە سەر خانانی هەرمێلە، کە ئەویش دۆستی خۆی واتە ئاغا سەدیقی یازیبلاغی بۆ بەرگری لە خۆی هێنابووە هەرمێلە.

کاتێک حاجی بابەشێخ ئاگاداری بارودۆخەکە دەکرێتەوە، چەند کاتژمێرێک لە شەڕ و پێکدادانەکە تێپەڕیبوو و لە هەر دوو لایەن بە داخەوە چەند کەسێک کوژرابوون. حاجی بابەشێخ لەگەڵ یەک دوو پیاوی خۆی لە تورجانەوە بە سواریی ئەسپ بەرەو هەرمێلە دەچن و بە خێرایی پیاوێکی خۆی دەنێرێ بۆ هەرمێلە و عەمامەی سپی مەلایەتیی خۆی دەداتێ، تا بە زوویی وەک ئاڵا بە سەر دارێکەوە بەرزی کاتەوە و بە دوو لایەن ڕابگەیەنێ کە دەس ڕاگرن تا حاجی بابەشێخ دەگاتێ؛ کە بە خۆشییەوە هەر دوو لایەن دەس ڕادەگرن.

کاتێک حاجی بابەشێخ دەگاتێ، دەبینێ هێزەکانی گەورک کە ڕێژەیان زۆر لە چەکدارانی مەجید خان زیاترە و هەر بەو هۆیەش زیاتریشیان لێ کوژراوە، دەیانەوێ گوندی هەرمێلە بە گشتی ئاور تێبەردەن؛ کە حاجی بابەشێخ دەگاتێ، ئاغایانی گەورک بانگ دەکاتە بەر دەرگای ماڵی خانان، لەگەڵ ئەوەی کە ئارامیان دەکاتەوە، بە توندی بە سەریاندا دێ و پێیان دەڵێ جا خانان و ئەو هەموو هێزە ئافەرین، ئافەرین!!! ئاغایانی گەورک بە حورمەتی حاجی بابەشێخ لە کاتێکدا چەند کەسێکیان لێ کوژرابوو، ئەوپەڕی سەبر و پیاوەتیی خۆیان نیشان دەدەن و تەقە ڕادەگرن و دەس لە سووتاندنی ماڵ بە ماڵی

هەرمێلە هەڵدەگرن، لە حاڵێکدا یەک دوو گیشە گیای نێو دێکەیان سووتاندبوو. حاجی بابەشێخ دەنێرێ لە دووی خانان (مەجید خانی ئەردەڵان) بێتە دەرێ؛ ئەویش بە متمانەی بوونی حاجی بابەشێخ لەوێ دێتە دەرێ و گۆیا حاجی بابەشێخ پێی دەڵێ: پێم سەیرە تۆ بە خۆت و چەند چەکدارێکەوە چۆن بە گژ عەشیرەتی گەورکدا هاتووی؟ ئاخە ئەوە چ کارێکە مەجید خان؟

گۆیا خانان کە دوو هاوسەری بووە، سێ گوللەی جیا کردووەتەوە بۆ خۆی و هەر دوو هاوسەرەکەی؛ هەڵبەت خانان زۆریشی ئازایەتی نواند کە لە جەنگەی شەڕەکەدا هاتە دەرێ، نێو ئەو هەموو گەورەپیاو و چەکدارەی گەورک (چونکو ئاغا سەدیقی یازیبلاغی کە دۆستی خانان بووە، نەهاتە دەرێ: هەڵبەت بەو هۆکارە کە ئەگەر خانان بکوژن، ئەو بتوانێ لە سەنگەرەوە تۆڵەی خانان بکاتەوە.)

جەفەنگێکی خانان لەگەڵ حاجی حەسەن ئاغای قڕووچا لە هۆزی گەورک لەو کات و ساتەدا زۆر لە نێو خەڵکدا وەک بیرەوەرییەکی ئەو شەڕە گێڕدراوەتەوە و ئەویش ئەوە بووە کە لەو کاتەدا کە هەر دوو لایەن لە دەوری حاجی بابەشێخ لە بەردەرگایماڵی خانان ڕاوەستابوون، خانان جگەرە هەڵکراوەکەی خۆی لە پشت ملی حاجی حەسەن ئاغا نزیک کردەوە و حاجی حەسەن ئاغا بە توندی ڕادەچڵەکێ، لەو کاتەدا خانان پێی دەڵێ: مەترسە «کەڵە»! ئەوە گوللە نییە.

حاجی بابەشێخ دوای کۆتاییهێنان بە کێشەکە، هێزەکانی گەورک بانگێشتن دەکا بۆ تورجان (تورجان لە نێوان هەرمێلە و قڕووچادایە) و لەوێ دوای خواردنی نەهار، دەچنەوە گوندەکانی خۆیان.[١]

## ١١. پێشگیری لە شەڕ و تێکهەڵچوونی دوو بنەماڵەی گەورەی هۆزی گەورک

لە نێوان بنەماڵەی کاکەڵڵا ئاغای قوڵقوڵە (بنەماڵەی حەسەنی) و بنەماڵەی حاجی خدر

---

١. سەرچاوەکان:

ـ بیرەوەرییەکانی سەیید مستەفا سەیادەت کوڕی حاجی بابەشێخ.

ـ بیرەوەرییەکانی مام ساڵحە ڕەش لە تورجان.

ئاغای گڵۆڵان (بنەماڵەی عەزیزی)، کێشەی ملکی پێش هاتبوو. ئەو دوو بنەماڵەیە کە خزم و کەسی یەکتریش بوون، هەر دوو خاوەنی بەشێک لە کێڵگە و زەویوزاری گوندی گڵۆڵان بوون. هەڵبەت ئەو سەردەم ئەو جۆرە ناکۆکییانە تا ڕادەیەک ئاسایی بوون. ناکۆکییەکە بەرە بەرە تەشەنەی ئەستاند و هەردوو لایەن هێزێکی زۆریان لە بنەماڵەکانی گەورک یا هۆزەکانی دی کۆ کردبووەوە، بەڵام بارستایی قورسایی هێزەکان بە لای بنەماڵەی حەسەنییەوە بوو. ئەوان توانیبوویان سەرەڕای هێزێکی زۆر لە گەورکی میرەدێ، حەمەڕەشید خانی بانەش ڕازی بکەن بەوەی کە بێت بە هاواریانەوە. لەو کاتەدا دۆست و کەسانی بنەماڵەی عەزیزی هەستیان بەوە کردبوو کە لەگەڵ چەکدارانی زۆری بنەماڵەی کاکەڵڵا ئاغا بەتایبەت چەکدارانی حەمەڕەشید خان بەرگری و شەڕیان پێ ناکرێ؛ هەربۆیە یەک یەک و دوو دوو لە بیری ئەوەدا بوون خۆیان دەرباز بکەن و خۆ ببوێرن.

لەو بارودۆخە دژوارەدا حاجی خدر ئاغای گڵۆڵان کە هەست بەوە دەکا خەریکە لەشکر دێتە سەری و دۆستانیشی دەوری چۆڵ دەکەن، دەستەو داوێنی حاجی بابەشێخ دەبێ؛ وا دیارە نامەی لێ دەنووسێ و ڕاسپاردە دەنێرێ کە ئەگەر فریام نەکەوی، بە سەر وماڵەوە تێدا دەچم.

حاجی بابەشێخیش هەر زۆر زوو خۆی دەگەیێنێتە گڵۆڵان و پێش هەموو کارێک، زۆر بە توندی بە گژ دۆستانی حاجی خدر ئاغادا دێ و پێیان دەڵێ: جا چۆن دەبێ لەو دۆخە نالەبارەدا کە نیازی بە هاوکاری ئێوەیە پشتی بەردەدەن؟ ئەوانیش لە وەڵامدا دەڵێن بە هیچ جۆر هێزەکانمان پێکەوە یەک ناخوێننەوە و ئەوان ژمارەیان زۆر لە ئێمە زیاترە و بەتایبەت حەمەڕەشید خانیشیان لەگەڵە.

حاجی بابەشێخ بە خێرایی نامەیەک لە حەمەڕەشید خان دەنووسێ و پێی دەڵێ: ئەوا من لێرە (واتە گڵۆڵان) لە سەنگەردام، یەکەم فیشەک لە لایەن منەوە ئاراستەی ئێوە دەکرێ و یەکەم فیشەکی ئێوەش ئاراستەی من دەکرێ؛ دیارە لە نامەکەدا کە من هەر ئەوەندەم بیستووە داوای لێ دەکا کە حەمەڕەشیدخان هەوڵ بدا لایەنی ماڵی حەسەنی لە شەڕ بگێڕێتەوە.

بە دوای ئەوەدا حاجی بابەشێخ دەستوور دەدا لە بەردرگای ماڵی حاجی خدر ئاغا

سەنگەری بۆ دروست کەن.

کاتێک نامەکەی حاجی بابەشێخ بە دەستی حەمەڕەشید خان دەگا، حەمەڕەشید خان دەڵێ بە خوا باوە حاجی بابەشێخ لەوێیە شەڕ ناکرێ. هەرچی پێداگری لەگەڵ حەمەڕەشید خان دەکەن، هەر ئەوە وڵامیەتی؛ هەر بۆیە دوایە بە هاوکاریی حاجی بابەشێخ و حەمەڕەشید خان ناکۆکییەکەی نێوان دوو بنەماڵە چارەسەر دەکرێ.[١]

### ١٢. ڕەخنە و سەرکۆنە کردنی شێخ لەتیف لەمەڕ ئازاری خەڵکی ناوچەی سەردەشت

کاتێک شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموودی حەفید دەبێتە زاوا و نوێنەری سەلیم خانی کێوەڕوو لە ناوچەی سەردەشت، (ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی / ١٩٤٣ی زایینی) و دەستەڵاتی بەشێک لە گوندەکانی ئەو ناوچەیەی پێ دەبێ، هێندێک لە خەڵکی ناوچەکە بۆ شکایەت لە دەست شێخ لەتیف هاوار دێنن بۆ حاجی بابەشێخ.

حاجی بابەشێخ نامەیەک بۆ شێخ لەتیف دەنووسێ و وێڕای ڕەخنە لێ‌گرتن، لەو کارانەی دەگێڕێتەوە و بۆی دەنووسێ ئەزیەت و تاڵانی خەڵک کاری مەشایخ نییە و تۆ لە بنەماڵەی گەورەی کاک ئەحمەدی شێخی و نابێ وەک عەشایر هەڵس‌وکەوت لەگەڵ خەڵکی بکەی.

وا دیارە حاجی بابەشێخ لە نامەکەیدا چەند جارێک بۆی نووسیوە «ئای ئای ئەوە کوا کاری مەشایخە، ئای ئای ئەوە کوا کاری تۆیە، ئای ئای ...» هەر بۆیە لە وەڵامی نامەکەی حاجی بابەشێخدا، شێخ لەتیف نامەیەک دەنووسێ و لە نامەکەیدا نووسیبووی: «قربان نامۀ آی آی شما را زیارت کردم و ...»؛ کە دیارە لە بەر ڕێزی حاجی بابەشێخ ڕێنوێنی و ئامۆژگارییەکانی لە چاو دەگرێ و کۆتایی بە توند و تیژی دێنێ.[٢]

**١٣. نامەی سەرلەشکر وەرەهرام** فەرماندەی لەشکری ئازەربایجان لە ساڵەکانی ١٣٢٧ تا ١٣٢٨ی هەتاوی (١٩٤٨ تا ١٩٤٩ی زایینی) بۆ حاجی بابەشێخ و داوا لێ‌کردنی بۆ چارەسەریی کێشەی سنووری نێوان ناوچەی بانە و گەورکی سابڵاغ.

---

١. سەرچاوە: بیرەوەرییەکانی سەیید مستەفا سەیادەت.

٢. سەرچاوە: بیرەوەرییەکانی سەیید مستەفا سەیادەت.

لە یەکێک لەو ساڵانەی کە ئاماژەی پێ کرا، ناکۆکییەک لە سەر دیاری کردنی سنووری ناوچەی بانە کە بەشی کوردستانە، لەگەڵ گەورکی ساباڵغ کە بەشی ئازەربایجانە، لە نێوان هۆزەکانی گەورک و مەنگوڕدا ساز ببوو. هەر لە بەر ئەوە شکایەت و سکاڵا دەبەن بۆ سەرلەشکری ئەوکاتی ئازەربایجان کە سپەهبود وەرەهرام بوو. وەرەهرامیش کە لەو بابەتەوە شارەزایی و ئاگادارییەکی ئەوتۆی نەبووە، نامە بۆ حاجی بابەشێخ دەنووسێ و هەردوو لایەن دەنێرێ بۆ تورجان بۆ لای ئەو و پێیان ڕادەگەیێنێ و لە نامەکەشدا دەنووسێ: هەرچۆن حاجی بابەشێخ دیاریی کرد منیش پەسندی دەکەم.

بۆ ئەو مەبەستە ئەوکات حاجی کەریم ئاغای قوڵقوڵە (حەسەنی) (کە لەم کاتەدا لە ژیاندا ماوە) و عەوڵای بایز ئاغای مەنگوڕ (کەسایەتیی ناوداری عەشیرەی مەنگوڕ) و چەند کەسایەتییەکی دیکەی هەردوو لایەن دێن بۆ تورجان و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لەوێ دەمێننەوە، تا حاجی بابەشێخ بە تاووتوێ کردنی بەڵگە و قەباڵەی ملکی هەردوو لایەن، بۆیان دەستنیشان دەکا کە «کەلی گڵەزەردە» نێوان هەردوو ناوچەکەیە و بەو جۆرە ئەو کێشە سنوورییەش بە دەستی حاجی بابەشێخ چارەسەر دەکرێ.[١]

**١٤. بەشێک لە هەوڵەکانی حاجی بابەشێخ بۆ هێور کردنەوەی بارودۆخی سەقز** لە کاتی هێرشی حەمەڕەشید خان لە شەهریوەری ١٣٢٠ی هەتاوی (١٩٤١ی زایینی) «بە قەڵەمی حاجی بابەشێخ کە لە زینداندا بە زمانی فارسی نووسراوە» و من وەرمگێڕاوەتەوە سەر کوردی.

یەکێکی دی لە ئاژاوەکانی کوردستان هاتوچۆی حەمەڕەشید خانی وێنەیی بوو.

«کاتێ سەرتیپ محەممەدقولی خانی تاجبەخشی، لە سەرەتای پادشایی ڕەزاشادا هات و شەڕێکی لەگەڵ حەمەڕەشید خان کرد بەندە کۆتاییم پێ هێنا. تا جاری دواتر کە سەرلەشکر ئەمین لە سەقز بە دەستی هێزەکانی حەمەڕەشید خان کوژرا، وا بوو کە سپەهبود شابەختی کە یەکێ لە مەزنترین ئەفسەرانی ئەڕتەش و نزیک بە ڕەزاشا و محەممەدڕەزا بوو، هاتە سەقز و داوای لە من کرد کە تەگبیرێ بکەم و ئەم ئاژاوە کۆتایی پێ بێنم.

---

١. سەرچاوە: بیرەوەرییەکانی سەیید مستەفا سەیادەت.

بەندە شەو و ڕۆژ لە بیری ئەوەدا بووم کە چلۆن پێشی شەڕ بگرم و ئەو ناکۆکییە داکوژێنم، کە لەو کاتەدا ئاگادار کرام لە نێوان حەمەڕەشید خان و سەلیم خان لە سەر دەسەڵاتداری و حکوومەتی سەقز کێشە دروست بووە و ئۆردووی هەردوو لا دژ بە یەک ڕاوەستاون و جارێکی تر هەوری ڕەشی مەینەتی، ئاسمانی سەقز و ناوچەکەی داپۆشییەوە و مەترسیی هێرشی عەشایر و تاڵان و کاول‌کاری، خەوی لە چاوی کۆمەڵانی خەڵکی ڕاپساندووە. ئەو کاتە بەندە دانیشتووی تورجان بووم.

شەوێکیان پێنج سوار لە نیوەشەوێدا هاتن و داوایان لە من کرد کە بە دەستووری حەمەڕەشید خان لەگەڵیان کەوم بۆ سەقز، هەرچەند لەو کاتەشدا هەوا زۆر سارد بوو، لە بەر پێشگیری لە شەڕ و کێشە چووم بۆ سەقز.

کە گەیشتمە سەقز، دوای ماوەیەکی کورت حەمەڕەشید خان هات و کوتی: جەنابی سەیید، ئیتر من چارم نەماوە، خۆم بە جەنابت دەسپێرم. لەوە دەترسم خۆم و هێزەکانم بڕۆینەوە بۆ بانە و سەلیم خان دەست بکا بە تاڵان و بڕۆی خەڵکی، بۆیە داوا لە جەنابت دەکەم دەسەڵاتی شار بگریتە دەست.

بەندە لە وڵامدا کوتم: «حکوومەت کاری مەشایخ و مەلا نییە»؛ بەڵام خان هەڕەشەی کرد ئەگەر قەبووڵی نەکەم خۆی دەکوژێ. کاتێ حەمەڕەشید خانم بەو دۆخە پەرێشانەوە دیت، داوای دەرفەتم لێ کرد و ئەو ڕۆیی.

دوا بە دوای ئەودا سەلیم خان وەژوور کەوت و ئەویش هەر ئەو داخوازییەی بوو و کوتیشی: ئەگەر قەبووڵی نەکەی گوناهی خوێنی بێ‌تاوانان دەکەوێتە ئەستۆتان. ناچار دەرفەتم لەویش خواست. ئینجا زانایان و گەورەپیاوانی سەقز تەشریفیان هێنا بۆ لای بەندە و ئەوانیش داخوازییەکەیان هەر ئەوە بوو؛ هەربۆیە چارم نەما و پێم ڕاگەیاندن لەوڕۆوە سەیید عەزیزی کوڕم دەبێتە حاکم و دەسەڵاتداری سەقز و هەموو لایەنەکان بێ سێ و دوو پەسندیان کرد.

بەندە ناردم ئەحمەد بەگی برای محەممەدحوسێن خان هات و داوام لێ کرد کە بۆ ئەو ئەرکە گرینگە یاریدەدەری سەیید عەزیز بێت. ئیتر بۆ ماوەیەک سەقزیان حەساندەوە.»

(لێرەدا نووسراوەکەی حاجی بابەشێخ دێتە سەر لێدوان لە چۆنایەتیی سەفەری باکۆ و

دوای کورتەیەک لەو بابەتەوە حاجی بابەشێخ نووسیویە):

«سەفەری باکۆ با لێرەدا ڕاوەستێ. بەڵام چەند خاڵی گرینگ هەیە لە سەر ڕووداوەکانی شەهریوەری ١٣٢٠ی هەتاوی (١٩٤١ی زایینی) و حەمەڕەشید خان. ئەویش بەم شێوەیەیە کە شارەکانی مەهاباد و سەردەشت و سەقز و بانە و ناوچەی موکریان بە تەواوی لە لایەن هێزەکانی ئەرتەش چۆڵ کرابوون و ئەو ناوچانە لە دەست هێزکانی کورددا بوون و حەمەڕەشید خان، سەقز و بانەی گرتبوو و خەریک بوو بڕوا بەرەو دیواندەرە و سنە. لەولاش محەممەدعیززەت خان لە زیندانی تاران ئازاد کرا و ئەویش ئوردووی بۆ خۆی ساز کرد و دەیەویست بەرەو مەریوان بڕوات. بەڵام بەر لەوە نەخشەی تاڵانکردنی کارخانەی قەندی میاندواوی لە ئارادا بوو کە ئەوەی قەند و شەکری کە تێدایە ڕایماڵن؛ ئەوەش بووبووە مایەی دڵەڕاوکێی خەڵکی ناوچەی سەقز. چونکو دەیانزانی کە هێزە چەکدارەکانی عەشایر بە هاتنەوەی ئەرتەش بۆ ناوچەکە دەتوانن خۆیان دەرباز کەن، بەڵام خەڵکی بێتاوان و بێدەسەڵات ڕەنگبێ دواتر تاوانی ئەوان بدەنەوە.

لە سەر ئەم باوەڕە چەند جار بە ناردنی ڕاسپاردە و نامە داوایان لە بەندە کردبوو بچمە سەقز و لە گیان و ماڵ و نامووسی میللەت بەرگری بکەم. لە لایەکی دیکەشەوە خوالێخۆشبوو سەرلەشکر مەحموود خانی ئەمین هەر ئەو داخوازییەی لە من بوو. خۆی لە سنە نیشتەجێ بوو، چاوەڕوانیی ئەوەی بوو کە بەندە خۆ نەبوێرم لەو بارودۆخە نالەبارەی سەقز و ناوچەکە. منیش بۆ ڕێز گرتن لە خواستی هەردوو لایەن، چوومە سەقز و پاش سێ ڕۆژان ڕاسپاردەیەک هات و وتی سەرلەشکر کوتوویە ڕاسپاردەی چەند کەس لە سەرۆک هۆزەکانم بە دەس گەیشتووە و بەڵێنیی هاوکارییان داوە و دەیەوێ لەگەڵ هێزەکانی خۆی بێت بۆ سەقز، و داوای ڕا و بۆچوونی لە من کرد. بەندەش پێم کوت هاتنی ئێوە بەو هێزە کەمەوە هەڵەیە و پێم وا نییە هۆزەکان یارمەتیت بدەن. من تێدەکۆشم بە وتوویژ کارەکە چارەسەر کەم.

لە سەر بەڵێنیی تیمسار گەڕامەوە بۆ تورجان. لەو ماوەدا تیمسار ئەرفەع بە خۆی و لەشکرەکەیەوە هاتبووە سەقز، وەک گوێبیست بووم لە لایەن خەڵکەوە، عەشایر گەڵاڵەی شەڕێکی خوێناوییان لە شاری سەقزدا لە ئارادا بوو و ئەوەش هەمیسان خەڵکی نیگەران و

پەرێشان کردبوو، هەر بۆیە بە داخوازیی خەڵک خۆم گەیاندە گوندی مەڵقەرەنی، لەوێوە بە ناردنی نامەیەک بۆ ئەرفەع پێم ڕاگەیاند هەرچی زووتر شاری سەقز چۆڵ بکە. نامەکە پیرێژنێک بردبووی دابوویە دەست مەلا ساڵحی ئیمامزادە و ئەویش لەگەڵ حاجی موشیر و حاجی عەزیزی دەبباغی نامەکەیان بردبوو بۆ ئەرفەع؛ ئەویش بە دیتنی نامەکە و پەند و ئامۆژگاری بەندە، فەرمانی پاشەکشەی دابوو بەرەو گوندی ساحێب. بۆخۆم چوومە سەقز و خوا دەزانێ بە قۆنداخی تفەنگی لەشکری هەردوو لا سەرم لە چەند لاوە شکا و خوێن دەهاتە خوارێ. بەڵام چونکو لە بەر ڕەزامەندیی خالق و مەخلووق بوو، هیچ باکم نەبوو. هەمیسان گەڕامەوە بۆ تورجان و هاوڕێکانم کە لە کوڕەکانی سەیفەددین خانی ئەردەڵانی مالکی مەڕخوز بوون، چوونەوە ماڵی خۆیان.

پاش ئەم ڕووداوانە کێشەی ڕزگاریی کوردستان هاتە پێش. لەو سەردەمانەدا بوو کە هێزەکانی بێگانە سنووری ئێرانیان بەزاندبوو، سەرەڕای ئەوە لەو چەند ساڵە کە ئاشتی و ئاسایش بۆ وڵات دابین ببوو، هەمیسان تاقمێک لە فەرمانبەرانی حکوومەت نزیکان و کەسانی محەممەدڕەشیدیان ئازار دابوو و دوو سێ کەسیشیان دەسگیر کردبوون و بۆ زیندانی سنەیان گواستبوونەوە و دوای ماوەیەک ئەوانە توانیبوویان خۆیان لە زیندان دەرباز کەن و بگەنە سەر سنووری بانە و لەوێ هێزی چەکداریان پێک هێنابوو و هێرشیان هێنابووە سەر بانە و لەوێش تێپەڕ بوون و گەیشتنە سەقز و تەواوی ناوچەی سەقزیان دەست بە سەردا گرت بە ناوی ئازادیی کوردستان؛ لەو کاتەدا زۆربەی پیاوماقووڵان و خان و بەگزادەکانی سەقز ڕاسپاردەیان بۆ لای من دەنارد و دەپاڕانەوە کە فڵانەکەس خۆ بگەیێنێتە سەقز و هەر لەو سەردەمەدا حەمەڕەشید خانیش چەند سوارێکی ناردبوو و نامەی نووسیبوو کە حاجی بابەشێخ بێت بۆ سەقز. چونکو ئەم دۆخە پێک هاتبوو و هەروەها لە بەر چاکسازی بۆ کاری میللەت و دابین کردنی ئاسایشی کۆمەڵانی خەڵک، چووم بۆ سەقز، لەو کاتەدا بوو کە حکوومەتی سەیید عەزیز کوتایی پێ هات. کاتێ گەیشتم، سەرنجم دا ئەم جارە جیاوازە و کوردی ناوچەی سولێمانیش لەگەڵ خان کەوتوون و داوای ڕزگاریی تەواوی کوردستان دەکەن.

لەگەڵ محەممەدڕەشید و سەرۆک هۆزەکانی تری کە هاوڕێی بوون، بە چاوکراوەییەکی

باشەوە دەستم بە لێدوان و وتوویێژ لە سەر بارودۆخە هەستیارەکە کرد و هێندێکم ڕێنوێنی کردن؛ وتم ئەگەر ئێوە بۆ ئازادیی خەڵکی کوردستان تێدەکۆشن، دەبێ کارێک نەکەن کە خەڵک لە زەخت و گوشاردا بێ و دەبێ ئێوە خەڵک خۆشحاڵ کەن، نەوەک ئازاریان دەن. جاری وا بوو لە خەیاڵی تاڵانی کارخانەی قەندی میاندواودا و جاری واش بوو لە سەر بیری هێرش بۆ ناوچەی هەوشاردا بوون.

ئەو حەوت هەشت ڕۆژە کە من لە سەقز بووم، هەر فریای ئەوە دەکەوتم تا ئەو جێیەی دەکرێ پێشی دەستدرێژی بۆ سەر ماڵ و گیانی خەڵک بگرم. لەو کاتەدا ئاگادار کرام کە لەشکری دەوڵەت لە دیواندەرەیە و سەرلەشکر مەحموود خانی ئەمین فەرماندەیە. خوالێخۆشبوو سەرلەشکر بە تەلەفۆنێک کوڕی حاجی وەهاب خانی ڕاسپاردبوو کە حاجی بابەشێخ بێ بۆ تەلەفۆنخانە. بەندە ڕۆیشتم، بە هۆی سەروان نازمی، ناسیاوی لە نێوانماندا پەیدابوو. سەرلەشکر کوتی تۆ لە لایەن منەوە بە محەممەدڕەشید و سەرۆک هۆزەکانی هاوڕێی بڵێ: سەقز و بانە چۆڵ بکەن و هەر داخوازییەکیان لە دەوڵەت و حکوومەت هەیە من دەستووری دەگرم؛ لە وەڵامدا پێم ڕاگەیاند ئاغای من ئەوە چ فەرمایشێکە؟ ئەو کۆمەڵە و حەشامەتەی کە لێرەیە و کاربەدەستی دەرەکی، فێرکارییان لەگەڵ دەکەن ئەوە نییە کە بەو وتانە گوێبیست بن. وتی: تۆ بڕۆ هەر ئەو ڕاسپاردەی منیان پێ ڕابگەیێنە. بەندە ڕۆیشتم و پێم ڕاگەیاندن. محەممەدڕەشید کوتی دەبێ زەحمەت بکێشی و بە سەرلەشکر بڵێی ئەو کارێکی بە کوردستان نەبێ و ئێمە سەرۆکی کوردان ئازادیی تەواوی کوردستانمان گەرەکە. چونکو ئاوا بە ڕوونی و ئاشکرایی وتەکانی ڕاگەیاند کە بە سەرلەشکری بڵێم بەندە چەند کەسێک وەک حاجی بایز ئاغا، هەباس ئاغا، حاجی موشیرولتوجار و مەلا ساڵحی ئیمامزادە و مەلا وەهاب و خانە بێگ و کوڕی حاجی وەهاب خان و چەند کەسێکی کەشم لەگەڵ خۆم بۆ تەلەفۆنخانە برد؛ بە وەسیلەی سەروان نازمی لەگەڵ سەرلەشکر بە درێژایی لە بابەتەکە دواین و زۆرم پێداگری لە سەر ئەوە کرد کە بە هیچ شێوەیەک بە دروستی نازانم لەشکر بێنێ بۆ سەقز و ئەوە شاهیدەکان لێرەن.

بەڵام چەرخی چەپگەرد هەرچۆن بیەوێ هەر وا دەکات و ئاغای ئەرفەع لە ساحێب دەبێ و تیمسار ئەمین بەرەو سەقز هات و سوپای عەشایر چوونە پێش و شەڕی

"حاجیەتاوە" ڕووی دا. حاجیەتاوە ناوی کێوێکی بچووکە، بەڵام قوت و بەرز و قیتە کە دەڕوانێتە سەر گوندی کاکەسیا و ساحێب.

سوپای ئێران لە سەر دوندی ئەو چیایە تۆپی دانابوو و دەیگرتە ناوچەی سەقز، بەڵام جەنگاوەرانی حەمەڕەشید خان توانییان بچنە سەر چیاکە و ئەو تۆپە بخەنە خوارێ و ورەی هێزەکانی ئەرتەش بە تەواوی ڕووخا و لە درگای شاری سەقز و لە نزیکیی پردی چۆمی شار لە دەسپێکی ڕێگای سەرەکی کە دەچێ بۆ سنە، گوللەی وێڵەکی لە سەرلەشکر مەحموودی ئەمین کەوت و هەر لەوێ گیانی لە دەست دا. ئەو جێگایە بە ناوی شەقامی سەرلەشکر ئەمین ناو نرا و تیمسار ئەرفەع لە کتێبی بیرەوەرییەکانی خۆیدا، خوالێخۆشبوو ئەحمەد خانی فارووقیی بە کوشتنی سەرلەشکر ئەمین تاوانبار کردووە، بەڵام ئەحمەد خان بۆخۆی ئینکاری دەکرد.»[١]

**١٥. چۆنیەتیی بەشداری کردنی حاجی بابەشێخ بە دەستی خۆی لە شەڕی حاجیەتاوەدا**

بە پێویستی دەزانم بۆ خوێنەر ڕوون بکەمەوە کە ئەو دێڕانەی لاپەڕەکانی پێشوو کە لە بابەت ڕووداوەکانی ١٣٢٠ی هەتاوی (١٩٤١ی زایینی) شاری سەقز نووسرابوو، بەشێک لە بیرەوەرییەکان یا لە ڕاستیدا بەشێک لە دیفاعیاتی حاجی بابەشێخ لە زیندانی تەورێز بوو، کە لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی (١٩٤٦ی زایینی) لە وەڵامی داخوازیی بەرپرسانی حکوومەتی کە داوایان لێ کردبوو چ خزمەت و تێکۆشانێکت بۆ وڵات و میللەتی ئێران بووە، بیهێنە سەر کاغەز، نووسراوە. چەندین خاڵ لە نووسینی ئەو بەرگرییانەی حاجی بابەشێخ لە خۆی، بەر چاو دەکەوێ کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ:

ـ یەکەم؛ ئەگەر خوێنەران لێی ورد بنەوە، دەبیندرێ کە حاجی بابەشێخ بۆ بەرگری لە خۆی هیچ کەسی تاوانبار نەکردووە.

ـ دووهەم؛ حاجی بابەشێخ لە هیچ دێڕێکی نووسراوەکانیدا ئاماژەی بەوە نەکردووە کە ئەوانەم لە بەر ڕەزامەندی دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران ئەنجام داوە؛ بەڵکوو نووسیویە ئەم هەموو ڕەنج و مەینەتییەم لە بەر ڕەزامەندیی خالق و مەخلووق کێشاوە.

---

١. سەرچاوە: نووسراوەکانی حاجی بابەشێخ لە زیندان.

ـ سێهەم؛ مەبەستی سەرەکیی حاجی بابەشێخ ـ هەر وەک خۆی نووسیویە ـ پاراستنی ماڵ و گیان و نامووسی خەڵکی بووە، نەوەک ڕەزامەندیی سەرلەشکرەکانی ئەرتەش یا سەرۆک هۆزەکان.

تا ئەو جێیەی توانیویە لە کێشەکانی شاری سەقزدا سەرکردەکانی ئەرتەشی لە داخڵ بوونی هێزەکانیان بۆ نێو شار پەشیمان کردووەتەوە، تەنانەت سەرلەشکر ئەرفەع بە ڕێنوێنی و ئامۆژگاریی حاجی بابەشێخ هێزەکانی لە نێو شار پاشەکشە پێ کردووە کە لە هەموویدا مەبەستی حاجی بابەشێخ پێشگیری لە شەڕی نەخوازراو و کاولبوونی ماڵی خەڵکی بووە.

خاڵی زۆر گرنگ و جێی سەرنج ئەوەیە کە حاجی بابەشێخ کاتێک دەبینێ سەرلەشکر ئەمین درۆی لەگەڵ کرد و بە پێچەوانەی بەڵێنییەکەی کە دابووی، هێرشی هێنایە سەر شاری سەقز، بە دەستی خۆی بۆ بەرگری لە گیان و ماڵی خەڵکی سەقز شان بە شانی هێزەکانی عەشایر دژ بە لەشکری ئەرتەش چووە سەنگەرەوە و خەڵکی سەقزیشی بۆ بەشداری کردن لە شەڕەکە هان دا. بەڵام زۆر ڕوون و بەرچاوە ئەم بەشدارییەی خۆی لە شەڕەکەدا نەهێناوەتە سەر کاغەز و بەڵگەی نەداوەتە دەست بەرپرسانی بەندیخانەکەی.

ئەوەی کە ڕاستییە ئەوە بووە کە کاتێ حاجی بابەشێخ لەگەڵ سەرلەشکر ئەمین بە تەلەیفۆن واردی باس و لێدوان لە بارودۆخەکە دەبێ، بە هەر شێوەیەک بێ، سەرلەشکر ڕازی دەکا کە هێزەکانی بەرەو سەقز نەهێنێ، بەڵکوو بتوانێ بە وتوویژ لەگەڵ حەمەڕەشید خان و سەرکردەکانی دی چارەسەرییەک بۆ کێشەکە ببینێتەوە. بەڵام کوتوپڕ لە نیوەشەوی نۆزدەی ڕێبەندانی ١٣٢٠ی هەتاوی (١٩٤١ی زایینی) لە لایەن عەشایری بانەییەوە ئاگادار دەکرێ کە هێزەکانی ئەرتەش لە گوندی ساحێبەوە بەرەو سەقز ڕێ کەوتوون.

ئەو هەواڵە کوتوپڕە لە دوو لایەنەوە بۆ حاجی بابەشێخ ناخۆش و بەسام بوو. یەکەم ئەوەی کە مەبەستی سەرەکیی حاجی بابەشێخ کە پێشگیری لە شەڕ بوو، وەدی نەهاتبوو؛ دووهەم ئەوە بوو کە سەرلەشکر ئەمین بە شێوازی درۆ و فریوکاری لەگەڵ حاجی بابەشێخ جوڵابووەوە و بە پێچەوانەی بەڵێنێک کە دابووی، هێرشی هێنا و لە لایەکی دیکەوە حاجی بابەشێخ عەشایری ئەرخەیان کردبوو کە بڕیار نییە ئەرتەش جارێ بەرەو سەقز پێشڕەوی بکا.

حاجی بابەشێخ کە هەواڵی هێرشی ئەرتەش دەبیستێ، بۆخۆی و چەند کەس لە خاوەن گوند و عەشیرەتەکانی ناوچەی سەقز وەک مەجید خانی ئەردەڵان (خانانی هەرمێلە) و پیاوەکانی و هەروەها پیاوێکی وەفاداری خۆی بە ناوی مەحموودی نەشێ دەچنە سەنگەرەوە. مەحموودی نەشێ گێڕاویەتەوە کە کاتێک دیتم حاجی بابەشێخ بێ ئەوەی چووبێتە سەنگەرەوە، هەر لە سەر تەپۆڵکی پشتی سەقز ڕاکشاوە و سێرەی لە هێزەکانی دوژمن گرتووە، لەو کاتەدا بە پەلە خۆم گەیاندێ و خۆم کردە سەنگەر بۆی و دوای ماوەیەکی کەم بە هەر شێوەیەک بێ، تەنانەت پشتێنەکەم کێشا و بردمە دواوە، لە پشت بەردێک سەنگەرمان گرت.

خودی حاجی بابەشێخ لە ئازایەتیی مەجید خانی ئەردەڵان (خانان) لەو شەڕەدا دواوە کە چۆن توانیویەتی بە خۆی و چەند کەسێکەوە پردەکەی سەقز بسووتێنێ و زرێپۆشێک کە پەڕیبۆوە بەری سەقز، لە کار بخا.

ئەوەی کە ڕاستییە، هەر لەو شەڕەدا سەرلەشکەر ئەمین دەکوژرێ و هێزەکانی دەوڵەت وادار بە پاشەکشە دەبن. ئەو ڕووداوە نیشان لە هەڵوێستی دروستی حاج بابەشێخ دەدا کە تا ئەو جێیەی هێز و توانی بووە و درۆیان لەگەڵ نەکردووە، بۆ پێشگیری لە شەڕ تێکۆشاوە؛ بەڵام کاتێک دەبینێ دوژمن پەیمان دەشکێنێ، ئیتر خۆشی داخڵی شەڕەکە دەبێ (ئەم جاریش هەر بە مەبەستی پاراستنی خەڵکی ئاسایی) دەچێتە سەنگەرەوە.[١]

---

١. سەرچاوە: بیرەوەرییەکانی سەیید مستەفا سەیادەت ـ سەیید عارف سەیادەت.

## فەسڵی سێزدەهەم:
## پەیوەندی لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفید

شێخ مەحموود کوڕی شێخ سەعید، نەوەی کاک ئەحمەدی شێخ، لە گەورەپیاوانی مێژوویی نەتەوەی کوردە کە لە ساڵی ١٨٨٢ی زایینی لە شاری سولەیمانی لە دایک بووە.

شێخ مەحموود دوای کۆچی دوایی باوکی، بە زۆرینەی دەنگ لە لایەن خەڵکی ناوچەکە بۆ سەرۆکایەتی هەڵبژێردرا و هەربۆیەش سەرۆک هۆزە گەورەکانیش بە خۆیان و هێزە چەکدارەکانیانەوە پشتیوانییان لێ کرد. ئەوەی کە شێخ مەحموودی حەفید دەستەڵاتی کوردستانی لە هەلومەرجێکی نیوە دێموکڕاسیدا پێ سپێردرا، سەرچاوە لە لێهاتوویی و کەسایەتیی ڕاست و بەبیر و بڕاوی ئەوەوە دەگرێ کە توانیویە متمانە و پشتیوانیی زۆرینەی خەڵک وەدەست بێنێ.

بە دەستپێکردنی شەڕی یەکەم و پێشێلبوونی وڵاتی کوردستانیش بە دەست زلهێزەکانی ئەوکات وەک ڕووس و ئینگلیس و عوسمانی، کوردیش لە شەڕەکە وەردرا. عوسمانییەکان کە ئاڵای ئیسلامیان هەڵگرتبوو، وڵاتی عێراقیان بە تەواوی لە ژێر دەستدا بوو، چاوەڕوانیان لە کەسایەتییە ئایینیەکان بوو کە دژ بە ڕووس و ئینگلیس بۆ پاراستنی وڵات و ئایینی ئیسلام بە دەرکردنی فتوا و بە هاندانی خەڵک و ڕێڕەوانیان پشتیوانییان لێ بکە ن.

شێخ مەحموود بە دەستپێکردنی شەڕی یەکەم دژ بە داگیرکەرانی ئینگلیسی ڕاوەستا کە لە باشووری عێراقەوە دزەیان کردبووە وڵاتەوە. جگە لە بەرەی هێزە چەکدارەکانی شێخ مەحموود، ئینگلیسەکان لە تەواوی بەرەکان پێشڕەوییان کرد.

شێخ مەحموود لە شەڕی "بەردەقارەمان"دا بریندار بوو و بە برینداری لە لایەن ئینگلیسییەکانەوە گیرا و بۆ ماوەی نزیک پێنج ساڵ دوور خرایەوە بۆ وڵاتی هێندووستان. دوای ئازادبوونی، دووبارە هێزە چەکدارەکانی خۆی کۆ کردەوە.

پەیوەندی حاجی بابەشێخ لەگەڵ شێخی بەردەقارەمان، بە ئەگەری زۆر دەگەڕێتەوە بۆ پێش شەڕی یەکەم، واتە ئەو سەردەمە کە حاجی بابەشێخ بۆ خوێندن چووە بۆ وڵاتی عێراق. هەربۆیەش دواتر کە حاجی بابەشێخ بنەماڵەی خۆی و براکانی (بنەماڵەی شێخانی زەنبیل) لە بەر مەترسیی ئاوری شەڕی یەکەم بەرەو عێراق ڕادەگوێزێ، پەنا دەبا بۆ خانەقا و ماڵی شێخ مەحموود لە گوندی «داری کەلی».

هەروەها بە پێی نووسراوەکەی زێوەری شاعیر، چەند ساڵ دوای شەڕی یەکەم بنەماڵە و کوڕانی شێخ مەحموود کە ئاوارەی وڵاتی ئێران دەبن، بۆ ماوەیەک لە زەنبیل دەمێننەوە و هەربۆیەش لە قەسیدە مەشهوورەکەیدا زۆر بە جوانی لە سەر سەیید عەبدولحەکیم (ناسراو بە شاحە کیم، برا گەورەی حاجی بابەشێخ) و حاجی بابەشێخ دواوە.

سەرەڕای هەموو ئەوانە، بۆ پەیوەندی نێوان شێخ مەحموودی نەمر و حاجی بابەشێخ بە خۆشییەوە بەڵگەیەکی زۆر بەنرخ و گرنگ هەیە کە نامەیەکی شێخ مەحموودە بۆ حاجی بابەشێخ.

نامەکە بە فارسی نووسراوە و لەوە دەچێ لە وڵامی نامەیەکی حاجی بابەشێخدا بووبێ. ڕێکەوتی ساڵی ١٩٣٠ی زایینی (١٣٠٩ی هەتاوی) بە نامەکەوەیە.

ئەوەش دەقی وەرگێڕدراوی نامەکە:

> بۆ خزمەتی حەزرەتی موستەتابی ئامۆزای بەڕێز جەنابی حاجی بابەشێخ فەزلی بەرزیان بەردەوام بێت
>
> دوای ڕاگەیاندنی سڵاو ورێزی شایان، دەسخە تی پیرۆزتان گەیشت و خوێندنەوەی دێڕەکانی بوو بە هۆی داپۆشینی هەموو ژان و لەناوچوونی هەر خەفەتێک. قوربان، بە هۆی ئەو خەوەوە کە لە ڕابردوودا دیومە و جەنابی سەیید عەبدولحەکیم دەیزانێت و زۆر جاریش گێڕاومەتەوە، کاتێ گەیشتمە خزمەت حەزرەتی فەخری عالەم ـ سڵاوی خوای لێ بێت ـ گومان لە سەیادەت و نەجابەتی جەنابتان بە هیچ شێوەیەک ناکرێ. هەربۆیەش هەرگیز لە ڕاستی و دروستیی جەنابتان شکم نییە. هەرچی فەرمووتانە بە ڕاستیان دەزانم و لام وایە ئێوەش لەم لاوە ئەم موخلیسە وەک دۆستی ڕاستەقینە و خاوەن ئیرادەتی دڵپاکانەی خۆتان

دێننە حیساب.

سەبارەت بە کێشەی حەمەڕەشید خان و بە گزادەکانی دیکەی بانەش شەرحێکتان ڕاگەیاندبوو. سەبارەت بەوەی کە بە بۆچوونی جەنابتان ئەوان لە ژێر فەرمانی «ئەم خاوەن ئیرادەتە»دا دەجووڵێنەوە و لەم بارەیەوە فەرمووبوتان کە من بە دڵی ئەوان دەکەم و دەیانلاوێنمەوە، خودا پاکە، ئەمە بوختانێکی گەورەیە.

ڕاستی لە موخلیسی خۆتان ببیستن، بە سەداقەتەوە پێتان ڕادەگەیێنم، لە بەر ئەوەی لە ئێوە دۆستتر کەمتر شک دەبەم، باوەڕ بفەرموون هەرچییەکیان پێ ڕاگەیاندوون، هەڵبەستراوی خاوەن غەرەز و خراپەکارانە و ئەوان هەرگیز بۆ هیچ کارێک نەهاتوونەتە لای ئێمە بۆ ئەوەی ببم بە ڕاوێژکار یا خود فەرماندەری ئەوان. دەنا وا گومان دەکەن کە لە ڕابردوو و ئێستادا خزمەتێکی خوازراو بە حکوومەتی بەرزی ئێران کراوە بە بادا دەم؟

لەگەڵ ئەوەشدا خۆتان دەزانن من هیچ جەزایەکی چاکەم لە حکوومەتی بەرزی ئێران نەدیوە، هەمیشە بە شوێن ئەوەوە بووم ڕەزامەندیی حکوومەتی بەرزی ئێران وەدەست بێنم، بەڵام پاداشتەکەی ئەوە بووە خاوەن غەرەزان بەرز بکرێنەوە و دۆستانی من نزم. هەر چۆنێک بێت تا گیان لە لەشمدایە، لە خێرخوایی دەوڵەتی بەرزی ئێران لانادەم.

لەگەڵ ئەو فەرمایشتەشدا کە ئامۆزای بەڕێزم فەرموویە، بە گیان خوازیاری ئەوەم کە هەر کارێک بە منی بسپێریت، بە گیان منەتی دەکێشم و بەڕێوەی دەبەم؛ بەڵام لەم کارەدا موخلیستان داوای لێبوردن دەکات، ئەگەر هاتوچۆی کۆمەڵ بە هۆکار بزانن، بە خێری بنەماڵەی حەزرەتی کاک ئەحمەد ـ خودا ڕۆحی پاک ڕابگرێت ـ عالەمی ئیسلامی دێن [بۆ ماڵمان] و دژ بە دیندارییەکە بەرگریان بین.

جگە لەوەی کە هێندێک جار تەنیا بۆ زیارەت هاتوون، هیچ وەسیلەیەکی پەیوەندی لە نێوان ئێمەدا نییە و دوور لە عەقڵە ئەگەر بەبێ هاتن و داواکاری ئەوان خۆمان بکەین بە نەسیحەتکار و فەرماندەریان. هیوادارم گلەیی نەفەرموون، ئەم موخلیسەتان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری جەنابتان ئامادەم. تکا و ڕجام ئەوەیە خالیسانەش پێتان ڕادەگەیێنم کە بە هۆی ئەو پایە و جێگە و ڕێزەی کە لە شوکری خوداوە ئێستا هەتانە، ئەم هەلە بە دەرفەت بزانن و لە چاککردنەوەی کاری موسوڵمانان دریغی مەکەن، من لام وایە ڕەزای خودای بەرز هۆکاری بەرزبوونەوەی بەردەوام و نەفەوتاو دەبێت، ئیتر ئامۆژگاری کردنی لوقمان کارێکی شایان نییە.

دۆستداری ئێوە مەحموود

ئەگەر خوێنەران هێندێک بە وردی سەیری شێوازی نووسینی نامەکەی شێخ مەحموود بکەن، بۆیان دەردەکەوێ کە ئەو کەسایەتییە گەورە (شێخ مەحموود) کە لە بڵێندترین لووتکەی ڕێز و دەسەڵاتداری و دەستڕۆیشتوویی نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا بووە، چۆن بەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە لەگەڵ حاجی بابەشێخ دواوە.

بۆ پەیوەندی ئەم دوو کەسایەتییە، ڕووداوێکی کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٣ی زایینی، (١٣٢٢ی هەتاوی)، ئەویش ئەوکات کە مەلا مستەفای بارزانی توانیبووی خۆی لە زیندانی «نگرة السلمان» لە عێراق دەرباز کا، بۆ گەڕانەوەی بۆ ناوچەی بارزان و نێو عەشیرەتەکەی خۆی، پەنا دەبا بۆ شێخ مەحموود. شێخ مەحموودیش بۆ ئەو کارە پڕ مەترسی و گرینگە، تەنیا یەک ڕێگای پێ شک دێ؛ ئەویش ئەوە دەبێ کە لە ڕێگەی ئێرانەوە بتوانێ ڕەوانەی ناوچەی بارزانی کاتەوە. هەر بۆیە شێخ مەحموودیش دەستەو داوێنی تەنیا دۆستی جێی متمانەی خۆی لە ئێران واتە حاجی بابەشێخ دەبێ و لەگەڵ ناردنی نامەیەکدا جەنابی مەلا مستەفا لەگەڵ شێخ محەممەد چکۆلەی ئامۆزای خۆی (ئامۆزای شێخ مەحموود) و کەسێکی دی بە سواری دەنێرێ بۆ گوندی تورجان بۆ ماڵی حاجی بابەشێخ؛ کە ئەم ڕووداوە مێژووییە گرینگە لە فەسڵی دوایی ئەم کتێبەدا بە وردی باسی کراوە.

## فەسڵی چاردەهەم:
## پەیوەندی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی

هەر وەکوو لە بەشی پەیوەندی شێخ مەحموودی نەمر و حاجی بابەشێخدا ئاماژەی پێ کرا، لە ساڵی ١٩٤٣ی زایینی (١٣٢٢ی هەتاوی) (دوو ساڵ پێش پێکهاتنی کۆماری کوردستان) گەورەپیاوی مێژووی میللەتی کورد، مەلا مستەفای بارزانی کە لە عێراق لە زیندانی «نگرة السلمان»دا دەس‌بەسەر بوو، توانیبووی خۆی دەرباز بکا و پەنا بەرێ بۆ شێخ مەحموودی مەلیک، کە بە هەر شێوەیەک بێ، بە هاوکاری شێخ بتوانێ بەرەو ناوچەی بادینان کە شوێنی عەشیرەتی بارزانە بگەڕێتەوە. شێخ مەحموودیش بۆ ئەو مەبەستە تەنیا ڕێگای بێ‌مەترسی لە ڕێی ئێرانەوە دەبینێ و تەنیا دۆستی جێی متمانەی بۆ ئەو کارە گرینگ و ئەستەمە، حاجی بابەشێخ دەزانێ. جا هەربۆیە شێخ مەحموود، مەلا مستەفا لەگەڵ شێخ محەمەدە چکۆلەی ئامۆزای خۆی و کەسێکی دی بە سواری و هەر شەوێ بەرەو گوندی تورجانی حاجی بابەشێخ دەنێرێ و نامەیەکیش بۆ حاجی بابەشێخ لەو بابەتەوە دەنووسێ کە بە داخەوە نامەکە نەماوە.

بەڵام چۆنیەتیی گەیشتن و میوانداری و تەحویل‌وەرگرتنیان لە لایەن حاجی بابەشێخەوە لە زمانی کوڕی گەورەی حاجی بابەشێخ، سەیید عەبدولعەزیزی سەیادەت کە خۆی شایەدحاڵی ڕووداوەکە بوو گێڕدراوەتەوە و منی نووسەری ئەم دێڕانە ئەو گێڕدراوانەم لە زمانی سەیید سەعیدی کوڕی خوالێخۆشبوو سەیید عەبدولعەزیزی سەیادەت وەرگرتووە.

لە یەکێک لە شەوەکانی ساڵی ١٩٤٣ی زایینی (١٣٢٢ی هەناوی) درگاوان و پیاوی حاجی بابەشێخ بە ناوی «خاڵە یارە» بە لە درگادان و دەنگەدەنگی چەند کەسێک وەخەبەر

دێ، کاتێک لە خەو ڕادەپەڕێ و دەچێتە بەر درگا، دەبینێ سێ سوار لە بەر دەروازەی ماڵی حاجی بابەشێخ لە تورجان ڕاوەستاون. لێیان دەپرسێ: چ کەسن و کارتان چییە؟ ئەوانیش دەڵێن کارمان بە حاجی بابەشێخە، بۆمان بانگ کە. خاڵە یارەش پێیان دەڵێ بەو نیوەشەوە حاجی بابەشێخ چۆن هەستێنم لە خەو؟! هەرکەس هەن، وەرن بچن لە دیوەخانی دەرەوە بخەون تا بەیانی، ئەودەم حاجی بابەشێخ دەتوانن ببینن.

بەڵام ئەو چەند کەسە پێداگری دەکەن کە دەبێ حاجی بابەشێخمان بۆ بانگ کەیە دەرەوە، کارمان پێیەتی.

خاڵە یارەش بە ناچار لە دەروازەی ماڵی حاجی بابەشێخ دەدا و بە هەر جۆرێک بێ، پێی ڕادەگەیەنێ قوربان سێ سوار هاتوون و زۆر بە غەڕڕەییەوە دەڵێن بڕۆ حاجی بابەشێخمان بۆ بانگ بکە کارمان پێیەتی.

حاجی بابەشێخیش بە یارە دەڵێ بڕۆ لە درگای ماڵی عەزیزیش بدە و ئەویش هەستێنە با بێت.

کاتێک کە حاجی بابەشێخ و سەیید عەزیزی کوڕی دەچن، ئەو سێ کەسە دوای سڵاو، نامەیەک بە حاجی بابەشێخ دەدەن و حاجی بابەشێخ داوا لە سەیید عەزیزی کوڕی دەکا کە عەزیز ئەو چرایەم بۆ بێنە پێشی، با ئەو نامەیە بخوێنمەوە.

دوای خوێندنەوەی نامەکە دەڵێ: عەزیز بڕۆ دەستیان زیارەت کە، ئەوانە لە نەتەوەی شێرانی کوردستانن و ....

حاجی بابەشێخ زۆر بە گەرمی پێشوازییان لێ دەکا و دوای ڕۆژێک شێخ محەمەدە چکۆلەی ئامۆزای شێخ مەحموود و کەسەکەی دیکە دەگەڕێنەوە بەرەو سولەیمانی. بەڵام مەلا مستەفا لە لای حاجی بابەشێخ دەمێنێتەوە. تا ئەو کاتەی هەل‌ومەرجی ناردنی بارزانی بۆ وڵاتی خۆی لەبار دەبێ، نزیک حەوتوویەکی پێ دەچێ. هەربۆیە جەنابی مەلا مستەفا لەو ماوەدا کە لە تورجان دەمێنێتەوە، بە پێشنیاری حاجی بابەشێخ، ناوی شێخ عەبدوڵڵای لێ دەندرێ و بە یەکێک لە شێخانی هەورامان و لە بنەماڵەی گەورەی سیراجەددینی دەناسێنێ کە ماڵی خاڵوانی حاجی بابەشێخ بوون. دروست لەو ماوەدا کە بارزانی لە تورجان دەبێ، دەستەیەک لە ئاغایانی گەورک بۆ چارەسەری کێشەی مڵکی نێوان خۆیان هاتبوون

بۆ تورجان و هەموو بەڵگە مڵکییەکانیان هێنابووە لای حاجی بابەشێخ؛ هەربۆیە حاجی بابەشێخ جەنابی مەلا مستەفا بە ناچار بۆ چەند ڕۆژێک دەنێرێتە حوجرە لای جەماوەری فەقێ و مەلا.

هەروەک خوێنەران ئاگادارن، تورجان ناوەندی گەورەی فێربوون و فێرکاریی زانستە دینییەکان بووە لە ناوچەی موکریان و تەنانەت کوردستانیش. هەربۆیە جەماوەرێکی زۆری مەلا و فەقێ بەردەوام لەوێ لە حاڵی فێربوون و فێرکاریدا بوون. لەو سەردەمەدا مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا محەممەدی، مودەڕیس و ئیمام جومعەی تورجان بووە. گۆیا مامۆستا بۆ شکایەت لەو میوانە تازەیە دێتە لای حاجی بابەشێخ کە جەنابی حاجی بابەشێخ ئەو خزمەی جەنابت کە چەند ڕۆژە هاتووە، فەقێکان هاواریانە لە دەستی کە هیچ کارێکی خۆی کە ناکا هیچ، دەستووریشمان بە سەردا لێ دەدا، فەقێکان بە دەستیەوە پێوە بوون!!

حاجی بابەشێخ دوای ماوەیەکی چەند ڕۆژە کە لە تورجان میوانداری لە جەنابی مەلا مستەفا دەکا لەگەڵ دوو کەس لە ئەمیندارانی خۆی بە ناوی حاجی میرزا عەزیز و کاک عەبدوڵڵای حاجی حەمە موارد دەینێرێ بۆ مهاباد بۆ لای دۆست و خۆشەویستی جێی متمانەی خۆی واتە حاجی سەیید عەلی حوسەینی، کە لەگەڵ نووسینی نامەیەک لە بارودۆخەکەی ئاگادار دەکا و پێی دەسپێرێ کە لە ڕێگەی ئەمن و بە کەسی جێی باوەڕی خۆیدا جەنابی بارزانی بنێرێتەوە بۆ زێد و وڵاتی خۆی. ئەویش هەر وا دەکا؛ بە هاوکاری شێخانی گەزگەسک کە خزم و نزیکی حاجی سەیید عەلی بوون، جەنابی مەلا مستەفا بە سڵامەت بەڕێ دەکەنەوە بۆ وڵاتی خۆی.

بیرەوەرییەک لە کاتی بەڕێکردنی بارزانی لە تورجانەوە بۆ مهاباد هەیە، لە بەر ئەوەی بەشێکە لە مێژوو، بە مەبەستی نەفەوتانی ئەو بەشە لە مێژوو لێرەدا دەینووسین.

گۆیا بەیانی و کاتی ڕۆیشتنی جەنابی مەلا مستەفا، حاجی بابەشێخ تا دەرەوەی گوندی تورجان بۆ بەڕێکردنی دەچێ؛ بەڵام پێش ئەوەی بەڕێی کا، حاجی بابەشێخ کەوایەکی درێژی مەلایانەی خۆی و دوو کتێبی بۆ دێنێ و پێی دەڵێ: جەنابی مەلا مستەفا، ئەو کەوایە لە بەر کە و ئەو کتێبانە هەڵگرە و تۆش هەتا لە ئێرانی، هەر ناوت شێخ عەبدوڵڵای هەورامانییە و خۆت بە خزمی من بناسێنە.

جەنابی مەلا مستەفا بە حاجی بابەشێخ دەڵێ: «ئەزبەنی پێویست ناکا» و نایەوێ کەوا درێژەکە لە بەر کا. لەو کاتەدا حاجی بابەشێخ قۆڵی دەگرێ و پێی دەڵێ: «ئاغای من، ئوستادزادە، نووری چاوم، بۆ مەگەر ئێمەی کورد چەند کەسی کەی وەک تۆمان هەیە کە ئا وا کەمتەرخەمی دەکەی؟» بە سیراجەددین لە بەری دەکەی!

بارزانی کە پێداگریی حاجی بابەشێخ ئا وا دەبینێ دەڵێ: «ئیتاعەتی ئەمرت دەکەم جەنابی حاجی بابەشێخ»، بەو جۆرە کەواکە لە بەر دەکا.

پەیوەندی حاجی بابەشێخ و بارزانی لێرەدا تەواو نەبوو، بەڵکوو ئەوە دەسپێکی بوو.

دوو ساڵ دواتر چەرخی گەردوون ئەو دوو گەورەپیاوە یەک دەخاتەوە، ئەوکات کە لە مەهاباد کۆماری کوردستان پێک‌هاتووە و حاجی بابەشێخ بۆتە سەرۆک وەزیری ئەو کۆمارە و ئەم جار بارزانیی گەورە لەگەڵ عەشیرەتەکەی هاتۆتەوە بۆ ئێران. گۆیا کاتی یەک‌کەوتنەوەیان کە حاجی بابەشێخ دەچێ بۆ بەخێرهێنانی بارزانی، لە بەر درگا پێشمەرگەیەکی بارزانی ڕایاندەگرێ، (حاجی بابەشێخ لەگەڵ سەیید عەزیزی کوڕی خۆی و پێشمەرگەیەک دەبێ). جەنابی مەلا مستەفا کە زانی حاجی بابەشێخە، هەر بە پێی پەتی دێتە حەوشەی ماڵەکە بۆ پێشوازی. حاجی بابەشێخ بە جەنابی مەلا مستەفا دەڵێ: جەنابی بارزانی هاتووم بۆ ئەمانەتییەکانم. ئەویش لە وڵامدا دەڵێ «جەنابی حاجی بابەشێخ ئەوە کەواکەی جەنابت لەو ساکەدا، هەمیشە وەک یادگارییەکی پیرۆز لە لای خۆم ڕامگرتووە» و ....

بەسەرهاتێکی دیکە کە پەیوەندی بە دۆستایەتی و خۆشەویستیی نێوان ئەو دوو کەسایەتییەوە هەیە، لە زمان تەنیا کوڕی زیندووی حاجی بابەشێخ حاجی سەیید مستەفا سەیادەت (ڕۆحی بە ڕزی شاد) کە تا ساڵێک لەمەوبەر لە ژیاندا بوو گێڕایەوە ئەمەیە کە: «ڕۆژێک لە سەردەمی کۆماردا حاجی بابەشێخ بە ئیفتخاری بارزانی بانگ‌هێشتنێک بۆ خواردنی نەهار لە ماڵی خۆی ساز دەکا کە لە جەنابی پێشەوا قازی محەممەد و چەند کەس لە پیاوماقووڵانی مهاباد کە لە کۆماردا بەرپرسیایەتییان بوو دەعوەت دەکا. ئەو کەسانەی لەو ڕۆژەدا لەوێ بوون هێندێکیان بریتی بوون لە مامۆستا مەلا حوسەینی مەجدی، ئەمەر خانی شکاک، جەعفەر ئاغای کەریمی، میرزا ڕەحمەتی شافیعی، شێخ حەسەنی شەمسی

بورهان، میرزا قادری ئەمینی، حاجی سەیید عەلی حوسەینی، زێرو بەهادوری و ...

کاتی سازبوونی نەهار حاجی بابەشێخ داوا لە میوانەکان دەکا بۆ خواردنی نەهار؛ لەو کاتەدا جەنابی مەلا مستەفا نایەتە پێشێ بۆ خواردنی نەهار، کە ئەوە دەبێتە هۆی سەرسوورمانی حاجی بابەشێخ و میوانەکانی. حاجی بابەشێخ هۆکارەکەی لێ دەپرسێ؛ لە وڵامدا بارزانی دەڵێ: «جەنابی حاجی بابەشێخ ئەمن لێرە لە حوزووری ئێوە پڵاو و گۆشتێ بخۆم و عێلە بارزانیش هەموو لە کووچە و کۆڵانی مهاباد لەوپەڕی نەهامەتی و فەلاکەتدا ڕۆژگار بەرنە سەرێ و ڕۆژانە بە چەند کەس لە بەر نەخۆشی و برسییەتی لێیان بمرێ! وەڵلا ئەو نەهارە بە گەرووی مندا ناچێتە خوارێ!!»

ماتی و بێدەنگییەکی بەسام دانیشتنەکە دادەگرێ و بۆ ماوەی چەند خولەکێک کەس هیچ ناڵێ، تا ئەوەی کە حاجی بابەشێخ بێدەنگییەکە دەشکێنێ و دەڵێ: «جەنابی مەلا مستەفا، دەبێ نەهارەکەمان لەگەڵ بخۆی و هەر لێرەش بەڵێنت پێ دەدەم ناهێڵم ئەو دانیشتنە تێکچێ تا دۆخی بازرانییەکان چارەسەر نەکەین.»

بە دوای خواردنی نەهار، حاجی بابەشێخ سەیید عەزیزی کوڕی خۆی دەنێرێ لە ژوورەوەی ماڵی خۆی ٥ هەزار تمەن دێنێ و دایدەنێ و بە دوای ئەودا جەنابی پێشەوا قازی محەممەد و میوانەکانی دی کە هەر یەک لە پیاوماقووڵ و ساماندارەکانی وڵات بوون، پووڵێک دادەنێن و سەرجەم ٥٥ هەزار تمەن ئەو ڕۆژە کۆ دەبێتەوە، کە بۆ ئەو کات پووڵێکی کەم نەبووە. بە دوای ئەوەدا چەند کەسێک دەستنیشان دەکرێن بۆ پێڕاگەیشتن بە بارودۆخی بارزانییەکان، بۆ وێنە دوکتور سەلامەتبەخش بۆ چارەسەریی نەخۆشەکان مەئموور دەکرێ؛ بەو جۆرە دۆخی بارزانییەکان گۆڕانکاری باشی بە سەردا دێ.

## فەسڵی پازدەهەم:
## حاجی بابەشێخ و حکوومەتی میللیی کودستان

دامەزراندنی حکوومەتی میللیی کوردستان لە ناوچەی موکریان یەکێکە لە ڕووداوە گرینگ و هەستیارەکانی مێژووی نوێی نەتەوەی کورد. ئەو ڕووداوە مێژووییە بە قەڵەمی زۆر یەک لە مێژوونووسانی خۆیی و بێگانە تاووتوێ کراوە و لێکۆڵینەوە و کتێب و بیرەوەریی لە سەر نووسراوە. هەر بۆیەش من لێرەدا نامەوێ توێژینەوەی گشتی لە سەر چۆنیەتیی پێکهاتنی کۆماری کوردستان و ڕووداوەکانی ئەو کۆمارە ئەنجام بدەم؛ بەڵکوو بە هۆی ئەوە کە بەشێک لە ژیان و چالاکییەکانی حاجی بابەشێخ پەیوەندی بە کۆماری کوردستانەوە هەیە، لەم بەشەدا ڕۆڵ و شوێنی حاجی بابەشێخ لە پێکهێنان و دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ئەو کۆمارە تا کاتی هەرەسهێنانی، تاووتوێ دەکەم و لە ڕووی دەقە مێژووییەکانەوە ڕاستییەکان وەدەر دەخەم.

بە دوای گۆڕانکارییەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی و لابردنی ڕەزاشا لە دەستەڵات و هاتنی لەشکری سووری یەکیەتی سۆڤیەت بۆ ئێران (بەتایبەت باکوور و ڕۆژاوای ئێران) و بۆشایی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی لەم بەشە لە ئێراندا، پیاوە ناسراوەکانی کورد بە یارمەتی و هاودەنگیی یەکیەتی سۆڤیەت لە دەوری یەکتر کۆ بوونەوە و بە یەکدەنگی و یەکگرتوویەکی بێوێنە لە مەهاباد، یەکەمین کۆماری کوردیان لە مێژووی ئەم نەتەوەیەدا دامەزراند. بۆ پێکهاتنی ئەو کۆمارە، ڕۆڵ و هەڵسووران و لێهاتوویی پێشەوا قازی محەممەد زۆر گرینگ و بەرچاو بووە. بنەماڵەی قازی هەر لە زووەوە، جێی ڕێز و حورمەت و متمانەی خەڵکی مەهاباد و دەوروبەر بوون و خودی پێشەوا قازی محەممەدیش

کەسایەتییەکی ئایینی و لە هەمان کاتیشدا ڕووناکبیرێکی نیشتمانپەروەر بوو. ئەو ڕاستییەش دەبێ لە بیر نەکرێ کە تێکۆشان و هەوڵی ئەو بوو کە توانی زۆربەی سەرۆک هۆزەکانی موکریان و کوردستان بە گشتی، سەرەڕای ناکۆکی و کێشەی عەشیرەتی کە لە نێواندا بوو، لە دەوری یەکتر بۆ ئامانجێکی هاوبەش کۆ کاتەوە، کە ئەوە کارێکی ئاسان نەبوو.

بە خۆشییەوە ڕۆڵی پێشەوا لە هەموو قۆناغەکانی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ئەو کۆمارەدا، هەنگاو بە هەنگاو لە لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمار کراوە؛ بەڵام بە داخەوە ئەو شێوازە لە نووسینی ڕۆڵی کەسایەتی دووهەمی کۆمار، واتە حاجی بابەشێخ و کەسانی دیکەی وەک سەرۆک هۆزەکان و تێکۆشەران و ڕووناکبیران کە لە پێناو کۆماردا هەموو هەوڵیان داوە و تێکۆشاون، نابیندرێ.

ئەگەر لە مەهاباد بە هۆی ناسیاوی و پێشینەی جێی ڕێزی بنەماڵەی قازی و خۆش‌ناوی و حورمەتی خودی پێشەوا قازی محەممەد، زۆربەی چینەکانی خەڵک بە شێوەیەکی یەکگرتوو هۆگرییان بە حکوومەتی میللیی کوردستان پەیدا کرد، بە تێڕادیوی دەتوانین بڵێین لە دەرەوەی مەهاباد، بەتایبەت ناوچەکانی بۆکان و سەقز و بانە نفووز و حورمەتی بنەماڵەیی و جێگە و پێگەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی مەعنەوی حاجی بابەشێخ زۆر زۆر کاریگەرتر بووە بۆ هۆگریی خەڵک و عەشیرەتەکان لەو ناوچانە بە حکوومەتی میللیی کوردستان؛ ئاکامەکەشی پەرەسەندنی زیاتری دەسەڵاتی حکوومەت لەو بەشە لە خاکی کوردستان بووە، بۆ وێنە ئەگەر دووربینی و عەقڵانییەتی سیاسیی حاجی بابەشێخ نەبایە، ناکۆکی نێوان بنەماڵەی گەورەی حاجی ئێلخانی کە سەرۆک هۆزی دێبوکری بوون، لەگەڵ حکوومەتی میللی کوردستان چارەسەر نەدەبوو و ئەنجامەکەی دەبووە ئەوەی کە دەسەڵاتی کۆماری کوردستان تەنانەت نەگاتە بۆکانیش، چ بگا بە سەقز و بانە کە لەولای بۆکانەوە بوون.

هەروەک خوێنەرانی ئەم کتێبە تا ئێرە چاویان پێی کەوتووە، هەڵسووڕان و چالاکییەکانی حاجی بابەشێخ لە پێناوی دابین کردن و سەقامگیریی ئاشتی و پێشگیری لە شەڕ و ناکۆکییە نێوخۆییەکان شوێن و پەنجەمۆری لە هەمووی کوردستاندا زۆر پێش کۆمار

دیارە و بەرچاو بووە.

هاوکاری و پەیوەندی نزیکی حاجی بابەشێخ لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفید و مەلا مستەفای بارزانی، دوو ڕێبەری گەورەی کورد، ئەو ڕاستییە مسۆگەر دەکەن کە هەستی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری لە حاجی بابەشێخدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵیانی دووری پێش پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد.

پێشەوا قازی محەممەد لە هەموو کەس زیاتر، بوونی حاجی بابەشێخی لە پێکهێنان و دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە پێویست زانیوە، هەر بۆیە بە دوای سەفەری دووهەمی پێشەوا بۆ باکۆ، واتە چەند مانگ پێش ڕاگەیاندنی فەرمیی کۆمار لە دووی ڕێبەنداندا، نە جارێک بەڵکوو دوو جار ڕاسپاردە دەنێرێ بۆ لای حاجی بابەشێخ و داوای هاوکاری و بەشداری لە پێکهێنان و دامەزراندنی حکوومەتی میللیی کوردستانی لێ دەکا[١].

لە دەسپێکی کاری کۆماری کوردستان، محەممەد ڕەزاشای پەهلەوی، یەمین لەشکری هەوشار، دۆستی حاجی بابەشێخ و گەورەپیاو و دەسڕۆیشتووی ناوچەی هەوشار لە حاجی بابەشێخ ڕادەسپێرێ کە ناوبراو لە سەردەمی ڕەزاشادا خزمەتگوزاری وڵات و دۆستی ڕەزاشا بووە، ئیستا بۆ چۆتە لایەنی دژبەر بە دەوڵەت و میللەتی ئێران؟ حاجی بابەشێخ تەنیا ئەو وڵامە بە کورتی بۆ شا دەنێرێتەوە: «آن سبو بشکست و آن پیمانه ریخت».[٢]

هەروەک لەم بەشە لە کتێبەکەدا خوێنەران بە وردی دەیبینن، حاجی بابەشێخ وەک کەسایەتییەکی ناسراو و ناودار لە یەکەم سەفەری پیاوە ناسراوەکانی کورد بۆ باکۆ لە لایەن یەکیەتی سۆڤیەتەوە بانگێشتن کراوە و لە وتوویێژەکانی باکۆدا ڕا و بۆچونی تایبەتی خۆی بووە؛ چەند ساڵ دواتریش بە داواکاریی پێشەوا قازی محەممەد بۆ دانانی بەردی بناغەی ئەو کۆمارەوە چووە و بەوپەڕی شەرەف و ئازایەتییەوە تا ئاخر کاتەکانی تێکچوون و دارمانی کۆمار، نە کۆمار و نە پێشەوا و نە خەڵکی مەهابادی بەجێ نەهێشت، هەر بۆیەش بۆ ماوەی نزیک ساڵێک لە زیندانی مەهاباد و تەورێز لە پێناو ئامانجەکانی خۆی و میللەتی کورددا زیندانی کرا و دواتریش بە مەرج ئازاد کرا.

---

١. بیرەوەرییەکانی سەید سەعیدی سەیادەت نەوەی حاجی بابەشێخ

٢. بیرەوەریی سەید مستەفا سەیادەت

جا لێرەدا هەروەک مێژوونوسی کورد، کاکە حەمەی حەمە باقی، وتەنی لە مێژووی کورددا هیچ کەس بە ئەندازەی حاجی بابەشێخی غەدر لێ نەکراوە.[١] «هیچ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی لە سەر ئەنجام نەدراوە». لەو کەمتەرخەمی و خۆبوێرییەدا دوو لایەن بە تاوانبار دەزانم؛ یەکەم: بنەماڵەی خودی حاجی بابەشێخ کە لە دوای خۆیدا لەو بابەتەوە هەوڵێکی ئەوتۆیان نەداوە. دووهەم: توێژەران و مێژوونوسان کە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت و وردیان لە سەر حاجی بابەشێخ ئەنجام نەداوە. هیوادارم ئەم کتێبە، کەم تا کورتێک توانیبێتی ئەو بۆشاییە پڕ کاتەوە و ئەو کەسایەتییە بەو جۆرەی کە شایانیەتی، بە هاوچەرخان و داهاتووانی بناسێنێ تا لە مێژووی میللەتی کورددا ناوی ئەو گەورە پیاوە نەکەوێتە ژێر گەرد و تۆزی لەبیرچوونەوە.

## یەکەمین هەنگاو: سەفەری باکۆ

لە ئاخر و ئۆخری هاوینی ساڵی ١٩٤١ی زایینی (١٣٢٠ی هەتاوی) کە چەند مانگ لە هاتنی لەشکری سوور لە ناوچەی باکووری ڕۆژاوای ئێران بە هۆی گۆڕانکارییەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی تێدەپەڕی، هێزەکانی ئەرتەشی شاهەنشاهیی ئێران لە ناوچەی موکریاندا نەمابوون.

لێپرسراوانی ئەرتەشی یەکیەتی سۆڤیەت کەوتنە وتوویژ و لێدوان لەگەڵ سەرۆک هۆزەکان و پیاوە ناسراوەکانی کورد تا ئامادەیان کەن بۆ ئەو داخوازییە فەرمییەی کە لە لایەن یەکیەتی سۆڤیەتەوە لێیان کرابوو بۆ چوون بۆ باکۆ. لە ئاکامدا شاندێکی ١٩ کەسی لە پیاوە ناودارەکانی کورد کە بانگێشتی باکۆ کرابوون لەگەڵ ژێنراڵ سەلیم ئاتاکچیۆف لە ڕێگەی تەورێز و شاری جولفاوە بەرەو باکۆی ئازەربایجان وەڕێ کەوتن.

ئەو وەفدە بریتی بوون لە:

١. قازی محەممەد

٢. حاجی بابەشێخ

٣. عەلیاغای عەلی‌یار (سەرۆک هۆزی دیبۆکری)

---

١. بیرەوەریی نووسەر لە مامۆستا محەمەد حەمەباقی

٤. قەرەنی ئاغای مامەش (سەرۆک هۆزی مامەش)
٥. حەمەحوسەین خانی سەیفی قازی
٦. باییز ئاغای عەزیزی (گەورک)
٧. زێرۆ بەگی هەرکی
٨. محەممەد ئاغای وسووق (باوکی دوکتور قاسملوو)
٩. ڕەشید بەگی هەرکی
١٠. ئەحمەد خانی فاڕووقی (فەیزوڵلابەگی)
١١. حەسەنی تیلەکۆی شکاک
١٢. کاک هەمزەی قادری
١٣. سەرتیپی شکاک
١٤. مەجید خانی میرموکری مامەش
١٥. حەمەدەمین بەگی فەیزوڵلابەگی
١٦. حەسەنی عومەری شکاک
١٧. شێرۆ کوڕی سەیید تەهای شەمزین
١٨. عەلی خانی نەوزەری (مەنگوڕ)
١٩. قۆیتاس مامەدی شکاک.

ئەو وەفدە بە گەیشتن بۆ باکۆ، لە هۆتێلی ئاواردیا کە یەکێک لە باشترین هۆتێلەکانی باکۆ بوو، میوانداریيان لێ کرا. دوای ئەوەی چەند شوێنێکیان لە پێکهاتەکانی هونەری و فەرهەنگی و نیزامی و کشتوکاڵ نیشان دان، ئینجا وەفدەکەیان بردە دیداری میرجەعفەر باقرۆفی سەرۆکوەزیرانی ئازەربایجان. لە هەندێک سەرچاوەدا بۆ وێنە کتێبی «جمهووریەتی کوردستان» نووسراوەی مەحموودی مەلا عێزەتدا نووسراوە کە «باقرۆف بە گشتی باسی جیهان و یەکیەتیی سۆڤیەت و ئازەربایجان و کوردی کرد، بێ ئەوەی کەم و زۆر باسی ماف و داخوازییەکان و مەسەلەی کورد بکات. بۆیە کوردەکان بەبێ ئەوەی کارێکیان بۆ کورد کردبێت و بەبێ ئەوەی بەڵێنێکی ئەوتۆیان بدرێتێ هەر وا گەڕانەوە». بەڵام کتێبی «قازی محەممەد و ئاکامی خوێنین» نووسینی حەمیدڕەزا جەلاییپوور دەڵێ:

«لەو دانیشتنەدا قازی محەممەد بە میرجەعفەر باقرۆفی کوت: جەنابی سەرۆک! میللەتی کورد ستەملێکراو و لێقەوماوە و ئێمە هاتووین بە دڵێکی گەرمەوە داوای یارمەتیتان لێ بکەین بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی. داوا دەکەین ئەرتەشی سوور بێتە هانامان و بە ناردنی سەرباز و چەک و تەقەمەنی و کەرەسەی پێویستی شەڕ بتوانین کۆماری میللی کوردستان دابمەزرێنین». جەلاییپوور لە درێژەی نووسراوەکەیدا دەڵێ: «پاش قازی محەممەد ئینجا حاجی بابەشێخ هەڵسا و زۆر توندتر لە قازی سەبارەت بە میللەتی کورد دوا و داوای یارمەتی و پێکهاتنی دەوڵەتی میللی کوردستانی کرد». بە خۆشییەوە حاجی بابەشێخ بە قەڵەمی خۆی لە زینداندا بۆ بەرپرسایەتی زیندان چۆنیەتیی ئەو سەفەرەی باکۆی نووسیوە کە ئەمەش نووسراوەکەی حاجی بابەشێخ کە بۆ یەکەم جارە بڵاو دەبێتەوە:

«هەر لەوماوەدا [کێشەی حەمەڕەشید خان و سەلیم خان لە سەقز]، چەند کەسی ڕووسی هاتن و داوایان لێ کردم بچم سەرێک لە میاندواو و تەورێز و باکۆ بدەم. بەڵام من پێم ڕاگەیاندن کە باری لەشساغیم باش نییە و توانام نییە بچمە سەفەر. ئەوان گەڕانەوە، کەچی پاش دوو ڕۆژی دیکە چەند کەسێکی دیکەی نێردراو لە لایەن ڕووسەکانەوە هاتن و یەکیان لەگەڵ بوو ناوی "نەبیئۆف" بوو. لەگەڵ ئارام خان و یەک نەفەر دوکتور و کاربەدەستێکی ڕووسی وتیان سەرانی عەشایری مەنگوڕ و گەورک و شکاک و دێبوکری و مامەش و بەگزادە و جەلالی و جەنابی قازی محەممەد کەوتوونە ڕێ و ئێستا لە تەورێز دەبن و چاوەڕوانن منیش لەگەڵیان بچم بۆ باکۆ.

ئیتر من ڕێگای هیچ بیانوویەکم نەما و لەگەڵیان بەرەو تەورێز ڕێ کەوتم. بەڵام تا من گەیشتمە تەورێز، وەفدەکە گەیشتبوونە جولفا و لە خاڵی سەر سنوور منیش پێیان گەیشتمەوە و پاش ئەحواڵپرسی بەرەو شۆڕەوی کەوتینە ڕێ. وەک باسم کرد لە خزمەت قازی محەممەد و بە یاریدەی چەند کەس لە کاربەدەستانی کۆنسوولگەری شۆڕەوی لە تەورێز گەیشتینە باکۆی ناوەندی ئازەربایجان و پێشوازییان لێ کردین. لە هوتێل جێگیر بووین. پاش حەسانەوە و ماندوویی دەرکردن، چووین چاومان بە چەند بنکەی نیزامی و فەرهەنگی کەوت. ئەوان لە هەوڵی ئەوەدا بوون پێشکەوتنەکان و بارودۆخی باشی

خۆیانمان پیشان بدەن. بەتایبەت لە سەر ئازادیی ژنان زۆر پێداگر بوون، خوێندنگای کچان و ژنانی ئازاد و زانستگا و باخچەی جوان و شەقامی خاوێن و ناوەندە نیزامییەکان لەو شوێنانە بوون کە چاومان پێی کەوت. ئەو کەسانەی ڕێنوێنیی ئێمەیان دەکرد، دەیانکوت شۆڕەوی (یەکیەتیی سۆڤیەت) بۆ ئازادی و ڕزگاریی هەموو گەلانی ژێردەست قۆڵی هەڵماڵیوە و ئێمەش کە نوێنەرانی کورد بووین و کەس دڵسۆزمان نەبوو، بەو وتانە سەر و دڵ خۆش بووین.

### دیداری سەرۆکوەزیران

دوای گەڕانەکان خۆمان ئامادە کرد تا بچین و چاومان بە میرجەعفەر باقرۆف سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی خودموختاری ئازەربایجان بکەوێ.

دیارە ئەندامانی وەفدەکەی ئێمە کە لە کوردستانەوە هاتبووین، هەموومان لە ڕووی کارناسی و لێکۆڵینەوە هەڵبژاردرابووین و دەیازنزانی ئێمە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا خاوەن بڕیارین و بێ‌گومان ئەوەشیان دەزانی کە بەندە وەکوو سەرۆکی موجاهیدینی موسوڵمان و کاربەدەستێکی حکوومەتی عوسمانی چەندێک لەگەڵ سوپای ڕووس شەڕ و جیهادم کردووە. بەڵام ئەوان هەموو ڕابردووی خۆیان بە هەڵە دەزانی و دەیانکوت تەنیا مەکۆی ئازادیخوازانی جیهان، شۆڕشی ئۆکتۆبرە.

دیارە ئێمە هیچمان بۆ وت‌وویژ لەگەڵیان بە زمانی تورکی موشکیلە و گرفتمان نەبوو، چونکە هەموومان زمانی تورکیمان دەزانی و هەندێکیش وەک من تورکی ئیستامبووڵیشیان هەر دەزانی، کەچی لەگەڵ ئەوەدا چونکە سەفەرەکە بە شێوەی ڕەسمی بوو، دیلمانج (وەرگێڕ) یان دانابوو. ئاغای باقرۆف لە تالاری گەورەی کاری خۆی، پێشوازی لێ کردین.

سەرەتا جەنابی قازی محەممەد سپاسی بانگێشتن و میواندارییی ئەوانی کرد و سەبارەت بە ڕابردووی کورد و ستەمێک کە لە کۆمەڵانی کورد لە مێژوودا کراوە، بەیاناتێکی پێشکەش کرد. لە پاشان فەرمووی ئێمە وەکوو نوێنەرانی جەماوەری گەلی کورد چاوەڕوانین کە حکوومەتی مەزنی یەکیەتیی سۆڤیەت دەست بداتە باڵمان و یارمەتیمان بدات. ئاغای باقرۆف لە وڵامدا بەڵێنی دا هەتا شۆڕەوی هەبێت، ئازادی گەلانی ئازەری و کورد لە ئێراندا

مسۆگەر دەبێ و لە شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلی کورد پشتیوانی تە واو دەکەین.

پاشان کە هێندێ بە وردەکارییەکاندا کەوتینە پرس و ڕا و وت‌وویژ، ئاغای باقرۆف درکاندی کە بەر لە هەموو هەنگاوێک، وڵاتی کوردستان وەک ئەیالەتێکی کۆماری دێموکڕاتیکی ئازەربایجان (تەورێز) حیسابی لە سەر دەکرێ و گەلی کورد وەک بەشێک لە حکوومەتی میللیی دێموکڕاتیکی ئازەربایجان (تەورێز) دێتە ئەژمار!! کاتێ ئەم بۆچوونەی باقرۆفم بیست تێگەیشتم ئەمانە گاڵتەجاڕە و بانگ‌هێشتنەکەمان بۆ هەڵسەنگاندن و سووکایەتییە و دەیانەوێ بمانکەنە نۆکەری تورکەکان، ئیتر خۆم بۆ ڕانەگیرا و گوتم:

**«جەنابی باقرۆف، ئێمە نوێنەرایەتیی گەلی کورد دەکەین، هەوڵ دەدەین بۆ ڕزگاری و ئازادیی ئەو گەلە؛ ئێستاش کە لە خزمەتی بەڕێزتان دانیشتووین، کوردستان ئەیالەتێکی وڵاتی پادشاهیی ئێرانە و جەنابت دەتەوێت ببین بە ئەیالەتێکی ئازەربایجان (تەورێز)، وەک ئەوە وایە لە قووڵکێک دەرمانهێنن و لە چاڵێکی قووڵترمان هاوێن؛ جا ئەگەر چارەنووسی کورد هەر وا ژێردەستە بێ، ژێردەستی حکوومەتی پادشایی ئێران بین، نەک ژێردەستی تەورێز.»**

وتەکانی بەندە کۆبوونەوەکەی شڵەژاند و بوو بە هەرا و هەمهەمە و ماڵاواییمان کرد و هاتینە دەر. ئیتر هیچ پێک‌هاتن و بەڵگەنامەیەک لە نێوانماندا ئیمزا نەکرا. تا چەند ساڵ دواتر کە سەفەری دووهەمی پێشەوا قازی محەممەد بۆ باکۆ کرا. لە سەفەری دووهەمدا بەندە هاوڕێی نەبووم. بەڵام جەنابی قازی محەممەد هەر بڕیاری بەندەی هەبوو و هەرگیز بۆ ژێردەستیی ئازەربایجان ڕازی نەبوو، بەڵام وەک دوو دراوسێ چەند پەیمان‌نامەی ئابووری و فەرهەنگی و نیزامی لە نێوان کورد و ئازەریدا ئیمزا کرابوو.»[1]

لێرەدا نووسراوەکانی حاجی بابەشێخ کۆتایی هات، بەڵام هەڵوێستی ئەو وەفدەی کوردی لەو کاتەدا زۆر وشیارانە و لە ڕووی دوورئەندێشی سیاسییەوە بوو کە ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و هەڵوێستی چوار ساڵ دواتری وەفدی دووهەمی کورد ئەو ڕاستییەی مسۆگەر کردووە.

---

١. گەلێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان لەو سەفەرەدا داوای چکۆلە چکۆلەیان کردووە، وەک زینی ئەسپ و قایشە دەمانچە و ...، کە هەژار لە شێعرێکدا ئەو داواکاریانەیان بە چاودا دەداتەوە.

## داوا و بانگ‌هێشتنی پێشەوا لە حاجی بابەشێخ بۆ پێک‌هێنانی کۆمار[١]

چەند مانگ پێش ڕاگەیاندنی ڕەسمیی کۆمار (ڕۆژی دووی ڕێبەندان)، جەنابی قازی محەممەد بە دوای گەڕانەوە لە سەفەری دووهەمی باکۆ لە ڕێکەوتی ١٣٢٤/٨/٢١ی هەتاوی (١٩٤٦/١/٢٢ی زایینی)دا کە توانی بەڵێنی یارمەتی و پشتیوانی لە یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ پێک‌هێنانی حکوومەتێکی سەربەخۆ لە مەهاباد وەرگرێ، حاجی ڕەحمان ئاغای موهتەدی و مامۆستا هەژار دەنێرێ بۆ تورجان تا داوا لە حاجی بابەشێخ بکەن لە لایەن پێشەواوە بۆ دامەزراندنی ئەو حکوومەتە بێت بۆ مەهاباد.

حاجی بابەشێخ ئەو داواکارییە بە هۆی نەبوونی لەش‌ساغی و تەمەنی زۆر و سەرقاڵیی ژیان، دەداتە دواوە و پەسەندی ناکا. هەڵبەت یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی حاجی بابەشێخ ئەوە بووە کە بۆ هیچ کارێک، تا داوای لێ نەکراوە، بەشداری و دەس‌تێوەردانی نەکردووە. ئەوە دەگەیێنێ ئەو کەسایەتییە هیچ هەستێکی بۆ گەیشتن بە پلە و پایەی بەرز و ناو و گەورەیی و سەروەری لە زاتیدا نەبووە. جگە لەوەش، حاجی بابەشێخ لە ڕوانگەی زانایەکی ئایینی و سیاسەتمەدارێکی بەئەزموون بە هاوکاری و پشتیوانیی یەکیەتیی سۆڤیەت لە کۆماری کوردستان زۆر دڵ‌گەرم و خۆش‌بین نەبووە. وێدەچێ ئەو بۆچوون و ڕوانگەی تا کۆتایی و هەرەس‌هێنانی کۆمار هەر بووبێ.

دوای ماوەیەکی کورت، بۆ جاری دووهەم هەمان دوو ڕاسپاردە (حاجی ڕەحمان ئاغا و مامۆستا هەژار) دێنەوە بۆ تورجان و لە لایەن پێشەواوە دووبارە داوا لە حاجی بابەشێخ دەکەن کە نیاز بە هاوکاری و یارمەتیی ئەو لەو قۆناغەدا زۆر هەست دەکرێ. تەنانەت حاجی ڕەحماناغا پێی دەڵێ: جەنابی حاجی بابەشێخ، ئەگەر ئەو داواکارییە پەسند نەکەی، لە بەرابەر مێژوودا بەرپرسی؛ چونکو لەوانەیە دەستەڵاتی کۆمار تا بۆکانیش نەگات. حاجی بابەشێخ ئەم جارە دوای ماوەیەک داواکارییەکەیان پەسند دەکا و بە ئەگەری زۆر لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (سێپتامبری ١٩٤٥ی زایین) بە ماڵەوە دەچێ بۆ مهاباد. بەڵام کوڕی گەورەی خۆی (سەیید عەبدولعەزیز)، لە تورجان بەجێ دێڵێ.[٢]

---

١. سەرچاوەی ئەم بەشە: بیرەوەرییەکانی سەیید سەعید سەیادەت، نەوەی حاجی بابەشێخ.

٢. گۆیا ئەو شەوە کە مامۆستا هەژار و حاجی ڕەحماناغا لە تورجان دەبن، تا درەنگ وەخت لەگەڵ سەیید عەزیزی کوڕی

## هەڵبژاردنی حاجی بابەشێخ بۆ سەرۆکی هەیئەت ڕەئیسەی میللی

ماوەیەکی کورت دوای چوونی حاجی بابەشێخ بۆ مهاباد، یەکەمین کۆنگرەی حیزب لە ڕێکەوتی ١٣٢٤/٧/٣ی هەتاوی (١٩٤٥/٩/٢٥ی زایینی) دەگیرێ. ئەو کۆنگرەیە بە بەشداریی ٢٧٠ کەس لە نوێنەرانی هەموو چینەکانی خەڵکی کوردستان بە سەرۆکایەتی قازی محەممەد کومیتەی ناوەندی هەڵبژارد. ئەو کومیتە ناوەندییە ٩ کەس بوون. حاجی بابەشێخ بە سەرۆکی ئەو کومیتە ٩ کەسییە هەڵدەبژێردرێ کە ئەو کومیتەیە هەمان کومیتەی ناوەندیی حیزب بووە، کە دواتر لە ڕۆژنامەی کوردستان و نووسراوەکانی مامۆستا هێمندا کومیتەی ناوەندی، بە ناوی «هەیئەت ڕەئیسەی میللی» ناو بردراوە. لە ڕۆژنامەی کوردستان و نووسراوەی مامۆستا هێمندا کومیتەی ناوەندی بە ناوی هەیئەت ڕەئیسەی میللی ناو بردراوە.

ئەو بابەتە لە زمانی چەند کەسایەتیی سەردەمی کۆمارەوە:

**مامۆستا هێمن:**

حیزب کۆڕێکی بە ناوی «هەیئەت ڕەئیسەی میللی» هەڵبژارد کە منیش یەکێک بووم لە ئەندامانی، لە هەڵبژاردنی ناوخۆدا حاجی بابەشێخ، بە سەرۆک و من کە لاوترین ئەندام بووم بە سکرتێر هەڵبژێردراین. چەند مانگێک لەو کۆڕەدا کارم کرد، کارێکی گران بوو، حاجی بابەشێخی ڕەحمەتی هەر ئەوەندەی لە سەر بوو ئەوەی من دەینووسم ئیمزای بکا. بەڵام لەگەڵ زەوقی من ڕێک نەدەهات.[1]

**مامۆستا هێدی:**

من بۆخۆم لە دەفتەری ئەو ئەنجومەنەدا نووسەر بووم. حاجی بابەشێخ سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە (هەیئەت ڕەئیسەی میللی) بوو.

حاجی بابەشێخ لەو ماوەدا کە من لەو ئەنجومەنە لە خزمەتیدا بووم هەستم بەوە دەکرد

---

حاجی بابەشێخ لە سەر ڕادەی وشە لە زمانی کوردیدا بۆ دەنگی ئاژەڵ باس و لێدوانیان بووە، بۆ وێنە کاڕەی بەرخ، باڕەی مەڕ، قاسپەی کەو، گمەی کۆتر و...

لە بیرەوەرییەکانی سەیید مستەفا سەیادەت.

١. تاریک و ڕوون، (پێشەکی: لە کوێوە بۆ کوێ)، مامۆستا هێمن.

کە زیادتر لە کارمەندەکانی تر ڕووم دەداتێ و ڕێزم دەگرێ و نامەی ئەنجومەن من دەمبردە بەردەستی و ئیمزای دەکرد و تەنیا لێی دەپرسیم مەوزووع چییە و ئیمزای دەکرد و دەیداوە دەستم.[١]

**سەعید خانی هومایوون:**[٢] «حاجی بابەشێخ جێگای ڕێز و حورمەتی فراوانی کۆمەڵانی خەڵک و هەموو چین و توێژەکان بووە و هەموان ڕێزیان لێ دەگرت و بەر لە کۆماری کوردستانیش، شۆڕای نۆ نەفەری، بەرپرسی ڕاپەڕاندنی کاروباری دامەزراندنی کۆمار بووە، جەنابی حاجی بابەشێخ بۆخۆی سەرۆکایەتی و بەرپرسایەتیی ئەو شۆڕایەی وەئەستۆ بووە. ئاغای عەبدوڵڵای شەڕەفکەندی کە لەگەڵمان بوو، ئەویش فەرموودەکانی سەعید خانی هومایوونی پشتڕاست کردەوە.

**عومەر ئاغای عەلیار:**[٣] «ئەو شۆڕای نۆ نەفەرەی پێش کۆمار کە بە داخەوە کەمتر ئاماژەی پێ کراوە، بە سەرۆکایەتیی حاجی بابەشێخ بوو و تا ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار، لە دووی ڕێیەنداندا بەرپرسی ڕاپەڕاندنی کاروباری کۆماری میللیی کوردستان بووە.» عومەرئاغا لە درێژەی وتەکانی لە بابەت کۆماری کوردستان و ڕۆڵی حاجی بابەشێخدا دەڵێ: «حکوومەتی کوردستان لە نێو جەماوەردا بە ڕاست یان درۆ بە دەستکردی شۆڕەوی دەناسرا و ئەمەش لە نێو هەندێ لە چینەکانی خەڵکیدا پەسەند نەبوو. بەتایبەت مەلا خەلیلی گۆڕۆمەر، موفتی و پێشەوای ڕۆحانیی هۆزی مەنگوڕ و پێشەوای شۆڕشی کڵاو، کە خۆشەویستی جووتیاران و موسوڵمانان بوو، فتوای دەرکردبوو و دێموکڕاتەکانی بە کافر دانابوو و دەیگوت هیچ لەوەدا گومان نییە کە شۆڕەوی یان ڕووسەکان کافرن و ئەو دێموکڕاتانەش کە سەر بەوانن ئیتاعەتی ئەمری کافران دەکەن، هەر وەکوو ئەوانن.

---

١. ئاوێنە شکاو، مامۆستا هێدی. لاپەڕەی ٧٤.

٢. لە وتووێژێکدا کە مامۆستا سەیید محەممەدی سەمەدی لەگەڵ سەعیدخانی هومایوون لە بابەت حاجی بابەشێخ لە ڕێکەوتی ١٣٧٨/١٢/٢٢ی هەتاوی کردوویە، سەعیدخان لە بابەت حاجی بابەشێخدا ئاوا دەڵێ. وەرگیراو لە کتێبی «حاجی بابەشێخ سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی میللی کوردستان» عومەر فاڕووقی.

٣. مامۆستا سەمەدی هەر لەو ڕێکەوتەدا لە بابەت حاجی بابەشێخدا لەگەڵ عومەراغای عەلیار دواوە و نووسیوە: عومەراغای عەلیار لە بابەت حاجی بابەشێخەوە فەرمووی. وەرگیراو لە کتێبی «حاجی بابەشێخ سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی میللی کوردستان» عومەر فاڕووقی.

تەنانەت فتوای مەلا خەلیل شەخسی پێشەواشی دەگرتەوە و دیارە مەلا خەلیل لە قووڵایی دڵیەوە عەقیدەی بەم فتوایە بوو. جا لە بەر ئەوە، پێشەوا و هاوبیرانی بۆ پووچەڵکردنەوەی بیر و بۆچوون و فتوای مەلا خەلیل لە نێو کۆمەڵگادا پێویست بوو لە کەسایەتییەکی ئایینیی بەهێز بۆ بەشداری لە کۆماری کوردستاندا بانگهێشتن بکەن. حاجی بابەشێخ هەم سەییدی عالیقەدر و هەم شێخ و جێگای متمانەی خەڵک بوو کردیان بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەم شێوە فتوای مەلا خەلیل بەتاڵ کرایەوە. حاجی بابەشێخ خۆی لە نزیکانی حەزرەتی شێخی حیسامەددین بوو. بەو جۆرە مەشایخی هەورامان و پاکی خولەفا و پێشەوایانی تەریقەت باوەڕیان بە کۆمار دەکرد.

**کتێبی بۆکان لە سەدەی بیستەمدا (ڕەحمان محەممەدیان)**

حاجی بابەشێخی سەیادەت لەو کەسایەتییانەی ناوچەکەیە، کە وەک کێوی سەهۆڵی نێو ئۆقیانووس تەنیا لووتکەکەی بینراوە و کەمتر کەس هەواڵێکی تەواوی لە سەرجەمی کەسایەتییە بەربڵاو و هەمەلایەنەکەی بووە و هەیە. ئەوەی ئێمە بە گشتی لە ڕابردووی حاجی بابەشێخی دەزانین ئەوەیە کە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بووە لە کۆماری کوردستانی ساڵی ١٣٢٤-١٣٢٥ (١٩٤٦)دا و هیچی تر؛ بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی باسی سەرەکییە، ئەوەیە چۆن و بۆچی پێشەوا قازی محەممەد لە نێو کەسایەتییەکی زۆری مەلا و سەیید و شێخ و سەرۆک هۆز و گەورەپیاوانی کوردستاندا حاجی بابەشێخی بۆ سەرۆکوەزیرانی ئەو کۆمارە هەڵبژارد؟ ئەوەی دیارە ئەوەیە کە پێشەوا هەر لە گۆترە ئەو هەڵبرژاردنەی نەکردووە.

**سەیید عەبدولقادری سەیادەت** کوڕی حاجی بابەشێخ لە وتوویژ لەگەڵ مامۆستا سەمەدیدا کە چ هۆکارێک بۆ پەیوەستبوونی حاجی بابەشێخ بە کۆمارەوە بووە؛ ناوبراو لە وڵامدا کوتوویە: «ئامانجێکی ناسیۆنالیستیی ڕەسەن بۆ وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی میللەتی کورد هاندەری سەرەکیی حاجی بابەشێخ بووە. ناوبراو لە هەر دەرفەتێک کە هاتۆتە پێشێ، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە کەڵکی وەرگرتووە.

لەو بزووتنەوە ئازادیخوازانەی ئەو سەردەمەی خەڵکدا کە سەرەتا زۆر جێی هومێد و هیوای جەماوەر بوو، زۆر زوو دەرکەوت ڕووسەکان بە شوێن مەبەست و قازانجی خۆیانن،

نەک مافی ستەملێکراوان (میللەتی کورد). حاجی بابەشێخ ئەو ڕاستییەی زۆر زووتر لە هەموان بۆ دەرکەوتبوو و دەیزانی وابەستەگی بە یەکیەتیی سۆڤیەت داهاتوویەکی باشی نییە.[۱]

**هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە بۆکان بە دەستی حاجی بابەشێخ و وتاری ئەو لەو ڕۆژەدا**

لە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ژمارە یەکدا بە وردی باس کراوە، لێرەدا بەشێک لەو ڕووداوە دەگوێزینەوە.

«سەعات دوازدەی نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەی جەنابی حاجی بابەشێخ ڕەئیسی میللی کوردستان لەگەڵ ئەحمەداغای ئێلخانیزادە واردی بۆکان بوون و سڵاوی سەربازی و تەپڵ و مووزیک بەجێ هات و ئەو ڕۆژەش لە بەر ئەوەی کە تەواوی ئەهالی دەوروبەر لە نیعمەتی ئەو جێژنە میللییە بەهرەوەر بن و بگەنە شاری، ئاڵا هەڵنەکرا، ڕۆژی ۲٤/۱۰/۷ لە سەعات ۸ی بەیانییەوە دەست بە تەشریفات کرا. لە سەربانی عیمارەتی قەڵای بۆکان بۆ هەڵکردنی ئاڵا لە تەرەفی ڕاستی ئاڵاوە جەنابی حاجی بابەشێخ و لە لای چەپەوە جەنابی حاجی بایزاغا ڕاوەستابوون و لە هەر دوو لاوە دوو موسەلسەل داندرابوو، قوتابییەکانی قوتابخانەی بۆکان و مامۆستاکان و خەڵکێکی یەکجار زۆر لە سەر سەکۆی قەڵا، دەستەی مووزیک و گاردی ئینتیزامیی مەهاباد و بۆکان بە فەرماندەری ئاغای محەممەدی نانەوازادە، فەرماندەری ئۆردووی میللیی مەهاباد و سەلیم ئاغای ئێلخانیزادە، فەرماندەری بۆکان، لە هەیوانی نێوەڕاستی قەڵا ئامادە بوون؛ تەواوی ئاغایانی ناوبراوی سەرەوە و جەمعییەتێکی کەش لە ئاغایان، مینجوملە حوسەین ئاغای عەلیار و براکانی، لە سەربانی قەڵا بە ڕیز لەملا و ئەولای ئاڵاوە بە چەند سەف ڕاوێستان، خەڵکێکی بێژماریش لە مەیدانی خوارەوە و دەوروبەری حەوزەگەورەی بۆکان ڕاوەستان. قاسم ئاغای ئێلخانیزادە پڕۆگرامی خوێندەوە، جەنابی حاجی بابەشێخ نوتقێکی زۆر گەرمی فەرموو و مزگێنی بەختەوەری نەتەوەی کوردی دا و تەواوی میللەتی کوردی بۆ گەیشتن بە حەقی خۆیان بە هیوا کرد و ئاڵای موبارەکی بە

---

۱. وتوویژی مامۆستا سەیید محەمەد سەمەدی لەگەڵ خوالێخۆشبوو سەیید عەبدولقادر سەیادەت لە کتێبی "جمهوری ۱۹٤٦ کردستان" لاپەڕەی ۲۵۳.

دەستی خۆی هەڵکرد و ...»[١]

## وتاری حاجی بابەشێخ لە مزگەوتی سوور (سێ ڕۆژ پێش دووی ڕێبەندان)

ڕۆژی ١٣٢٤/١٠/٢٩ی هەتاوی (١٨ ژانویەی ١٩٤٥ی زایینی)، سەعاتی ٨ی سبحەینێ بوو کە لە مزگەوتی سوور میتینگێکی گەورە لە لایەن حیزبەوە بەرپا کرا. لەم میتینگەدا کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕات، هەیئەت ڕەئیسەی میللیی کوردستان و تەواوی نوێنەرانی کوردستان و ئەندامەکانی حیزب و چەند هەزار نەفەر بە پێی گونجایشی مزگەوتەکە لە ئەهالی شرکەتیان کردبوو. هەژار و هێمن، شاعیرانی میللی، بە وەرگرتنی ئیجازە چوون و ئەشعاری خۆیان خوێندەوە و پێشەوای کوردستانیش بەیاناتی خۆی فەرموو **«لەو کۆبوونەوە گەورەدا جەنابی حاجی بابەشێخ لە کاتێکدا دڵی پڕ لە ئیحساسات و شووری نیشتمانپەرستی بوو فەرمووی: «پێویستە ئێمە سەر و ماڵمان خەرج بکەین و گیانی ڕابردووەکانی خۆمان و شوهەدای ئازادی کوردستان شاد بکەین.» لە بەر شیددەتی سروور، گریان هاتە گەرووی و فەرمایشی خۆی خاتیمە پێ دا.»**

ئاغای سەدیق حەیدەری لە لایەن فەرماندەری کوردستانەوە بە عەرزی گەیاند و گلەیی لەو لاوانە کرد کە تا ئەمڕۆ واردی سینفی نیزامی نەبوون. جەنابی حاجی بابەشێخ فەرمووی: ئەمن کوڕێکم هەیە کە بە عیلم و ئەدەب و زانست پەروەردەم کردووە و ڕازاندوومەتەوە ئەوا ئەمرم کرد لە سینفی نیزامیدا حازر و ئامادەی دیفاع لە کوردستان بێت، لەم عانەدا ٥ دەقیقە بیلافاسیلە چەپڵە لێدرا و هوڕڕا کێشرا و ...

کاک ڕەحمانی قۆڵغەتەپە و حسێن ئاغای عەبدوڵڵاغا وتیان ئێمە هەر ئێستا یەکی کوڕێک بۆ قوربانی کوردستان دەدەین. جەنابی پێشەوا سوپاسی کردن؛ ئاغای محەممەد خانی فەیزوڵڵابەگی وتی ئەمن ئەوە سێ کوڕم دا لە ڕێی نیشتماندا و خۆشم لیباسی سەربازی لە بەر دەکەم و لە مەیدانی کارزاردا حازر دەبم ...[٢]

١. ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی یەک.

٢. سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٢.

## وتار و سوخەنڕانی حاجی بابەشێخ لە ڕۆژی دووی ڕێبەندان لە مەهاباد

لە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤ کە جێژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد بەڕێوەچوو.

بە بەشداری هەموو بەرپرسان و ئەندامانی هەیئەت ڕەئیسەی میللی و پێشەوای مەزن و پیاوە گەورەکانی مەهاباد و سەرۆک هۆزەکانی مامەش و مەنگوڕ و گەورک و زەرزا و بەگزادە و ... و هەزاران کەس لە خەڵکی مەهاباد و شارەکانی دەوروبەر، ڕێوڕەسمێکی گەورە گیرا و زۆر شێعر و سوخەنڕانی و سروود و ... خوێندرایەوە. لەو ڕێوڕەسمەدا بە دوای بەیاناتی پێشەوا قازی محەممەد، جەنابی حاجی بابەشێخ سوخەنڕانی کرد و بە دوای ئەویشدا جەنابی حەمەحوسەین خانی سەیفی قازی، بەیاناتی خۆی پێشکەش کرد و دواتر شاعیرانی میللی، هێمن و هەژار، ئەشعاری خۆیان خوێندەوە.[١]

## هەڵوێستەکانی حاجی بابەشێخ لە کۆماری کوردستاندا

بە داخەوە جێگە و پێگە و وەزنی سیاسی و ڕۆڵی هەڵسووڕاوی حاجی بابەشێخ کەمتر لە لاپەڕەکانی مێژووی کۆماردا ڕەنگی داوەتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەروەک لێرەدا خوێنەران دەیبینن، بیر و بۆچوون و هەڵوێستەکانی ناوبراو بەتایبەت لە قۆناغە مەترسیدارەکان و کاتە هەستیارەکانی کۆماردا زۆر جێی سرنج و تێڕوانینە.

حاجی بابەشێخ بە پێچەوانەی زۆریەک لە سەرۆک هۆزەکان کە بە نهێنی، پەیوەندی خۆیان لەگەڵ حکوومەتی تاران هەر ڕاگرتبوو و کاتی هەرەس‌هێنانی کۆمار زۆر زوو بڵاوەیان کرد، هەروەها بە پێچەوانەی هێندێک لە نووسەر و شاعیرە میللییەکان و کاربەدەستانی کۆمار کە بەپەلە بەرەو هەندەران دەرباز بوون، لەگەڵ پێشەوای نەمر و دەستەیەکی دی لە بەڕێوەبەرانی کۆمار مانەوە؛ ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هەموو بەرپرسیایەتییەکان دەگەڕاوە سەر ڕێبەرانی سەرەکیی کۆمار.

بۆچوون و هەڵوێستی حاجی بابەشێخ زۆر ڕوون و ئاشکرا بووە و ئەویش لە دوو ڕستەدا کورت دەبۆوە؛ یەکەم: پشت نەبەستنی زۆر بە بێگانە و باوەڕ بە خۆیی؛ دووهەم: دژ بە

١. سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان، ژومارە ١٠.

تەسلیم بوون و خۆ بە دەستەوە دان.

حاجی بابەشێخ بە شێوەی گشتی، دژ بە گوێڕایەڵیی زۆر بە یەکیەتیی سۆڤیەت بووە. ڕای لە سەر بەرگری و خۆڕاگری و تەنانەت لە کاتی گونجاودا هێرش بردنە سەر هێزەکانی ئەرتەش بووە. ئەو وای بیر کردۆتەوە کە بە پاڵپشتی هێزە چەکدارەکانی خۆیی، چالاکی و بەربەرەکانیی ئەوان، دەکرێ سەرکەوتن وەدەست بێنێ و لە کاتی دانوستان و گفتوگۆدا لەو سەرکەوتنانە وەک کارتی براوە کەڵکی لێ وەرگرێ.

ئەوەش ئەو هەڵوێستانەی حاجی بابەشێخ:

## ١. هەڵوێستی حاجی بابەشێخ لە بەرابەر میر جەعفەر باقرۆف (سەرۆک کۆماری ئازەربایجان)

لە یەکەمین هەنگاودا چوارساڵ پێش پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە سەفەری یەکەمی وەفدی کوردی بۆ باکۆ بێدەنگ دانانیشێ. حەمیدڕەزا جەلالیپوور لە کتێبی «قازی محەممەد و ئاکامی خوێنین»دا نووسیویە: **«پاش قازی محەممەد، ئینجا حاجی بابەشێخ زۆر توندتر لە قازی سەبارەت بە میللەتی کورد دوا و داوای یارمەتی و پێکهاتنی دەوڵەتی میلیی کوردستانی کرد»**.

حاجی بابەشێخ لەو بابەتەدا لە نووسراوەکانی خۆیدا ئاوای نووسیوە: **«... کاتێ ئەم بۆچوونەی باقرۆفم بیست، تێگەیشتم ئەوانە هەمووی بۆ هەڵسەنگاندنی ئێمەیە و دەیانەوێ بمانکەنە چاولەدەستی تورکان؛ جا هەربۆیە خۆم بۆ ڕانەگیرا و گوتم: جەنابی باقرۆف، ئێمە نوێنەرایەتیی گەلی کورد دەکەین و هەوڵ دەدەین بۆ ڕزگاری و ئازادیی ئەو گەلە؛ ئێستاش کە لە خزمەتی بەڕێزتان دانیشتووین کوردستان ئەیالەتێکی وڵاتی پادشایی ئێرانە و جەنابت دەتەوێت ببین بە ئەیالەتێکی ئازەربایجان (تەورێز)؛ وەک ئەوە وایە لە قووڵکێک دەرمانهێنن و لە چاڵێکی قووڵترمان هاوێن؛ جا ئەگەر چارەنووسی کورد هەر وایە ژێردەستە بێ، با ژێردەستی حکوومەتی تاران بین نەک تەورێز.**

**وتەکانی بەندە کۆبوونەوەکەی شڵەژاند و بوو بە هەرا و هەمهەمە و ماڵئاواییمان کرد و هاتینە دەر، ئیتر هیچ بەڵگەنامە و ڕێککەوتنێک لە نێوانماندا ئیمزا نەکرا.»**

## ٢. هەڵوێستی حاجی بابەشێخ بەرابەر بە میرزا ئیبراهیم‌ئۆف وەزیری فەرهەنگی ئازەربایجان

ڕاستەوخۆ لە کتێبی «کۆماری کورد لە ساڵی ١٩٤٦» نووسراوەی ویلیام ئیگڵتۆن، وەرگێڕاوی سەیید محەممەد سەمەدی:

«پێویستە ئەوە بسەلمێنین کە وت‌وویژی قازی لەگەڵ پیشەوەری لە مانگی فیبریەدا، ئەو مافەی بۆ کوردان دیاری کردبوو کە دەتوانن حکوومەتی ناوخۆ پێک بێنن، بەڵام تورکەکانی ئازەربایجان (یەکیەتیی سۆڤیەت) ئەو کاتەش دەیانگوت، کوردستانی ئێران تەنیا دەبێ نیوەخودموختارییەکی هەبێ لە ژێر دەستەڵاتی خودموختاری ئازەربایجاندا.

لە ئاخرەکانی مانگی مارسدا پیاوە ڕووسییەکانی کە لە تەورێز دەبوون، هەواڵیان لە قازی نارد کە پێویستە بۆخۆی و مەقامە مەسئوولەکانی کورد بێنە تەورێز. هەڵبەت هەر چاوپێکەوتنێکی ساکار نەبوو، بەڵکوو بانگ‌هێشتن لە ڕێی قانوونی (جەلب)، تاکوو بچن و لەگەڵ وەزیری فەرهەنگی ئازەربایجان «میرزا ئیبراهیم‌ئۆف» و ژێنراڵ «قولی‌ئۆف» کە لە باکۆڕا هاتبوون، وت‌وویژ بکەن.

کە وا بوو، سەرکۆمار قازی محەممەد، سەرۆک‌وەزیران حاجی بابەشێخ، وەزیری جەنگ سەیفی قازی، وەزیری فەرهەنگ مەنافی کەریمی، وەزیری بێهداری سەیید محەممەد ئەییووبیان، عەبدوڵڵا قادری ڕەئیسی تایەفەی قادری مامەش، کاک سواری مەنگوڕ و کاک هەمزەی ئەمیر عەشایری مامەش، خۆیان لە تەورێز دیتەوە. لەوێ ئیبراهیمۆف قسەی بۆ کردن و سوود و قازانجەکانی یەکیەتیی گەلی کوردی لەگەڵ گەلی ئازەربایجان بۆ ڕوون کردنەوە و گوتی ئەو ئاواتەی کە ئێوە هەتانە، تەنیا زەمانێک پێک دێت و بەردەوام دەبێت کە لەگەڵ تێکۆشانی کوردەکانی عێراق و تورکیاش، بۆ وەدەست‌خستنی ئازادی هاوئاهەنگ بێت. لە دوای ئەو قسانە ئیبراهیمۆف پرسی: کێ بە ئێوەی ئیجازە دا کە حکوومەتی سەربەخۆ دروست بکەن؟ وڵامی وان هەروەک پێشتر گوتبوویان ئەوە بوو کە یرماکۆف لە هەوەڵەوە لە جەریانی کاردا بووە.

ڕووسەکان زۆر لە سەر ئەو مەسەلە پێداگرییان دەکرد کە قازی زەعفی نیشان داوە و خۆی پێ ڕانەگیراوە و زۆر زوو هەموو شتێکی ئاشکرا کردووە و ئەو مەسەلەشیان دێناوە کە «پیاوی نەخۆش پێویستە بە قسەی دوکتور بکات».

حاجی بابەشێخ و چەند کەسی دیکە لە وەفدەکە موافیقی ئەو وتەیە نەبوون. **حاجی بابەشێخ لە ڕێگەی مەنتقییەوە بەڵگەی دێناوە و دەیگوت: «ئێوە خەڵکی ڕووسییە زۆر لە ئێمە پێشکەوتووترن و ئێمەش بە قسەی خۆتانمان کردووە، ڕاگەیاندنی کۆماریش ویستی گەلی کورد بووە، نە ویستی شەخسیی خۆمان؛ ئایا ئێوە دەتانەوێ کە ئێمە لە بەرابەری خەڵکدا ڕاگرن کە پێمان دەڵێن بۆچی ئەو کارەتان کردووە؟ ئایا دەتانەویست کە ئێمە دژی ویستی خەڵکەکەمان باین؟ ئەگەر دەشڵێن کە کورد گەلێکی زەعیف و موحتاجە و پێویستە خۆی بە قودرەتێکی گەورەوە هەڵاوەسێ، جا کە وا بێ بۆچی هەر تێکەڵ بە ئێران نەبینەوە؟»**.

دوای ئەو وتانەی حاجی بابەشێخ، ڕووسەکان داوایان لەو وەفدەی کورد کرد کە ماوەی ٢٤ سەعات سەبر بگرن تا ڕێنوێنی پێویست لە باکۆڕا ڕاگەیەندرێ؛ سەری وەخت وەڵام هاتەوە، ئەویش ئاوا بوو: «کوردەکان دەتوانن حکوومەتی سەربەخۆیان هەبێت».[١]

هەروەک خوێنەران چاویان پێکەوت، پێداگریی حاجی بابەشێخ لە سەر هەمان هەڵوێستی سێ ساڵ لەمەوبەری خۆی لە باکۆ بووە و هەروەک ویلیام ئیگڵتۆن نووسیویە لە ڕێگەی مەنتقییەوە لێدوان لە دۆخەکە بوو بە هۆی ئەوە کە ڕووسەکان بیدەنە دواوە و سەربەخۆیی بۆ حکوومەتی نوێی کوردی بسەلمێنن.

### ٣. هەڵوێستی حاجی بابەشێخ لە سەر بەردەوامی لە شەڕ و هێرشبردنە سەر هێزەکانی دەوڵەتی

ویلیام ئیگڵتۆن جۆینێر لە کتێبی "کۆماری کورد لە ساڵی ١٩٤٦دا" و لە لاپەڕەی ٥٤دا نووسیویە:

«حەوتوویەک لە دوای ئیمزاکردنی پەیماننامەی کورد و ئازەریدا چەند ڕۆژ لە پاش مەسەلەی شەڕی "مامەشا"، کۆنسوولی ڕووس لە ڕەزائییە، هاشم ئۆف، بە پەلە خۆی گەیاندە دێی "سەرا" لە باکووری سەقزەوە، لەوێ چاوی بە قازی محەممەد، مەلا مستەفا، ئەمەر خانی شکاک، میرحاج و مستەفا خۆشناو کەوت. لەو کاتە هەستیارەدا هاشم ئۆف پێی ڕاگەیاندن (هشدار داد) کە ئەگەر ئەوان لە لای خوارووی سەقز دەس لە فشاری

---

١. سەرچاوە: کتێبی "کۆماری کورد لە ساڵی ١٩٤٦"، ویلیام ئیگڵتۆن جۆینێر، ل ٣٣.

خۆیان لە سەر ئەرتەش هەڵنەگرن، زۆر وێدەچێ لەگەڵ بریتانیا تێکهەڵچوونێکیان بۆ بێتە پێش، چونکە لەو ناوچەیە بریتانیا بەرهەم و مەنفەعەتی حەیاتیی نەوتی هەیە لە نزیکی کرماشان. پێویستە ئەوەش وەبیر بێنینەوە کە ئەوکات ڕووس بۆخۆی بە شوێن وەدەسهێنانی ئیمتیازی نەوتەوە بووە و پێی خۆش نەبوو کە ناوچەکە لە ژێر نفووزی ئەودا بێت.

لە دەسپێکردنی هێرشی کوردەکاندا، هاشم ئۆف پێی گوتن کە کوردەکان ناتوانن زۆر لە سەر پشتیوانی لێکردنی ڕووسیە حیساب بکەن. ڕووسیش ناتوانێ بەری هێرشهێنانی ئەرتەشی ئێران لە جبهەیەکی دیکەڕا بۆ سەر کۆمار بگرێت.

ئەو قسانە شوێنی خستە سەر قازی و هاوکارەکانی، بەڵام پێش ئەوەی دەس لە شەڕ بکێشنەوە، لە ئاستی مەقامە بەرزەکانی حکوومەت، وتوویژ و پرسوڕایەک زۆر پێویست بوو. بەو چەشنە قازی گەڕایەوە مەهاباد و سەرۆک عەشیرەتەکان و ئەندامەکانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بانگ کرد.

لە دوای ڕاوێژ لە سەر وتەکانی هاشم ئۆف و ئەو وشیار کردنەوەی کە ئەو کردبوونیەوە، قازی گوتی ئەمن سێ ڕێگەم پێ شک دێ: ١. هێزە کوردەکان بە قسەی ڕووس نەکەن و هێرش بکەنە سەر سەنەندەج؛ ٢. دەتوانین بە قسەی ڕووس بکەین و بگەڕێینەوە؛ ٣. یان دەتوانین تەسلیمی حکوومەتی ناوەندیی ئێران ببینەوە. قازانجی هەڵبژاردنی ڕێگەی دووهەم ئەوەیە کە دڵگەرمی و ئومێدێکی زۆر بە ڕووسەکان دەمێنێتەوە و فەرماندەی هێزی ئەرتەشی ئێران لە جبهە زوو لە تارانێڕا دەستووری بۆ دێت کە ڕێگە بدا بە هێزە کوردییەکان کە شارە مەرزییەکانیان بە دەستەوە بێت.

قازی لە دوای ئەو تەوزیحاتە کە وا وێدەچوو دەس لە شەڕ هەڵگرتنی پێ باشترە، بڕیاری کۆتایی خستە سەر شانی دارودەستەکەی.

**حاجی بابەشێخی سەرۆک وەزیر لە بابەت ئەنجامدانی ئەو هێرشەوە دوا، لە حاڵێکدا کە تەنیا چوار سەرۆک عەشیرەت بە پیاوەکانیانەوە پشتیوانیان لێ دەکرد. ئەو وای بیر دەکردەوە کە دەتوانن بچنە سەنەندەج و گوتی: ئەگەر ڕووسەکان بۆ ئەو کارە ڕەخنەیان لێ گرتن، حکوومەتی کوردستان دەتوانێ بڵێ کە ئەو کارە، سەربەخۆ حاجی بابەشێخ لەگەڵ چەند پیاوی عەشیرەتی کورد کردوویانە و هەتا ئەوکاتیش تەواوی کوردی ئێران دەتوانین بهێنینە نێو کۆمار.**

زۆرینە ڕێگەی میانەڕەویان پێشنیار کرد.[١]

***

هەر لەو بابەتەوە سەیید سەعیدی سەیادەت، نەوەی حاجی بابەشێخ، بە نەقڵ لە باوکیەوە دەڵێ: لە کۆبوونەوەکەی مزگەوتی هەباس‌ئاغادا حاجی بابەشێخ ڕای لە سەر خۆڕاگری و بەردەوام‌بوون لە سەر شەڕەکە بووە. وتووشیەتی من شەڕم بۆ شەڕ نەدەویست؛ من شەڕم بۆ ئاشتی دەویست. واتە بتوانین لە حاڵەتی بەردەوامیی شەڕدا بە وەدەس‌هێنانی سەرکەوتن لە بەرەکانی شەڕ، لە سەر میزی دانوستانەکاندا بە باشی کەڵکی لێ وەرگرین.

لەو بۆچوونەی حاجی بابەشێخ‌دا چەند سەرۆک عەشیرەت بۆ وێنە ئەحمەد خانی فاڕووقی پشتیوانییان لێ کردووە، بەڵام زۆرینە، ڕێگەی خۆپاریزی لە شەڕ و گوێڕایەڵیی ڕووسەکانیان لەو قۆناغەدا هەڵبژارد و گۆڕانکارییەکان بەو شێوەی کە مێژوو نووسیویەتی، چووەتە پێشێ.

**٤. هەڵوێستی حاجی بابەشێخ لە بابەت گرتنەوەی پادگانەکانی بانە و سەردەشت**

لە کتێبی «تاریخچە خانوادە قاضی در ولایت مکری» (کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لە ناوچەی موکری) نووسراوەی خەلیل فەتاح قازی لە لاپەڕەی ١٤٢دا نووسەر لە بیرەوەرییەکی خۆیدا ئاماژە بە دیدارێکی پێشەوا قازی محەممەد و حاجی بابەشێخ دەکا و دەڵێ:

«لە بیرمە بە بۆنەی یەکێک لە جێژنەکان بە مەبەستی پیرۆزبایی گوتن چووبووم بۆ خزمەت جەنابی قازی محەممەد، کە ئاغای حاجی بابەشێخی سەیادەت، سەرۆک‌وەزیرانیش لەوێ بوون.

**حاجی بابەشێخ ڕووی کردە قازی و فەرمووی: جەنابی پێشەوا، ئێستا هێزەکانی دەوڵەتی لە سەقز و سەردەشت و بانە لە گەمارۆی هێزەکانی ئێمەدان، بۆچی هێرشیان نەبەینە سەر و ئەو شارانە لە کونترۆڵی هێزی دەوڵەتی دەرنەهێنین؟ یان لانی کەم ئیزن نەدەین ئەو پادگانانەی لە فشاری گەیشتنی ئازووقەدان پێداویستییەکانیان بۆ بگا.**

---

١. سەرچاوە: کتێبی کۆماری کورد لە ساڵی ١٩٤٥، ویلیام ئیگڵتۆن جۆینێر.

خوالێخۆشبوو قازی لە وڵامدا فەرمووی: جەنابی حاجی بابەشێخ، ئێمە بە زۆری چەک کارمان بۆ ناچێتە پێشێ، سەرەڕای ئەوە کە ئێستا ئێمە لە نێو خۆماندا یەکدەست و هاوئاهەنگ نین، بەڵکوو لە بابەتی پیاوی شەڕکەر و ئەفسەری لێهاتوو و کەسانی پسپۆڕ و پووڵ و پارەوە زۆر دەستکورت و نەدارین.[١]

## ڕەزامەندی پێشەوا لە بابەت ناردنی ئازووقە بۆ پادگانەکانی بانە و سەردەشت

لەو ماوەدا وتوویژێکی زۆر جیددی لە نێوان قازی محەممەد و ژێنڕاڵ ڕەزمئارا لە دێی سەرا کرا، قازی لە لایەن ڕێنیشاندەرە ڕووسەکانەوە لە فشاردا بوو کە پێویستە لەگەڵ لێپرسراوانی ئێراندا زۆر نەرم و هێدی بجووڵێتەوە. قازی ناچار ئاگربەسی سەلماند، هەروەها قوبووڵی کرد کە ڕێگەیەک بۆ گەیاندنی ئازووقە بۆ بانە و سەردەشت بکرێتەوە، هەروەها سێ نوێنەریشی بۆ چاوەدێریی ئەو ئەرکە دەستنیشان کرد: حاجی بابەشێخ و هەژاری شاعیر و حاجی حەمەدئاغای شێخاڵی، ئەو سێ کەسە تا ئاخر لەوێ مانەوە.[٢]

## ڕووداوێکی ناخۆش

ڕووداوێکی ناخۆش کە پەیوەندی بەو سەردەمەوە هەیە و لە زمان سەیید سەعیدی سەیادەت کە ئەویش لە باوکی خۆی، سەیید عەبدولعەزیز سەیادەت، کوڕی گەورەی حاجی بابەشێخ دەگێڕێتەوە کە لەو سەردەمە کە پادگانەکانی بانە و سەردەشت لە گەمارۆی هێزە کوردییەکاندا بوون. مامۆستایەکی ئایینی لە ناوچەی بانەوە نامەیەک بۆ حاجی بابەشێخ دەنووسێ (چەندین گوندی ناوچەی بانە موڵکی حاجی بابەشێخ بوون) کە: جەنابی حاجی بابەشێخ، وەک هەواڵیان پێ داوم و بیستوومە، لەم شەوانەدا لە گوندی ... لە کۆبوونەوەیەکی ئاغا و دەرەبەگەکانی ناوچەکەدا پلانی دەستدرێژی بۆ سەر ژن و منداڵی دەرەجەدار و سەرتیپ و ستوانەکانی پادگانی بانەیان داڕشتووە و کار گەیشتۆتە جێگایەک کە لە سەر ژنی فڵانە دەرەجەداری ئەرتەش لەوانە بووە دەست بدەنە دەمانچە. ئەگەر فریا

---

١. خانواده قاضی در ولایت مکری، ل ١٤٣.

٢. کۆماری کورد لە ساڵی ١٩٤٦، ویلیام ئیگڵتۆن جۆیز.

نەکەون، لەوانەیە شەرمەزاریی گەورە بێتە پێشێ.

حاجی بابەشێخ کە ئەوە دەبیستێ، لەگەڵ ئەوەی زۆر نارەحەت دەبێ، بە خێرایی پێشەوا ئاگادار دەکا و ئیتر ڕەنگبێ هەڵوێستی حاجی بابەشێخیش لێرە دا هاتبێتە سەر هەڵوێستی پێشەوا بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ دەوڵەت و شکاندنی ئابلۆقەی پادگانەکانی بانە و سەردەشت. هەرچەند بە داخەوە دوایە ئەو ڕووداوە لە لایەن هێندێک مرۆڤی هەلپەرەستی بێ پرێنسیپەوە هەر ڕووی داوە، تاوانبارەکانیش دوایە تاوانی کارەکەی خۆیان داوەتەوە کە لێرەدا ئیتر هەر بەوەندە بەسەندە دەکەم.[1]

## بیرەوەرییەکی سەعید خانی هومایوون لە سەر هەڵوێستێکی حاجی بابەشێخ

سەعیدخانی هومایوون، خوارزای پێشەوا قازی محەممەد، یەکێک لە کاربەدەستانی گەنجی ئەو کۆمارە بووە، لە کتێبێکدا بە ناوی «پیشوای بیداری» بە زمانی فارسی بیرەوەرییەکانی خۆی لەو سەردەمەدا نووسیوە؛ لە بیرەوەرییەکی خۆیدا دەڵێ لەگەڵ پێشەوا قازی محەممەد و حاجی بابەشێخ و چەند کەسی دیکە و دوو ماشێن پێشمەرگەی کوردستان، سەفەرێک بۆ باکووری کوردستان واتە شارەکانی ورمێ و سەڵماس و خۆی و ماکۆ و چەند گوندێکی ئەو ناوچانە دەکەن؛ زۆر بە باشی وردەکارییەکانی ئەو سەفەرە مێژووییەی هێناوەتە سەر کاغەز کە دە ڕۆژی خایاندووە و لێرەدا جێی نییە ئەو وردەکارییانە بنووسینەوە، بەڵام لە بەشێکیدا دەنووسێ:

«منی نووسەری ئەو دێڕانە شانازیی ئەوەم بوو لەو سەفەرەدا لەگەڵ ئەو ماشێنە کە پێشەوا قازی محەممەد و جەنابی حاجی بابەشێخ تێدا بوون سوار بم، لە ماشێنەکەدا بە پێی هەستی گەنجی و لاویەتی خۆم، گوستاخیم کرد و ڕوو بە قازی کوتم: حەزرەتی پێشەوا! نیسبەت بە هەموو عەشایەر و خەڵکی، دڵسۆزی و دلۆڤانی خۆتان نیشان دا و سپاستان لێ کردن، بەڵام فەیزوڵڵابەگیتان لە بیر کرد، لە حالێکدا هەموو لە خزمانی نزیکی جەنابیشتن.

پێشەوا بە هەمان دڵسۆزی و خۆشڕەفتاریی هەمیشەیی خۆی بە منی فەرموو: کوڕم، نارەحەت بووی؟

---

١. سەرچاوە: سەیید سەعیدی سەیادەت بە نەقڵ لە باوکی، سەیید عەبدولعەزیزی سەیادەت.

دوایە ئەم چەند بەیتە شێعرەی لە شاعیرێکی فارسەوە خوێندەوە:

دلا یاران سه قسم‌اند ار بدانی زبانی‌اند و نانی‌اند و جانی
به نانی، نان بده وز در برانش نوازش کن به یاران زبانی
ولیکن یار جانی را نگه‌دار به جانش جان بده ور می‌توانی

حاجی بابەشێخ فەرمووی: «**جەنابی پێشەوا! حەقیەتی [سەعیدخان]؛ ئەو سەرۆک هۆزانەی ئەورۆ پەیمانیان تازە کردەوە زۆریان ڕاست و پاک نین، ئەگەر تەنیا من بڕیاردەر بوومایە، هەر خۆم دادگاییم دەکردن و سزام دەگەیاندن**».[١]

## هەڵوێست و بۆچوونی حاجی بابەشێخ لە سەردەمی هەرەس‌هێنانی کۆمار

سەرجەم ئەو ڕاستیيانەی لە دەقە مێژووييەکان دەست دەکەوێ ئەوەیە کە حاجی بابەشێخ لە جەمسەری لایەنێک لە سەرکردایەتیی کۆماری کوردستان بووە کە ڕایان لە سەر بەرگری و هێرش‌بردنە سەر هێزەکانی ئەرتەش و لە ئەنجامدا بەرین‌کردنەوەی دەستەڵاتی حکوومەتی میللیی کوردستان بووە. ئەوان پێیان وا بووە گەمارۆی پادگانەکانی بانە و سەردەشت هەل‌ومەرجێکی لەباری ڕەخساندووە بۆ دەست بە سەردا گرتنیان و وەدەست‌خستنی چەک و تەقەمەنیی زۆر و کەڵک‌وەرگرتن لەو دەسکەوتانە بۆ ئەستاندنەوەی بەشەکانی دیکەی خاکی کوردستان لە هێزەکانی ئەرتەش لە ناوچەی سنە.

حاجی بابەشێخ لە سەر ئەو ستراتژییەی خۆی هێندە سوور بووە کاتێک ناتوانێ دەنگی زۆرینەی کاربەدەستانی کۆمار بۆ ئەو مەبەستەی خۆی وەدەست بێنێ ـ هەروەک ویلیام ئیگڵتۆن جۆینێر نووسیویە ـ «حاجی بابەشێخ دەڵێ من بە پشتیوانیی چەند سەرۆک هۆز ئەو کارە دەکەم و بەرەو سنە هێز دەجووڵێنمەوە؛ ئەگەر ڕووسەکان ڕەخنەیان لێ گرتن، بڵێن حاجی بابەشێخ سەربەخۆ ئەو کارەی کردووە.»

یەکێکی دی لەو بەڵگانەی کە مسۆگەری ئەو بۆچوونەی حاجی بابەشێخن ئەوەیە کە لە ڕۆژەکانی کۆتایی تەمەنی کۆماردا واتە چەند ڕۆژێک پێش هاتنەوەی ئەرتەش بۆ مەهاباد، بە پێداگریی حاجی بابەشێخ بڕیاری بەرگری لە بەرابەر هێرشی ئەرتەشدا ڕادەگەیێندرێ و

١. کتێبی «پێشوای بیداری»، سەعید خانی هومایوون.

کومیتەیەک بۆ ئەو مەبەستە پێک دێ و حاجی بابەشێخ کە کەسایەتییەکی سیاسیش بووە، نەک نیزامی، بە جێگەی ڕەئیسی ستادی ئەرتەشی کۆمار یا وەزیری جەنگی کۆمار خۆی بەرپرسایەتیی ئەو کومیتەیە وەئەستۆ دەگرێ.

لەو بابەتەوە مامۆستا هێمن نووسیویە: «کوتوپڕ تەورێز گیراوە و کوردستانیش لە هەموو لاوە گەمارۆ درا. پاش ئەوەی سەدری قازی نازانم بۆچی بەرەو تاران گەڕاوە، ڕابەرانی حکوومەتی میللیی کوردستان لە ماڵی پێشەوا کۆ بوونەوە و ئەو شەوە ڕۆحیەی هەموو کەس دەتوانم بڵێم باش بوو. شۆڕای جەنگ بە سەرۆکایەتیی حاجی بابەشێخ پێک هات و سووڕەتجەلەسەی یەکەم ئیمزا کرا و بڕیاری بەربەرەکانی درا. بەڵام هێشتا مەڕەکەبی بڕیارنامەکە وشک نەببووەوە کە خەبەر هات یەکێک لە ئەندامانی ئەو شۆڕایە ڕایکردووە. بۆ بەیانی، وەزع گۆڕا و بڕیاری بەربەرەکانی هەڵوەشایەوە و بە پێشمەرگە دەستوور درا بێ دەستکردنەوە پاشەکشە بکەن و ڕێگا بۆ ئەرتەش بەتاڵ کەن، خەڵک دەستێکی کەوتە ئەولای و یەکێکی کەوتە ئەملای»[١].

دۆخی ئەو ڕۆژگارە لە کتێبی "جەمهووریەتی کوردستان" نووسراوەی مێژوونووسی کورد عیززەتی مەلا مەحموددا ئاوا نیشان دراوە:

«بارودۆخەکە بەو جۆرە ئاڵۆزابوو، ڕووخاندن لە ئارادا بوو، بێهیوایی، ترسی گەڕانەوەی ئەرتەش و ترسی کوشتن و بڕین، هەڕەشەی عەشایر و تاڵان و تۆڵە سەندنەوەیان، ڕووداوەکانی تەورێز و دەوروبەری، کەش و هەوایەکی سامناکی لە بەردەم خەڵک و بەرپرسانی حکوومەتی میللیی کوردستان پێک هێنابوو.

ئەو تیرە و هۆزانەی هەر لەگەڵ ڕێژیمدا بوون کەوتنە جموجۆڵ و هەڕەشە، هێندێکی تر کەوتنە هاوکاریی ئەرتەش و ئامادە بوون بۆ هێرش بردنە سەر کۆمار.

سەرلەشکر هومایوونی هێزێکی لە عەشایر کە بەشێکیان هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ تاران بوون، ئامادە و پڕ چەک کرد. بەو جۆرە شڵەژاوی، ئاژاوە، بڕوا بە خۆ نەمان و هەوڵی خۆ ڕزگار کردن لە هەموو لایەک دەست پێکرا».

**سەیید مستەفای سەیادەت گێڕایەوە: ڕۆژانی کۆتایی کۆمار بوو. بابم (حاجی بابەشێخ) منی نارده**

١. هێمن موکریانی: تاریک و ڕوون؛ پێشەکی (لە کوێوە بۆ کوێ)؛

**خزمەت پێشەوا کە عەرزی بکەم دستوور بدا چەند کەسێک دەستنیشان کا بۆ ئاگاداری کردن لە ئەنباری چەک و تەقەمەنییەکان، چونکە دوایە ئێمە بەرپرسین، دەبێ ئیزن نەدەین خەڵک بیانبەن و بڵاو بنەوە.**

**کە چووم، پێشەوا لە دەفتەری مەحکەمە (شوێنی کاری پێشەوا لە مەهاباد) بە تەنیا دانیشتبوو، دەرفکر و خەمۆک؛ ڕاسپاردەکەی باوکمم پێ ڕاگەیاند؛ کوتی: بابەلێ، بابەلێ عەرزی حاجی بابەشێخ بکە بۆخۆی کێی پێ باشە بۆی دەستنیشان کا و چۆنی پێ مەسڵەحەتە وا بکا.**

**ئیتر حاجی بابەشێخ بە خێرایی چەند کەسێکی بۆ ئاگاداری و پاسەوانی چەک و تەقەمەنییەکان دەستنیشان کرد.**

حاڵ و هەوای ئاوا ڕۆژگارێک کە پشتیوان و هاندەرە سەرەکییەکەت (یەکیەتی سۆڤیەت) پشتت چۆڵ کا و کەسانی بە ڕواڵەت دۆستیشت لە بەر بەرژەوەندی خۆیان، لایەنی تۆیان بەردابێ (بەشێک لە سەرۆک هۆزەکان)، هێندێکیشیان بۆت ئاشکرا بووبێ کە لەگەڵ دوژمن پەیوندی نهێنییان بوو (بەشێکی تر لە سەرۆک هۆزەکان)، تاقمێکیش بۆ خۆڕزگار کردن لە مەترسی گیانی، لە ڕووی ناچارییەوە زوو بۆی دەرباز بن بەرەو دووروڵات (بەشێک لە شاعیران و ڕۆشنبیران)، بۆ سەرکردە سەرەکییەکانی کۆمار وەک پێشەوا قازی محەممەد و حاجی بابەشێخ و حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی هاتبووە پێشێ؛ کە تێپەڕاندنی ئەو ڕۆژگارە بە هیچ جۆر ئاسان نەبووە. لەو سەردەمەدا هەروەک دەقە مێژووییەکان نیشان دەدەن، ئەو سێ کەسە بە هیچ جۆر خۆیان نەدۆڕاندووە. نە تەنیا هەڵنەهاتوون، بەڵکوو هەموو بەرپرسیاریەتییەکان و دەرئەنجامەکانیان بە ئەستۆ گرتووە. لە وتووێژەکانیان لەگەڵ سەرلەشکرەکانی ئەڕتەش (بەتایبەت هومایوونی)دا، بێورەییان نیشان نەداوە و بە گژیدا چوونەوە.

حاجی بابەشێخ ڕای لە سەر خۆ بە دەستەوەدان نەبوو، بەڵام بۆ ڕێزگرتن لە ڕای پێشەوا قازی محەممەد و زۆرینەی کاربەدەستانی کۆمار، هەنگاو بە هەنگاو لە کاتی دارِمانی کۆماردا وێڕای پێشەوا لە کونترۆڵ و چاوەدێریی بارودۆخەکەدا هاوبەش بوو تا ئەو کاتەی دەسگیر کرا.

**نووسراوەی مامۆستا هێمن لە بابەت حاجی بابەشێخەوە**

مامۆستا هێمن لە پێشەکی کتێبی تاریک و ڕووندا لە بابەت حاجی بابەشێخەوە نووسیویەتی:

«لێرەدا کە باسی حاجی بابەشێخ هاتۆتە گۆڕێ، دەمەوێ شتێکی مێژوویی ڕوون کەمەوە. لە نووسراوەکانی چەند پیاوی بێخەبەردا دیومە و لە خەڵکی ساکاریشم بیستووە تاوانی خەیانەت وەپاڵ حاجی بابەشێخ دەدەن. من حاجی بابەشێخم خۆش نەدەویست چونکە لەگەڵ ئەوەشدا کە دەیانگوت لە ڕیازیاتی کۆن و عولوومی دینیدا شارەزایە، کەللەڕەق و خۆبەزلزان و ... بوو، بەڵام زۆر ڕاست و پاک و ئازا و بەبیر و بڕوا بوو. دوور نییە فریوی خواردبێ و بە هەڵە چووبێ. بەڵام لە ڕێگای ڕاست لای نەداوە. بڵاوە پێدانی گەمارۆی دەوری سەقز و سەردەشت و خوڕخوڕە کە تاوانەکەی دەخەنە سەر حاجی بابەشێخ، پەیوەندی بە مەسەلەیەکی قووڵ و نهێنی و سیاسییەوە هەیە، کە لێرەدا جێگای باسکردنی نییە و با جارێ دەرخۆنەی لە سەر دابنێین.»

**ڕوونکردنەوەیەک لە بابەت نووسراوەکەی مامۆستا هێمن**

١. لە بابەت ئیزنی ناردنی پێداویستی و ئازووقە بۆ پادگانی بانە، دەبێ بڵێین ئەو کارە بە سازشتی شاندی کوردی بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ لایەنی حکوومەتی تاران بە سەرۆکایەتیی ژێنراڵ ڕەزمئارا و لە ژێر گوشار و پێداگریی ڕووسەکاندا ئەنجام دراوە کە هەموو سەرچاوەکانی مێژووی کۆماری کوردستان ئەوەیان پشتڕاست کردۆتەوە.

٢. هەروەک چەند لاپەڕە پێشتر بە ڕوونی هەڵوێستی حاجی بابەشێخ لەو بابەتەوە نووسراوە، ناوبراو نە تەنیا بە توندی دژ بە ناردنی ئازووقە و پێداویستی بۆ پادگانی بانە بووە، بەڵکوو هەروەک مامۆستا خەلیل فەتاحی قازی و ویلیام ئیگڵتۆن نووسیویانە، هەڵوێستی حاجی بابەشێخ هێرش بردنە سەر پادگانەکانی بانە و سەردەشت و بە دوای ئەودا گرتنەوەی شاری سنەش بووە.

٣. ڕەنگبێ ئەو ڕووداوە ناخۆشەی کە ئاماژەی پێ کرا، لە سەر هەڵوێستی حاجی بابەشێخ و پێشەوا قازی محەممەد و ڕەزایەتمەندیی ئەوان بۆ ئیزنی ناردنی پێداویستی

کاریگەری بووبێ.

٤. وا وێدەچێ بە هۆی ئەوە کە بۆ ئەو ئەرکە گرینگە حاجی بابەشێخ و مامۆستا هەژار و حاجی حەمەدئاغا شێخاڵی (باوکی مامۆستا هێدی) دەستنیشان کرابوون (هەڵبەت چونکە دەستەڵاتی مەعنەوی و ناسیاویی حاجی بابەشێخ لە ناوچەی بانە کە چەندین گوندی بانە بە مڵکایەتی هی حاجی بابەشێخ بوون، بۆ هەڵبژاردنی ناوبراو بۆ ئەو ئەرکە کاریگەر بوویێتن) و ئەوان لەگەڵ ڕەزمئارا بە یەکەوە چاوەدێریی ئەو کارەیان کردووە، ئیدی لە چاوی خەڵکی ساکار و بێخەبەردا وا دیتراوە کە حاجی بابەشێخ سەربەخۆ ئەو ئیزنەی داوە.

٥. دوای هەمووی ئەوانە، لە بابەت ئەوەوە کە مامۆستا هێمنی ڕەحمەتی لەگەڵ ئەوەی کە حاجی بابەشێخی خۆش نەویستووە (!!)؛ بەڵام بەو حاڵەش جێی ڕێز و سپاسە کە ڕاستییەکانی لە بابەت حاجی بابەشێخەوە دانەپۆشیوە و ئەوی بە کەسایەتییەکی ڕاست و پاک و ئازا و بەبیر و بڕوا ناو بردووە.

## ڕووداوەکانی دوایین ڕۆژانی کۆماری کوردستان

ڕۆژی ١٣٢٥/٩/٢٧ سەرلەشکر هومایوونی فەرماندەی هێزی دەوڵەتی لە سەقزەوە بەرەو بۆکان و مەهاباد دەستی بە پێشڕەوی کرد. قازی محەممەد و حاجی بابەشێخ بە مەبەستی پێشگیری لە ڕووداوی نەخوازراو و کوشت و کوشتاری خەڵک ـ وەک ئازەربایجان ـ بۆ چاوپێکەوتنێکی سەرلەشکر هومایوونی بەرەو میاندواو ڕۆیشتن، لەوێ دوای دیدارێکی کورت بڕیاریان هێنا سەر ئەوەی کە لە گوندی حەمامیانی نزیک بۆکان دانیشتنێکیان بێ؛ هەر بۆیە بەرەو حەمامیان ماڵی مەحموود ئاغای ئێلخانیزادە ڕێ کەوتن و لەوێ لەگەڵ سەرلەشکر دوای گفتوگۆیەکی زۆر لە سەر چەندین خاڵ پێک هاتن:

یەکەم: هێزەکانی ئەرتەش بە دوای ڕۆیشتنە دەرێی هێزەکانی بارزانی، داخڵی نێو شاری مەهاباد بن.

دووهەم: پێش هاتنی ئەرتەش، هێچ هێزێکی سوارە و چەکداری عەشایر ئیزنی چوونی نێو شاریان نەبێ.

لەو دانیشتنەدا قازی محەممەد و حاجی بابەشێخ بەڵێنیان لە هومایوونی وەرگرت کە

پێش بە چوونی هێزی عەشایر بۆ مەهاباد بگیرێ، دەنا لە هەر جۆرە ڕووداوی نەخوازراودا بەرپرس دەبێ.

ئیتر قازی محەممەد و حاجی بابەشێخ گەڕانەوە بۆ مەهاباد.[١]

## بیرەوەرییەک کە پەیوەندی بە دانیشتنەکەی حەمامیانەوە هەیە

کاک هەباسی ئێلخانیزادە، نەوەی مەحموود ئاغای حەمامیان کە ئێستا لە ژیاندایە، بیرەوەرییەکی لەو کۆبوونەوەیە بوو کە جێی خۆیەتی لێرەدا بنووسرێ:

لەو کاتەدا کە پێشەوا قازی محەممەد و حاجی بابەشێخ و سەرتیپ هومایوونی سەرگەرمی وتوویژ و گفتوگۆ بوون، ڕادیۆ هەڵکرا و ئیزگای ڕادیۆی تاران هەواڵی ڕووداوەکانی مەهابادی بڵاو کردەوە و کوتی: «ئەوڕۆ سەرانی حکوومەتی پووشاڵی کوردستان، بەبێ مەرج، خۆیان ڕادەستی ئەڕتەشی شاهەنشاهیی ئێران کرد و ...» کە ڕادیۆکە کووژاوە، حاجی بابەشێخ ڕووی کردە سەرتیپ هومایوونی و کوتی: «**جەنابی هومایوونی ئەوە چ هەواڵێکە ناردووتانە؟ ئێمە هاتووین کە هەلومەرجێک بڕەخسێنین تا هێزەکانی ئەڕتەش بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئێمە و بەبێ شەڕ و تێکهەڵچوونی خوێناوی داخڵی نێو شاری مەهاباد بن و پاراستنی گیان و ماڵی خەڵکی مەهاباد مەبەستی ئێمەیە، ئێستاش کە لەگەڵ ئێوە دانیشتووین حەڤدە هەزار پێشمەرگەی ئامادە و گیانلەسەردەستمان هەیە کە ئەگەر لێ ببڕین دەتوانین هێزەکانی ئەڕتەش تا نزیک کەشەور و نەججاڕ[٢] پاشەکشە پێ بدەین. هەم پێشمەرگەکانی خۆمان و هەم سەربازانی ئێوە بە موسوڵمان دەزانین و ئەو براکوژییەمان پێ دروست و شەرعی نییە. ئێمە مەبەستمان ئەوەیە کە خەڵکی بێتاوانی مەهاباد و دەوروبەر نەکەونە بەر هەڕەشە و هێرشی هێندێک سەرۆک هۆز کە بەتەمان چەکدارەکانیان لە نەبوونی هێزدا بنێرن بۆ مەهاباد و پشێوی و ئاڵۆزی پێک بێنن**».

بە دوای وتەکانی حاجی بابەشێخ سەرتیپ هومایوونی داوای لێبوردنی لە پێشەوا و حاجی بابەشێخ کرد و هەواڵێکی دی کە بە شێوازێکی زۆر بەڕێز و حورمەتەوە نووسرابوو ئاراستەی تارانی کرد و ڕۆژی دواتر خوێندراوە.

---

١. سەرچاوە: کتێبی "پێشەوای بێداری"، نووسراوەی سەعید خانی هومایوون.

٢. دوو گوندی نێوانمیاندواو و سایینقەڵان.

## بەرپەرچدانەوەی توندی وتەکانی سەرتیپ هومایوونی لە لایەن حاجی بابەشێخەوە و دەسگیر کردنی سەرانی حکوومەتی میللی کوردستان

شەوی دووی بەفرانباری ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی (١٩٤٦ی زایینی) سەرتیپ هومایوونی بە بیانووی پشکنین و دیتنەوەی ئەو چەک و تەقەمەنیانەی لە دەستی هێزەکانی پێشمەرگەی حکوومەتی میللیی کوردستاندا بوون، لەگەڵ سەرهەنگ فیووزی[1] و سەرهەنگ ئایرەم، زۆربەی ئەندامانی بەرپرسی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات، بۆ وێنە پێشەوا قازی محەممەد، حاجی بابەشێخ، محەممەدحوسێن خانی سەیفی قازی و چەند کەسێکی دی لە بەرپرسانی کومیتەی ناوەندی لە شوێنێک کە دواتر بوو بە بانکی میللی، کۆ کردەوە.

سەرەتا سەرتیپ هومایوونی ناو و ناوی بنەماڵەیی و بەرپرسیاریەتیی هەرکەس لە بەشداربووانی ئەم دانیشتنەی پرسی؛ ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە پێشتر هەموو زانیارییەکانی لە لایەن ئاغای «م» کە معاونی ستادی هێزی کوردستان بوو، درابوویە.

سەرتیپ هومایوونی بە دوای هێندێک پرس‌وجۆ و ڕاپۆرتی ئاغای «م» ڕای وا بوو کە بە دەستووری محەممەدحوسەین خانی سەیفی قازی (وەزیری جەنگ)، دەفتەری چەک و تەقەمەنییەکانی کۆمار سووتێندراوە. محەممەدحوسەین خانیش وتەکانی ئەو کەسانەی کە ئەویان بە سەرپەرستی ئەو کارە دەزانی، ڕەد دەکردەوە و وەئەستۆی خۆی نەدەگرت؛ کە ئەوە بوو بە هۆی تووڕەیی و گرژی و توندی هومایوونی و بەکارهێنانی وشەی ناشیرین و ناشایست بە جەنابی سەیفی قازی و وتی: تەواوی ئەو گەندەکارییانە لە بن سەری تۆدان و ئامار و ڕێژەی چەکەکانت لە بەین بردووە و ...

بە دوای وتەکانی دوور لە ئەدەب و ناشیرینی سەرتیپ هومایوونی، پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ ئەوەی بە توندی بەرپەرچی هومایوونی داوە، هەموو بەرپرسیایەتییەکانی وەئەستۆی خۆی گرت، بۆ چەند خولەکێک بێدەنگی و کش‌وماتییەکی سامناک بە سەر شوێنی دانیشتنەکەدا کشا؛ ئینجا حاجی بابەشێخ کە لە ساداتی پایە بەرزی کوردستان و سەرۆک وەزیرانی ئەو حکوومەتە بوو لە شوێنی خۆی هەڵدەستێ و بە دەنگی بەرز لە سەرەتاوە بەو تەک‌بەیتەی فێردەوسی وتەکانی خۆی دەس پێدەکا و دەڵێ:

---

١. سرهنگ فیوضی.

**«بزرگش نخوانند اهل خرد**
**که نام بزرگان به زشتی برد**

**کَلامٌ واحِدٌ[1] ....»**

**هەر خۆی وەریدەگێڕێتەوە و دەڵێ: «قسە هەر یەکە و ئەویش ئەوەیە کە جەنابی سەرلەشکر هومایوونی ئەگەر لە ئاکامی شەڕی دووهەمی جیهانی و نەمانی دەستەڵاتی حکوومەتی ناوەندیی تاران لەم ناوچەیەدا کارهایەک کراوە، لە ڕووی ناچاری و بەرژەوەندی وڵاتی ئێران و خەڵکی ناوچەکەدا بووە. جێی خۆیەتی کە کار بەدەستانی دەوڵەت دڵنەوایی و دڵخۆشیدانەوەی خەڵک بگرنە پێش، نەک ئەوەی کە هەمیسان ناحەقی و قسەی زۆر بێتە باو. تا کاتێک کاربەدەستانێک وەک تۆ هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵکدا گۆڕانی بە سەردا نەیە، هەمیشە چاوەڕوان بن کە ئەو ڕووداوانە دووپات بینەوە.»**

بە دوای وتەکانی حاجی بابەشێخدا سەرتیپ هومایوونی لە شوێنی خۆی هەڵدەستێ و دەڵێ: تا کاتێک دۆخ و چارەنووسی ئەو چەک و تەقەمەنیانە ڕوون نەبێتەوە، ئیزنی چوونە دەرێ بۆ کەس لەو شوێنەدا نییە؛ خێرا چەند سەربازێک لە بەردەرکی ژوورەکە دادەنێ. دوای ماوەیەکی کورت حاجی بابەشێخ بە هۆی تەمەنی زۆر و کەسایەتیی ئایینی و نەخۆشی، ئەو شەوە ئیزنی دەدرێ کە بچێتەوە ماڵی خۆی، بەڵام دوای چەند ڕۆژ ئەویش دەسگیر و ڕەوانەی زیندان دەکرێ.[2]

---

۱. تەکیەکەلامی هەمیشەیی حاجی بابەشێخ بووە.

۲. سەرچاوە: کتێبی "خانواده قاضی در ولایت مکری"، نووسراوەی خەلیل فەتاحی قازی.

## فەسڵی شازدەهەم:
## سەردەمی زیندان

«دوای دارِمانی کۆمار، حاجی بابەشێخ وێڕای دەیان کەس لە کاربەدەستانی کۆمار ڕەوانەی زیندان کرا؛ ئەو ڕاستییە بەرپەرچی قسەی ئەوانەیە کە چەند ساڵ لەمەوبەر کوتبوویان بۆچی حاجی بابەشێخ نەگیرا؟

حاجی بابەشێخ نزیک ساڵێک لە مەهاباد و تەورێز لە زینداندا بوو، ئەویش زیندانیی پیاوێکی ئا وا بەساڵاچوو جێگای ڕێز. نەتەوەیەک بە پیاوماقووڵانی ڕێزداری سووکایەتی بکرێ، ئەویش کەسایەتییەک کە بارتەقایەکی دینیشی بە سەرەوە بێ، دیارە زۆر هەستی دەڕووشێ. گەلی کورد لەو سەردەمەدا وای بە سەر هات، حاجی بابەشێخیش بەوەی زانیوە کە ناخی دڵی خەڵک پاش لەداردانی ئەو هەموو گەورەپیاوە و بەندکردنی هێندێکی دی، چەندە هەژاوە؛ بۆیە لە سەرەتای بەرگی «بازجوییەکانی»دا هەموو کوردستان بە کەربەلای حوسێنی دادەنێ و عازیەتباریی خەڵک بە ڕۆژی عاشوورا دەشوبهێنێ.»[1]

بیرەوەرییەکانی حاجی سەیید مستەفا سەیادەت و سەیید سەعیدی سەیادەت، لە بنەماڵەی حاجی بابەشێخ، لە بابەت سەردەمی زیندانی حاجی بابەشێخ بەم شێوەیە کە دەیخەمە بەر دەست و چاوی خوێنەرانی ئەم کتێبە:

---

١. ئەم چەند دێڕە نووسراوەی کاک ناسر عەلییارە.

**بیرەوەری یەکەم**

لە زیندانی لەشکری مەهاباد بووم، لە ماڵی خۆمانەوە خۆراکی بۆ دەچوو. جارێکیان لاوێکی ئازا و بەدەست و بازووی ئەو سەردەم، بە ناوی محەممەدساڵحی خەیات (حاجی حەمەساڵە خەڵکی تورجان) ڕایسپارد عەرزی حاجی بابەشێخ بکەن من دەتوانم حاجی بابەشێخ لە زیندان دەرباز کەم و تا عێراقی ڕاپەڕێنم. بە حاجی بابەشێخمان ڕاگەیاند، فەرمووی: ئەی هەزار ئافەرین! دەزانم زۆر ئازا و بەتوانایە، بەڵام حاجی بابەشێخ ئەو کەسە نییە لە زیندان هەڵێ.

**بیرەوەری دووهەم**

گۆیا نامەی داواکاری لە سێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێکانی، کە لە لایەن هێندێک بێگانەپەرست و نەیاری کوردەوە نووسرابوو، لە زینداندا دەیبەن بۆ حاجی بابەشێخ کە ئەویش وێڕای ئەو هەموو کەسایەتی و سەرۆک عەشیرەتەی کە ئیمزایان کردبوو، ئیمزای بکا. بە دیتنی نامەکە، زۆر تووڕە دەبێ و دەڵێ ئەوەی ئەو نامەیەی نووسیوە و ئیمزای کردووە، زۆر نائینسان و خائینە؛ من لە زیندانیشدا قازی هەر بە پێشەوای خۆم دەزانم.

**بیرەوەری سێهەم**

کاتێک دەیانهەوێ زیندانییەکان جگە لە قازییەکان لە مەهابادەوە بەرەو تەورێز ڕاگوێزن، هەموویان لە ماشێن داوێن و ئامادەی ڕۆیشتن دەبن؛ بەڵام حاجی بابەشێخ یەک کەلام پێداگری دەکا و دەڵێ تا نەمبەنە دیداری پێشەوا و خوداحافیزی و گەردنئازایی لێ نەکەم، ناڕۆم؛ هەربۆیە ناچار دەیبەن و دوایین دیداریان لەگەڵ قازی بەڕێوەدەچێ.

لەو کاتەدا ڕووداوێکی دیش ڕوو دەدا، لە ماشێنەکەدا کە زیندانییەکانی تێدایە و بەرەو تەورێز بڕیار وایە بچێ، یەکێک لە زیندانییەکان بە حاجی بابەشێخ ڕادەگەیێنێ کە قوربان بێخەبەر مەبە، وا دیارە درۆمان لەگەڵ دەکەن، بۆ تەورێزمان نابەن، چونکە ماشینەکە ڕێگەی ورمێی گرتۆتە بەر.

زیندانییەکان هێندێک بە دڵنیگەرانی و هێندێک بە جەفەنگ بە یەک دەڵێن: ڕەنگە

بمانبەن لە بەحری خوێمان هاوێن.

خوالێخۆشبوو ڕەسووڵی کوردپوور، پیاوی قسەخۆشی وڵات (ئەفسەری شارەوانی کۆمار)، کە لەگەڵ دەبێ، دەیگێڕاوە: هاوڕێکانم پێیان دەگوتم ئەتۆ قەڵەوی، بەشی خوێی دوو دێ دەکەی؛ حاجی بابەشێخ کە بەو شتە دەزانێ، بە ئەفسەرەکە دەڵێ: ئەگەر ئێوە پلانی لەناوبردنی ئێمەتان بوو، زووتر پێتان کوتبایەین کە لانی کەم فریای وەسیەتنامە نووسینێک کەوتبایەین.

ئەفسەرەکە حاجی بابەشێخ و زیندانییەکانی دی دڵنیا دەکاتەوە کە پلانێکی وا لە ئارادا نییە و هەڵەیەک ڕووی داوە و ئیتر ماشێنەکە ڕێگەی تەورێز دەگرێتە بەر.

## بیرەوەری چوارەم

کاتێک کە هومایوونی، نوێنەری شا و فەرماندەی لەشکری غەربی ئێران، سەردانی زیندان دەکا؛ بە زیندانییەکان دەڵێن هومایوونی کە هات، داخوازیی بەخشین و لێبوردنی خۆتانی لێ بکەن، دەرفەتێکی باشە بەڵکوو بتانبەخشێ.

حاجی بابەشێخ نە تەنیا ئەو کارە ناکا، بۆ ئەوەی لەگەڵ هومایوونی ڕووبەڕوو نەبێت، تا ئەو کاتەی ئەو لە زیندان دەبێ، خۆی بە نوێژەوە سەرگەرم دەکا و حازر نابێ چاوی پێی بکەوێ.

## بیرەوەری پێنجەم

حاجی بابەشێخ گێڕایەوە لە زینداندا یەکێک لەو کەسانەی کە ئەندامی فیرقەی دێموکڕاتی ئازەربایجان بوو، لاوێکی تەمەن نزیک سی ساڵەی ڕۆشنبیر و زانا بوو. هەموو ڕۆژ دەهات دەرسی مەنتقی لای من دەخوێند.

ڕۆژێکیان کوتی: حەزرەتی شێخ! ئەوە دەرسی کۆتاییە لە خزمەتتاندا دەیخوێنم.

پرسیم: یانی چی؟

کوتی: حوکمی لەسێدارەدانم بۆ هاتووە و ئیتر خواحافیزیت لێ دەکەم.

حاجی بابەشێخ گێڕایەوە: ئەو ڕووداوە زۆری کاریگەریی ناخۆش لە زینداندا لە سەر من

بوو، ئەو لاوەشم لە هەموو کەس ئازاتر دی.

***

زیندانیی حاجی بابەشێخ یازدە مانگی خایاندووە و لە ئاخریدا بڕێکیش لەو ماوەیە هەر لە تەورێز لە ژێر چاوەدێریدا دەبێ لە دەرەوەی زیندان. لە ساڵی ١٣٢٦ ئازاد دەکرێ و دێتەوە گوندی تورجان. لە نامەیەکی پڕ ڕەمز و پێچ کە مەلا حوسێنی مەجدی دوای هاتنە دەرێی حاجی بابەشێخ لە زیندان بۆی نووسیوە، دەردەکەوێ هاتنە دەرەوەی لە زیندان بۆ بەشێک لە دۆستانی و زۆربەی خەڵک هۆی شادمانی و خۆشی بووە.

حاجی بابەشێخ هەتا ئاخری تەمەنی لە گوندی تورجان هەر دەستبەسەر بووە و پێیان ڕاگەیاندووە کە بەبێ ئیزنی حکوومەت بۆ سەفەر نەچێ.

**بۆچی حاجی بابەشێخ سزای توندتری بە سەردا نەسەپاوە؟**

بە چەندین هۆکار؛

**یەکەم:** سەیید عەبدولعەزیزی کوڕە گەورەی حاجی بابەشێخ هەوڵی نامەنووسین دەدا و هانا[١] دەباتە بەر دوو شێخی گەورەی تەریقەتی قادری و نەقشی لە کوردستانی ئەودیو، واتە شێخ مەحموودی حەفید، دۆستی دێرینی حاجی بابەشێخ و شێخ عەلائەددینی بیارە، خزم و دۆستی لەمێژینەی بنەماڵەکەیان. ئەو دوو کەسەش هەر یەک لە لایەکەوە کاربەدەستانی کۆنسوولی ئێران لە سلێمانی لە پلە و پایەی حاجی بابەشێخ لای ئەوان و زۆربەی بنەماڵە گەورەکان و گەلی کورد ئاگادار کردبووەوە. ئەو کەسانەی نامەکانیان پێدا نێردرابوو و وڵامەکانیان هێنابۆوە، لە ناوچەدا ناسراون؛ یەکیان بە ناوی حاجی ڕەشیدی مام مارف بە شۆرەتی مەعرووفی، ئەوی دیکەشیان حەمەی دەروێش عەوڵا کە هەردووکیان لەو سەردەمەدا نیشتەجێی گوندی تورجان بوون. ئاغا سەیید عەزیز هەردووکیان سوێند دەدا کە لای هیچ کەس باسی ئەو بابەتە نەکەن.

گۆیا شێخ مەحموود، دۆستی زۆر نزیکی حاجی بابەشێخ، هەرچی لە دەستی دێت دەیکا و لە سەر سڵامەتی حاجی بابەشێخ و کەسایەتیی ئەو لە نامەیەکدا بۆ حکوومەتی تاران زۆر

---

١. سەرچاوە: بیرەوەرییەکانی سەیید سەعیدی سەیادەت نەوەی حاجی بابەشێخ.

جەخت دەکاتەوە و تەنانەت هەڕەشەش دەکا کە هەر ڕووداوێک بۆ حاجی بابەشێخ بێتە پێشێ، کۆنسوولی ئێران لە سولەیمانی، دەکەوێتە مەترسییەوە.[١]

**دووهەم:** حکوومەتی تاران بەرپرسایەتیی سەرەکییان دێناوە سەر پێشەوا قازی محەممەد و بنەماڵەی قازی کە لە لایەن یەکیەتیی سۆڤیەتەوە، ئەو بۆ پێکهێنانی حکوومەت دەستنیشان کرابوو. هەربۆیە جگە لە حەمەحوسەین خانی سەیفی قازی، هیچ یەک لە وەزیرانی کەی کۆماریش لە سێدارە نەدران.

**سێهەم:** حاجی بابەشێخ، کەسایەتییەکی ئایینیی پایەبەرزی کوردستان بووە، لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا ناسراو و خاوەن دەسەڵاتی مەعنەوی بووە. سەرەڕای ئەوانە، لە بنەماڵەیەکی عێرفانی و خاوەن نفووز بوو. ئەوەشیان دەزانی کە بنەماڵەی شێخانی زەنبیل، خزم و وابەستەیی عێرفانییان بە بنەماڵەی گەورەی تەریقەتی نەقشبەندی، واتە بنەماڵەی شێخی سیڕاجەددین لە هەورامان بووە کە لە کوردستانی ئێران و عێراقدا مرید و وابەستەی تەریقەتیان زۆر بووە. هەربۆیە حکوومەت نەیویستووە بە لەسێدارەدانی حاجی بابەشێخ ئاژاوە و ئاڵۆزی ناوچەیی گەورە پێک بێنێ.

سەرەڕای هەمووی ئەوانە، ئازادکردنی حاجی بابەشێخ بە مەرج بوو. سێ مەرجیان بۆ حاجی بابەشێخ دانابوو:

یەکەم؛ لە گوندەکانی تورجان و زەنبیل و جەمیان بەبێ ئیزن دەرنەکەوێ و لەواندا سەقامگیر بێ.

دووهەم؛ ناو بە ناو خۆی بە سەرلەشکر وەرەهرام لە مەهاباد یا سەرهەنگ ڕادمەدان لە سەقز بناسێنێت و دەفتەری ئەوان ئیمزا بکات.

سێهەم؛ کاتێ لە تەورێز ئازاد دەکرێ، دەبێ بچێ بۆ چاوپێکەوتنی سەرلەشکر هومایوونی.

حاجی بابەشێخ دوو مەرجەکەی دی پەسند دەکا بەڵام مەرجی سێهەم قەبووڵ ناکا و کوتوویەتی تا کۆتایی تەمەنم لە زینداندا بمێنمەوە، ناچمە دیداری هومایوونی ناپیاو؛

---

١. بیرەوەری خوالێخۆشبوو میرزا عەلی بەهرامی کە لە سەردەمی سەربازی لە تەورێزدا توانیبووی پەروەندەی حاجی بابەشێخ لە بایگانی ئەرتەشدا چاو لێ بکا و نامەکەی شێخ مەحموود ببینێ.

کاربەدەستان کاتێک ڕق و تووڕەیی ئەو دەبینن، زۆر پێداگری ناکەن بۆ مەرجی سێهەم.

## فەسڵی حەڤدەهەم:
## ساڵەکانی کۆتایی ژیانی

ساڵی ١٣٢٦ تا ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی (کاتی ئازادبوونی لە زیندان تا کۆچی دوایی)، دوازدە ساڵی کۆتایی ژیانی حاجی بابەشێخ بوو، کە ئەو ماوەیە بەشێکی بە ژیانی ئاسایی خۆی واتە چاوەدێری و سەرپەرەستیی کاروباری زەوی‌وزاری تورجان و جەمیان کە لە هەر دوو گوند مڵکی بووە و هەروەها دابەش‌کردنی ئەو مڵکانە لە نێوان کوڕەکانیدا و میوانداری لە دۆست و خزم‌وکەس کە زۆر هاتوون بۆ تورجان، تێپەڕ بووە؛ بەڵام بەشێکی دیکەی ئەو سەردەمەی ژیانی، بە سەرپەرەستی و چاوەدێریی مزگەوت و خوێندنگای تورجان ـ بەو هەموو فەقێ و مامۆستا ئایینیەی کە لەوێ دەرسیان خوێندووە و دەرسیان وتۆتەوە ـ تێپەڕاندووە. هاوکات لەگەڵ ئەوانەش حاجی بابەشێخ دوای چەند ساڵ دوورکەوتنەوە لە دەرس‌کوتنەوە، هاتۆتەوە حوجرە و تا ئەو کاتەی توانایی بووە، دەرسی لە زانستە ئایینیەکاندا وتۆتەوە.

سەرەڕای هەمووی ئەوانەش، کاری لێکۆڵینەوەی زانستی ڕیازی و هەروەها ئەستێرەناسی کردووە و لەو قۆناغە لە ژیانیدا ریساڵەی تەعدیلول‌ّئەعداد ـ کە پێشتر نووسیبوی و ناتەواو مابوو ـ تەواوی کردووە و هەڵەی لێ لابردووە. لەو بابەتەدا بەڵگەیەک هەیە کە لە فەسڵی کەسایەتیی عیلمیی حاجی بابەشێخدا باسی کراوە.

هەروەها لەو برِگە زەمانییەدا کتێبی تەنقیدی هەیئەتی جەدیدی نووسیوە و ناردوویە بۆ عەلی مەنسوور سەرۆک‌وەزیرانی ئێران کە دەستووری چاپی بدا.

هەروەک خوێنەران دەبینن ئەو کەسایەتییە کەمتر کات و ساتێک لە ژیانیدا بووە کە

خزمەتێکی کە لە دەستی هاتبێ نەیکردبێ. ئاساییە لەو سەردەمە لە ژیانیدا بە هۆی سنوورێک کە حکوومەت بۆی دانابوو، لە هەڵسووڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا کەمتر شتێک دەبیندرێ، هەرچەند بۆ ناکۆکی و کێشەی مڵکی و ... پەنایان بۆ هێناوە.

## کۆچی دوایی حاجی بابەشێخ

حاجی بابەشێخ لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا[١] چەشنێک لە نەخۆشی «فیتق» داوێنی دەگرێ. هەر بۆیە پەنا دەبا بۆ دوکتور فرێدریشی ئاڵمانی لە بۆکان. دوکتور دوای پشکنینی زۆر دەڵێ کە دەبێ لە سەر حاجی بابەشێخ نەشتەرگەری ئەنجام بدرێ؛ بەڵام بە هۆی تەمەنی زۆر ئەو کارە مەترسی هەیە و هەر بە دەوا و دەرمان لەگەڵی بسازێ باشترە. حاجی بابەشێخ کە نێوانی لەگەڵ دوکتور خۆش بوو بە شۆخی پێی دەڵێ: **«کافر دەتەوێ من لە مردن بترسێنی، من هەرگیز لە مەرگ نەترساوم، باش وایە هەرچی زووتر کەرەسەی نەشتەرگەرییەکەت ئامادە کەی»**.

ئەوەش لە بیر نەکرێ کە هاتوچۆی حاجی بابەشێخ لە ژێر چاوەدێریی ڕوکنی دووی ئەرتەش لە مەهاباد و بۆکاندا بووە، بەتایبەت ئەو سەردەم هاوکات ببوو لەگەڵ گەڕانەوەی ژێنراڵ بارزانی لە یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ عێراق. وا دیار بوو لە پەیوەندی کەسایەتیی دووهەمی کۆمار لەگەڵ جەنابی مەلا مستەفا بارزانیدا مەترسی و نیگەرانییان بووە. هەربۆیە کاتێ ئاگادار بوون کە حاجی بابەشێخ ناساز و نەخۆشە، چەند پزیشک و پزیشکیاری ئەرتەش هاتن کە دەیانەویست نەشتەرگەرییەکەش هەر خۆیان ئەنجامی دەن. بەڵام کوڕانی حاجی بابەشێخ بەربەست بوون و پێداگریی زۆریان کرد کە ئەو کارە دەبێ دوکتور فرێدریش ئەنجامی بدا، هەر بەوەندە ڕازی بوون کە پزیشکیار حەیدەری، هاوکاریی دوکتور فرێدریش بکا بۆ ئەو نەشتەرگەرییە.

عەمەلیاتی نەشتەرگەری بە دەستی دوکتور فرێدریش و پزشکیار حەیدەری ئەنجام درا و لەو ماوەدا کە حاجی بابەشێخ لە نەخۆشخانە بوو، لە ماڵی یەکێک لە ئەفسەرانی ئەرتەشەوە خۆراک ساز دەکرا و دەیانهێنا بۆ حاجی بابەشێخ بە ناوی ئەوە کە هاوسەری ئەو ئەفسەرە لە

---

١. سەرچاوە: کتێبی "حاجی بابەشێخ یەکەمین سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی میللی کوردستان"، عومەر فارووقی.

ئیرادەتمەندانی ساداتە و با لە دۆعای خێری شێخ بێبەش نەبێ!!

کەمکەم برینی نەشتەرگەرییەکە سارێژ بۆوە، بەڵام دوای ماوەیەک حاجی بابەشێخ بە نەخۆشییەکی دیکە گرفتار بوو کە هەموو گیانی سوور دەبۆوە و تەواوی دەمار و تار و پۆی لەشی دێشا. ئەو دۆخە نالەبارە تازەی بۆی هاتبووە پێشێ، زۆری ئەزیەت دەکرد؛ هەربۆیە کوڕەکانی حاجی بابەشێخ هەمیسان دەوستەو داوێنی دوکتور فرێدریش بوونەوە و پێیان کوت: «دوکتور نەخۆشی باوکمان چییە و بۆ وای لێ بە سەر هات؟ ئەگەر دەزانی لێرە چارەی نایە، دەیبەین بۆ تەورێز». دوکتوری ئاڵمانی کوتی: «من کاری خۆم دروست ئەنجام داوە، هەرچی کرابێ، لە بن سەری حەیدەریدا بووە.

ئیتر بنەماڵەی حاجی بابەشێخ ئەو گومانەیان بۆ پەیدا دەبێ کە دوایەمین نەخۆشی حاجی بابەشێخ کە وێدەچێ نەخۆشی میکرۆبی بووبێت، کاربەدەستانی ئەرتەش دەستیان تێدا بووە و بەتایبەت کە دوای ماوەیەکی کورت، دوکتوری ئاڵمانییان لە بۆکان نەهێشت، ئەوەندەی تر گومانەکە بەهێزتر بوو. تاوانی دوکتور فرێدریش، ئاشکرا کردنی ئەو پیلانە بوو.

ورده ورده نەخۆشییەکەی حاجی بابەشێخ پەرە دەستێنێ و هەموو گیانی دادەگرێ و لە ڕاستیدا هیچ هومێدێک نەبوو بۆ چارەسەری، هەربۆیە حاجی بابەشێخ دێننەوە بۆ تورجان و ئەو ماوەیە خەڵکانێکی زۆر لە دوور و نزیکەوە بۆ هەواڵپرسی دێن بۆ تورجان؛ تا ئەوەی کە لە بەرەبەیانی ڕۆژی جومعە، ٣٠ی مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی (٢٣ی ئۆکتۆبری ١٩٥٩ی زایینی) حاجی بابەشێخ بۆ هەمیشە چاوی لە سەر یەک دانا و بەو جۆرە میللەتی کورد کەسایەتییەکی دڵسۆز و ڕێبەرێک و خزمەتگوزارێکی گەورەی لە دەست دا.[١]

حاجی بابەشێخ بە وەسیەتی خۆی لە تورجان بە خاک ئەسپێردرا.

---

١. لە ڕۆژانی کۆتایی ژیانی حاجی بابەشێخدا کوڕی گەورەی، ڕێزدار سەیید عەبدولعەزیز سەیادەت لە خزمەتیدا دەبێ. کاتێک حاجی بابەشێخ هەست پێ دەکا کە سەیید عەزیز دەگری، سەر هەڵدێنێ و پێی دەڵێ: ڕۆڵە عەزیز! بۆ من مەگری. من پیاوانە ژیاوم و پیاوانەش دەڕۆم. ئەو ڕۆژە لە پێش ئێوەشە. دڵنیا بە ڕزقی من لەو دنیایە تۆزێک شیرە تا نەیخۆم نامرم. لە نیوەشەوێدا شیرەکەی بۆ دێنن، دوایە دەفەرمێ: ڕووم بکەنە قیبلە و تازە تا خزمەت ڕەسوولەڵڵا ڕووم وەرمەگێڕن. ئیتر لە سەعات چواری بەرەبەیانی ڕۆژی جومعە ٣٠ ڕەزبەری ١٣٣٨ی هەتاوی، ڕۆحی بەرزی بەرەو بەرزایی ئاسمان دەفڕێ.

کوا دەمرێ ئەو کەسە بۆ گەل ژیا      دەستی ئەجەل با لە گەلی کا جیا[١]

لە دوای کۆچی دوایی حاجی بابەشێخ، وەک بیستوومە چەندین شاعیر شێعریان بۆ وتووە؛ کە بە داخەوە من تەنیا شێعرە جوانەکانی مامۆستا ئاوات (برازا و خۆشەویستی حاجی بابەشێخ)م بۆ دیتراوە. ئەوەش ئەو شێعرانە:

## گوڵبەریشم چوو

هەموو ساڵێ خەزانی گوڵ بوو بۆ من، گوڵبەریشم چوو
گوڵم چوو، سونبولیشم چوو، دڵم چوو، دڵبەریشم چوو
چەمەن تەنیا گوڵی چوو، من بە جارێ ماڵی وێرانم
کەسم چوو، سەروەریشم چوو، مورەببی و ڕێبەریشم چوو
لە باغا بەرگی گوڵ چووبوو بە تاراجی خەزان، بۆ من
قەڵەم چوو، نامە چوو، تەبعی ڕەوان چوو، دەفتەریشم چوو
عەجایب پاییزێ بوو، شەختەکەی جەرگ و دڵی بردم
دڵ و جەرگ و هەناو و ماڵ و حاڵ و هەم سەریشم چوو
خەڵک شووشەی گوڵی دەشکێت و من شووشەی دڵم، چ بکەم
خەڵک سووسەنبەری دەڕژێت و من مووعەنبەریشم چوو
خەڵک خانوێکی دنیایی دەڕووخێ مات و حەیرانە
ئەمن ئەی خاکبەسەر خۆم، مزگەوت، هەم مینبەریشم چوو

ئاوات؛ قاقڵاوا، پاییزی ١٣٣٨ی هەتاوی

---

١. شێعری سەعید نەجاڕی (ئاسۆ).

## ڕێبەری سەیادەت

بڕوانە کاروباری خوداوەندی ئینس و جان
قودرەتنوێنی بەرز و نەوی، عەرز و ئاسمان
چیکرد قەزا کە ئێمە سەراسیمە بووین هەموو
بۆ ئەم دڵە پەرۆشە هەموو بووینە شەمعدان
باکەی خەزان درەخت و گوڵی دارِنی هەموو
سەد باغەوان بە پووڵێ، نەما شۆقی گوڵستان
دار و چنار و عەرعەر و کاجیش کز و کوڵۆڵ
سەرویش وەلەرزە کەوت و لە خاکی چەمەن چەمان
یانی خەزانی هەردوو گوڵ و دڵ دەگەڵ یەکە
بوونە ڕەقیبی بولبول و کەوتوونە سەر فوغان
ئاه و فوغان و ناڵەیە، هاوارە، نەوحەیە
شینە، گرینە، سۆز و گودازە لە چیمەنان
ئەو زیبی گوڵستانی ئیرەم بۆچی ڕۆیوە؟
ئەو ڕێبەری سەیادەتە بۆچی بووە نیهان؟
مزگەوت و حەوش و مەدرەسە چۆڵ بوو، نەما کەسی
بێشەوق و زەوق و زەمزەمەیە ئێستە حوجرەکان
دەوری فەقێ بە ناڵەیە، دەرسی بە شیوەنە
ئەمڕۆ مەلاش بە لارەملی بۆی دەکا بەیان
"کامیل" فیراقی مامتە تۆی کردە کۆی زوخاڵ!
"الله معک" وەدووی کەوە، بمرە بە ئێش و ژان

قاقڵاوا، ١٣٣٨ی هەتاوی

# ئێشی حاجی بابەشێخ

هەر بەناسۆرە هەمیشە ئێشی حاجی بابەشێخ
قورِ دەپێون پاکی قەوم و خوێشی حاجی بابەشێخ
ئێشی زۆرە نێشی دووری، ئەرخەیانم پێی‌دەچن
قەوم و خوێش و سۆفیی و دەروێشی حاجی بابەشێخ
ئەو شەوی ئەو وا بەجێی‌هێشتین بە دەستی جەم، وەلی
هاتنە پێشواز و کەوتنە پێشی حاجی بابەشێخ
وا فەلەک ناڵی و مەلەک فرمێسکی سووری دارِژاند
عەرز و دار و بەردیش ئاخ‌هەڵکێشی حاجی بابەشێخ!
قورِ بپێون هەروەکوو "کامیل" لە قیس پاکوو چووە
فکر و تەدبیر و سەلاح‌ئەندێشی حاجی بابەشێخ

ئاوات؛ قاقڵاوا، ١٣٣٨ی هەتاوی

## فەسڵی هەژدەهەم:
## ئەولادانی حاجی بابەشێخ

هەروەک پێشتریش باس کرا، حاجی بابەشێخ سێ کوڕ و سێ کچی بووە. ئێستا کە ئەم کتێبە بەرەو کۆتایی هاتووە و سەرەتای ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوییە، دوو کچی حاجی بابەشێخ بە ناوەکانی سۆبیە خانم لە تەمەنی ٩٤ ساڵیدا و سانیە خانم لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا لە ژیاندا ماون. سۆبیە خانم لە مەهاباد و سانیە خانم لە سەقز نیشتەجێن؛ بەڵام هەرسێک کوڕی حاجی بابەشێخ و کچە نێونجییەکەی بە ناوی مەعسوومە خانم، کۆچی دواییان کردووە.

### کوڕەکانی حاجی بابەشێخ

**١. سەیید عەبدولعەزیز سەیادەت:**

کوڕی گەورەی حاجی بابەشێخ ناسراو بە ئاغا سەیید عەزیز لە ساڵی ١٣٠١ی کۆچی هەتاوی لە گوندی جەمیان لە دایک بوو. لە خوێندنگا و لە ڕاستیدا زانستگای گەورەی تورجان لە لای حاجی بابەشێخی باوکی و حاجی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای محەممەدی و مامۆستا مەلا حەسەنی ئەدیب دەرسی خوێندووە. لە کۆتاییدا لە لای مامۆستای ئەدیب ئیجازەنامەی وەرگرتووە. بە سەر زۆربەی زانستە ئایینییەکاندا زاڵ بوو و لەو بابەتەوە زۆر لە حاجی بابەشێخی باوکی کەمتر نەبوو. بۆ ماوەیەکی زۆر لە دارولعیلمی تورجان دەرسی وتووەتەوە. ماوەیەک (نزیک ساڵێک ماڵی لە تاران بووە) لەگەڵ ئایەتوڵڵا برووجێردی چاوپێکەوتنی بووە و بۆ هەوڵدان لە بابەت یەکگرتوویی ئیسلامی لە لایەن حاجی بابەشێخەوە چووە بۆ لای ئایەتوڵڵا برووجێردی.

سەیید عەبدولعەزیز سەیادەت چەند کتێبی نووسیوە:

١. خدا در نظر فلاسفەی اروپا
٢. اشتباهات محمد بن عبدالوهاب در تفسیر آیات قرآنی

تا کۆتایی ژیانی، جگە لە چەند ساڵێک،ماڵی هەر لە تورجان بوو؛ بەڵام لە بیمارستانی شاری بۆکان لە ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی کۆچی دوایی کرد.

تەرمی پیرۆزی لە سەر شانی مامۆستایانی وڵات تا مزگەوتی جامیعەی بۆکان بردرا و لەوێوە بردرایەوە بۆ تورجان و لە پەنای گڵکۆی حاجی بابەشێخی باوکی بە خاک ئەسپێردرا.

ئەوەش شێعری سەیید کامیل ئیمامی (مامۆستا ئاوات) کە بە بۆنەی وەرگرتنی ئیجازەنامەی مەلایەتیی سەیید عەبدولعەزیزی سەیادەت کوڕی گەورەی حاجی بابەشێخ هۆندوویەتەوە:

عالم و عامی لە تورجانێ وەخڕ بوون بێ‌درۆ
کەوتنە شادیی و ڕەقس و هەڵپەڕین و هات‌وچۆ
پیر و جوان، شێخ و مەلا هاتوونە ڕەقسین و سەما
پاکی لەرزی عەرز و حەوش و بان و هەیوان و سەکۆ
من کوتم: یاڕەب! مەگەر چی بوو بە دەستی جەم هەموو
تایفە ڕێکی لە دارولعیلمی شێخا بوون وەکۆ
پێی کوتم عەقڵم کە شەربەت‌خۆری و دڵخۆشییە
بۆ دەکەویە سەر خەیاڵ و بەحری فکر و جوست‌وجۆ
ئەرشەدی ئەولاد و ساحەبکاری پڕ عەقڵ و هونەر
مونتەها بوو، ئێستە زامی کۆنی دوژمن هاتە سۆ
کاعەزیز! تەنیا لە نێو ئێمە ئەتۆ گۆت بردە دەر
بەو ئیجازەی تۆیە چا بوو جەهلی جەمعێ بوو پەڕۆ
ئیرسی بابی خۆتە عیلم و جەوهەر و فەزڵ و هونەر
بیرفێنە زوو بە چاکی، هەروەکوو باز و هەڵۆ
بەم هەرا و جەمعییەت و خۆشیی و بەزم و شادییە

دوژمنی ئێمە تەماشاکە هەموو بوون ڕەنجەڕۆ
هەرکەسێ شێخی نەوێ، کۆستی کەوێ، قەت نەسرەوێ
یا ڕەبی خوار و زەلیل و ڕەنجەڕۆ بێت و تڕۆ
ئەم هەموو خۆشیی و بەزمە، بۆ ئیجازەنامە بوو
یا خودا مامە، موبارەک بێ بە دڵخۆشی لە تۆ!
هۆنەرێکی زۆر زەبەردەستە "ئیمامی" نۆکەرت
بۆیە ڕیسی ڕێکوپێکە، قەت نەبوو بێتار و پۆ

**چەند شێعر لە شینی سەیید عەبدولعەزیز سەیادەتدا:**

١

لە ناو زۆنگی خەما، داری سەدەی خەم شین نەکەم چ بکەم
مژۆڵی چاوی کز، فێری کلەی ئەسرین نەکەم چ بکەم
فەلەک گۆڕی عەزیزێکم دەکوڵێ کۆڵەکوتراوم
گوڵی سەر گۆڕی سەرکەوتن، بە شین پەرژین نەکەم چ بکەم
بە کۆچی تۆ عەزیزی گەل، دڵی کۆمەڵ بریندارن
کە خوێنڕێژی لە سەر زامی دڵی بەبرین نەکەم چ بکەم
دەریدێنم، دەبێ دەربێ، بەبێ تۆ دیدە بڕوانێ
لە چاوی ناخونەکدار و دزێو و تۆنەبین چ بکەم
فەلەک دەستی شکێ، بۆچی شەمی هۆزی وەبەر بادام
لە داخی تۆ فەلەک، حاشا لە شۆقی ژین نەکەم چ بکەم
بەڵا، ناڵە و چڵ و ژانی لە بن سەردایە، ناچارم
کە خۆم تووشی چڵ و ژان و گڕ و ناڵین نەکەم چ بکەم
شەمی بە گیانی تورجانم، کوژاوی بادەوەی مەرگە
لە تورجانی بەبێ گیان و لە گیانی بێئەوین چ بکەم

لە سەر گۆڕی هەموو ژین دۆڕەکانی گەل دەڵێ «ڕاوچی»:
کە هاوارێ لە سوود و بەرهەمی یاسین نەکەم چ بکەم

مەلا کەریم عەزیزنژاد (ڕاوچی) ـ ١٣٧٣/٢/١٤

**٢**

ئەوەندەت خاڵە دامێ دەرد و ماتەم
لە چاو تۆ مەدخەل و قاڕوونە حاتەم
گرینە ئیشم و مەینەت خەڵاتەم
لە ئەستۆمدا خەمت بۆتە قەڵاتەم
لەمەولا تا بمێنم هەر دەکەم شین

لە تاوت پیل و پشتم گۆج و کۆمە
خوڕەی فرمێسکی چاوم چەشنی چۆمە
لە دووی تۆ وێڵم و هەر هاتوچۆمە
خودا دوور بێ لە خاڵان خاڵە ڕۆمە
ئەمن پێویستمە ئەمجارە یاسین

بڕۆ و پاییزی من ئەی خاکەلێوە
بەهار وایە گەڵاڕێزانی پێوە
ئەدی بۆ شیوەنە لەو هەرد و کێوە
بە جێی باران تکەی ئەسرین بە ڕێوە
بە ئاهی سەردی سینەم چاڵە بەفرین
برینی کۆنە دووبارە بژاوە
لە نێو جەرگ و دڵم زووخاو ڕژاوە

له بەردەمدا سەر و مێشکم پژاوە
شەمی کۆڕی گەلی زانا کوژاوە
پەپوولەین و دەسووتێین و دەناڵین

له ئەولا داری تووبات کردە مەنزڵ
گوڵستانت له من کردۆته نێو گڵ
که بولبول ڕۆییوە با بچمه نێو گوڵ
له بەر چاوان ونی و دیاری له بەر دڵ
به شینم داری چاکی تۆ دەکەم شین

چییه شادی له دڵ تۆرا و و زیزە
وەنەوشه ملکەجه و سیسه گەزیزە
دەزانێ هەرکەسێ ئەهلی تەمیزە
وڵاتی میسری تورجان بێ عەزیزە
ئەمن چ بکەم که کورته ماوەیی ژین

«جەمیل»ە و نایەوێ ژینی بەتاڵی
ئەویش دەڕوا ئەجەل کردوویه حاڵی
نەما باپیر و باب و مام و خاڵی
گەیی عومر و تەواو بوو کاتی کاڵی
بەسەر چوو سەردەمی لاوی و گڕ و تین

حاجی سەید جەمیل هاشمی

٣

به ئاسمانی ژیانمدا عبووری کرد تەمێکی کەش
ئەوەش بەش بۆ منی بێبەش دەبێ بگریم دەمێکی کەش
ئەسیری دائیرەی پەڕگار لە نێو ئەو جەغزەدا ماوم
لە نێو گڵکۆی سەیادەت من دەبێ هەڵکەم شەمێکی کەش
ئەوەی چازان و هێژا بوون لە نێو ئێمە هەموو ڕۆیین
کوڵوکۆ دەست بە ئەژنۆ خۆم کەوا بار بوو غەمێکی کەش
ئەرێ بۆچی فەلەک ئاوا لە حاند من گرژە ناوچاوت
چییە سووچم لە ژەهری تۆ دەبێ نۆش کەم ژەمێکی کەش
بەهارە کاتی سەیرانە کەچی ئێمە دەبێ بگرین
وەرن با بچینە لای ئاوات لەوێ بگرین کەمێکی کەش
بڵێن ئەی پیری چەوساوە لە زیندانی جەفا و مەینەت
ئەوا وا هاتە لای ئێوە لە خێڵی تۆ کەسێکی کەش
ئەوەی عومری لە ڕێی شەرع و تەریقەتدا سەرف کرد پاک
لە ئێمە زیزە تۆراوە بە چاوت هاودەمێکی کەش
بە ئێش و ئۆفە ئەو مەستە کە وا دەوران وەشاندوویە
خزیوە لایەکی دنیا بە سەر شەو هات شەوێکی کەش
بنەی دانا لە دەم لاپاڵ بە ئارامی چنی داوی
دەزانێ چی دەکات دەوران کە چۆن بگرێ کەوێکی کەش
لە دەست ئەو داوە دەرناچی نەڵێی من ژیر و هوشیارم
بە داوەداوی ئەو داوە دەکا پەڵ ئەو پەلێکی کەش
قزڵجی و بابەشێخ هەر دوو دەکێشن نازی ئەو لاوە
بەڵێ سەرخۆش بەبینی تۆ وەکوو ئەوشۆ خەوێکی کەش

مەلا عەلی سەلیمی

## نامەی سەیید عەبدولعەزیز سەیادەت بۆ یەکێک لە خوێندکارانی پێشووی خۆی بە ناوی مەلا عەبدولغەفوور

فرزندی مقام فاصل محترم آقای ملا عبدالغفور سلّمه الله تعالی

نامۀ شما رسید از این که مشعر بر صحت و سلامتی وجود عزیزتان بود بسیار مسرور شدم سال نو را متقابلاً تبریک می‌گویم و امیدوارم به عبادت و طاعت و تدریس علم دین صرف فرمایند از من جویا شوید نقداً زنده هستم و نمی‌دانم تا کی در این محنت‌سرا باقی خواهم بود. رغبنا بقضاء الله تعالی. گله کرده بودید که پاسخ نامه اولی ننوشته‌ام فقط یک نامه به دستم رسیده و اینک جواب ان را نوشته‌ام نمی‌دانم تدریس و طلبه دارید یا خیر اصل مطلب این است.

تا در این سرای زودگذر هستیم اندوخته سرای باقی جمع کنیم روی عن النبی صلی الله علیه و سلم قال اغتنم خمسا قبل خمس حیوتک قبل موتک و شبابک قبل هرمک و غناک قبل فقرک و صحتک قبل سقمک و فراغک قبل شغلک

امیدوارم انشاءالله نصیحت‌های مرا فراموش نفرمایید.

والسلام علی من اتبع الحق و الهدی

## ٢. سەیید عەبدولقادری سەیادەت:

کوڕی دووهەمی حاجی بابەشێخ، لە ڕێکەوتی ساڵی ١٣٠٨ی کۆچی هەتاوی لە گوندی جەمیان لە دایک بووە. لە خوێندنگای تورجان لە خزمەت حاجی بابەشێخی باوکی و چەند مامۆستایەکی دی، دەرسی خوێندووە و دواتر لە لای مامۆستا حاجی شێخولئیسلامی کوردستانی لە تاران کە مامۆستای زانستکەدەی مەعقوول و مەنقوول بووە، ئیجازەنامەی پێ دراوە.

بە درێژایی تەمەنی، لە نەخۆشی لاقی ڕەنجی بردووە.

ئەدیب و شاعیر و ئەهلی قەڵەم بووە. کتێبی شێعری بە ناوی «چیمەن و چیا» چاپ کراوە. لەگەڵ شاعیرانی گەورەی موکریان وەک مامۆستا ئاوات و مامۆستا حەقیقی شێعر گۆڕینەوەی کردووە. لە جەمیانەوە ماڵی هاتە بۆکان و پێش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران ماڵی لە بۆکانەوە چوو بۆ مەهاباد. سەردەفتەری ئەسنادی ڕەسمی بوو. بە هۆی نەخۆشی لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد و ئەویش لە تورجان بە خاک ئەسپێردراوە.

دیوانێکی شێعری چاپ کردووە بە ناوی «چیمەن و چیا». لە شێعردا نازناوی، «سەیید» بوو. دوو نموونە لە شێعرەکانی:

١ ـ پەروانە

دڵا تا کەی خول و ڕسوات ببینم
هەمووی هەر شێت و هەر شەیدات ببینم
لە دەوری شەمعی ڕووی ئەو دڵستانە
وەکوو پەروانە بێ پەروات ببینم
هەموو ئاوات و ئومێدم ئەتۆ بووی
ئەمن قەت نەمدەویست ئا وات ببینم
نە دڵ گەرمی، نە چاو سۆمایی ماوە
بە دڵگەرمی هەتا سیمات ببینم
گوڵم هەر شین و واوەیلامە بۆ تۆ
هەتا کەی شین و واوەیلات ببینم

گوڵم من تۆم دەوێ ئازاد و سەربەست
شنەی لەرزانەوەی باڵات ببینم
سەرم سەودائییە ئەوڕۆکە سەیید
چ خۆشە گەر سەری سەودات ببینم

٢

تا بە کەی شاعیر دەڵێی من چاوی بەخومارم دەوێ
من مەیی نابم دەوێ، من باخ و گوڵزارم دەوێ
بەس نییە مەستی و مەی و مەدهۆشی و بەدحاڵەتی
من کەسێکی ژیر و وریا و پیاوی هوشیارم دەوێ
چارەیی دەردم بە نووکی خەنجەری موژگان نەبوو
کارساز خاوەن قەڵەم تیژێکی پڕ کارم دەوێ
چاوی بەخومار و وەفای یار و گوڵی گوڵزار چییە؟
من دڵی سووتاو و چاوێکی ئەشکبارم دەوێ
لاوی ئازا زۆرە قەت سەنگەر لە من ناگرێ ڕەقیب
پیاوی عاقڵمەند و دڵسۆز و زماندارم دەوێ
هەر قسەی زل کردن و بافیش چ سوودێکی هەیە!
نوکتەیی ورد و پتەو وەک دوڕڕی ئابدارم دەوێ
من سەرێکم بۆ چییە پێچراو لە پێچی مێزەرا
یا دەبێ ژێر خاک بچێ، یا بچتە سەر دارم دەوێ
من بە تەنیا ناتوانم هەڵگرم باری خەمم
من ڕەفیقێکی سەمیمی و یاری غەمخوارم دەوێ

## دەقی نامەی حاجی بابەشێخ بۆ سەیید عەبدولقادری سەیادەت (کوڕی خۆی)

فرزند جانم سید عبدالقادر حفظکم الله طول و تفصیل کاغذ تو در قلب من تأثیر می‌کند می‌دانم راست می‌گویی پیرزن در خاک جمیان جو کاشته بدون اذن ولکن تصادف و اقتضا و وضع حال پیری و آخر عمری من چنین است. شماها اولاد من در این چند روزه آخر عمرم نباید خاطر شریف حضرت مامه سلام برنجانید. همین قدر لازم بود اطلاع به خدمتش عرض کنید در هر صورت این چند روزه آخر عمر من ترحم کنید و ادب. من ان‌شاءالله با عفو و مغرفت حق تعالی از میان به‌در می‌روم اوضاع‌های دگر پیش می‌آید ترجان و جمیان ناخوش می‌شوند. حمیده گیان و برادش را دیده بوسم. والده‌شان را سلام رسانم.

والسلام.

حاجی باباشیخ

### ٣. حاجی سەیید مستەفا سەیادەت

کوڕی چکۆلەی حاجی بابەشێخ کە لە بەر خۆشەویستی، «سەفا»ی پێ وتووە. لە ساڵی ١٣١٤ی کۆچی هەتاوی لە جەمیان لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی بەشێک لە مەهاباد لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا خوێندووە و دواتر لە تورجان درێژەی پێ داوە. زۆر ئەدیب و زانا و ڕۆشنبیر بووە. لە ئەدەبیاتی کوردی و فارسیدا شارەزا بووە. زۆری ڕێز بۆ مامۆستایان و زانایانی ئایینی دادەنا. لەگەڵ ئەوەش زۆری هەستی کوردایەتی و نیشتمانپەروەرەی بووە. هەر بەو هۆیە بۆ ماوەی دوو مانگ لە ساڵی ١٣٦٤ لە بۆکان دەستبەسەر کرا. دۆستانی ئەو زیاتر لە نووسەران و شاعیران بوون. لەگەڵ مامۆستایان: ١. سەیید عەبدولحەمید حیرەت سەجادی، نووسەر و مێژوونووس لە سنە، ٢. مامۆستا دوکتور سۆران سنەیی، خەڵکی سنە و دانیشتووی مەهاباد، ٣. مامۆستا حەمەی حەمە باقی مێژوونووسی ناوداری کورد لە هەولێر، ٤. مامۆستا عومەری فاڕووقی، نووسەر و لێکۆڵەر لە سەقز، ٥. مامۆستا محەممەدی نووری، شاعیر لە بۆکان و ... دۆستایەتیی نزیکی بوو. زۆر شێعرناس بوو. هۆگریی زۆری بە شێعری مامۆستا هێمن و مامۆستا هێدی بوو. لە ڕێکەوتی سی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٩٤ لە ماڵی خۆی لە بۆکان کۆچی دوایی کرد و ئەویش لە تورجان بە خاک ئەسپێردرا.

شێعری مامۆستا ئاوات بۆ ڕزگاربوونی حاجی سەیید مستەفای ئامۆزای لە زیندان:

وەک دەڵێن ئازاد بووە سەد شوکر کاک سەیید مستەفا<br>
بۆیە دنیا پڕبووە ئەوڕۆ لە دڵخۆشی و سەفا<br>
جەژنی ئێمە بوو بە دوو ئەوساڵ بە لوتفی کردگار<br>
با لە دڵ دەرکەین خەم و حەسرەت هەموو جەور و جەفا<br>
با وەخرِبین شوکری یەزدانی مەزن بێنینە جێ<br>
بوغز و کینە لابەرین و بێینە سەر سیدق و سەفا<br>
هەر شەو و ڕۆژێک هەزار شوکری خودا هێشتا کەمە<br>
چۆن بکەین ئێمە بە جارێک و بە سەد جار ئیکتیفا<br>
هەر لە ئێستاوە هەتا دەمرین بڵێین یارەب شوکور<br>
هەر ئەوە ئەو، خاوەنی لوتف و عەتا، میهر و وەفا

قاقڵاوا، ١٣٦٤ی هەتاوی

**شێعری سەیید عەبدولقادر سەیادەت بۆ سەیید مستەفای برای**


بخت با من یار و سید مصطفی آورده است
یک جهان از خوبی و مهر و صفا آورده است
بی‌وفایی‌ها من از این چرخ گردون دیده‌ام
چون شد این بی مهر گردونم وفا آورده است
من ندارم شکوه‌ای از بی‌ثباتی‌های دهر
آنچه من می‌خواستم یکجا به جا آورده است
کلبهٔ تاریک دل روشن شد از دیدار دوست
با خودش یک شعله از نور و ضیا آورده است
مردم از این غصه کی گنجینه‌ام گردد پدید
رمز حکمت بین به ناگه کیمیا آورده است
گر زمن پرسند این ثروت کجا آورده‌ای
من ز بخت خویش پرسم از کجا آورده است
از طبیبان هیچ‌کس درمان درد من نکرد
مطمئنّم این یکی با خود شفا آورده است
تشنهٔ دیدار بودم همچو اسکندر به آب
خضر ما را از کرم آب بقا آورده است
چون شفای عاجلی آمد ولی ننشسته رفت
من ندانستم دوا ناورده یا آورده است

سەیید عەبدولقادر سەیادەت (سەیید)
مەهاباد ـ ۱۳۷٦/۱۲/۱۴


**سەرچاوەکانی ئەم فەسڵە:**

١. پێشەکی کتێبی «چیمەن و چیا» و چەند شێعرێک لەو کتێبە، سەیید عەبدولقادر سەیادەت
٢. وتووێژ لەگەڵ سەید مستەفا سەیادەت


# بەڵگە و وێنەکان




فەسڵی ١، بەڵگەی ١: نموونەی دەسخەتی حاجی سەیید عەبدولکەریم




فەسڵی ١، بەڵگەی ٢: پێشکەش کردنی گوندی میراوێ بە حاجی سەیید عەبدولکەریم




فەسڵی ١، بەڵگەی ٣: پێشکەش کردنی سێ دانگی گوندی میرئاوا بە حاجی بابەشێخ لە لایەن حاجی سەیید عەبدولکەریمی باوکیەوە




فەسڵی ١، بەڵگەی ٤: نموونەی دەسخەتی حاجی سەیید عەبدولکەریم


الحمد لله وحده والصلوة والسلام على من لا نبي بعده وعلى آله المتبعين

فەسڵی ١، بەڵگەی ٥: نوێکردنەوەی بڕوانامەی خەلافەتی حاجی سەیید عەبدولکەریم لە لایەن شێخی حیسامەددینەوە




فەسڵی ١، بەڵگەی ٦: نامەی شێخی حیسامەددین بۆ حاجی سەیید عەبدولکەریم و حاجی بابەشێخ




صفحه (۱) خلاصهٔ ولادت
تاریخ صدور روز ... ماه ... سال ۱۳۰۹ شمسی
نمره ...
آقای ... که پدر او موسوم به ...
و مادر او مسماة به ... در ولایت ...
شهر / قصبه ... محلهٔ ... کوچهٔ ... خانهٔ نمرهٔ ...
بلوك ... قریهٔ ... ساکن است
در تاریخ روز ... ماه ... سال ...
تولد یافته است
امضاء مامور و مهر سجل احوال شعبه ...
دفتر سجل ولایتی ...

فەسڵی ٢، بەڵگەی ١:  کۆپی ناسنامەی حاجی بابەشێخ



فەسڵی ٣، بەڵگەی ١: کڕینی موڵکی تورجان لە لایەن حاجی بابەشێخەوە لە حاجی بایزئاغای موهتەدی



تاریخ ۱۱ / ۲ / ۱۳۴۰ ماه ۱۳۲

شماره ۱۴۴۹۶ ضمیمه

وزارت دارائی

اقای حاج بابا شیخ سیادت ــ بوکان

درپاسخ تلگراف مورخ ۱۵ / ۱۲ / ۲۱ شماتقدیمی به پیشگاه مبارک همایون شاهنشاهی مبنی براستدعای افزایش نرخ خرید توتون ترجان اشعارمیدارد بطوریکه انحصارکل دخانیات گزارش میدهد تعیین نرخ خرید محصول مناطق مختلف علاوه براینکه تابع تقسیمات کشوری نیست کیفیت محصول حوزه کوراک وترجان بایکدیگرفرق دارد ــ بعلاوه بهیچوجه درنرخ خرید محصول نقاط مختلف مهاباد وازجمله ترجان تقلیلی داده نشده منتها فقط سال گذشته درنظربوده صدی ده کسرنمایند بعدا انصراف حاصل ومحصول سال جاری نیزباوجود تقلیل هزینه زندگی نسبت بسنوات گذشته ازنظرمساعدت ورفاه حال زارعین بنرخ سال ۱۳۴۱ خریداری خواهد شد .


وزیردارائی

ز . ش

فەسڵی ٣، بەڵگەی ٢: وڵامی نامەی وەزیری دارایی بۆ حاجی بابەشێخ



فەسڵی ٣، بەڵگەی ٤


MODÈLE 16

نمونه نمره ۱۶

نمره کتاب

۱۳۳۷

اداره تلگرافی دولت علیهٔ ایران

| از کجا | نمرهٔ قبض | عدد کلمات | تاریخ اصل | توضیحات | تاریخ وصول | اسم گیرنده |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| [illegible] | ۱۲ | | | | | |
| | نمرهٔ تلگراف ۴ | ۱۸۰ | اول حمل | سواد مطابق اصل است | اول حمل | |

مقام منیع ایالت جلیله دامت شوکته در مسئله شکایات مظفرالسلطان از جناب حاجی بابا شیخ که به ابلاغ

مجلس عالی به حکومت [illegible] به تمام اسناد طرفین ملاحظه و رسیدگی شد حقانیت بجناب حاجی بابا

شیخ [illegible] چنانچه [illegible] اسناد خودشان را هم به حضور مبارک فرستاده اند باز بموجب امر تلگراف نمره ۱۲۷۱۱

مأمور فرستاده [illegible] گوسفند را توقیف و خود جناب حاجی بابا شیخ را بشهر آورده چند روز است که هر قسم

مذاکرات مشغول جناب حاجی بابا شیخ هر اندازه محض اطاعت امر مبارک حاضر شده‌اند رعایت

به مظفرالسلطان نمایند معلوم نیست بچه ملاحظه هیچ حاضر اصلاح نگردیده چون ضعیفهٔ جناب حاجی


بابا شیخ وفات [illegible] دیروز خبر رسید ناچار بمراجعت خانهٔ خود شده‌اند هر وقت مظفرالسلطان

بخواهد [illegible] [illegible] [illegible] ترتیب که مذاکره و قرار


شده بعد اصلاح نماید یا [illegible] شرعی [illegible] حکمی صادر شد اطاعت [illegible]

۲۴۳ مصباح الدوله

فەسڵی ٣، بەڵگەی ٥


این نمره به موجب حکم نمره (۷۱) ایالت عظمی آذربایجان [illegible]
مأمور تصفیه [illegible] ما بین حاجی بابا شیخ و خوانین [illegible]
راجع به ادعای املاک و خسارت [illegible] در تاریخ [illegible]
و ادعای طرفین قطع و فصل و رضایت [illegible]
حضرت حاجی بابا شیخ [illegible] نموده [illegible]
[illegible] را به اصلاح [illegible] نموده [illegible]
شعبان المعظم ۱۳۴۷


فەسڵی ٣، بەڵگەی ٦




بعد حمد الله الملک العلام و الصلوة علی خیر الانام

موجب تحریر اینکه جناب جلالتمآب آقای عزت [illegible] خان مظفر السلطان و نوابه
علیه عالیه سکینه خانم در حالت صحت بدن و اختیار بدون اکراه و اجبار بعد از تفحص
و تفتیش در جمیعات شرعیه بتقلید مجوزین هرچه از حضرت آقای حاج بابا شیخ ادعا می
نمودند اعم از ملک و مال و نقد و جنس و زنده و مرده و اسلحه و امتعه و اثاثیه و کل ما یطلق
علیه اسم الملکیه بنذر شرعی منجز بلا عوض قربة لوجه الله نذر حضرت آقای حاج
بابا شیخ نمودند و حضرت معظم الیه هم [illegible] قبول فرمودند و نیز محض احتیاط
حضرت مستطاب [illegible] آقا [illegible] خان سردار مکری متعلقه فرمودند در صورتی که چیزی از ادعا
یکی از ناذرین با یکی [illegible] منتقل کرده باشد نذر بری حضرت آقای حاج بابا شیخ دام ظله باشد
علیهذا بعد از این اگر اشخاص مرقوم الاسم دعوای از حضرت معظم الیه بنمایند از
درجه اعتبار ساقط و بکلی باطل است ١٥ شهر ربیع الاول ١٣٤١

فەسڵی ٣، بەڵگەی ٧



فەسڵی ٣، بەڵگەی ٨



باعث تحریر آنکه علیه عالیه سکینه سلطان خانم صبیه مرحوم [illegible] عزیز خان سردار [illegible]

اقرار صحیح و اعتراف صریح شرعی نمود و گفت جناب جلالتمآب آقای عزة الله خان مظفر السلطان

شوهر کمینه که در اوان [illegible] دانگ مشاع قریه قره گوزیار را به انتقال درست صحیح شرعی

به حضرت مستطاب آقای حاج سید باباشیخ در تاریخ ۱۳۳۷ موافق قباله جداگانه

که کمینه آن را هم مجدداً امضا نموده‌ام منتقل نمود و ثانیاً در تاریخ ۱۳۳۷ [illegible] آقای مظفر السلطان

آن دو دانگ مشاع را [illegible] بر طبق تقسیم نامه علیحده که آن را هم مجدداً امضا

نموده‌ام برای حضرت مستطاب معظم الیه افراز و تقسیم و تحدید نمود

و ثالثاً در تاریخ ۱۳۳۸ باز جناب اجل آقای مظفر السلطان شوهر این جانب

موافق تقسیم نامه علیحده که آن را هم ممهور ~~[illegible]~~

و ممضی به مجدداً امضای کمینه است همین قریه و خانوار را با حضرت حاج باباشیخ

تقسیم و تحدید نمودند این هر سه فقره تصرفات آقای مظفر السلطان صحیح و نافذ [illegible]

و به اذن و رضایت کامله جانب بوده و بالنفس همین [illegible] دانگ معینه محدوده مفروزه

که در تحت تصرف و ید مالکانه حضرت مستطاب آقای حاج باباشیخ است

ملک طلق و حق مخصوص جناب ایشان است و هر حق و حصه و نصیب [illegible] این جانب


از هر حیث و طریق و حیثیت که در این [illegible] دانگ معینه است به حضرت مستطاب

حاج باباشیخ نذر باشد ۱۳۴۲ [illegible]


فەسڵی ٣، بەڵگەی ٩




کارتی ئەندامەتیی حاجی بابەشێخ لە حیزبی ئیتیحاد و تەڕەقیدا




فەسڵی ٤، بەڵگەی ١: هەڵسووڕانی حاجی بابەشێخ لە کۆمەڵەی یەکیەتی ئیسلامدا



فەسڵی ٤، بەڵگەی ٢: بەڵگەی سەرۆکبوونی حاجی بابەشێخ لە یەکیەتی ئیسلامدا




فەسڵی ٤، بەڵگەی ٣: نیشاندەری سەرکردەبوونی حاجی بابەشێخ لە کۆمەڵەی یەکیەتی ئیسلام لە شارەکانی سابڵاغ و سەقز و سەردەشتدا


معروض حضرت والا پاشا سلمه الله


اولا تقدیم سلام میکنم. ثانیا شنیدم در خدمت حضرت اشرف خلیل پاشا مدظله تشریف بسفر خیر میبرند بسیار برای حقیر تشویش حاصل گشته تکلیف حقیر چیست بی وجود حضرت عالی در موصل چه بکنم و اگر به نتیجه مقصود بوطن مراجعت نمایم چه بگویم الامر الیکم

غریب مجاهد
باباشیخ


فەسڵی ٥، بەڵگەی ١: نامەی حاجی باباشێخی لاو لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بۆ والی پاشا بە زمانی فارسی کە لە مووسڵ نووسیویە


ان شاء الرحمن نتیجه قریبا حاصل خواهد شد اصلا ملاحظه و اندیشه نکنید تا جواب از نظارت عسکریه آید شما در موصل انتظار بفرمایید از آن من از موصل موقت بهت اساسا در هر فضا تلگراف داریم هر زمان مخابره ممکن است


فەسڵی ٥، بەڵگەی ٢: وڵامی نامەی والی بۆ حاجی بابەشێخ



فەسڵی ٥، بەڵگەی ٣: نامەی ئەدهەم ئەفەندی بۆ حاجی بابەشێخ



فەسڵی ٥، بەڵگەی ٤: نامەی عوسمانییەکان لە بابەت حاجی بابەشێخەوە


ADMINISTRATION des TELEGRAPHES OTTOMANS

L'Etat n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie.

EXPÉDITION OU RETRANSMISSION

No

Date

H M Matin Soir

Signature

RÉCEPTION

No d'ordre

Bureau intermédiaire

Date

H M Matin Soir

Signature


De No. Mots Date

Voie indications éventuelles


Il n'y a rien à payer par le porteur

Dans les télégrammes imprimés, le premier nombre ... le second indique le nombre des mots taxés, ... le nom du lieu d'origine est un nombre ... désignent la date et l'heure

فەسڵی ٥، بەڵگەی ٥: تێلگرافی عوسمانییەکان بۆ حاجی بابەشێخ



فەسڵی ٥، بەڵگەی ٦: فەرمانی ڕێز لێنان لە حاجی بابەشێخ لە لایەن سوڵتان محەمەد ڕەشادخانی عوسمانی



اداره ........

شماره ۸۹۷۵

تاریخ ۴/۱۱/۲۹

وزارت فرهنگ

آقای حاج سید باباشیخ سیادت


در پاسخ نامه مورخ ۸/ ۸/ ۲۹ که بمقام نخست وزیری ارسال فرموده بودید و بوزارت فرهنگ ارجاع شده است اشعار میدارد.

همانطوریکه باداره فرهنگ مهاباد اطلاع داده شد چون در سال جاری اعتبار چاپ کتب غیر رسی از بودجه وزارت فرهنگ حذف گردیده است لذا با اظهار تاسف از انجام درخواست شما راجع بچاپ کتابی که تالیف نموده اید معذور است.


اداره مطبوعات

۲/۱۱/۲۹


فەسڵی ٦، بەڵگەی ١


اسطرلاب در ربع مقنطرات در ربع مجیب کردند در علم هیئت وطبیعیات
متخصص نبودند ناچار در مقابل شعشعه داوازه های علوم اروپا بیان سپر
انداختند و در تفسیر کلام الله مجید نسبت به آیات محکمات و نصوص قاطعه
اقدام بتوجیهات و تأویلات فرمودند و معانی مجازیه بدون علاقه
و قرینه و بدون مراعات قواعد اصول فقه و دستورات علم بلاغه ذکر کردند
چون ندیدند حقیقت ره افسانه زدند ۲ این داعی اقل سادات و علما
سید عبدالرحمن باباشیخ که چهل سال است در تحقیق این مسائل عمر صرف
نموده و بحمد الله تعالی وراثة از حضرت امیرالمؤمنین علی بن ابیطالب علیه السلام
قبسی از نور علم لدنی دارم این کتاب مسمی به تنقید هیئت جدید در دو رساله
تألیف نمودم رساله اول ابطال وتکذیب قواعد هیئت فلاماریونی و گسندی [illegible]
[illegible] رساله دوم در توضیح و بیان رای صحیح در تحقیق و تعقیق وضعیه
کره های عالم جسمانی در رساله اول فقط قواعد عقلیه هندسیه و ریاضیه و طبیعیه تحریر
تحقیق و تعمق است
نموده که شایان [illegible]
المقدمة فی الحدود والرسوم والاصول الموضوعة والعلوم المتعارفة و
المصادرات چون مسائل هر علمی بر مبادی تصوریه و تصدیقیه استوار خواهد شد
و بمحض ادعا قبول نیستند فصل ۱ جسم روی آن است یک سطح بدان
احاطه کرده و در وسطش یک نقطه فرض از آن کرده همه خطوط خارج از آن نقطه
و منتهی بسطح مزبور با هم مساوی باشند قطر کره یک خط مستقیم است

فەسڵی ٦، بەڵگەی٢: دەقی پێشەکی کتێبی تەنقیدی هەیئەتی جەدید، دەسنووسی حاجی بابەشێخ


بسم الله الرحمن الرحيم لا حول ولا قوة الا بالله العلي العظيم
والصلوة والسلام على النبي الكريم سيدنا ومولانا محمد وآله وصحابه
افضل الصلوة واكمل التسليم اما بعد مسعود العبد الضعيف ......

فەسڵی ٦، بەڵگەی٣: دەسنووسی خودی حاجی بابەشێخ لەمەڕ نووسینی چەند شێواز و مەسئەلەی ڕیازی


بسم الله الرحمن الرحیم

حضور جناب مستطاب آقای عبدالعزیز سیادت ادام الله تعالی تاییده و توفیقه

مرقومه جنابعالی را آقایان اخوانتان سید عبدالقادر و سید مصطفی سیادت

رسانیدند از اینکه مرقوم داشته بودید والدتان مرحومه شده متأثر شدم

ایشان مشمول رحمت واسعه خداوند عز شانه شوند و جنابعالی و سایر

مصیبت زدگان را صبر جمیل و اجر جزیل عطا فرماید


دعاء و توجه حقیر را فراموش نکنید از قرار مسموع حوزه علمیه

مقتضی است برای تدریس محصلین اشخاص صالح و با لیاقت


والسلام علیکم و رحمة الله و برکاته ۲۲ رجب ۱۳۷۹

حسین الطباطبائی

نامەی پرسە و سەرەخۆشی بە بۆنەی کۆچی دوایی حاجی بابەشێخ لە لایەن ئایەتوڵڵا برووجێردییەوە





فەسڵی ١٠، بەڵگەی ١: نامەی سەرۆک هۆزەکانی ناوچەی موکری، حاجی ئێلخانی و حاجی قەرەنی ئاغای مامەش بۆ شێخی حیسامەددین لە بابەت حاجی بابەشێخەوە



فەسڵی ١٠، بەڵگەی ٢: نامەی شێخی حیسامەددین بۆ حاجی بابەشێخ

نامەی سەیفی ئەفشار بۆ حاجی بابەشێخ



قشون دولت علیهٔ ایران

لشکر شمال غرب


مورخه ۳ ماه خرداد ۱۳۰۸

ضمیمه

دایره

شعبه

نمره



قشون دولت علیهٔ ایران

مورخه ۱۵ ماه خرداد ۱۳۰۸

ضمیمه

دایره

شعبه

نمره ۱۹۸


نامەی دووهەمی سەیفی ئەفشار بۆ حاجی بابەشێخ


بسم الله الرحمن الرحیم

دەستنووسەکانی حاجی بابەشێخ لە زیندان



دەستنووسەکانی حاجی بابەشێخ لە زیندان




۳۰/۹/۱۳

خدمت حضرت مستطاب عمده زاده مکرم آقای حاجی باباشیخ دام فضله العالی

[illegible]

نامەی شێخ مەحموود بۆ حاجی بابەشێخ


تبریز ۲۴/۸/۲۸

جناب مستطاب اجل آقای حاج سید بابا شیخ دامت افاضاته العالی

پس از عرض سلام و تقدیم ارادت قلبی امیدوار است وجود ذیجود آن جناب در کمال

آرام سلامت و از جمیع حوادث مصون و محفوظ بوده باشد.

نامه گرامی مورخه ۱۲/۸/۲۸ آن جناب زیارت و موجب نهایت مسرت گردید

از اینکه در موقع عزیمت موفق به زیارت آن جناب نگردیدم امیدوار است معذورم دارید

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

باینه ایران

محمود صادقیان


نامەی یەکێک لە هاوبەندییەکانی حاجی بابەشێخ لە زیندانی تەورێز

بە ناوی مەحموود سادقیان کە دوای ئازادبوون لە وەڵامی نامەیەکی حاجی بابەشێخدا نووسیویە. ئەو کەسە لە ئەندامانی فیرقەی ئازەربایجان بووە.

# وێنەکان



کاتی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی نێوان حکوومەتی ئێران و گەورەپیاوانی پشدەری لە ژێر چاوەدێری حاجی بابەشێخدا





ساڵی ١٣٠٦، گوندی دەرمان. لەم وێنەیەدا حاجی بابەشێخ، وێڕای ئەمیر عەبدوڵڵا خانی تەهماسبی، دوای ئیمزا کردنی ڕێککەوتن‌نامە لەگەڵ بەگزادەکانی بانەیی، بەرەو ساباڵغ دەچن کە لە لایەن گەورەپیاوانی ساباڵاغەوە پێشوازییان لێ دەکرێ.

١. میرزا ڕەحمەتی شافعی 2. میرزا خەلیل بلووری 3. خەلیفە سەید عەبدولڕەحمان سەییدی 4. سەید حەسەن شێخولئیسلامی (باوکی مامۆستا هێمن) 5. میرزا ئەبولحەسەن سەیفولقوزات (شاعیر) 6. عەلی‌ئاغای عەلیار 7. سەرلەشکەر عەبدوڵڵا خانی تەهماسبی 8. حاجی بابەشێخ 9. قازی محەمەد




١
٢
سیف قاضی در رودخانهٔ گادر گذشت ١٣٠٨
١- سیف قاضی
٢- حاجی سید بابا شیخ


حاجی بابا شیخ و یاور دادور و بابکر آقا و عباس آقا







حاجی بابەشێخ ـ قازی محەمەد



حەمەڕەشید خانی بانە ـ حاجی بابەشێخ



قازی محەمەد ـ حاجی بابەشێخ ـ سەیفی قازی





١. حاجی سەیید مستەفا سەیادەت ٢. سەیید عەبدولقادر سەیادەت ٣. سەیید عەبدولعەزیز سەیادەت



١. کاک مەسعوود بارزانی ٢. سەیید عەبدولقادر سەیادەت ٣. نێچیروان بارزانی
(کاتی پرسە و سەرەخۆشیی مامۆستا هەژار لە مزگەوتی سووری مەهاباد)




١. مامۆستا هێمن ٢. مامۆستا سەیید عەبدولقادر سەیادەت




١. سەیید عەبدولقادر سەیادەت ٢. حاجی سەیید مستەفا سەیادەت



مەلا مستەفا بارزانی



شێخ مەحموودی حەفید



مەلا خەلیل گۆڕۆمەر



سمایل ئاغای شکاک



سەیید عەبدولعەزیزی سەیادەت کوڕی حاجی بابەشێخ، سەردەمێک کە حاکمی سەقز بووە



ئەمیر عەبدوڵڵا خانی تەهماسبی

## سەرچاوەکان:

### کتێب:


١. ابراهیم افخمی، *تاریخ فرهنگ و ادب مکریان*، سقز، انتشارات محمدی، ١٩٨٥
٢. ابراهیم افخمی، *ملا خلیل و رد فرمان رضاخان*، سقز، انتشارات محمدی، ١٩٨٩
٣. جەلالەدین شافعی، جوغرافیای *تاریخی کوردستان*، تاران، ئینتشاراتی «ن و القلم»، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠
٤. حاجی بابەشێخ، *پێشەکی تەنقیدی هەیئەتی جەدید*، (چاپ نەبووە)
٥. حاجی بابەشێخ، *عەقیدەی کوردی*، شێعر بۆ منداڵان (چاپ نەبووە)
٦. حەمیدڕەزا جەلاییپوور، *قازی محەمەد*، وەرگێڕ: ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی، تاران، چاپەمەنی تەوەکولی، 2006
٧. خالدئاغا حیسامی، *ئاوێنە شکاو یان بیرەوەریی هێدی*، هەولێر، ئاراس، ٢٠٠٤
٨. خالید ئەحمەدی، *گەڵاغییەکان*، (بێ شوێن، بێ تاریخ)
٩. خەلیل فەتاح قازی، تاریخچۀ خانوادۀ قاضی در ولایت مکری، تەورێز، چاپی یەکەم ١٩٩٩
١٠. دیوید مک داول، *تاریخ معاصر کرد*، ترجمۀ ابراهیم یونسی، تهران، انتشارات پانیذ، چاپ چهارم، سال ١٣٩٣ی شمسی
١١. ڕەحمان محەمەدیان، *بۆکان لە سەدەی بیستەمدا*، تاران، چاپەمەنی کولەپشتی، چاپی یەکەم، ٢٠١٤
١٢. ڕەفیق ساڵح، سدیق ساڵح، *ڕۆژنامەی کوردستان*، سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠٠٧
١٣. سامی دهقانی، *سراج السالکین*، جلد اول، سنندج، انتشارات علمی کالج، چاپ اول، ٢٠١٤
١٤. سعید خان همایون، *پیشوای بیداری*، به کوشش هاشم سلیمی، هەولێر، چاپی ئاراس، ٢٠٠٤
١٥. سەیید عەبدولقادر سەیادەت، *چیمەن و چیا*، ورمێ، ئینتشاراتی سەلاحەدین ئەیووبی،

چاپی یەکەم، ١٩٩٧
١٦. عبدالله ناهید، *خاطرات من*، تهران، چاپخانه شبنم، ١٩٨٣
١٧. عومەر فاڕووقی، *حاجی بابەشێخ یەکەمین سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی میللی کوردستان*، سلێمانی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٨
١٨. عیزەت مەلا مەحموود، *جمهوریەتی کوردستان*، سلێمانی، چاپ و ئۆفیستی دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠١
١٩. عەباس حەقیقی، *دیوانی حەقیقی*، ورمێ، ئینتشاراتی سەلاحەدین ئەیووبی، چاپی یەکەم، ١٩٨٨
٢٠. عەبدوڵڵا زێوەر، *گەنجینەی مەردان و یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری*، بەغدا، چاپخانەی ئەلئەدیب، ١٩٨٥
٢١. فریدون حکیمزاده، *ساوجبلاغ مکری ـ مهاباد در آیینه اسناد تاریخی*، مهاباد، انتشارات مرکز نشر فرهنگی هیوا، چاپ اول، ٢٠١٠
٢٢. قازی محەممەد خزری شنۆیی، *تاریخ مشاهیر اسلام (ویژه اهل سنت)*، جلْدی یەکەم، ورمێ، چاپەمەنی حسێنی ئەسڵ، ١٩٨٩
٢٣. کەیوان ئازاد ئەنوەر، *حەمەڕەشید خان*، چاپخانەی بەدرخان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠١
٢٤. محەمەدسەعید نەجاڕی (ئاسۆ)، *تەمەنی خزمەت، زەمەنی ئەزیەت*، لە سەر حاجی بابەشێخ (چاپ نەبووە)
٢٥. محمد رئوف توکلی، *جغرافیا و تاریخ بانه (کردستان)*، چاپ دوم، تهران، چاپخانۀ سهیل، ١٩٩٦
٢٦. مەلا حەسەن جەوهەری، *دیوانی جەوهەری*، کۆکردنەوەی عومەر خوسرەوی جامەردی، سنە، ئینتشاراتی گۆران
٢٧. هێمن موکریانی، *تاریک وڕوون، پێشەکی «لەکوێوە بۆ کوێ»*، بنکەی پێشەوا، ١٩٧٣
٢٨. هەژار موکریانی، *چێشتی مجێور*، سنە، چاپەمەنی مێهرەگان، ٢٠٠٧
٢٩. ویلیام ئیگلتۆن، *جمهوری کردستان ١٩٤٦*، مهاباد، انتشارات سیدیان، ١٩٨٠

**گۆڤار:**

١. گۆڤاری ڕامان، خولی سێیەم، ساڵی هەژدە، ژمارە ٢٠٠، کانوونی دووەمی ٢٠١٤، وتاری *«کارگێڕی تورکی عوسمانی لە کوردستانی موکری»*، ناسر عەلی‌یار، لاپەڕە ١١٣-١٢٠

**ماڵپەڕ:**

١. مقالۀ «روحانیت، سنت، مشروطیت»، نویسنده: انور سلطانی به آدرس:
http://komarixwaz.com/fa/index.php/2011

**سەرچاوەی زارەکی (بیرەوەری)**

١. بیرەوەریی مامۆستا مەلا محەمەد هیدایەت

٢. بیرەوەریی میرزا عەلی بەهرامی

٣. بیرەوەرییەکانی حاجی سەیید جەمیل هاشمی

٤. بیرەوەرییەکانی سەیید مستەفا سەیادەت (کوڕی حاجی بابەشێخ)

٥. بیرەوەرییەکانی کاک عەباس ئیلخانی‌زادە

٦. بیرەوەرییەکانی نووسەری ئەم کتێبە.

٧. بیرەوەرییەکانی مام ساڵحە ڕەش لە تورجان.

**ئارشیو:**

١. ئارشیوی بەڵگە و وێنە و نامەی حاجی بابەشێخ (لای نووسەر پارێزراون)

٢. دەفتەری بیرەوەرییەکانی حاجی بابەشێخ بە قەڵەمی خۆی (لای نووسەر پارێزراوە)